# ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی کوردیی
# پرۆسێسی ستاندەردبوونی

کامیار سابیر

# ناوی کتێب

## ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی کوردیی : پرۆسێسی ستاندەردبوونی

ئەم کتێبە سێ توێژینەوەی (کولتووریی و سیاسیی) ە لەگەڵ دوو وتاری ( کولتووریی و سیاسیی) دا لەسەر رەهەندی زمانی کوردیی، چارەسەری کێشەی شاری کەرکوک، ناسیۆنالیزمی کوردیی، خەباتی چەکداریی،  مەودا کولتووریی و سیاسییەکانیان نووسراون.

ساڵی ٢٠١١ لە چاپخانەی ئاوێنە لە شاری سلێمانیی چاپکراوە و ژمارەی سپاردنی ١٢٧٧ ی دراوەتێ. پێمباشبوو لەسەر نێت دایبنێم بۆ ئەوەی هەرکەسێ ویستی بەئاسانی دەستی پێی بگات.

**پێشکەشە:** بەهەموو ئەوانەی بەهای سیاسیی و کولتووریی و نیشتمانیی زمانی کوردیی بەشێکە لەغەم و خولیایان، لەڕۆڵی سیمبۆڵیزم و ئایدێنتیتیی زمانی ستاندەرد و فەرمیی بۆ هەرێمی کوردستان دەگەن. هەروەها پێشکەشە بەخەڵکی شاری کەرکوک( بەهەموو نەتەوە و جڤاک و ئێسنیکە جیاوازەکانییەوە).

سوپاسی گۆران عەبدوڵا( بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکان) دەکەم، کە دیزایینی بەرگی کتێبەکەی کێشا( دیارە بەکەڵکوەرگرتن لە کتێبێکی زمانەوانیی Alessandro Duranti بەناوی  Key Term in Language and Culture ). هەروەها سوپاسی کۆمپانیای ئاوێنە بەگشتیی و بەڕێزان ئاسۆس هەردی و عادل عومەر دەکەم ،لە چاپکردنی کتێبەکەدا  کارئاسانییان بۆ  کردم. هاوکات سوپاسی هەندرێن و سوداد رەسوڵ بکەم، کە یارمەتییان دام بۆ بەدەستخستنی هەندێک لەسەرچاوە کوردییەکان.

کامیار سابیر

کۆتایی 2010

سیدنی – ئوسترالیا

Kamyar.sabir@hotmail.com

ناوەڕۆکی کتێبەکە:

1. ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی کوردیی : پرۆسێسی ستاندەردبوونی

2. وڕێنەی ئایدیۆلۆژیی یان شۆڤینیزمی سۆرانیی!

3. کۆمیدیای " ئەکادیمیای کوردی" و " زمانی رەسمیی هەرێمی کوردستان"

4. بەرەو بەکانتۆنکردنی کەرکوک: لایەنە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی

5. خەباتی چەکداریی کورد و پەرچەکرداری تێرۆریستیی

**بۆچیی بەم زمانە؟**

زمانی نووسین و داڕشتنی ئەم توێژینەوەو وتارانە، کۆمەڵێک چەمکی بیانیی و زانستییان تێدایە کە بەزمانی کوردیی سەختە وشەیان بۆ بدۆزرێتەوە و وشەی داتاشراوی کوردیی لەجێگەیان دابنرێ. زانستی نوێی زمانناسیی و زمانە جیهانییەکان ئەو ئەفسانە کوردایەتییە خاڵیی دەکەنەوە کە " زمانی پەتیی کوردیی" پێ دەگوترێ. زمان وەک هەر زانستێکی تر و بگرە لەهەموویان زیاتر دووچاری گەشەی خێرا و هەڵکردن لەگەڵ پێداویستییە جیهانیی، زانستیی، کولتووریی، نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا دەبێتەوە.

لەسەردەمی گلۆباڵیزەییشن و پۆست-مۆدێرنیزمدا" زمانی پەتیی کوردیی" جگە لە وڕێنەیەکی نەدانانەو بێئاگایی لە تێکستی گەلانی دنیا و نابەڵەدیی لەزمانناسییدا شتێکی تر ناگەیەنێت. تا هەنووکە هەر وشەیەکی عەرەبیی و فارسیی و ترکیی هاتبێتنە زمانی کوردییەوە، ڕۆژگار و پێداویستییەکان سەپاندوویانە لەزمانی کوردییدا و بەدیفاکتۆ بوونە. دەرکردنی ئەو وشە بێگانانە نەک خزمەت بەزمانی کوردیی ناکات بەڵکو زیانیشی لێدەدات.

بەهەمان میتۆدیش لە دوای ڕاپەڕینی 1991 ەوە، دەیان و سەتان(سەدان) وشەی بیانیی، بەتایبەتییش وشەو تێرمی زمانی ئینگلیزیی، بەتەواویی لەزمانی کوردییدا جێکەوت بوونە. هەرکەسێکیش نکۆڵیی لەم دیاردەیە بکات و لەئاستییدا مۆقنیی و مڕومۆچیی بنوێنێ ، جگە لە دابڕانی خۆی لەدنیای فیکرو زانست و زمانناسییدا، هیچ ئاشنایەتیی و پێوەندییەکی بە زانستی زمانناسییەوە نییە. باشترین نموونەش بەهێزترین دوو زمانی جیهان کە " فڕانسیی و ئینگلیزیی" دەکەن بەڕێژەیەکی زۆر وشەو تێرمۆنۆڵۆجییەکانیان تێکەڵبوونە، بەڕێژەی30% تا 40% وشەو فرەیزو تێرمەکانیان لەیەکترییەوە وەرگرتووە، یاخود بەهاوبەشیی لەلاتینیی کۆنەوە وەریانگرتووە. بەهەمان شێوەش زۆربەی زمانە ئەورووپاییەکانی تر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی هەردوو زمانی فڕانسیی و ئینگلیزییەوە.

لە یەک دێڕدا، تا ڕێنووسێکی ستاندەرد نەبێ لەزمانی کوردییدا، کەس بۆی نییە کوێخایەتیی لەزمانپاراویی و زماندروستیی و زمانتەسەلییدا بکات. بەدڵنیاییەوە ئەمەش پێویستە بەڕەسمیی لەڕووی یاسایی و سیاسییەوە، زمانی ستاندەردی کوردیی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەکادیمییانە ساغبکرێتەوە. هەرچەندە هەوڵمداوە بەشێکی زۆر لەو تێرمۆنۆڵۆجییە زمانەوانییانەی کە زانستی زمانناسیی نوێ بەکاریان دەهێنێ، بەکوردیی لەناو کەوانەدا باس بکەم، بەڵام بەدڵنیاییەوە زمانی کوردیی زۆر لاوازە کە بتوانێ پڕ بەپێست و ناوەڕۆکی ئەو وشەو چەمکە زانستییانە وشەو کۆنسێپت و چەمکی گونجاوی هەبێ. بۆیە هەوڵمداوە وشەو چەمکەکان زیاتر بە ئینگلیزیی، فڕانسیی یان

بەلاتینیی بەکار بهێنمەوە. بەبڕوای من، ئەمە زمانی کوردیی لاواز ناکات ، بەڵکو زمانی کوردیی بەهێز دەکات ، بەتایبەت ئەگەر مەسەلەکە وەرگرتنی چەمک و تێرمە زانستیی و ئەکادیمیی و زمانەوانییەکان بێت لە زمانی ئۆریجیناڵەوە( سەرەکیی) وەربگیردرێن، باشترە لەوەی لە دەستی ( دوو یان سێ- زمانی عەرەبیی یان فارسیی و تورکیی) وە وەربگیردرێن.

من دڵنیام لەجەنجاڵی ژیانی ئەمڕۆدا، لە ژاوەژاوی پارەپەیداکردن و راکەراکی بازاڕدا، غەمی زمان و مەسەلە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی کوردیی غەمی کەسانێکی زۆرکەمن. من هاتووم رەخنەم لەدیدو بۆچوون و ئادیۆلۆژیایەک گرتووە کە خەریکە لەپەنای دڵسۆزیی بۆ زاراوە کوردییەکان، زمانی کوردیی بەدەستی خۆمان پارچە پارچە دەکەین. وەک ئەریستۆ دەڵێت" رەخنەگرتن کارێکە بەئاسانیی دەتوانین لەخۆمانی دووربخەینەوە، بەوەی هیچ نەڵێین، هیچ نەکەین و هیچیش نەبین". ئەگەر کەسیش رەخنە نەگرێ و ئارگیومێنت لەسەر سەرەکییترین و زیندووترین تەوەرەی کولتووریی و سیاسیی کە زمانە، نەکات، کەواتە ئێمە هەموومان هیچ ناکەین و هیچ ناڵێیین، چونکە هیچین.

من هاتوومە لەگۆشە نیگای سەلمان روشدیەوە رەخنەم گرتووە، چۆن پێیوایە، ئازادیی رادەربڕین چییە ئەگەر ئازاری رەخنەلێگیراو نەدەیت؟ منیش بەهەمان میتۆد رەخنە لەو کەس و لایەنە سیاسییانە دەگرم کە ئارگیومێنتیان لەگەڵدا دەکەم. دیارە لەباری مۆراڵیی و ئێسیکەوە( ئێتیک) دروست نییە سووکایەتیی بەکەرامەتی مرۆیی هیچ کەسێک بکرێ و ئازار بدرێ. ناشچمە ئەو ئاستەوە، بەڵام بەتوندیی دژایەتیی بۆچوون و ئارگیومێنتی ئەوانە دەکەم کە بەزمانی نەتەوەیەک دەڵێن " شۆڤینیزمی سۆرانیی"، هەوڵیشمداوە ئازاری ئارگیومێنتەکانیان بدەم نەک خۆیان، بەپێی توانای خۆیشم هەوڵمداوە ئارگیومێنتەکان و جوێنەکان و سووکایەتییەکانیان خاڵیی بکەمەوە.

دووالیزمێک لەناو هەندێک نووسەرو رۆشنبیری کورددا هەیە کە زۆر چاوقاییمانە شەڕی ئەخلاقیی و ئەتەکێتیی نووسین و داڕشتن بەخەڵک دەفرۆشنەوە. بەشێکی زۆری ئەم لەشکرە رۆشنبیرو رۆژنامەنووسانە لەوانە بوون بەدرێژایی چەندین ساڵ تەنووری شەڕی ناوخۆیی، یان دروستتر نێوان یەکێتیی و پارتییان گەرم رادەگرت و بەهەزاران گەنجیان لەرێی تێکستە حەماسیی و شیعرە شۆڕشگێڕەکانیانەوە بۆ لایەنە سیاسییەکەی خۆیان بەکوشت دەدا. هەنووکە بەشێک لەمانە شەرعیەتیان لە ویژدانی مردووی خۆیان و لەو دەسەڵاتە سیاسییەی کەوەک مشەخۆر لەسەری دەژین وەگرتووەو کارتی جوێنفرۆشیی و سنووربەزاندنی ئازادیی و فەوزای میدیای کوردیی بەسەر ئەم و ئەودا دەبەخشنەوە. لەکاتێکدا ئەو کەسانە نەک دەبوو لەڕوویان نەهاتایە هەرگیز تێکستێک بنووسن، لای کەم لەڕووی ویژدانیی و مرۆییەوە کە دەیان و سەتان گەنجیان لەشەڕەکانی ناوخۆدا بەکوشتداوە. کەچیی زۆر چاوقاییمانە خۆیان کردووە بە کوێخای زمانپاکیی و ئەفسانەی زمانی خاوێن، تەخشان دەکەن. بەهەمەحاڵ، پێموایە ئەدەبی جیهانیی لێوانلێوە لەشەڕی ئارگیومێنتەکان،

لەبەرامبەریشدا ئەدەبی کوردیی بەهۆی کوردە نامووسییەوە زۆرکەم خۆی لە بەیەکدادانی ئارگیومێنتە جیاوازەکان داوە.

# ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی کوردیی : پرۆسێسی ستاندەردبوونی

**لەسەر دیفاکتۆی زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانی عێراق**

بۆچیی ئەم باسە دواکەوت؟

ئەم توێژینەوەیە لە ساڵێک زیاتر کارم لەسەرکرد، پتر لە شەش مانگیشە تەواو بووە و چەند هێنام و بردم، شوێنێکم دەست نەکەوت بە فۆرماتی رەق، کە خاوەنی ئەتەکێتێکی ئەکادیمیی بێت بۆ بڵاوکردنەوە. یەکێک لەو دەردە کارییانەی کە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستیی و ئەکادیمیی لەناو کورددا رووبەڕووی دەبێتەوە، نەبوونی ژۆرناڵی ئەکادیمییە. لەهەموو کوردستانی عێراقدا ( وێڕای سەتان رۆژنامەو گۆڤارو کۆوار و بڵاوکراوەی حیزبیی و سێبەر و سەربەخۆ) شتێک نییە بە کرایتێریای( پێوانە یان ئەندازە) لای کەمی ستاندەردی جیهانیی، ناوەڕۆکی ژۆرناڵی هەبێ.

لەناو کورددا و بەزمانی کوردیی، "رەهەند" باشترین بڵاوکراوەی وەرزیی بووە ناوبەناو دەرچووە، بەڵام ئەویش نووسراوەکانی کەمتر توێژینەوە و نووسینی فیکریین، یاخود نیمچە توێژینەوەن بەڵام زۆر بەسادەیی و بەکەمترین پێوەری ئەکادیمیی و زانستیی. ماوەی شەش مانگە ئەم باسەم لەڕێگەی بەڕێز ئاراس فەتاحەوە بە "رەهەند" گەیاند، بەڵام چونکە رەهەند وەستاوەو چاوەڕێی رەزامەندیی دەسەڵاتی سیاسیی دەکەن بۆ ئەوەی لەکوردستان بەچاپی بگەیەنن، تا هەنووکەش هەر چاوەڕێن. پاش ئەوەی کاک ئاراسیش ئاماژەی بەوەدا کە پێدەچێ رەهەند زیاتریش دوا بکەوێت، بۆیە بەباشمزانی کەمێک شتی نوێی بخەمە سەر و چیتر ئەم باسە دوا نەکەوێت و لە سایتی "دەنگەکان"دا dengekan.com لە ئۆکتۆبەری 2010 دا بڵاوبووەوە.

**چەمک و وشە سەرەکییەکان:**

زمانی ستاندەردی کوردیی، بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەنسرۆپۆلۆجیای زمان، پاشخانی کولتووریی و سیاسیی زمانی کوردیی، ناسیۆنالیزمی کوردیی، پۆستمۆدێرنیزم، ئایدیۆلۆژیای زمانەوانیی، دەسەڵاتی سیاسیی، سیمبۆڵیزمی زمانەوانیی، ئایدێنتیتیی نیشتمانیی، لینگوا فرانکای فەرمیی، زمانی پرێستیژ، دایگلۆسیا، دەڤەری فرە دایەلێکتییdialect continuum ( یاخود ناوچەی دایەلێکتیی)، جووتستاندەرد ویەک زمانی فەرمیی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

ئەم باسە گرینگیی بە ئەجێندای زمان و کۆنسێپتە زمانەوانییەکان لەڕوانگەی کولتووریی و سیاسیی و ئەنسرۆپۆڵۆجییەوە بەگشتیی و ئایدێنتیتییش ( لەزمانی کوردییدا، ناسنامە، پێناس و شوناسی فارسیی بەکار دەهێنن، بەڵام ئایدێنتیتییەکە وەک خۆی بەکاربهێنرێتەوە باشترە) بەتایبەتیی دەدات، نەک جەختکردنەوە لەسەر جەڕاندنی وشەو تێرمە کوردییەکان، یاخود ئەوەی لەزماناسییدا، مۆرفیم (Morpheme – بچووکترین بەشی واتاداری وشە) ی پێدەگوترێ. لەم روانگەیەوە و بەبڕوای ئەم نووسینە، مۆرف (Morph- پاشگر) ەکان وەک وردەواڵەی تێرمە مۆرفیمەکان و جێگەوڕێگەی نۆمیناڵ ( Nominal – بەس ناوەکەی، تایبەت بەناو ) مەبەستی ئەم باسە نییە کە زمان وەک تەوەرەیەکی زۆر گرینگ و پڕبەهای کولتووریی سەیر بکات. بۆیە بە تێڕوانینی ئەم نووسینە، مۆرفۆڵۆجی لەڕووی داتاو مەودا قووڵە کولتووریی و فەلسەفییەکانی زماندا، ئەو بایەخەی نییە.

هاوکات هەندێک لە لینگویستەکانی کورد، یاخود ئەوانەی بەشێوەیەکی زۆر ترادیسیۆنیی بایەخ بەزمانی کوردیی دەدەن، لە زمانی کوردیی و پرۆسێسی ستاندەردبوون و لەمپەرەکانی بەردەم ئەم ستاندەرایزە (ستاندەردداێزە) ورد دەبنەوە، دەکرێ بە لینگویستە ترادیسیۆنەکان ناوببرێن. ئەوانەی بەمشێوەیە لە زمان دەڕوانن، هەمیشە پێیانوایە کە زمان بەرهەمی لۆژیکێکی قەتیسکراوەو شایانی ئەوەی نییە دەستکارییەکی بنەڕەتیی بکرێ یان وەک ئەوەی ئەوان بە کۆد ناوزەدی دەکەن، ئەم کۆدبەخشینە بەزمان لە کاتەگۆرییە کلاسیکییەکانی ( رستە، فرەیزی ناو، فرەیزی فرمان .........تاد ) دەبیننەوە( Hanks 2005 ).

ئەم باسە زۆرتر بایەخ بە ئەنسرۆپۆلۆجیای(لە کوردییدا هەندێک بە ئەنترۆپۆلۆژیا یان ئەنترۆپۆلۆجیا، یاخود بە ئەتنرۆپۆلۆگیا دەینووسن ) زمانی کوردیی دەدات. بایەخدانەکەش لەو روانگەیەوەیە کە لینگویستە ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان و ئەنسرۆپۆلۆجیای زمان بەگشتیی، بایەخی وردو ریشەیی بە پارەدایمی paradigm ئەو دیسیپلین و ئەجێندایانە دەدەن کە ئەنسرۆپۆڵۆجیای زمان خۆی تێدا رادەدات، نەک بەو دیدە ئەبستراکتە ئەنسرۆپۆلۆجییەی یاخود نیمچە quasi

ئەنسرۆپۆلۆجییەی کە لیۆنس Lyons پێیوایە خوشک و برا دەکرێ بەهاوواتای نێرومێ لەیەک دایک و باوک یان یەکێکیان زڕ بێت لەڕووی بایۆلۆژیی و کۆمەڵایەتییەوە بپۆلێنرین (Lyons 1968 ).

زمانی کوردیی و ڕەهەندە کولتوورییەکانی بەو شێوە بایۆلۆژیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییە، هەڵەیە ئەگەر بپۆلێنرێ. ئەوەی لەلای گرووپی دووستاندەرد و فرەستاندەردەکان هەیە کە کۆمەڵێ خوشک و برای تەواو زڕ و نازڕ بۆ زمانی کوردیی دروست دەکەن، زمان و دایەلێکتیان تێکەڵکردووە، پۆلێنکردنەکانیان زۆر نادروستە. لەم دیدەشەوە لینگویستە ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان بەشێوەیەکی زۆر سیستماتیکانە لە داتاکان و مەوداکانی ئەنسرۆپۆلۆجیی، بەڵام بە داتاو مەودای زمانەوانیی و کولتوورییەوە دەڕوانن. زمانی کوردییش وەک هەر زمانێکی تری دنیا، لە چوارچێوەی ئەو پارەدایمانەدا ماخۆلانیەتی کە هەنووکە زمانی کوردیی بەدەستیانەوە گیری خواردووە.

ئەنسرۆپۆلۆجیای زمان زۆر گرینگە چونکە دەکەوێتە پشت مەودا زمانەوانیی و ستراکتۆرە کلاسیکییەکان و شییکردنەوە زمانەوانییە سەرپێییەکانەوە. بەواتایەکی تر تیشکۆی ئەنسرۆپۆلۆجیای زمان و چەقەکەی وردبوونەیە لە ستراکتۆری کولتووریی زمان، هاوکات خۆیشی لە کۆنتێکستەکانی زماندا دەبینێتەوە. کاتێک ئەنسرۆپۆلۆجیای زمان لەماڵێکی گەورەتردا کە زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیایە خۆی دەبینێتەوە، زۆر بایەخدارە ئاماژە بەوە بدرێ کە ئەنسرۆپۆلۆجیا لە هەموو مرۆڤ و مرۆڤایەتیی و لەهەموو کات و ساتێکدا و لەهەر شوێنێک و لەهەر ساتێکدا بێت دەکۆڵێتەوە (Ottenheimer 2009) . بەهەمان میتۆدیش ئەنسرۆپۆلۆجیای زمان لەهەموو مەودا کولتووریی و سیاسیی و داتا زمانەوانییەکانی هەموو زمانەکان دەکۆڵێتەوە.

ئەو داتا زمانەوانیی و میتۆدە لینگویستیکییانەی لە وێلاشی ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانەوە، خۆراک وەردەگرن، ئەمانەن:

1 - ئایدێنتیتی Identity
2 - ئایدیۆلۆژیا
3 - کۆمەڵایەتییبوون ( سۆشیەلایز)
4 - جێگەو ڕێگەی کۆمەڵایەتیی زمان

هەریەک لەو چوار تەوەرە سەرەکییە کە زۆر بەوردیی لەلایەن دەیان ئەنسرۆپۆلۆجیستی زمانەوانییەوە راڤەکراون، بە وردیی و ئاگاییەوە لەگەڵ گەشەسەندن و جێکەوتبوونی زمانی جڤاکێکەوە بگرە تا بە زمانی نەتەوەیەک دەگات، بە لایەنە کۆمەڵایەتیی و سۆسیۆکولتوورییەکانی ئەو زمانەوە بەستراونەتەوە، بەر توێژینەوە دراون. لە دیارترین ئەو ئەنسرۆپۆلۆجیستانە دەکرێ ئاماژە بە ناوەکانی وەک دورانتی Alessandro Duranti ، هایمس Dell Hymes ، کولیک Don

Kulick و پیسن Tok Pisin بکرێن، کە کۆمەڵێ توێژینەوەی ورد و پڕبایەخیان لەسەر هەریەک لەو چوار چەمکە بنیەڕەتییانە کردووە.

لە ناو کورددا دەکرێ بگوترێ مەسعود محەمەد یەکێکە لەو کەسانەی زۆر بەکورتیی لە رۆژگارێکی زۆر زوودا بەپێی مێژووی کورد، دەستی بۆ چەند چەمکێ لەم داتا زمانەوانیی و کولتووریی و ئەنسرۆپۆلۆجیی و میتۆدە لینگویستیکییانە بردووە. بەڵام چونکە مەسعود محەمەد بیریارێکی پراگماتیی بوو، زۆر دژی ئایدیۆلۆژیای ستالینیزم بوو، هەندێ سکۆلاری باکگراوند چەپی کورد، هەندێ ئەکادیمیستی چەپ لەچەشنی ئەمیری حەسەنپوور، لەو دیدە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییە فەدەمێنتالیستەوە رەخنەی لێدەگرن کە بە مێنتاڵیتی چەپە رادیکاڵ و توندڕۆکان ناسراوە. لەم دیدەشەوە هەوڵدەدەن لە تێزە فیکریی و کولتوورییەکانی ئەو بۆ زمانی کوردیی کەمبکەنەوە.

ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی کوردیی لەوێدا گرینگیی زۆرە کە بایەخ بە سەرچاوە کولتوورییەکانی ئاخێوەرانی زمانی کوردیی و سەرچاوە کولتوورییەکانی زمانی کارگێڕیی و هەڵکشان و گەشەکردنی زمان و ئەدەبی کوردیی و تێکستی کوردیی دەدات. ئەم گرینگییانە زیاتر دەردەکەون کاتێ لە ئێسنۆزمانەوانیی و سوسیۆزمانەوانیی ئەو زمانە وردبینەوە کە دەمانەوێ لەڕووی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە بەناویدا شۆڕبینەوە (Foley 1997 ). ئەمڕۆ کوردی کوردستانی عێراق و زمانی کوردیی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا بەدەست کۆمەڵێ نارۆشنیی زمانەوانیی، ئایدیۆلۆژیی، سیاسیی، کولتووریی و جیۆگرافییەوە دەناڵێنێ. ئەکادیمیستەکانی، نووسەرەکان و توێژەرەوەکانی دەرگیری هەلومەرجێک بوونە کە کۆمەڵێ فاکتەری سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی و حیزبیی و ئێسنۆناسیۆنالیستیی رێگرن لە ساغکردنەوەی پرسە کولتوورییەکانی نێوان خۆیان و کەم تا زۆر بەسەر دوو گرووپی سەرەکییدا دابەشبوونە.

گرووپی یەکەم پێیانوایە، زمانی کوردیی و پرۆسێسی ستانەدەردبوونی و دیفاکتۆی بەفەرمییبوونی لەڕووی سیاسیی و ئیدارییەوە لە دەسەڵاتی کارگێڕیی هەرێمی کوردستانی عێراقدایە، پێویستە کۆتایی پێ بهێنرێ و ئیرادەی سیاسیی و نیشتمانیی هەبێ بۆ ئەوەی ئەم پرسە کولتوورییە گرینگە ساغبکاتەوە. گرووپی دووەم ئەوانە دەگرێتەوە کە بۆ جێکەوتکردنی ئەجێندا ئایدۆلۆژییەکانیان، لە بەپشتداخستنی ستانەدەردایزی زمانی کوردیی و بەڕەسمیی ناسینی یەک زمانی نووسین، پەنا بۆ زۆر شت دەبەن. لەوانە مۆبیلایزی( مۆبەلایزMobilise=Mobilze) هەستی ئێسنۆناسیۆنالیستیی توندڕۆی کوردیی ، گەشاندنەوەی پانکوردیزم و بیانوو هێنانەوە لەژێر بەیداخی مافی مرۆڤ و ئازادیی رادەربڕین و دیمۆکراسیی، پێشێلنەکردنی مافی زمانیی و بەستنەوەی هەلومەرجی کوردستانی عێراق بە فانتەسیی کوردستانی گەورەوە! ............تاد، ئەجێندای سەرەکییان ئەوەیە کە هەر تیرەو هۆزو خێڵ و ناوچەیەک بە زاراوەکەی خۆیان بنووسن و بخوێنن و فرەستانەدەردیی و فرەکوێخایی لە زاراوەکاندا هەبێت. ئەم تێزە لەلای هەندێ سکۆلاری باکگراوند چەپی کوردەکانی

کوردستانی ئێران ( هەنووکە لەتاراوگەن) ، بەزەقیی و بەئاشکرا پاڵپشتیی دەکرێ و لۆبییەکانی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش ڕۆڵێکی نێگەتیڤانەیان لە هاندانیاندا هەیە.

بەکورتیی دەتوانرێ بگوترێ، پرسی زمانی ستانداردی کوردیی لە کوردستانی عێراقدا، دوو ڕەهەندی وەرگرتووە. ڕەهەندێک پێیوایە هەلومەرجی کولتووریی ، سیاسیی و جیۆسیاسیی هەرێمی دیفاکتۆی کوردستانی عێراق، لەباری کولتووریی و ئەدەبیی و زمانەوانییەوە تەواو خەملیوە، بۆ ئەوەی پرسی یەک زمانی نووسین ، یەک زمانی ستانداردی کوردیی لەو هەرێمەدا ساغبکرێتەوە. لایەنگرانی ئەم ڕەهەندە لەو بڕوایەدان کە زمانی هەرێمی کوردستان بە کردەوە دیفاکتۆی خۆی سەلماندووە. ڕەهەندێکی تر ڕێک پێچەوانەی ئەمە بیر دەکەنەوە و دەڵێن ئەم پرسە پرسی کوردستانی گەورەیە و دەبێ هەموو پارچەکانی کوردستان بڕیاری لەسەر بدەن! لەناو ئەم ڕەهەندەشدا، ڕەهەندۆکەیەکی تر هەیە لەو ئەکادیمستە کوردانەی دایاسپۆرادا خۆیان دەبیننەوە کە داوای جووتستانداردیی و فرەستانداردیی زمانی کوردیی لە کوردستانی عێراقدا دەکەن. ئەوان پێیانوایە کە بادینانییەکان، هەورامییەکان، زازاییەکان، هەر زاراوەیەکیان پێ خۆش بێت ببێ بەزمانی کارگێڕیی و پەروەردە، پێویستە بەدایەلێکتەکەی خۆیان بخوێنن و فرەستانداردیی و فرەکوێخایی لەزمانی کوردییدا جێکەوت بکرێ.

ئەمیری حەسەنپوور دیارترین ئەو کەسانەیە کە بەنووسین و توێژینەوە باسی جووتستانداردبوونی لەزمانی کوردییدا برەو پێداوە. هاوکات دەسگای ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم، بەتایبەتیی دەسگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دەسەڵاتداری هەولێر، هەموو دەروازەیەکیان بۆ کردووەتەوە و بەمەبەستەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکەن و وتارەکانی بڵاو دەکەنەوە. لەم ڕێگایەشەوە حەسەنپوور بەخۆی بزانێ یان نا، خزمەتێکی زۆر گەورە بەو ڕەهەندە تایەفیی و خێڵەکیی و ناوچەگەراییە دەکات کە پارتیی دیموکراتی کوردستان سیاسەتی لەسەر دەکات. بەڵام گەورەترین سەرلێشێواویی گرووپی جووتستانداردەکان لەوەدایە کە زمان و دایەلێکتیان لە ئەرک و فەنکشنەکانیاندا تێکەڵ کردووە.

مەودا فیکریی و سیاسیی و لینگویستییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانەوە جەخت لە پرۆسێسی ستانداردزیزی زمانی کوردیی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا دەکاتەوە. دیارە زمانی فەرمیی و زمانی ستاندەرد دوو کاتەگۆریی جودان، بەڵام بەڕەسمیی ناسینی یەک زمانی نووسین، بەدڵنیاییەوە مەبەست لە زمانێکی ستانداردە لەبواری پەروەردەو کارگێڕییدا . ئەوەی سکۆلارەکانی بەخۆیەوە خەریک کردووە لەمەڕ بابەتی زمان لە ڕوانگەی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە، ئەو تێزە فیکریی و زانینە " مەعریفە" پانوپۆڕەیە کە دەیانەوێ بزانن، ئایا زمان ڕەنگدانەوەی جیهانبینیی کولتوورییە یان زمان ڕەنگرێژیی بۆ جیهانبینیی کولتووریی دەکات؟ ئەم پرسیارە بەشێوازی جیاجیا لەلایەن سکۆلارەکانەوە وەڵام دراوەتەوە. وۆرف Whorf پێیوایە "هەڵسەنگاندنمان

لەسەر جیهانبینیی و دیدی کولتوورییمان بۆ ژیان، بەو سیستمە ڕەنگرێژکراوە کە لە بیرماندایە، زمانیش کاتەگۆرییەکانی ئەو سیستمە دەکێشێ" (Whorf, 1956, pp. 212-214 ).

کورد چونکە گەلێکە لەچاو گەلانی جیهان و گەلانی ناوچەکەدا لە زۆر ڕەهەنددا لەدواوەیە، هەمیشە وەک تاکیش لە خەونی ئەوەدایە کە زۆرترین دەستکەوت بەدەست بهێنێ بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوەی دوێنێ و پێرێ و ساڵانێکی زۆر لەمەوپێش بەدەستی نەهێناوە. لەمەشدا وەک کەسایەتیی و وەک بزوتنەوەی ناسیۆنالیستییش هەڵپەیەکی زۆر سەرشێتانەیەتی. ئەم هەڵپەکردنە تەنانەت ڕەنگی داوەتەوە لە زۆر بواری سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتوورییدا.

نموونەیەکی زەق لەبواری ئابوورییدا،هەندێک لەسەرکردە باڵاکانی کورد کە هەنووکە بوونە بە بیلیۆنێر و بەسەتانیش لەفەرماندە سیاسیی و سەربازییەکانیان بوونە بە میلیۆنێر، بۆ ئەو هەڵپەکردنە چاوچنۆکانەیە دەگەڕێتەوە کە تاکی کورد بۆ پارە و کورسیی و قەڵەمڕۆییەکی لۆکاڵیی ئامادەیە هەموو شتێک بکات. زۆرجار هەندێ لەو شتانە بووەتە مایەی ملشکاندنی یەکتریی و زیانی زۆر گەورەش لەرەهەندی بزوتنەوە سیاسیی و ڕزگارییخوازەکان دراوە. ئەم چاوشۆڕیی و خۆنەوییکردنە بۆ پارەو کورسیی و دەسەڵات ڕەهەندێکی کولتووریی وەرگرتووەو بە تەواویی بە بەشێک لەکولتووری کورد تۆمارکراوە. بەم دیدە سیاسییەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم لەهەوڵی ڕامکردنی هەندێ ئەکادیمیست و نووسەری کوردستانی ئێراندایە ( چ ئەوانەی لەتاراوگەن، یان لە کوردستانی ئێران دەژین) کە بۆ قازانج و بەرژەوەندییە تایەفیی و ناوچەییەکانی خۆی ئەمانە بەکاربهێنێ و تەکلیفیان دەکات بۆ ئەوەی بنووسن تا زمانی ڕەسمیی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا ساغنەکرێتەوە.

لەمەسەلەی زماندا هەلێکی زۆر مێژوویی و کولتووریی و سیاسیی لە کوردستانی عێراقدا هەڵکەوتووە کە کورد بۆ یەکەمجار بە شێوازی سیاسیی و فەرمیی، زمان وەک سیمبۆڵیزمی نەتەوەیی بەرجەستە بکاتەوە. کەچیی لەلایەک ناوەندەکانی بڕیار و سیاسییەکانی کورد عەقڵانیی و پراگماتییانە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا هەڵسوکەوت ناکەن، لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵێ ئەکادیمیست و نووسەرانی سەر بەدەسەڵاتی کوردیی و ئەوانەی لە خێروبێر و گەندەڵیی دەسەڵاتی کوردیی بەهرەمەندن، بەبیانووی ئەوەی زمانی کوردیی لەئاستی کوردستانی گەورەدا دەبێ ساغبکرێتەوە، ڕێژەی ئاخێوەرانی ئەو دایەلێکت لەم دایەلێکت زۆروبۆرترە و لەم ئاقارەشدا بیانووی ئەکادیمیی و سیاسیی بۆ دەهێننەوە و بابەتی ساغکردنەوەی زمان بەپشتدا دەخەن. لەکاتێکدا زمانی کوردیی لە کوردستانی عێراقدا وەک دۆخێکی نیمچە ستاندەرد ساغبووەتەوە. لەکوردستانی ئێرانیش قۆناغی خەملیویی بڕیوە.......... بەڵام لەکوردستانی تورکیادا هێشتا لەقۆناغێکی زۆر

سادەدایە. لە کوردستانی سووریاشدا بەهۆی ستەمێکی سەختی نەتەوایەتییەوە لەسەر کورد، زمانی کوردیی لەناو تەنانەت رۆشنبیر و سیاسییەکانیشیاندا جووڵەیەکی ئەوتۆی نەکردووە.

هەندێ دیدی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی و ناوچەگەرایی، پێیانوایە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکرێ تا کوردستانە دابەشکراوەکان، چ بەجیا و چ پێکەوە ئازاد و سەربەخۆنەبن، یاخود تا فانتەسیی کوردستانی گەورە لەدایک نەبێت، نابێت زمانی ستاندەردی کوردیی ساغبکرێتەوە. ئەمە نەک هەر وڕێنەیەکی لینگویستیکیی و کۆمیدیایەکی زمانەوانییە، بەڵکو سەرگەردانییەکی سیاسیی کوێرانەیشە کە توانای خوێندنەوەی هاوکێشەکانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هەلومەرجە هەنووکەیی و دیفاکتۆ جیۆسیاسیی و کولتوورییەکانی نییە.

ئەم دیدە پانکوردیزمە کوێرانەیە، کە بەدەست کۆمەڵی خەڵکی نەتەوەپەرست لەچەشنی کوردپەروەریی و ئێسنۆکوردایەتیی و پانکوردیزمەوە گیانەلایەتی، هەمیشە دیدی ئایدیۆلۆژییانە بەسەر ئارگیومێنتەکانیاندا زاڵە. راستە زۆربەی شیکەرەوە سیاسییەکانی شارەزا لە گرفتی زماندا، پێیانوایە لە کۆنتێکستی سۆسیۆ-مێژووییەوە دەبێ وردەکارییەکانی ئەم تێکهەڵکێشە کۆمەلایەتیی و سیاسیی و ئێسنیکییانە لەسەر مەسەلەی زمان بە شێنەیی، بەوردیی و بەجوانیی ساغبکرێنەوە. بەڵام لەمەش گرینگتر ئەوەیە ئەم ساغکردنەوەیە سەنگێکی مەحەکە بۆ دڵسۆزیی و غەمخۆریی یەک نەتەوەیی و یەک ئێسنیکیی، کاتێ ئەڵقەی هەستی نیشتمانیی و ئێسنیکیی لاواز بێ، کاتێ لۆکاڵیزمی دایەلێکت و شۆڤینیزمی ناوچەیی بەسەر سێنترالبوونی چەمکی نیشتمانیی و زمانی نیشتمانییدا زاڵ بێ، بەدڵنیاییشەوە زمانیش یەکگرتوو نابێ و بە زەحمەتیش دەتوانرێ زاراوە کوردییەکان لە دەوری یەک زمانی فەرمیی نیشتمانیی، لەکوردستانی عێراقدا کۆبکرێنەوە. ئەوە ئەگەر هەر بشکرێ.

لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوودا ، وڵاتی پاراگوای بەهەلومەرجێکی نزیک لەوسەرگەردانییە لینگویستیکییەی کوردستانی عێراقدا تێپەر بووە، چونکە دڵسۆزیی نیشتمانیی لە پرسی زمانی نیشتمانییدا لاواز بوو ( Rubin 1968). بەلام سەرەنجام توانیتیان یەک زمانی ستاندەردی نیشتمانیی جێکەوت بکەن. کەچیی کورد لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، تاتەبازێکی دانەناوە بۆ پەڕینەوە لەناو ئەو هەموو قوڕولیتاوەی لەباری کولتووریی و سیاسیی و جیۆگرافییەوە دەوریان گرتووە، بەلام خەریکی دابەشکردنی کوردستانی عێراقن بەسەر زاراوە جیاوازەکانی ناوچە جوداکانی هەرێمی کوردستانداو سەرکردایەتی سیاسیی کوردیش(بەتایبەت پارتیی) بەجۆرێک لەجۆرەکان خۆی ئاگرەکە خۆش دەکات یان لەباشترین دۆخدا خۆی بە تەواویی لێ بێئاگا کردووە.

مەسەلەی دەستگرتن بەزمانەوە وەک بابەتی ئایین و رەگەز نییە کە بەرنامەیەکی ئایدیۆلۆژیی و فیکریی دەتوانێ بیانوروژێنێ و گرووپەکان پەرتوبلاو بکات. بابەتی زمان بابەتێکی کولتوورییە، بەلام ئەگەر تێگەیشتنی قووڵی سیاسیی و ئەنسرۆپۆلۆجیی ژیرانەی لەپشتەوە نەبێ، لە هەردوو

کاتەگۆری ئایین و رەگەز مەترسییدارترە، چونکە لێرەدا زمان مەسەلەی باڵادەستیی ئەدەب و زمانی نووسین و کولتووری ئەو ناوچەیە دەنەخشێنێ. زمان ئاوێنەیەکە بۆ شانازییکردن بەڕابردووی جڤاکەکانەوە( Horowitz 1985 ). لەناو کورددا ئەم شانازییە تا هەنووکە هەر ناوچەییە و نەپەڕیوەتەوە بۆ رەهەندە نیشتمانییەکان و هەر لە ناو هۆز و خێڵ و دایەلێکتەکانیاندا قەتیس بووە. بەکورتیی شۆڤینیزمی لەهجەیی بەهاوکاریی گرووپی دووستاندەردەکان و فرەستاندەردەکانی زمانی کوردیی، شانازییکردنیان بە زاراوە و بنزاراوە لێبووەتە شانازیی بەزمانی نەتەوەوە، ئەوان یان زۆر ساختەکارانە یاخود زۆر گێلانە زمان و دایەلێکت، مافی زمانیی و مافی دایەلێکت( ئەم ئەفسانەیە، بەس لە وڕێنەی جووتستاندەردەکاندا هەیە ) تێکەڵ دەکەن.

بۆیە هەر کەمایەتییەک دەست بۆ مەسەلەی جیاوازیی زمانیی یان دایەلێکتیی بەرێ، ئاکامەکەی بەرەو لێکترازانێکی کولتووریی و سەرەنجام سیاسیی قووڵ دەڕوات. ئەم کێشمەکێشە ئەگەر لەناو یەک ئێسنیکدا بێت ئەوە مەترسیی تەقینەوەی زۆرتر لێدەکرێ، لای کەم لەبەر ئەوەی شکۆمەندییە نەتەوەییەکەی لە زمانەکەیدا یان شکۆمەندییە ناوچەگەراییەکەی لە دایەلێکتەکەیدا دەبینێتەوەو ئامادە نییە لەگەڵ گرووپەکانی تردا، کە بەگرووپی باڵادەستەکان لەڕووی کولتوورییەوە ئەژمارد دەکرێن، دایبشکێنێ و دەرگای دایەلۆگ دادەخات و بەدوای ساغکردنەوەی دایەلێکتەکەی خۆیدا وێڵ دەبێ. لەم روانگەیەشەوە ئامادەیە زۆر پەرگیرانەو نانیشتمانییانە، زۆر ناوچەگەرییانەو لۆکاڵییانە بۆ شکاندنی هێجەمۆنیی ( هەژموون) زمانی ستاندەرد و فەرمیی هەڵسوکەوت بکات.

بۆ هەر نەتەوەیەک یان گرووپێکی کۆمەڵایەتیی، کاتێ دەستگرتن بە زمانەوە لەچوارچێوەی وەفاداریی نیشتمانییەوە سەرچاوە نەگرێ، وەفای ئێسنیکیی و وەفای زمانەوانییشی نامێنێ، یاخود وەک ئەوەی Hirschman ناوی دەنێ ئایدێنتیتیی ئیسنۆزمانەوانیی، سەری ئێسنیکەکەش دەخوات ئەگەر وەفاداریی نیشتمانیی لەگەڵدا ئاوێتە نەبێت ( Hirschman1970 ). سەیری پانکوردیستە نانیشتمانییەکان و سکۆلارە چەپە کوردەکانی( ئەوانەی کوردستانی ئێران بەتایبەتیی کە لەتاراوگەن) بکەین، هێڵنجت لە شۆڤینیزمی لەهجەیی و ناوچەییان دێتەوە. سەیری هەڵوێستی نانیشتمانیی و فەندەمێنتالیی و ئایدیۆلۆژییانەی ئەو کۆنگرەیە بکەن کە بەکۆنگرێسی نەتەوەیی کورد Kurdistan National Congress لە ئەمێریکا ناسراوە، کەلەڕاستییشدا کۆنگرێسی حیزبییە تا کوردیی، لەکاتێکدا پرسی زمانی ستاندەردی کوردیی تەنیا لە کوردستانی عێراقدا باسکراوەو کەمپەیینی ستاندەردایزی زمانی کوردیی روو بە پارلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق بوو، کەچیی نەتەوەییە توندڕۆکانی کورد لە KNC دا خۆیان لەکاروباری سیاسیی و کولتووریی کوردستانی عێراق هەڵدەقورتێنن( KNC 2008 ).[1] ئەوان

[1] http://www.kncna.org/docs/k_viewarticle.asp?date=6/27/2008

بەئاشکرا رایانگەیاند کە لەگەڵ ئەوەدانین، کوردستانی عێراق، یەک زمانی نووسینی ستانده‌رد و رەسمیی هەبێ.

لەهەلومەرجی کوردستانی عێراقدا، کە پێویستە زمانی ستانده‌ردی کوردیی بۆ ئەو هەرێمە دیفاکتۆ سیاسییە ساغبکرێتەوە، کە هیچ گومانی تێدا نییە سەربەخۆیی پارچەکانی کوردستان ئەگەر لە داهاتوودا بەدەست بێن، هەرێمی سەربەخۆی کوردستانی عێراق کە ئەوکات کوردستانی باشوور دەبێت یان هەر ناوێکی تر بۆ ئەو قەوارە سیاسییە دابنرێ، پێشەنگی ئەو سەربەخۆییبوونانە دەبێ. لەوێدا لە کوردستانی باشووری سەربەخۆدا، ئەگەر وەلائی نیشتمانیی بەسەر وەلائی ئێسنیکییدا زاڵ نەبێ ، ئەگەر مۆتیڤی توندڕۆیانەی پانکوردیزم و ناسیۆنالیزمی کوردیی و کوردایەتییەکی کوێرانە هەر چاوی لە پارچە داگیرکراوەکانی تر بێ و نەتەوە جیاوازەکانی تر کە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق دەژین بخرێنە لاوەو مژدەی ئەوەیان پێ بدرێ کە کوردی عێراق وەک زۆرینەی کوردستانییە ! فەندەمێنتالیستەکان لە غەمی ئەوەدان کوردستانەکانی تر رزگاربن.

ئەگەر لەو کوردستانەدا، یەک زمانی فەرمیی و ستانده‌ردی کوردیی (نەک مەهزەلەی دوو زمانی ستانده‌ردی کوردیی یان ئەوەی پێی دەڵێن ئەفسانە و وڕێنەی جووتستانده‌ردیی)، لەگەڵ زمانی عەرەبیی و تورکمانیی و سریانییدا نەخرێنە چوار چێوەی زمانە فەرمییەکانی ئەو هەرێمەوە. ئەوە گومانی تێدا نییە یەکێتیی ئەو کوردستانە سەربەخۆیەی کە دێتە ئاراشەوە دەکەوێتە مەترسییەوەو بەرەو پارچەپارچەبوون دەچێتەوە. ئەمە لە بارودۆخی هەنووکەشدا، دیفاکتۆیەکی سیاسیی و کولتووریی و رۆشنبیرییە لەو هەرێمەی بە هەرێمی کوردستانی عێراق ( سلێمانیی و دهۆک و هەولێر) ناسراوە، لەو ناوچانەی بە ناوچە دابڕاوەکان ( بەشاری کەرکوکیشەوە) ناسراون، هێشتا ئینتیگرەیشنێکی سیاسیی و کولتووریی رۆشنبیریی و تەنانەت جیۆگرافییش بوونی نییە.

دەوڵەت و زمان هەردووکیان دوو گیانەوەری ناوچەیین، هەر یەکەیان لە هەلومەرجێک و لە ناوچەیەکی جودادا دروست دەبن ( Laponce 1992 ) ، چواندنی ئەوەی کە کورد دەوڵەتی نییە، ئیتر نابێ زمانی ستانده‌ردیشی هەبێ، خۆبەچووکزانیی و خۆ بەکەمزانییە. کورد بەبێ زمانێکی ستانده‌ردی نووسین، پەیامێکی گەورە و رەهەندێکی کولتووریی گەورەی لە رەهەندی ناسیۆنالیزم فەرامۆش کردووە. بەواتایەکی سیاسیی رۆشنتر، مەرج نییە دەوڵەتی نەتەوەیی یان نیشتمانیی هەر گەل و ئێسنیکێک، زمان بناغەکەی بێت ، یاخود زمان یەکێ لە کاتەگۆرییە سەرەکییەکانی بێت، بەڵام راستییەک هەیە بۆ کورد، هیچ کاتەگۆرییەک لە چەشنی ئایین، کولتوور، جیۆگرافیای هاوبەش، جلوبەرگ، یادەوەریی نیشتمانیی و ئێسنیکیی هاوبەش ، ئەو رۆڵە ستراتیژییەیان نەماوە کە زمان هێشتا ماویەتی.

بەدەربڕینێکی تر تاکە رایەڵی توند لەپێوەندییەکانی نێوان تاکەکانی نەتەوەی کورددا زمانەکەیەتی، ئەگەر ئەم زمانەش پەرتپەرت بکرێ، نەتەوەی کورد کە لە قۆناغی کامڵبووندایە،

بەسەر دایەلێکتەکان و ناوچە جیۆگرافیی و سەبدایەلێکتەکاندا دابەش دەبێت و هەر شوێنەو بۆخۆی زمانێکی نوێ دروست دەکات. ئەگەر بەبێ ترس و بە جورئەتەوە دەست بخرێتە سەر برینەکان، ئەم دوو ستاندەردیی و فرە ستاندەردییە، زمانی کوردیی هەپروون بە هەپروون دەکات و داری بەسەر بەردییەوە ناهێڵێ و هەرگیزاو هەرگیز زمانێکی هاوبەش و یەکگرتووی کوردیی دروست نابێ. بەڵکو چەندین زمانی جیاواز دروست دەبن. ئەگەر لەداهاتوویەکی نزیکدا زمانی رەسمیی هەرێمی کوردستان ساغنەکرێتەوە، ئەوە بەدڵنیاییەوە هەرگیز یەک زمان دروست نابێ و چەندین زمانی جیاواز دروست دەبێت و خزمایەتیی ئێسنیکیی و نەتەوەییش بەرەو کزیی و نەمان دەچێت. بە دڵنیاییشەوە هەرگیز ئینتیگرەیشنی integration سیاسیی و کولتووریی و زمانیی و جیۆگرافیی..........تاد لەهەرێمی کوردستاندا بوونی نابێ و لە ئاییندەشدا کورد وەک نەتەوەی سەرەکیی هەرێمی کوردستان و لەئاستی کوردستانەکانی تریشدا زیانی گەورە دەکات.

گراهام هۆڵ Graham Hall پێیوایە زمانی ستاندەرد لە دەسەڵات و چاپەمەنیی و پێگرتنی نەتەوەکانەوە دروست بووە (Hall 2005 ). کوردەکان تەنیا لە ئاستی جیۆگرافیای کوردستانی عێراقدا ئەم دەرفەتە زێڕینەیان بۆ هەڵکەوتووە. دەیان ساڵە بەزمانی کوردیی دەخوێنن و دەنووسن، هەزاران تیراژی جیاواز لە چاپەمەنییەکانی کوردستان بە یەک زمانی نیمچە ستاندەردی کوردیی چاپدەکرێن. نیمچە دەوڵەتێکی کوردیی کە خۆی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە، ئەوە بۆ 19 ساڵ دەچێ حوکمڕانیی دەکات. چەمکی بەنەتەوەبوونی کورد لە کوردستانی عێراقەوە بناغەکەی داڕێژراوە. زمانەکەی لە قۆناغی دیفاکتۆی زمانییدایە، کەچیی ئەوەی رێگریی لەبەفەرمیینیاسینی زمانی کوردیی ستاندەرد دەکات خودی دەسەڵاتی سیاسیی کوردە کە ئایدیۆلۆژیا وئینتیمای حیزبیی و سیاسیی و ناوچەییەکەی لەهەمبەر پرۆسێسی ستاندەردداێزی زمانی کوردیی لەهەرێمی کوردستاندا رێگریی دەکەن. ئەم رێگرییە ئایدیۆلۆژیی و حیزبییانە، بەشێکە لەو گەندەڵییە ئیداریی و سیاسییەی کە 19 ساڵە بازاڕی کوردستان و ئابووریی کوردستان و ژیانی خەڵکی کوردستان لەلایەن دوو بنەماڵەی سیاسییەوە قۆرغکراون.

نەتەوە - دەوڵەت، یان بەزمانە سیاسییەکە، دەوڵەتی نەتەوەیی، وەک چەمکێکی سیاسیی و کولتوریی لەسەر کۆمەڵێ کرایتێریا دروست دەبێ کە لەنەتەوەو جیۆگرافیایەکی سیاسییەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازیی هەیە. بەڵام کۆمەڵێ فاکتەری کۆمۆن بۆ قایمکردن و رەگداکوتانی ئەم چەمکە چ لەناخی تاکەکان و چ لە ناو بزوتنەوە نیشتمانیی و ناسیۆنالیستییەکانی ئەو گەل و نەتەوانەدا هەن. دەوڵەتی نەتەوەیی بە دیدە ئێسنۆناسیۆنالیستیی و پانناسیۆنالیزمە بەرچاو تەنگەکە نا، بەڵکو بەدیدە نیشتمانییەکەی، شەڕ لەدژی ناوچەگەرایی و جەختکردنەوە لەسەر چەمکی سێنترالبوونی یەکدەستیی ئەو نەتەوەیە بەتایبەت لەبواری پەروەردەو خوێندنا و بە دیارییکراویش لە کایەی زمانی نووسیندا لەڕادە بەدەر بایەخی هەیە.

لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، کە پێویستە زمانی کوردیی لەپاڵ زمانی عەرەبییدا زمانی فەرمیی و نیشتمانیی و ستاندەرد بێت، خودی زمانی کوردیی بەدەست دەسەڵاتە سیاسییەکەیەوە دووچاری پارچەپارچەبوون بووەتەوە. ئەم نووسینە بڕوایەکی کۆنکریتیی بەوە هەیە کە کەسێک ئینتیمای نیشتمانیی و نەتەوەیی بۆ کورد هەبێ لەکوردستانی عێراقدا، پێویستە بە یەک زمانی فەرمیی و ستاندەردی کوردیی مامەڵە لەگەڵ چەمکی دەوڵەت و نەتەوە و ئۆرگانە ئۆفیشەڵەکانی کوردستاندا بکات. بەواتایەکی تر پێویستە مۆنۆلیگواڵیزم Monolingualism (ناسینی یەکزمان) یاخود یونیلینگواڵیزم Unilingualism ( بەکارهێنان و نووسین بەیەک زمانی فەرمیی ) وەک کۆنتێکستێکی سیاسیی و کولتووریی و بەهای زمانەوانیی نرخی بزانرێ و لەئاستی کارگێڕیی و پەروەردە و روو بەدنیای دەرەوە مامەڵەی جدیی پێوەبکرێ.

لێرەدا مۆنۆلینگواڵیزم یان یونیلینگواڵیزم بەواتا ئایدیۆلۆژییە ئەبستراکتەکەی نا، بەڵکو بە واتا لینگویستییە ئەبستراکتەکەی کە لە ئەنجامی هێجەمۆنیی و کەڵەگەتیی زمانی پرێستیژ و ستاندەردەوە، لەئەنجامی باڵادەستبوونی لینگوافرانکایەکی تۆکمەوە خۆی بەسەر ئایکۆنە هاوبەشەکانی تری یەک نەتەوەییدا دەسەپێنێ. مەبەست لێرەدا لە یەکنەتەوەیی کورد یەک-ئێسنیکییبوون مەبەستە. بەڵام ئەگەر کورد لە کوردستانی عێراقدا لەهەنووکەداو لە داهاتووشدا لەئاستێکی بەریندا یەک زمانی ستاندەردی کۆمۆنی بۆ نووسین و تێکستەکانی نەبوو، ئەوە گومانی تێدانییە یەکنەتەوەیی کورد نەک هەردەکەوێتە ژێر پرسیارو تێڕامانەوە! بەڵکو دوو نەتەوەی جیاواز بە دوو زمانی جیاواز و دوو داڕشتن و رێزمانی جیاوازەوە سەرهەڵدەدەن. ئەوە جگە لەوەی هەندێ لە هەورامیی و زازاییەکان، ئەوەندەی غەمی دەستگرتن و قودسیەتدان بەزاراوە لۆکاڵییەکانی خۆیان مەراقیانە، ئەوەندە غەمی هاوبەش لە زمانی هاوبەشی نووسین و پەروەردە وکارگێڕیی ناخۆن.

لەسەر رەهەندی تێکستی زمانی کوردیی، ئەگەر تاکی کورد و ئەکادیمستەکان و رۆشنبیرەکانی، ئایدیۆلۆژیاو ناسیۆنالیزم و پانکوردیزم لەخۆیان بکەنەوە و بۆ ساتێک ئەو راستییە زەقە ببینن کە کورد لە کوردستانی عێراقدا کامە زمانی نووسینەکەیەتی؟ کامە تێکستەکەیەتی؟ کام دایەلێکت بووەتە بەردی بناغەی زمانی هەنووکەی کوردیی؟ گومانی تێدانییە راستییەکان وەک رۆژی رووناک دیارن. لە لایەکی ترەوە، کاتێ مۆتیڤی پانئیسنۆناسیۆنالیزم و پانکوردیزم و پانکوردایەتیی و پانکوردپەرەوریی و پانعەشیرەتیی تێکەڵ بە رەهەندێکی کولتووریی وەک زمان دەکرێن، ئیتر کارتەکان تێکەڵ دەبن و هەمووی بەداهاتوویەک دەسپێرن کە کورد لەوەتەی هەیە خۆی بە ئەو داهاتووە دەسپێرێ و هەرگیزیش نایبینێ.

ئەمە هەر بەدبەختیی کورد نییە، ئەمە قەدەری ئەو کوردەیە کە لە هەموو رەهەندە مێژوویی و کولتووریی و سیاسییەکاندا دواکەوتووە. قەدەری ئەو گەلەیە کە بە فانتەسیی، خۆی بە 40 تا 50 ملیۆن دەقەبڵێنێ لەئاستی دنیادا و خاوەنی هیچ نییە. قەدەری ئەو گەلەیە کە ئەکادیمستەکان و

نووسەرەکان و رووناکبیرەکانی، لەتەونی دەسەڵاتی سیاسییدا، پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان و غەمی گیرفانی تایبەتیی خۆیان لەسەروو هەموو بەهاو مۆراڵ و پرەنسیپێکی مرۆییەوە دادەنێن، هەر کە یاخییش بوون زۆربەیان بەئاسانیی، بەپارە و بەپۆستی رەمزیی رامدەکرێن و بەدەسەڵات و سەرکردەکانیدا هەڵدەدەنەوە.

لێرەدایە، هەندێ ئەکادیمیستی کوردستانی ئێران کە باکگراوندی ئایدۆلۆژیای ستالینیزم و چەپی ئێرانییان هەیە، وەک قۆنتەراتچیی پارتیی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ بەشێک لە پانکوردیستەکانی پارچەکانی تردا، نەک هەر راستەخۆ دەخالەت لە کاروباری هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەکەن، بەڵکو وەک ئەوەی هاووڵاتیی دەڤەری هەرێمی کوردستانی عێراق بن، ئەو کارە دەکەن. ئەم خۆتێهەڵقورتاندنانە لەلایەکەوە پێوەندیی بەو مۆتیڤە پانکوردیزمەوە هەیە کە پێیانوایە هەولێر و ئامەد و سابڵاغ هەمووی موڵکی ئەوانەو بە ئەندێشەی کوردایەتیی و کۆکتێلێک لە چەپگەرایی، مافی مرۆڤ، مافی کەمینەکان و مافی دایەلێکتەکان، سەرگەردانییەکان داهێناوە، خۆیشیان سەری لێ دەرناکەن. لەلایەکی تریشەوە ئەجێندای ئایدیۆلۆژیی و بزماری ئایدیۆلۆژیی لە تابووتی زمانی کوردیی دەدەن.

لەکاتێکدا ساغکردنەوەو بەفەرمییناسینی زمانی کوردیی ( ستاندەردە، فەرمییە هەر ناوێکی لێدەنرێ!) لەکوردستانی عێراقدا جگە لە خەڵکی کوردستانی عێراق و دەسەڵاتی سیاسیی ئەو دەڤەرە کەس بۆی نییە لەدەرەوە بۆچوونەکانی لەرێی عەقڵییەتی حیزبیی و سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی و لۆبییەکانی شۆڤینیزمی لەهجەیی و بەشێک لەدەسەڵاتی سیاسییەوە ساغبکاتەوە. دەتوانیت، ئەکادیمیست و رۆشنبیر بیت و لەسەر هەر پرسێکی ئەم دنیایە توێژینەوەو لێکدانەوەت هەبێ. بەڵام کاتێ بۆچوونەکانی ئەم کەسانە دەگاتە ئاستی خۆتێهەڵقورتاندن و هەڵوێستی سیاسیی دەنوێنن و لەرێی لۆبییەکانی دەسەڵاتەوە( بەتایبەتیی پارتیی) دەچرپێنن و تەگەرە بۆ بەفەرمییناسینی زمانی ستاندەردی کوردیی لەکوردستانی عێراقدا دادەنێن بەپارەی لادراوی خەڵکی گەرمیان و هەڵەبجە بلیتی فڕۆکەیان بۆ دەکرن، بانگهێشتی کۆڕو کۆبوونەو ئوتێلە نایابەکانی هەولێر دەکرێن و کۆڕو سێمینارەیان بۆ رێکدەخرێ و خزمەت دەکرێن. لەرۆژنامەو گۆڤارە حیزبیی و سێبەرەکانی حیزبدا بایەخیان پێدەدرێ، ئیتر رایەڵە نهێنیی و ئایدیۆلۆژییەکانیان بۆ خەڵکیی ئاشکرا دەبێت.

هەموو ئەوانەی باسی جووستاندەردی زمانی کوردیی دەکەن، یان لەدەسەڵاتەوە نزیکن، یان بە لۆبییەکانی دەسەڵات تەنراون و لە گەندەڵیی دەسەڵاتی سیاسیی کوردو حیزبەکانی سوودمەندن. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایا ئەو بایەخەی بە ئەمیری حەسەنپوور و لایەنگرانی دەدرێ لەلایەن میدیا حیزبیی و سێبەرەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیی دیموکراتیی کوردستانەوە و پرسی جووتستاندەردیی زەق و زەقتر دەکەنەوە، هەر بەرێکەوتە یان ئەجێندای سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی لەپشتەوەیە؟ ئایا ئەم قیرسیچمەییەی حەسەنپوور و لایەنگرانی لەسەر جووتسنادەردیی، لە

ڕوانگەی مافی مرۆڤ و ئەرکی ئەکادیمییەوەیە یان پاداشتی ماددیی و مەعنەویی بەدواوەیە؟ ئەو گرووپە لەسەر ئەو هەموو پێشێلکردنەی مافی مرۆڤ و کوشتنی لاوانی خۆپیشاندەر و فڕاندن و تێرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسانی کورد لەهەرێمی کوردستاندا، بەدەستی دەسەڵاتی سیاسیی و پارتیی بەتایبەتیی نقەیان لەخۆیان بڕیوە، کەچیی تەواوی دۆستایەتییەکانیان لەگەڵ پیاوانی پارتییدایە؟ تەنانەت هەندێکیان داکۆکیشییان لە پارتیی و دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم کرد بەبیانووی هەڕەشەی دەرەکیی لەسەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان!

کوردێکی کوردستانی عێراق بۆی نییە خۆی لە کێشەی زمانی کوردیی لەکوردستانی تورکیادا هەڵبقورتێنێت. ئەگەر بۆچوونێکی هەبێ دەتوانێ بە نووسین بڵاوی بکاتەوە، بەڵام کاتێ لەگەڵ دەسەڵاتدا یان حیزبێکی دەسەڵاتدار و خاوەن پێگەی ئابوورییدا دەست تێکەڵ دەکات بۆ ڕێگرتن لە هەلومەرجێکی کولتووری وسیاسیی زمانی کوردیی، کە پێوەندییەکی بەئەوەوە نەبێت، لەڕێگەی حیزبی سیاسیی و لۆبییەکانی حیزبی باڵادەستەوە خۆی تێهەڵقورتێنێ، ئەوە دەبێتە چەواشەکاریی و بەلاڕێدابردن و بەرژەوەندییخوازیی. ئەوە دەبێتە ئەجێندای ئایدیۆلۆژیی و بە ڕۆبۆتی حیزب و ئایدیۆلۆژیا دەخوێنرێنەوە. ئەم نووسینە پێیوایە ساغکردنەوەی زمانی ستاندەردی کوردیی لەکوردستانی عێراقدا دەبێ کۆتایی پێبێت و ساغبکرێتەوە. نابێ چیتر بەبیانووی کات و هەلومەرجەوە ئەم پرسە نیشتمانیی و کولتوورییە دیزە بەدەرخۆنە بکرێ. نابێ بەناوی ئەکادیمستبوون و چالاکوانی سیاسیی و زمانناسی کوردەوە لە هەندەران، هانی دووبەرەکیی و جیاوازیی دایەلێکتەکان لەکوردستانی عێراقدا بدرێ.

**هایبرید ( دووڕەگیی ) ی زمانی کوردیی:**

سەرمایەی کولتووریی(Cultural Capital ) یاخود سامانی کولتووریی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئایدیۆلۆژیای زمانەوە هەیە. وەک سۆسیۆلۆجیست و ئەنسرۆپۆلۆجیستی فڕانسیی، پییەر بۆوردیو Pierre Bourdieu بۆی چووە، سامانی کولتووریی لە کۆمەڵە سەرچاوەیەک پێکهاتوون، کە بریتین لە پەروەردەو ئەدەبی نووسراو، لەلایەن گرووپگەلێکی بەرچاوەوە بۆ پێشکەوتنی ئابووریی و کولتووریی بەکاردەهێنرێن(Bourdieu,1986). بەم پێودانگە بێ، لە ناو ڕشتەی زمانی کوردیی لە کوردستانی عێراقدا و گرفتە سەرەکییەکانی ستاندەردداپزبوونی ئەم زمانەدا، ئەوە کرمانجیی ناوەڕاست و خوارووە، بەرێژەیەکی زۆر سامان و سەرمایەی کولتووریی نەتەوەی کوردی پێنووسراوەتەوە.

سەرەتا ئەگەر ئەم باڵادەستیی سەرمایە کولتوورییە لە سەردەمی باباتاهیری هەمەدانییەوە دەستی پێکردبێ، دواتر زاراوەی هەورامیی و کرمانجیی ژوورو لە سەردەمێکدا ئەم ڕۆڵەیان بینیبێ، ئەوە نزیکەی دوو سەدەیە، ئەم زمانە ستاندەردە کوردییەی پێی دەنووسرێ، بە پەرچەمی سامانی کولتووریی و زمانی نووسینی کوردیی ناسراوەو جێکەوت بووە. گەڕانەوە بۆ دواوە، گەڕانەوەیە بۆ زاراوەکان و تەخشانکردنی زمانی کوردیی بەسەر ناوچە جیۆگرافییە جیاوازەکانی کوردستاندا،

گەڕانەوەیە بۆ خێڵ و عەشیرەت و میرەکانی کورد، هاوکات رۆحی زمانی کوردیی لەتوپەت دەکات و چانسی ستانده‌ردبوونی زاراوە جیاوازەکان زیاتر دەڕەخسێنێ و جڤاکی کوردییش بەئاردی ناو درڕک دەکات و خودی نەتەوەی کوردیش بە چەند نەتەوەیەکی جیاوازی لەچەشنی کورد و کرمانجیی و هەورامیی و .............تاد پۆلێن دەکات.

ئەو پەرۆشییەی بۆ زاراوە کوردییەکان هەیە لەلایەن جووتستاندەردەکانەوە، پەرۆشییەکی ئایدیۆلۆژییە، نەک پەرۆشیی و غەمخۆریی لینگویستیکیی بێت. دیارە بەشێکیشی بەرژەوەندییەو بە پارە هاندەدرێن و بەکورتییەکەی بەرژەوەندیی ماددییە و لەدەسەڵاتێکی تایەفییەوە نزیکن و ئەجێندای حیزبێکی تایەفیی و شۆڤینیزمی لەهجەیی بەجێدەگەیەنن. ئەگەر بڕیارە ئایدیۆلۆژیا " دەسەڵاتی دیسکۆرسە گرێدراوەکان”(Woolard, 1998, p. 7) بێ ، ئەوە تەواوی ئەو مۆتیڤە ئایدیۆلۆژییانەی لە پشت تێبەردانی زاراوە کوردییەکانەوەن لە گیان و ماڵی زمانی ستاندەردی کوردیی، پێوەندیی بەو دیسکۆرسە گرێدراوانەوە هەیە، کە دەسەڵاتی سیاسیی کورد، لەپشت ئەو لۆبییانەوە راوەستاوە و دیوەخانی عەشیرەتچییەتیی و زاراوەچییەتیی و دەڤەرچییەتی گەرم رادەگرن.

تەنیا جیاوازییەک لێرەدا هەبێ، لەبری شێخ و مەلاو ئاغای جاران، پرۆفێسەر و دۆکتەر و پسپۆری زمانەوانیی ئەو پۆستانەیان پڕکردووەتەوە ، گوایە سامانی زمانەوانییان هەیەو پسپۆری ئەو بوارەن. بەڵام ئەم سەرۆک هۆزو خێڵانە لە جیاتی ئەوەی لەژێر دەوار و ناو دیوەخاندا دابنیشن، لەناو زانکۆکان و کۆڕی ئەو ئەکادیمیایانەدا مشق دەدەنەوە کە حیزب و دەسەڵاتی سیاسیی بەهرەی نەزۆک و پۆستی بەرزی پێبەخشیون، یاخود بەپارە مڕی کردوون و وەک گرووپی جووتستاندەردەکان کە زۆرینەیان کوردی کوردستانی رۆژهەڵاتن، تەگەرە دەخەنە بەردەم بەفەرمییناسینی زمانی کوردیی وەک زمانی کارگێڕیی و زمانی سەرەکیی پەروەردەو خوێندن.

لەم ئاقارەوەیە، بۆوردیو پێیوایە کە سامانی لینگویستیکیی فۆرمێکە لە سامانی کولتووریی، بەپشتبەستن بە رەوایی ماستەربوونی ئەو زمانەو رەواییبوونی لە پانتایی تێکستدا (Bourdieu, 1991) . بەم پێودانگە کولتووریی و لینگویستیکییە بێت، ئەو سامانە زمانەوانییەی لە هەنووکەدا کورد هەیەتی، فۆرمێکی باڵا و واڵایە لەسامانە کولتوورییەکەی، هاوکات ئەم زمانە ماستەربوونی خۆی لە قووڵایی و پانتایی تێکستی کوردییدا بەتەواوی رەنگپێداوەتەوە. ئەم ماستەربوونی زمانی کوردییە، شایانی ئەوەی هەیە کە بەشانازییەوە هەموو تاکەکانی ئێسنیکی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، بەجیاوازیی ناوچەکان و دایەلێکتەکانیانەوە بەزمانی ستاندەردی کوردیی بیپەژرێنن. هاوکات شایانی ئەوەیە کە هەر تاکێکی کورد لەکوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیا و تەواوی کوردانی تاراوگە وەک سیمبوڵێکی نەتەوەیی و زمانی نەتەوەکەیان سەیری بکەن.

ئەوە راستە لە بواری پەروەردە و خوێندندا، کاتێ زارۆک لە ماڵەوە بە زمانی ناوماڵ لەگەڵ کەسوکاری دەئاخفێ، سامانی کولتوورییەکەی بەو زمان و دایەلێکتە بنیات دەنێ. بەڵام مەرج نییە بەهەمان زمان یاخود دایەلێکت بتوانێ دەستکەوتی ئەکادیمیی و زانین(مەعریفە) بەدەست بهێنێ. چونکە ئەگەر زمانێک یان دایەلێکتێک بەهایەکی کولتووریی و سیاسیی و رۆشنبیریی و مەعریفەی قورس و تۆکمەی لەپشتەوە نەبێ، ناتوانێ خۆی بگرێ و لەگەڵ رەوتی زانست و گەشەی زمانییدا رێ بکات. فریمان لەم روانگەیەوە پێیوایە لەوڵاتانی فرەکولتووردا وەک ( ئەمێریکا، کانەدا، ئوستراليا، بريتانيا....تاد )، پێویستە یەک زمانی ستانده‌ردی پرۆفیشناڵ هەبێ بۆ تەواوی دامودەسگا کارگێڕیی و پەروەردەیی و دیپلۆماتیی و سیاسییەکان، چونکە تەنیا زمانی ستاندەردە نوێنەرایەتی سامانی کولتووریی ئەو وڵاتە دەکات( Freeman 2004).

لەکوردستانی عێراقدا یان وەک هەرێمێکی دیفاکتۆی سیاسیی و جیۆگرافیی بەشێکی زۆر لەخاکی هەرێمی کوردستان، زمانێکی ستاندەرد لەئارادایەو زمانی پایتەختی سیاسیی و ئابووریی و کولتووریی هەرێمی کوردستانی عێراقە. ناکرێ لە پرسی ساغکردنەوەی زمانی ئۆفیشەڵی هەرێمی کوردستاندا هیچ جۆرە سازشێک بکرێ. بۆ نموونە ناکرێ ناوی پارلەمانی کوردستان بە زاراوەیەکی کوردیی لەپاڵ زمانی رەسمیی کوردییدا بنووسرێ، بەڵکو دەبێ تەنیا بەزمانی ستاندەردی هەرێم و زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی بنووسرێ. ناکرێ تابلۆی ئەنجوومەنی نوێنەران لە پارلەمانی عێراق بە زاراوەیەکی تری کوردییش لێی بنووسرێ. پاسپۆرتی عێراقیی کە دوا تیراژەکانی زمانی کوردییش, لەپاڵ زمانەکانی عەرەبیی و ئینگلیزییدا لەخۆ دەگرێ، چۆن دەکرێ لەگەڵ زمانی ستاندەردی کوردییدا بە زاراوەیەکی زمانی کوردییش لێی بنووسرێ؟ یاخود چۆن دەکرێ بەگوێی ئەو وڕێنەیە بکرێ کە داوای دوو ستاندەردیی دەکەن و لەسەر پاسپۆرت و رەگەزنامەو و تابلۆی زانکۆکان و دەسگا ئۆفیشەڵەکاندا کۆمیدیای دوو زمانی کوردیی یاخود زمانی هایبریدی کوردیی بەتەک یەکەوە بنووسرێن؟

ناعەقڵانییبوونی بۆچوونی گرووپی دووستاندەردەکانی کوردەکانی کوردستانی ئێران( بەتایبەت ئەوانەی دایسپۆرا) کاتێ لەبواری پراکتیکدا بیری لێدەکرێتەوە، ئەوسا دەزانرێ ئەمانە چەند نائاگایانە زمان و دایەلێکتیان تێکەڵکردووە چەند نائەکادیمیی و نازانستیی و ئایدیۆلۆژییانە بیر لەجێکەوتکردنی زمانی رەسمیی پەروەردە و کارگێڕیی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەنەوە. لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە نامە کۆمیدییەکەی ئەمیری حەسنپوور بکرێ کە بۆ "ئەکادیمیای کوردی"لەهەولێر ناردبووی لەوەڵامی بانگهێشتنێکدا لەلایەن کادیرێکی پێشکەوتووی پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە داوای لێکراوە. حەسەنپوور کە فانتەسییە رەنگاوڕەنگەکانی تێدا ئەژماردبوو، پارەی کاغەز و پارەی مەعدەن، هەریەکەیان بە دایەلێکتێکی کوردیی لێیان بنووسرێ، پاسپۆرت و کارتی ناسنامەش هەریەکەو بە شێوەزارێک لێیان بنووسرێ! کۆڵان و

شەقامەکانیش وەک یەکێتیی و پارتیی، فیفتیی بە فیفتیی بەش بکەن(نامەکەی حەسەنپوور بۆ ئەکادیمیای کوردی لە کۆتایی دێسەمبەری 2009 )[2] .

ئێستا بە وڕێنەی ئایدیۆلۆژیی ئەوانە بێت کە داوای دوو ستاندەردیی و فرە ستاندەردیی لەزمانی کوردیی کوردستانی عێراقدا دەکەن، چ گاڵتەجاڕیی و کارێکی ناعەقلانیی دەبێت ئەگەر لەپارلەمانی عێراقدا پرۆژەیەک پێشکەش بکرێ و بگوترێ لەمەودوا کوردان کە چوار بۆ پێنج میلیۆن کەسن، خوازیاری ئەوەن هەموو دایەلێکتە کوردییەکانی کوردستانی عێراق بە زمانی فەرمیی بناسرێن. یان لای کەم زاراوەی بادینانیی بخرێتە پاڵ زمانی هەنووکەی کوردییەوە. کەواتە هەر ئەم پێوەندیی و تێکهەڵکێشە سیاسیی و کولتوورییەی ناو پێکهاتەکانی گەلانی عێراق کە کورد نەتەوەیەکی سەرەکییە تێیدا، پێمان دەڵێت زمانی فەرمیی و ستاندەردی هەرێمی کوردستان کامەیە؟ پێمان دەڵێت زمانی نیشتمانیی و فەرمیی و ستاندەردی نەتەوەی کورد لەکوردستانی عێراقدا کامەیە. هاوکات پێشمان دەڵێ زاراوە لۆکاڵییەکان کامانەن. ئەمە شۆڤینیزمی سۆرانیی نییە وەک حەسەنپوور چینەی لەسەر دەکات،[3] بەڵکو ئەوەی ئەوان شۆڤینیزمی لەهجەیی و شۆڤینیزمی ئایدیۆلۆژیی و شۆڤینیزمی ستالینیستییە، کە زیاتر لە کۆمیدیای لینگویستیکیی دەچێ. هۆکاری ئەم کۆمیدیا زمانەوانییەی ئەو گرووپە ئەوەیە، تا هەنووکە، زمان و دایەلێکت لێک جودا ناکەنەوە، هەرچەندە زۆر بەخۆیاندا هەڵدەدەن و بە پسپۆریی و پیشەو بڕوانامەکانیانەوە دەنازن، بەڵام بە ورکێکێکی زۆر ساویلکانەوە، سوورن لەسەر ئەوەی دایەلێکت و زمان بەمەبەستەوە تێکەڵ بکەن.

ناعەقڵانییبوون ونالۆژیکبوونی گرووپی دووستاندەردەکان زیاتر دەردەکەوێ کاتێک لە هەلومەرجی سیاسیی و کولتووریی عێراق وردبینەوە. پارە و پاسپۆرت و دۆکیومێنتە سەرەکییەکانی عێراق و کوردستان بە زمانی ئینگلیزیی و عەرەبیی و کوردیی دەردەچن. دەیانەوێ کوردییەکەش بە دوو فلیقانەیی واتە بە دوو زاراوەی جیاواز یاخود هایبرید کە لەڕاستییدا ڕۆڵی دووزمانی جیاواز دەگێڕن، دەربچێ. لەولایشەوە، تورکمان و کەلدۆئاشوورییەکان و ئێسنیکەکانی تر لەو مافی زمانییە لێنینیی و ستالینییە بێبەش بن! تەنانەت دایەلێکتێکی پێشکەوتووی زمانی کوردیی، خاوەن ئەدەبێکی کۆنی وەک هۆرامانیی( هەورامانیی- هەورامیی) لەو مافی زمانییە ئایدیۆلۆژییە بێبەش دەبێت.

ئاخۆ ئەمە چەند ناعەقلانیی و ناسیاسیی و ناکولتووریی و نالۆژیکییە، کورد لەئاستە فەرمییەکانی عێراقدا خاوەنی دوو زمان بێت، بەڵام ئەوانیتر خاوەنی هیچ نەبن! ئەوە چەند لە لۆژیک و لە عەقڵی سەلیمەوە نزیکە کە ئەمیری حەسەنپوور و گرووپەکەی، دوو زاراوەی کوردییان لێبووەتە زمانی فڕانسیی و ئینگلیزیی لە کانەدا، یان بۆ نموونە دوو شاری وەک هەولێرو دهۆکیان لێبووەتە تۆرۆنتۆ

---

[2] http://ruwange.blogspot.com/2010/01/blog-post_01.html

[3] ژمارەی 24ی هەفتەنامەی فەرهەنگ کە ڕۆژنامەی هەولێر دەریدەکات، لە 31 ی ئاداری 2010 بڵاوبووەتەوە

و مۆنتریاڵی وڵاتێکی کۆنفیدراسیۆنی وەک کانەدا؟ و دۆو دۆشاویان تێکەڵکردووە و کۆمیدیایەکی لینگویستیکییان دروستکردووە مەگەر هەر خۆی و لایەنگرانی سەری لێدەربکەن.

لەم دیدە سیاسیی و کولتوورییەوەیە، ئەم توێژینەوەیە بڕوای وایە کە شۆڤینیزمی لەهجەیی و ناوچەیی، مۆبیلایزکراو بە کولتووری کوردایەتیی لەناو کوردەکاندا و بەپاڵپشتیی کۆمۆنیستە رادیکاڵەکان و کوردە ستالینیستەکانی تاراوگە (هەندێکیان لەگرووپی دووستانەدەردەکانن) کە داوای دوو ستانەدەردیی لەزمانی کوردییدا دەکەن، چەند پرۆژەیەکی ناعەقڵانیی و ناسیاسیی و نامرۆییەو دژی ئازادیی و مافی مرۆڤی زۆرینەی خەڵکی عێراقیشە؟ چەندە ساویلکانەیە باس لەگەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەرهەرێمی کوردستان بکرێ و بەشێکی زۆری ئەو شارە، عەرەب و تورکمان بن، کەچیی باسی مافی دایەلێکتیی کە لەگەڵ مافی زمانییدا لێیان تێکچووە بۆ کوردەکان بکەیت و بۆ تورکمان و کەلدۆئاشوورییەکانیش هەڵی گریت بۆ سەردەمێک کە دیکتاتۆریی بۆڵشەفیزم و جەبەرووتی ستالینیزم لەخەونی ئەکادیمیی گرووپی دووستانەدەردەکاندا بگەڕێنەوە!

**دیفاکتۆی زمانی کوردیی لە هەرێمی کوردستاندا:**

زۆرکەس جەخت لەوە دەکەنەوە کە مستەفا بارزانیی وەک سەرۆکی پارتیی، رێگەی نەداوە کە گەڕەلاوژەی دایەلێکتەکان سەرهەڵبدات و کرمانجیی ناوەڕاستی بە زمانی فەرمیی دامودەسگاکان و پێشمەرگە و شۆرش زانیوە و خۆیشی هەر بەم زمانە بەشێوەیەکی گشتیی دواوە ( مەگەر لەناو خێزان و عەشیرەتەکەی خۆیدا بە زاراوەی بارزانیی دوابێت)، تەنانەت نامەو بڕیارە سیاسییەکانی و چاوپێکەوتن و دیدارەکانی ئەگەر بەکوردیی کردبێتنی، ئەوە بەم زمانی کوردیی ( بناغەکەی کرمانجیی ناوەڕاست بووە) ە بووە. ئەمە لەڕاستییدا کرێدتێکی زۆر گەورەی نیشتمانییە بۆ بارزانیی یەکەم، کە ئەو پیاوە لەو سەردەمەدا بەبۆچوونی عەشایەریی و سادەی خۆی لە بەهای کولتووریی و سیاسیی و نیشتمانیی یەک ستایڵی زمانی نووسین گەیشتووە.

بەڵام راستییەکی کولتووریی هەیە کە پێویستە باسبکرێ، ئەویش ئەوەیە کە ئاوێتەی کرمانجیی ناوەڕاست و خواروو، هێجەمۆنیی خۆیان لەمێژەوە سەپاندووە. بەتایبەتییش کرمانجیی ناوەڕاست بە زەبری تێکست و ئەدەبی کوردیی ئەم باڵادەستیی و پرێستیژبوونەی خۆی سەپاندووە. بۆیە چ بارزانیی یەکەم و چ بارزانیی دووەمیش نەیانتوانیوەو ناتوانن ئەم دیفاکتۆ زمانەوانییە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێنن. سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتی کابینەی پێشووی نێچیرڤان بارزانییش بەهەمانشێوە نەیانتوانیوە و ناتوانن. ئەوە هێجەمۆنیی کولتووریی زمانی کوردییە وایان لێدەکات کە تەواوی راگەیاندن و کارە فەرمییەکانیان بەزمانی رەسمیی بڕیارلێنەدراوی کوردستان بێت. بەو زمانە دیفاکتۆیە بێت کە بەس بڕیاری سیاسیی لێنەدراوە.

دووزمانیی و دووستاندەردیی یان جووتستاندەردیی و فرەستاندەردیی، ئەفسانەیەکی زمانەوانیی نەبێ بۆ هەلومەرجی سیاسیی کوردستانی عێراق چییتر دەگەیەنێ؟ نموونە هێنانەوەی کانەدا و بەراوردکردن بە کوردستانی عێراق، چوار نەتەوەی جیاوازی سویسرا و چوار زمانی سەربەخۆ ، بەبەراورد بە کوردستانی عێراق دوو دنیای زۆر جیاوازن. ئەوەی لە کانەدا دوو زمانی ستاندەرد( فرانسیی و ئینگلیزیی) هەیە، ئەوە پێوەندیی بە دیفاکتۆیەکی سیاسیی و کولتووریی و جیۆگرافیی و هەرێمایەتییەوە هەیە. ئەوە جگە لەوەی دوو زمانی تەواو ستاندەرد و جودان و هیچیان دایەلێکت نین. کوبێکییەکان Québécois بۆ پاراستنی زمان و کولتوور و ریچواڵی ئایینی خۆیان لەهەمبەر هێجەمۆنیی زمانی ئینگلیزییدا بە پێداگیرییەکی درێژخایەن بە شێوازی فیدراڵیی گەیشتن، ئەو شێوازە فیدراڵییەی کە دەسەڵاتیان بەسەر پەروەردەو ڕێژەی کۆچکەران بۆ هەرێمەکەیاندا هەبێ ( Bourhis 2001 ). تێکەڵکردنی جووتزمانیی لەکانەدا و چوار زمانیی لە سویسرا لەگەڵ ئەو دۆخەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە کە چەند زاراوەیەکی زمانی کوردیین، نەک چەند زمانی جیاواز، جگە لە فێڵێکی سیاسیی و کڵاولەسەرکردنێکی ئەکادیمیی و چەواشەکارییەکی هەندێ کۆمۆنیستی دێرین و سکۆلاری ناو چەپە کوردەکانی کوردستانی ئێرانن( تاراوگە) ، بەڵکو چاوقایمییەکی زۆر نازانستیی و نائەکادیمیی و ناعەقڵانییشە. ئەم بەراوردکردنەی کانەداو سویسرا بە کوردستانی عێراق، لە وڕێنەو خەونبینینیی ئەکادیمیی و لینگویستیکیی دەچێ تا بە دیفاکتۆیەکی زانستیی و ئەکادیمیی دەگات.

## گرفتی زمان و ڕێنووسی کوردیی:

چەندین وڵات کە بە زمانی پورتوگالیی دەنووسن و دەخوێنن وەک ، برازیل، پورتوگال، مۆزامبیک، تێمۆری خۆرهەڵات، ئەنگۆلا ..........تاد، گرفتی "یەک ڕێنووسیی"یان هەیە. هەنووکە زمانی برازیلیی هێجەمۆنیی زیاتری هەیە، بۆیە حکومەتی پورتوگال داوای لە پارلەمانی پورتوگال کرد، کە ڕەزامەندیی دەربڕێ لەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵێک وشە کە بەسپێڵی جیاواز جیاواز دەنووسرێن(Hatton 2008 ). ئەم گرفتی ڕێنووسە، لەزمانی کوردییدا زۆر زەق و دیارە. دەیان وشەی زمانی کوردیی هەیە بە ڕێنووسی جودا دەنووسرێن، هەندێکیان بەهۆی شێرپەنجەی ئەلفبێی تورکیی- لاتینییەوە بۆ ناو زمانی کوردیی گواستراونەتەوە و تیپەکانی وەک ( غ،ق، ع ،ژ...تاد ) بەرەو نەمان دەبەن.

چەندین وشەی ڕەسەنی زمانی کوردیی تیپی"غ" یان تێدایە، بەڵام بەهۆی نەخۆشیی پرۆ لاتینیی- تورکییەوە بەوپەڕی نەزانیی و نەدانییەوە "غ" ەکان بە"خ" دەننووسرێن. "قۆناغ"،"غاردان" ، "سابڵاغ" و"غەمبار" دەچن بە قۆناخ و خاردان و سابڵاخ و خەمبار دەیاننووسن. وڵاتی ئەفغانستان، بە ئەفگانستان دەنووسن. ئاخر لەزمانی کوردییدا کە"غ" هەیە، چ پێویست دەکات بە"گ" بنووسرێ. هەروەها بەهۆی نەبوونی ستایڵێکی ددانپێنراوی ئینستیتیوتیی و ئەکادیمیی، دەیان ناو و وشەی

وەک بەرامبەر( بەرانبەر)، پێشنیار( پێشنیاز)، پێوەندیی ( پەیوەندیی)، تیپ ( پیت)، جوێن( جنێو) ....تاد بەشێوازی جیاواز دەنووسرێن. هەموو ئەم گرفتانە کاتێک چارەسەر دەکرێن، ئەگەر زمانێکی ستاندەردی کوردیی لە دامودەسگا حکومیی و ئەکادیمییەکاندا بەفەرمیی بناسرێ، ئەو کات چەندین ئینستیتیوت و لێژنەی پسپۆر و زمانەوانیی دروست دەبن و مشتومالّی خلّتەوخاشەکانی زمان دەتوانن بکەن و هەموو کەسێکیش لە رووی تەکنیک وستایلّ و ئەکادیمییەوە دەیخەنە چوارچێوەی نووسینیانەوە.

گرفتی سەرەکیی لە نێو ئاخێوەرانی زمانی کوردییدا نییە، بەلّکو لەنێو ئەو نووسەرو رۆشنبیرانەدا هەیە کە زمانناس و زمانزان و کوردییزانن. بەڕاستییش گرفتی زمانی کوردیی، گرفتی رێزمان و دارشتن و جوانووسیی و پوختنووسیی نییە. بەلّکو گرفتی زمانی کوردیی لەهەنووکەدا بەفەرمیی ناسین و بەدامودەسگاییکردن و ستاندەردبوونییەتی بە بریارێکی سیاسیی و یاسایی لە ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا. زۆرێک لەوانەی خۆیان بەکوردییزان دەزانن، تا هەنووکەش کاتێک دەنووسن" زمانی کوردیی" بەهەلّە " زمانی کوردی" دەنووسن. لێرەدا گرینگە ئاماژە بەوە بکرێ، زۆرێک لەوانەی ئەم هەلّە سادەیە بەسەریاندا تێدەپەرێ، زۆر دژایەتی ئەلفبێی تورکیی-لاتینیی دەکەن. چونکە کاتێک بە تورکیی-لاتینیی تێرمی زمانی کوردیی بنووسرێ، دەبێ " زیمانی کوردی Zimanê kurdî" بنووسرێ. ئەمە رێک ئەو راستییەمان پێ دەلّێت، کە سکریپتی تورکیی-لاتینیی هەرگیزاو هەرگیز ناتوانێ زمانی کوردیی لەڕووی سکریپت و دارشتن و فۆنەتیکەوە تێروپڕ بکات. ئەمە رێکورەوان لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی زمانی تورکیی و ئایدیۆلۆژیای کەمالیزمە.

ئەم نووسینە بەشێوەیەکی فەناتیک لەم وردەکارییانە ناڕوانێت، بۆ نموونە کورد دەیان نووسەری زۆر پربەرهەم و دانسقەی هەیە، بەشێکی بەرچاویشیان هەلّەی رێزمانیی و زمانەوانیی دەکەن. بەلّام دەبێ ئەو راستییەش باس بکرێ کە تێکستەکانیان کرۆکی قەدوبالّاکردنی زمانی کوردییە. جا چ ئەو نووسەرو روناکبیرانەی مردوون، یاخود ئەوانەی هەنووکە لەژیاندان و تەنانەت هەندێکیشان لەهەرەتی لاویەتییدان. کورد دەیان تێکستی مەزنی هەیە و لێوانلێون لەهەلّەی زمانەوانیی، بەلّام تێکستەکانیان ئەوەندە مەزنن کە گیانیان کردووە بەبەر ئێستێتیکای زمانی کوردییدا، بەواتایەکی تر، چاو و مێشکی خوێنەر بەسەر ئێستێتیکای زمانی کوردییدا دەکەنەوە. بەپێچەوانەشەوە کورد دەیان کوردییزان و شارەزا و واعیزی لە رێزمان و زمانی کورییدا هەیە، بەلّام توانای بەرهەمهێنانی یەک پارەگراف مەعریفەو ئارگیومێنتی زمانەوانییان نییە.

لەم سۆنگەیەوە، کاتێک کەسێک لەبری ئەوەی " ئازادیی " بنووسێ، بچێ ئازادی بنووسێ واتە بەیەک "ی" بینووسێ، ئەوە لەبەرچاو دەگیردرێ کە چ هەلّەیەک لەزمانی کوردییدا دەکات؟ بەلّام بەو واتایەش نییە کە فیکرو تێڕوانینی ئەو کەسە هەمووی بسڕدرێتەوە. خوێنەری وریا لەشی دادەهێزرێ کاتێ ناو و وشەگەلێکی وەک " ئازادیی، کوردیی، رۆشنبیریی، سیاسیی...تاد" دەبینێت

بەیەک "ی" دەینووسن. خوێنەری ورد هەمیشە بەوە دڵی خۆی خۆشدەکات و دەڵێ کورد چونکە هێشتا جڤاکێکی حیزبیی و عەشیرەتییە، هەرکاتێ زمانەکەی بەفەرمیی ستاندەرددایز بوو، ئەو کاتە ئەکادیمیایەکی کوردیی سەربەخۆ یان ئینستیتیوتێکی بێلایەن و کارا و پسپۆر لە زمانەوانییدا ئەو کێشانە یەکلا دەکەنەوە. دیارە بۆ یەکلاییکردنەوەی هەموو ئەو گرفتانە لە تێکستی کوردییدا هەمیشە ئارگیومێنتی جدیی و بەیەکدادانی بۆچوونە دژ بەیەکەکان پێویستە.

بەکورتیی و بەکوردیی، ئەم توێژینەوەیە لەو بڕوایەدایە، یەکێ لەو ئارگیومێنتانەی هەندێ وشەو ناوی کوردیی بەمشێوەیە بنووسرێ یان بەپێچەوانەوە، واتە رۆڵ و ئەرک و فەنکشنی ئەم وشانەو ئەو رستانە ساغبکرێنەوە، بایەخدارە بەڵام زۆر مەترسیی نییە. بەبڕوای ئەم نووسینە شاری "سلێمانیی" دەبێت بە دوو "ی" بنووسرێ، بەدەر لەوەی سەتان و هەزاران نووسەر و رووناکبیری ناوداری هەنووکەو رابردوو بە یەک "ی" دەینووسن یان نووسیویانە. لێرەدا شێوازی فۆنەتیک و قووڵایی واتای وشەکە یان ناوەکە لە قورگ و دەربڕیندا زۆر بەباشیی رۆڵ لەساغکردنەوەی نووسینی ناوی ئەم شارەدا "سلێمانیی" دەبینن.

بۆ نموونە بە گریمان دابنرێ "سلێمان" ناوی کوڕێکە و بەناوی کەسوکارەکەیەوە بانگ دەکرێت، دەگوترێ، سلێمانی حەمەی فەرەج، سلێمانی وەستا جەلال، یاخود کاتێک لەهەولێر بە کەسوکاری ماڵێک دەگوترێ سلێمانی ئێوەیان ئەم بەیانییە بینیوە بۆ شاری سلێمانیی دەچوو. ئەوکاتە جیاوازییەکان لە رێنووس و فۆنەتیکەکەدا بەئاشکرا دەردەکەون. ئەگەر دوو شاری کوردیی هەبوونایە و ناویان سلێمانیی بووایە، گریمان یەکێکیان لەکوردستانی ئێرانەو ئەوەی تریان لەکوردستانی عێراقە، لە هەندەران لە کۆمەڵێ خەڵکی ئەم دوو شارە پرسیار بکرێ ، پێویستە بەم رێنووسە بنووسرێ "سلێمانیی ئێوە ، یان سلێمانیی ئەوان خۆشترە؟".یان ئەگەر لە ماڵێک بپرسی لەسەر زیرەکیی منداڵەکەیان بەبەراورد بە دراوسێکەیان کە هەردووکیان منداڵەکانیان ناوی "سلێمان" بێت ، ئەوسا دەگوترێ، ئایا سلێمانی ئێوە یاخود سلێمانی دراوسێتان، زیرەکترە؟

هەرچەندە مەسعود محەمەد بڕوای وایە کە یەک "ی" بەسە و بە ئاخافتندا دەردەکەوێ کە ئەوە "ی" وەسفیی دەچێتەسەرو کۆڕی زانیاریی کورد بڕیاری لێداوە( محەمەد، 1974). بەبڕوای ئەم باسە لێرەدا مەسعود محەمەدیش هەڵەی کردووە و دەرکی بە گرینگیی لایەنە فۆنەتیکەکەی نەکردوە. هەرچەندە دواتر مەسعود محەمەد پێی دروستە بۆ ئاوەڵناوەکان، لەچەشنی سەپانیی، باغەوانیی و کابانیی ، دوو "ی" دابنرێ (هسپ- ibid ). بەڵام ئەوەیش لەبەرچاو بگیردرێ رۆژگاری مەسعود محەمەد و هەنووکە، رێنووس و دارشتنی زمانی کوردیی ئاڵوگۆڕێکی گەورەیان بەسەردا هاتووە.

هەر سەبارەت بە گرفتی زمان و دارشتن و رێنووسی کوردیی، زۆربەی لینگویستەکان لەو بڕوایەدان، ئەوەی زمانی ستاندەرد پێوەندیی پێوەی نەبێ، شێوازی خوێندنەوەو فۆنەتیکی دەنگەکانە. زمانی ستاندەرد بەبڕوای Trudgill هیچ پێوەندییەکی بەزمانی ئاخافتنەوە نییە ( Trudgill 1999 ). بەڵام

ئەوەی زۆر جێگەی سەرسامبوونە، بەشێکی زۆر لەغەمخۆرانی زمانی کوردیی، هێشتا لە هەلومەرجێکی زۆر سادەوە لەبەهاو گرینگیی زمانی کوردیی دەڕوانن. هێشتا پێیانوایە، ئەو کەسانەی کە دەبێ قسە لەسەر زمان بکەن، دەبێ کوردییەکی خۆماڵیی چاک بزانن! شارەزاییەکی باشیان لە رێزمان و داڕشتندا هەبێ.

دەکرێ ئاماژە بە نووسینەکانی فەرهاد شاکەلیی بکرێ لەسەر زمانی کوردیی کە بۆچوونێکی لەم چەشنەی هەیە. بەڵام چ شاکەلیی و چ ئەوانەی وەک ئەو بیردەکەنەوە و ئەوەی توخنی ناکەون، کە بەڕای ئەم نووسینە لەهەموو کرایتێراکانی تر گرینگترە، ئەوەیە لەڕووی کولتووریی و فیکریی و ئایدێنتیتییەوە لە گرینگیی و ئەجێندا سیاسیی وکولتوورییەکانی زمان ناڕوانن یاخود ئاستی تێگەیشتنیان بەلای گرینگیی ئەم پرسانەدا ناڕوات. بەواتایەکی تر، مەسەلەی زمان مەسەلەیەکی هزرییەو پێویستە لەڕووی تیۆریی و کولتووریی و سیاسییەوە شیبکرێتەوە.

بۆ نموونە شاکەلیی لەسەر خراپیی زمانی کوردیی دەنووسێ" چۆن زمانێکی لاواز و نەخۆش، فەرهەنگێکی رووتوڕەجاڵ و رێنووسێکی خوار و گێڕ، وەک چۆن ئاگر بەر دەبێتە پووش و پەڵاش، ئاوەها بەربوونەتە ئاوەزو هۆش و بیرەوەری و وزەی داهێنانی مرۆڤی کورد، لە خوێندکارێکی پێنج ساڵانەوە بگرە تا دەگاتە نووسەرێکی حەفتا ساڵان. ئەمە کارەساتێکی نەتەوایەتییە، ئەمە تاعوونێکی فەرهەنگییەو پەتایەکی زمانەوانییە"( شاکەلی، 2009، لا 9 ) . هەموو ئەوانەی فەرهاد شاکەلیی باسیان دەکات دروستن، بەڵام ئەم نووسینە بڕوای وایە ئەگەر زمانی رەسمیی و ستاندەرد بە ئیرادەیەکی گەشبینی سیاسییەوە بڕیاری ساغکردنەوەی بدرێ، ئەوسا ئەم وردەپێچ و بزمارو برغووانەی زمانی کوردیی بەس دەستپێداهێنانێکی دەوێ لەلایەن ئەکادیمیاییەکی سەربەخۆ و ئینستیتیوتێکی زمانەوانییەوە. پێویستیشە ئاماژە بەوە بدرێ بەشێکی بەرچاو لەوانەی خەریکی ئەو چوکڵەو دوگمە و دۆڵابانەن لەسەر داڕشتن و نووسینی بەهێز و ساغڵەم، لە زانستی زمان و زماناسییدا، لە گرینگیی زمان لەڕووی زمانەوانیی و کولتووریی و ئەنسرۆپۆڵۆجیی و ئایدێنتیتییەوە تەقەی سەریان دێت.

کاری گیبسن Kari Gibson ئەم گرینگییە هزرییە، ئەم دیدە فەلسەفیی و ئەنسرۆپۆڵۆجیی و ئایدێنتیتییەی زمان جوانترو وردتر شرۆڤە دەکات و دەڵێت "زمان-بەهەردوو دیودا، چ وەک کۆد و چ وەک ناواخن- سەمایەکی ئاڵۆزە لەنێوان رووکارو ناوەڕۆکی چۆنییەتی تێگەیشتنمان لە ئایدێنتیتیی خۆمان" (Gibson 2004,p.1 ). بۆ کورد بەگشتیی و کوردی کوردستانی عێراق بەتایبەتیی، کاتی ئەوە هاتووە لەم جووڵە ئاڵۆزە، یاخود لەم سەما ئاڵۆزە تێبگەن و لە گرینگیی ئایدێنتیتیی خۆیان لەرێی زمانەکەیانەوە تێبگەن.

**ئەجێندا و پرۆسێسی ستاندەرددایزی زمانی کوردیی**

یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی پرۆسێسی ستاندەردبوونی زمانی نەتەوەکان، گەشەکردنی بەردەوامی نووسین و تێکستی ناسیۆنالیستیی بزوتنەوەکانیەتی ( Haugen 1966). زمانی کوردیی لەم ئاستەشدا پێکوڵەیە. ناسیۆنالیزمی کوردیی و موفەکیرەکانی ناسیۆنالیزمی کوردیی( ئەگەر بوونیان هەبێ) کەمترین تێکستیان هەیە. ئەمە بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خەباتی رزگارییخوازانەی گەلی کورد ئەوەندەی خەریکی خەباتی میلیشیایی بووە ئەوەندە کاری لەسەر ئاگایی تاکی کورد و رەهەندە فیکریی و کولتوورییەکان نەکردووە. بەدڵنیاییشەوە پرۆسێسی ستاندەرددایزی زمانی کوردیی کە بەپشتدا کەوتووە، بەشێکی بۆ بێ تێکستیی یان بۆ کەم تێکستیی بزاڤی ناسیۆنالیستیی دەگەڕێتەوە. بەڵام بەپێچەوانەوە لەدەرەوەی کایەی ناسیۆنالیزم زۆر کەس دەستیان بۆ دەقی زۆر بەنرخ بردووە.

پرۆسێسی ستاندەرددایزی زمانی کوردیی، پرۆسێسکی دووروودرێژی کولتووریی و سیاسییە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانەی چ لەمەوپێش بۆ بەستاندەردکردنی زمانی کوردیی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، لەدوای راپەرینی ١٩٩١ەوە و چ لە سەردەمی حکومەتەکانی بەغدادا دراون، هێشتا پێویستی بەدیبەییتی قووڵ و چڕوپڕ هەیە. ئەمە بەو واتایە نا کە بە پشتدا بخرێ و چەندین ساڵی دی بەڕێبکرێ. بەڵکو بەو واتایەی کە دیبەییتەکان پێویستە لەئاستێکی قووڵ و پانوپۆڕدا، لەئاستی ئەکادیمییدا برەو پێبدرێن و ستاندەرددایزی زمانی کوردیی تۆکمەتر ساغبکرێتەوە. چۆن بێکس و واتس Bex and Watts لەسەر ستاندەرددایزی زمانی ئینگلیزیی هێشتا بڕوایان وایە کە پێویستە دیبەییتەکان پانوپۆڕ بکرێنەوە ( Bex and Watts 1999). بەهەمان میتۆدی زمانەوانییش پێویستە شرۆڤەی پتر لەسەر پرۆسێسی ستاندەردبوونی زمانی کوردیی بکرێ. بەڵام هەرگیز بەو واتایە نا، کە مارف خەزنەدار پێیوایە مەسەلەی ستاندەرددایزی زمانی کوردیی دابخرێ! ( خەزنەدار، 2008 ) ، بەڵکو بەو واتایەی دەستوبردی لێبکرێ و لایەنە تاریکەکانی رۆشنتر بکرێنەوە و بەوردیی شرۆڤە بکرێن.

یەکێک لەهەرە فاکتەرە سەرەکییەکانی بەپشتداخستنی پرسی ستاندەرددایزی زمان، یاخود ئارگیومێنت نەکردن لە ساغکردنەوەی زمانی فەرمیی کوردیی لە ناو نووسەران و ئەکادیمیستانی کورددا، گوێنەگرتن لەیەکتریی بووە. فەرموو ئەو هەموو دیبەییت و ئارگیومێنتانەی لەسەر ئەم پرسە دەکرێ لە نێوان لایەنگرانی یەک زمانی کوردیی ستاندەرد و فەرمیی لەگەڵ جووتستاندەردەکان و فرە ستاندەردەکان، بە شوێنێک نەگەیشتووە کە چاودێرێک بیەوێ توێژینەوەیەکی وردی ئەو ئارگیومێنتانە کۆبکاتەوەو داتای جیاوازیان لێ هەڵێنجێنێت. ئەم نەخوێندنەوەیەی یەکتر لەناو سکۆلارو نووسەرو رۆشنبیری کورددا زۆر لایەنی سۆسیۆلۆژیی و سۆسیۆکولتووریی هەیە. بەڵام دیارترین و بەرچاوترینیان ، بوغرایی و خۆبەزلزانیی و خۆبەکوێخازانیی و مێنتاڵیتیی عەشایەربوونی نووسەرانی کوردە.

ئەگەر بەوردیی سەیر بکرێ، زۆربەی ئەو نووسەرو ئەکادیمیستانەی لەسەر پرسی زمانی ستانده‌ردی کوردیی دەنووسن، ناوی ئەو کەسانە ناهێنن کە ڕەخنەیان لێدەگرن. ئەمە لەلایەک نووسەر دەیەوێ بە لۆژیکی پیاوێکی ڕۆژهەڵاتیی و عەشایەریی (کورد خاتوونی نییە لەسەر پرسی زمانی ڕەسمیی و ستانده‌ردی کوردیی شتێکی ئەوتۆی نووسیبێ ) بەرامبەرەکەی بشکێنێ و ناوی نەهێنێ، ناڕاستەوخۆ بە مێنتاڵیتیی پیاوێکی زۆر لەخۆڕازیی، دەیەوێ بڵێت تۆ ئەوە نیت کە ناویشت بهێنم! چ جای ئەوەی بڕگەیەک لەباسەکەی یان لە نووسینەکەی وەربگرێ. تەنانەت ئەگەر بیەوێ ڕەخنەیشی لێبگرێ، هەر ناوی ناهێنێ و بە پێچوپەنا و زیگزاک دەنووسێ.

ئەمە بۆخۆی دەردێکی کارییە لە ناو مێنتاڵیتیی هەندێک لەنووسەرانی کورددا هەیە و کاتی ئەوەیش هاتووە خاڵ بخرێتەوە سەر هەموو ئەو ڕستەو پارەگرافە نەخۆشانەی دەیان ساڵە دەنووسرێن. ئەم زووخاوە قەترانییەی ناو مێنتاڵیتیی هەندێ نووسەرو ئەکادیمیستی کورد دەبێ بەجدیی ڕەخنەی لێبگیردرێ و تێک بشکێنرێ. ئەوانەی ئەم کوردە ناموسییە دەکەن، بەشێکیان بەخۆیان دەڵێن پرۆفێسەرو دۆکتەرو سکۆلاری زانکۆکان، بەڵام لەڕاستییدا گرووپێکی کۆنسێرڤەتیڤن و تەنانەت دژی عەقڵی مۆدێرن و ئازادیی نووسین و ڕادەربڕینیشن. بەشێکی بەرچاو لە گرووپی دووستانده‌ردەکانی زمانی کوردیی ئەم سیاسەتە کۆن و ڕۆژهەڵاتیی و نائەکادیمیستییانە پێڕۆ دەکەن و خۆیان بە پاکتر و بەگەورەتر و بە ئەکادیمیستتر دەزانن، بەڵام لەڕاستییدا ڕێک پێچەوانەکەی دروستە. بوغرایی و خۆبەزلزانینەکانی حەسەنپوور لەهەمبەر ئارگیومێنتەکانی مەسعود محەمەددا نموونەیەکی بەرچاوی عەقڵیەتی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە

زۆر کەم نووسینی کوردیی دەبینردرێ کە کاتێک نووسەر دەیەوێ ڕەخنە بگرێ ناوی بەرامبەرەکەی بهێنێ! ناوی ئەو کەسە ناهێنی کە ئارگیومێنتی لەگەڵدا دەکات. لە باشترین دۆخدا ئەگەر ناویشی بهێنی ئەوە دەبێت دۆست و نزیکی بێت. ئەگەر کابرا بۆچوونی جیاوازی هەبوو لەگەڵیدا، یاخود لەسەر پرسێکی تایبەتی نێوانیان ناحەزیی پەیدا بووبێت ، ئەوە قیری ڕەش سپیی بێت ناوی ناهێنێت. بەو هۆیەوە ئەم نووسینە هەوڵدەدات، بە پێی توانا ئارگیومێنتی زۆربەی ئەو کەسانەی لەسەر زمانی ستانده‌ردی کوردیی کردوویانە کەڵکیان لێوەربگرێ. واتە کەڵک لە ئارگیومێنتەکانی پرۆستانده‌رددایزی زمانی کوردیی و ئەنتی ستانده‌رددایزی زمانی کوردیی وەربگرێ.

بەشێکی ئەم ناونەهێنانی یەکترە دەگەڕێتەوە بۆ کولتوورێکی کۆنی دەرەبەگایەتیی کە مێنتاڵیتیی شێخ و دەرەبەگەکان وابووە کە کەسانی لەخوار خۆیانەوە بەکەمتر بزانن. ئەم مێنتاڵیتییە سۆسیۆکولتوورییە بەشێوەیەکی زۆر لەخۆبایی و خۆبەزلزان و لووتبەرزانە لە قەڵەمی هەندێ نووسەرو رووناکبیری کورددا دەبینرێت. ئەم ئیگۆیزمە egoism ( خۆبەزلزانیی) بەشێوەیەکی سایکۆلۆژیی کار دەکاتە سەر دەروونی ئەو کەسەی کە دەیەوێ ئارگیومێنت و دایەلۆگ بکات، بەڵام لەتەونی ئیگۆیزمدا گیری خواردووە بێ ئەوەی خۆیشی هەستی پێبکات. بەم پێودانگە، تێکست و

ئارگیومێنتەکانی ئالۆشی ئیگۆیزم دایدەگرێت و ئەجێندای ئایدیۆلۆژیی بەسەر لۆژیکیدا زاڵ دەبێت. ئەم عوقدەی ئێگۆیزمە بە نووسین و هەڵسوکەوت و وەڵامی چاوپێکەوتنەکانی دۆکتەر ئەمیری حەسەنپوورەوە لەبەرامبەر مەسعود محەمەدی موفەکیر و زماناسی کورددا بەئاشکرا دەردەکەوێ.

دیارە لە رۆژگاری کۆندا سەرۆک خێڵ و دەرەبەگ و پیاوە دەسترۆیشتووەکانی کورد خاوەنی ئەم ئیگۆیزمە بوونە لەبەرامبەر یەکتریدا، بەڵام هەموویشیان ملیان لەموو باریکتر بووە بۆ سەردارە بێگانەکانیان، هەروەک کەمال میراودەلیی دەڵێ " سەرانی کورد لەسەردەمی میرنشینەکانەوە...هەوڵیان داوە شەرعییەتی دەسەڵات لە بێگانە وەرگرن نەک لە ئیرادەی میللەتی خۆیان"( میراودەلیی 2009 ). هەنووکەش هەندێ نووسەرو توێژەری کورد لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا دەبینرێن، بۆ دانسقەش سوود لەسەرچاوەیەکی کوردیی وەرناگرن، وەک ئەوەی لێیان کەم بێتەوە. یان لەباشترین دۆخدا حەزناکەن ناوی کەسێک بهێنن چونکە لە دەروون و ئیگۆیزمی خۆیانەوە پێیانوایە ئەگەر ناوی بهێنن ، ئەوە کەسی ناوهێنراو ناسراوتر دەبێ ، بۆیە ئەگەر بەچاکەش دابنرێ ، نووسەری کورد ئامادەیی تێدانییە ئەو چاکە کوردەوارییە بکات.

### زمان پشتێنی دەوڵەتە:

ئەو هەموو تورەییەی هەندێ سیاسیی و ئەکادیمیستی ئایدیۆلۆژیست لەسەر زمانی ستاندەردی کوردیی دەیکەین و گێچەڵی پێدەکەن و بیانووی سیاسیی و ئەفسانەی کوردایەتیی و ئایدیۆلۆژیی بۆ دادەتاشن، یاخود هەندێ لەوانەی پێیانوایە، کورد کوردییزانی کەمەو پێویستە چاوەڕێ بکرێ هەندێ شاعیرو رۆژنامەنووس و چیرۆکنووسی زمانپاراو پەیدا ببن، ئەوسا باس لەستاندەردبوونی زمانی کوردیی بکرێت، هەموو ئەم شەڕە لابەلایانە دەکرێ بە چەند ئارگیومێنتێکی بۆوردیو وەڵام بدرێنەوە. بۆوردیو لەسەر زمانی ئۆفیشەڵ(رەسمیی ) وەک باکگراوندە فرانسییەکەی و زمانی فۆرماڵ وەک باکگراوندە ئینگلیزییەکەی، پێیوایە پێناسەکردنی زمانی ئۆفیشەڵ گرینگ نییە، ئەوەندەی مەوداکان و کایەکانی زمانی ئۆفیشەڵ گرینگن.

زمانی ئۆفیشەڵ بەناوقەدی دەوڵەتەوە بەستراوە، ئەوە دەوڵەتە یاخود حکومەتە کە لەڕووی ئۆفیشەڵەوە" رەسمییەوە" کایەکانی زمانی ستاندەرد یاخود زمانی فەرمیی یان هەرناوێکی تر لەچەشنی فۆرماڵ، زمانی دەوڵەت و دامەزراوەکان...........تاد لە چوارچێوەی کایە کۆمەڵایەتییەکەیدا جێکەوت دەکات (Bourdieu 1991). لێرەدا هەندێ ئارگیومێنتی پانکوردیستە سەرسەختەکان دێتە پێشەوە، ئەوان پێیانوایە تا دەوڵەتی کوردیی، دەوڵەتی سەربەخۆ یان جیۆگرافیای کوردستانی گەورە، ئازاد و سەربەخۆ نەبێ، پێویستە باس لە زمانی ستاندەردی کوردیی نەکرێت. ئەمە نەک هەر خۆدزینەوەیەکی گێلانەیە، بەڵکو تێکەڵکردنی هەموو کارتەکانەو سپاردنی ئەرکە هەنووکەییەکانە بە ئاییندەیەکی نادیار. ئەمڕۆ هیچ لەدەست نەهاتنەو، هەڵگرتنیەتی بۆ دەیان ساڵی تر.

بۆوردیو کاتێک کتێبی زمان و دەسەڵاتی سیمبۆڵیی – Language and Symbolic Power نووسی، پێش ئەوەی حەزو خولیای لە سەر زمان هەبێ، پێش ئەوەی زماننااس بێ، کابرایەکی تێوریی، فەلسەفیی، ئەنسرۆپۆڵۆجیست و کۆمەڵناس بوو. کتێبەکەیشی بۆ زۆربەی رشتەکان و تەواوی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتیی سۆسیۆلۆجیی، ئەنسرۆپۆڵۆجیی، زمانەوانیی و ئەدەب، قورسایی و نرخی خۆی هەیە و کتێبێکە لە رشتەی زمانەوانییدا خزمەتێکی گەورەی بە ئەدەبی جیهانیی کردووە.

ئەو زۆر بەوردیی رەخنەو سەرنجەکانی لەمەڕ تێزەکانی ساوشور Ferdinand de Saussure ، چۆمسکی، ئۆستین Austin و لابۆڤ و چەندینیتر دەگرێ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ساغڵەمیی کێڵگەی زمان لەوەدایە کە زۆربەی زانا و بیرمەندە جیهانییەکان لەسەر رشتەی زمان و گرینگیی زمان بەیەکدا هەڵشاخاون. رەخنەکانی ئەو لە تێزە کلاسیکییەکانی ساوشور ( یاخود دی ساوشور) و چۆمسکییەوە دەستی پێکرد، کە پێوابوو زمان دەبێ لە گەڕەلاووژەی ترادیسیۆنە کۆنەکان دەربهێنرێ و بکرێتە نێوەندێك کە دەسەڵات ئاسانکاریی بکات بۆ تاک و جڤاک کە هەڵسوکەوتی خۆیان لەگەڵ کەناڵە فەرمیی و دامودەسگاییەکاندا یەکلا بکەنەوە(Bourdieu 1991).

لەم دیدە سۆسیۆکولتوورییەی (بۆوردیو)وە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەو پێوەرە کلاسیکییانەی هەندێ زمانزان و زمانەوانی کورد لە هەنووکەدا دەستی بۆ دەبەن و لەمپەر لە سەر رێگەی بەفەرمییناسین و ستاندەردداپیزی زمانی کوردیی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دروست دەکەن، چەند نازانستیی و نالینگویستیکیی و چەواشەکارانەو ئایدیۆلۆژییانەیە. لەهەمان کاتیشدا چەند پاڵپشتیی ئەو دیدە دەکات کە پێیانوایە دەسەڵاتی سیاسیی کورد پێویستە ئیرادەی سیاسیی بکات و چییتر خۆی لە ساغکردنەوەی زمانی فەرمیی و ستاندەردی هەرێمی کوردستان نەدزێتەوە.

لە گۆشەنیگای سۆسیۆلینگویستییەوە، ویدۆوسن Widdowson پێیوایە کە بۆچوونەکانی هاوگن و فیشمان لەسەر بەفەرمییناسینی زمانێکی باڵا جێگەی سەرنجن، ئەو پێیوایە ئەوانەی داوای دیستاندەردایزی distandardize زمانی فەرمیی نووسین دەکەن ، لە جیاوازییەکانی نێوان زمانی کۆمۆینتییەکی دیارییکراو یان زمانی چەپە هەرێمێک لەگەڵ زمانی تاقانەی فۆرماڵ ناگەن و لێیان تێکچووە( Widdowson 1973 ). ئەم دەردە لینگویستیکییە زۆر بە بیرکردنەوەی گرووپی دووستاندەردەکانەوە دیارە. ئەوان نەک هەر زمان و دایەلێکتیان لێتێکچووە، بەڵکو لەجیاوازییەکانی ئەرک و فەنکشنی زمانی فۆرماڵی نووسین لەلایەک و زمانی ئەم عەشیرەت و ئەو بەرەباب و فیسار ناوچە لەلایەکی ترەوە ناگەن. هاوکات لەسەر مەسەلەی یەکزمانیی و فرەزمانیی ( نەک فرە زاراوەیی) ویدۆوسن بۆچوونی بەمشێوەیە دەنووسێت" بە فەرامۆشکردنی فرەیی، زماننااس دەتوانێ زمانێک دەستنیشان بکات کە لەرێگەی ئینستیتیوت و سیفاتە زمانەوانییەکانی خۆیەوە

بەرهەمهاتووە، بەڵام کاتێ باسیی فرەزمانیی بێتە ئاراوە، زماناناس ناتوانێ دەستنیشانی زمانێکی روون بکات"( Widdowson 1973, p27 ).

بۆوردیو بە پانوپۆڕیی لەسەر زمان نووسیویەتی، لە زۆر کاتەگۆری جیاوازەوە لەسەر زمان شیکردنەوەی هەبووە، بەربڵاوترین ئەو مەیدانانەی کە کاری لەسەرکردووە لە دیدی زمانەوە، یاخود زۆرترین ئەو کاتەگۆریی و رشتانە لە ئەرک و فەنکشنی زمان لە ناو کۆنسێپتی سۆسیۆلۆژیی و سنوورەکانیدا ، لەوانە هابیتۆس، ستاندەرددایز، شەرعییەتی زمان، چاودێرییکردنی - چاپەمەنیی ( print) و دەسەڵاتی سیمبۆڵیی دەستنیشان دەکات. یەکدەستیی و بەرچاوڕۆشنیی لەهەر زمانێکدا بەرئەنجامی پرۆسێسێکی مێژووییە بۆ یەکزمانیی و یەکگرتوویی جڤاك لەدەوری ستایڵی زمانێکی یەکگرتوو، ئەم پرۆسێسە دوورو درێژەیش پێی دەگوترێ ستاندەرددایزی زمان (Bourdieu 1991). بۆوردیو بەڕادەیەکی ئەوەندە روون، رۆڵ و ئەرکی زمانی ستاندەردی شرۆڤە کردووە، هیچ گومانێکی نەهێشتووەتەوە کە خوێنەر هەڵسەنگاندنی چەوتی لێهەڵێنجێنێ. بۆ نموونە بەئاشکرا داوای بەرکەنارخستنی دایەلێکتە ناستاندەردەکان دەکات و لەبەرامبەریشدا زمانی ستاندەرد تۆکمەتر دەبینێتەوە. ئەم بۆچوونانەی بۆوردیو لەسەر زمان وای لەهەندێ پسپۆر کردووە کە تیۆرییەکانی بۆوردیو بە لێهاتوویی و لێزانییەکی زۆر شارەزای سۆسیۆلینگویستیکیی لێک بدەنەوە ( Eckert and Rickford 2001and Sliverstein 1998).

هەر بۆیە ئەم نووسینە زۆرتر جەخت لەگرینگی زمانی کوردیی و کێشەی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی ئەم ستاندەردبوونەی زمان دەکاتەوە،  چونکە لەودیو سنوورەکانی زۆربەی زمانە ستاندەردەکانی جیهانەوە، ئەجێنداو  پێوەندییەکانی دەسەڵات ،کارگێڕییەکی یەکپارچە، تانوپۆی ئابووریی، رۆڵی پەروەردە، فۆرمی حکومەت و دەوڵەت دەشەکێنەوە و پەلوپۆ دەکوتن(Herzfeld 1996 ). بەمجۆرە پرۆسێسی ستاندەرددایزی زمانی یەکگرتووی هەرێمێکی جیۆگرافیی یان حکومەتێک و قەوارەیەکی سیاسیی، لەپاڵ هەزاران تێکستی قورس و پربەهادا، لەپاڵ چەندین فەرهەنگی زمانەوانییدا و بەتایبەتییش پرۆسەی خوێندن و پەروەردە رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە سەپاندنی زمانی ستاندەرددا بە شێوەیەک کە پێداویستییەکانی تاک و کۆمەڵ پێکەوە لە پێداویستیی دەسەڵاتی سیاسیی و سیمبۆڵیزمی ئەو قەوارەیەدا دەبینێتەوە( Hanks 2005 ).

وۆردهۆوگ Wardhaugh بابەتی ستاندەردبوونی زمانی بە کۆدیفاید ( کۆدرۆنان) چوواندوە، ئەو بۆچوونی وایە کە گەشەکردنە زمانەوانییەکان لە ئاستە جیاوازەکانی وەک دارِشتن، رێزمان و تێکستە ئەدەبییەکاندا گیانی ستاندەرداێز بەگوڕتر دەکەن (Wardhaugh 2006 ). ئەوەی گرینگە کێ ئەم بڕیاری کۆدیفایدە جێکەوت دەکات و بە دیفاکتۆی دەکات. کێ ئەم پشتێنە شلەی بناغەی دەوڵەتی کوردستانیی، بنیاتنانی نەتەوەی کورد توند دەکاتەوە. لێرەدا گرینگە جەخت لە سەر ئەجێندا و دوالیزمی جێکەوتبوون بکرێتەوە. ئەوەی کەمێک شارەزایی لە کوردستانی عێراق و کارگێڕی سیاسیی و رۆڵی زمانی کوردیی لە ئاست ناوچەکانی هەرێم و تەنانەت لەگەڵ

پەیوەندییگرتن و تێکهەڵکێشانە سیاسیی و کولتوورییەکاندا هەبێت، دەزانێ ئەو زمانە ستاندەردە ئەم زمانەیە کە ئەم نووسینەی پێ نووسراوە. بەواتایەکی تر زاراوەی کرمانجیی ناوەڕاستە، بەتێکەڵیی لە گەڵ کرمانجیی خواروودا کەم تا زۆر کۆدیفاید بووەو تەنیا ئیرادەی سیاسیی دەوێ ساغییکاتەوە و بیکات بەپشتێنی بەنەتەوەبوونی کورد و بناغەی چەمکی بەدەوڵەتبوونی کورد لە کوردستانی عێراقەوە دابڕێژێ.

مانیفێستۆی ستاندەرددایز و ئەجێندای کارگوزاریی وچەمکی کارگێڕییەکەی بۆوردیو لەمەڕ زمانی یەکگرتوو لەسەر بنچینەی زمانێکی پاراو و کارا، زمانێک کە تێرمەکان بەرزو بەڕێز رادەگرێ و لەکەڵەگەتییدا دەگاتە ترۆپکی خۆی و تەواوی وردەواڵە دایەلێکتەکانی تر دەخاتە ژێر هەنگڵی خۆیەوە. بۆوردیو ئەم "ستاندەردداییزی زمانە بە یوفەمیزم euphemism وێنە دەکات" ( Bourdieu 1991, pp 137-148). ئەو پێیوایە یوفەمیزمی ( دەربڕینی قسەی رەق بەجوانکارییەوە) زمان ئەو کەشە رەنگڕێژ دەکات، کە چیتر لێرەو لەوێ خەڵک نەوێری بە زمانی دابڕاو و بازاڕیی و لاکۆڵانان بنووسن. بەدڵنیاییشەوە ئەو رۆحە لۆکاڵیزمەی لەناو هەندێ کەسدا هەیە کە خوزیارن زاراوەکانیان بگاتە ئاستێکی ستاندەرد و زمانی فەرمیی و ستاندەردی هەرێمی کوردستان بەلادا بخەن، بەتەواویی کاڵ دەکاتەوە. بەم پێیەش رێگە لە کەمپەیینی دیستاندەردایزی زمانی کوردیی لە کوردستانی عێراقدا دەگیردرێ، کە لەلایەن گرووپی جووتستاندەردەکانەوە رابەرایەتیی دەکرێ و گەرم راگیراوە. دیارە بەهاندانی لۆبییەکی ناو دەسەڵاتێکی تایەفیی و حیزبیی و ناوچەیی کە لەناوی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا قورساییان هەیە.

**گرفتی لینگویستیکیی لە زمانی کوردییدا:**

لە ناو دایگڵۆسیای ( دوو دایەلێکتیی) زمانی کوردییدا، چەندین وردە بنزاراوەی تر هەن، کە دەکرێ بە تێرمی لینگویستیکیی بە مایکرۆگڵۆسیا microglossia ناوببرێن. یاخود وەک ئەوەی ماتیسۆف Matisoff لەمەڕ شرۆڤەکردنی بنزاراوەکانی زمانی خمێردا بەنیکرۆگڵۆسیا necroglossia ناویان دەبات(Matisoff 1991) . ئەو هەموو نیکرۆگڵۆسیایانەی ( ئەو زارانەی کەمتر بەکار دەهێنرێن ) زمانی کوردیی هەرگیز ناکرێ بەم شێوازە برۆنە پێشەوەو هیچ دایەلێکتێ ئامادە نەبێ بۆ زمانی کوردیی رۆڵێک بهێڵێتەوە. ئەوە هەر زمانی کوردیی نییە دەرگیری ئەم کێشمەکێشی ساغکردنەوەی ستاندەردبوونە بووبێ. یەکێ لەو نموونە نزیکانە، جیاوازیی نێوان زمانی خمێرەکانی باکوورە لەگەڵ خمێرەکانی کەمبۆدیادا. ئەم جیاوازییانە بەتەواویی بەسەر رەوتی لینگویستیکیی زمانی خمێردا کارگوزاربوو. هاوکات ئەم جیاوازییانە لە نێوان وڵاتی کەمبۆدیاو تایلاندا روویدا. خمێرەکانی باکوور زیاتر بەلای زمانی تاییدا Thai وەرچەرخان، ئایدێنێتیی کولتووریی و زمانەوانیی ئەوانیان وەرگرت.

ئەم جیاوازییانە ئەوەندە زۆرن کە هەنووکە زمانی خمێرەکانی باکوور بەتەواویی، جیاوازیی هەیە لەگەڵ زمانی خمێرەکانی کەمبۆدیادا (Smalley 1994 ). سەرەڕای ئەوەی لەڕووی کولتوورەوە هاوبەشییەکی زۆریان هەیە، بەڵام لەرووی لینگویستیکییەوە تەواو جیاوازییەکانیان دەرکەوتووە. هەنووکە زمانی خمێرییەکانی باکوور لەمەترسی فەوتان نزیک بووەتەوە و Keyes پێیوایە زۆر نابات بەتەواویی دەفەوتێ (Keyes 1967 ) . هەمان ترس لە داهاتووی زمانی کوردیی هەیە. ئەم دووفلیقانەییەی زمانی کوردیی یان چەند فلیقانەییە درێژە بکێشێت و هەرکەس ئەسپی زاراوەکەی خۆی تاوبدات، گومانی تێدا نییە لەداهاتوودا دوو زمانی تەواو جیاواز یان چەندین زمانی جیاواز دروست دەبن. هەرچەندە هەندێ زاراوەی بچووکی زمانی کوردیی یاخود هەندێ لە نیکرۆگڵۆسیاکانی زمانی کوردیی بەیەکجاریی دووچاری فەوتان دەبنەوە. سەبارەت بە جووتستاندەردیی، لەباری کولتووریی و رۆشنبیریی و ئەدەبییەوە ئەوەندە لەیەکتر دوور دەکەونەوە، کە ئاخێوەرانی ئەو دوو زمانە پێوستیان بەوە نامێنێ کە فێری زمانەکەی تر ببن. زۆربەی ئاماژە ئایدیۆلۆژیستیی و تایەفیی و ناوچەگەرییەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئێسنیکی کورد خاوەنی دوو زمانە ،کە زمانی کوردیی و زمانی کرمانجیی دەکەن. گرووپی دووستاندەردەکانیش دەڵێن کورد دوو زمانی ستاندەردی هەیە.

" تا ئەو کاتەی زمانێکی کۆمۆنی( هاوبەش) نووسین نەبێ، ستاندەرددایزبوونی زمان هەر لە فانتەسییدا دەمێنێتەوە" (Tandefelt and . Finnäs, 2007 ). کورد نەک زمانی نووسینەکەی کۆمۆن نییە، بەڵکو سکریپتەکەیشی کۆمۆن نییە. لێرەوە قسەکردن لەسەر زمانی ستاندەردی کوردیی لەئاست گشت پارچەکانی کوردستاندا لە خەون و ورێنە و خەیاڵی ئایدیۆلۆژیی بەولاوە هیچی لێ سەوز نابێ. زمانی ستاندەرد، ئەو زمانەیە کە مایکڵ هاڵیدەی پێیوایە، زمانێکە سنووری ناوچەکان تێدەپەڕێنێ و بە زمانی "نیشتمانیی" دەبێ، دەست بەسەر زاراوەکانی تردا دەگرێ و دەبێتە زمانی دووەمی ئاخێوەرانی دایەلێکتە جیاوازەکان(Halliday 2003 ).

کاتێ خەڵکی ناوچەیەکی کوردستانی عێراق، یان دەڤەرێکی بچووک ئامادە نەبێ زمانی کوردیی بە زمانی خۆی بزانێ و زاراوەکەی خۆی لە زمانی کوردیی لاشیرینتر بێ، ئیتر ئەو هەلومەرجە چۆن دەرەخسێ ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی ، بۆ ساغکردنەوەی زمان نەک هەر غەمساردیی بکات، بەڵکو خۆی لایەنگریی ئەم پەرتەوازەییەی زمانی کوردیی بێت و بەنهێنیی و بەئاشکراش پارەو دارایی بخاتە خزمەت گرووپی دووستاندەردەکانەوە تا رێگریی لە فۆرمۆڵەبوونی زمانی ستاندەردی نووسین و زمانی کۆمۆنی خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق بکەن. ئاخر بەم پێودانگانە بێت چۆن ئینتیگرەیشنی سیاسیی و کولتووریی و نیشتمانیی لەنێوان تاکەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا دروست دەبێت؟ چۆن لەنێوان هەولێرو کەرکوک و سلێمانیی لەلایەک و بادینان لەلایەکی ترەوە دروست دەبێت؟

ستاندەردبوونی زمان هەر دەبێ لەسەر بناغەی یەک دایەلێکت رۆبنرێ، زمانی ستاندەردی ئینگلیزیی کە بۆ یەکەمینجار پێیگرت، لەناوچەکانی لەندەندا لەسەر بناغەی یەک دایەلێکت بوو. هاوکات خودی دروستبوونی چەمکی نەتەوەی ئینگلیزیش لەسەر ئەم بنەمایەوە دروستبوو کە زمانی ستاندەردی ئینگلیزیی لە زمانی لەندەنییەوە ( باشووری رۆژهەڵاتی مێرسیا و دایەلێکتی کێنتیی Kentish ) سەرچاوەی گرت(Halliday 2003 ). لە کوردستانی عێراقدا و لە هەلومەرجی زمانی کوردییدا، هەلێکی مێژوویی و دیفاکتۆیەکی سیاسیی و کولتووریی و زمانیی هاتووەتە پێشەوە بۆ ستاندەردداپزی زمانی دیفاکتۆی کوردیی، پێویستە بقۆسترێتەوە و بە فیرۆ نەدرێ. ئەم زمانە ستاندەردە دەبێ لەسەر یەک بناغەی گراماتیکیی دابرێژرێت. دەبێ یەک دایەلێکت ئاڵای ئەم ستاندەردداپزە هەڵگرێ و ئەوانی تر یارمەتییدەر و هەڵگری ئاڵاکە بن و بەهەموویان بەهێزی بکەن.

هەندێ کەسی بەبڕوانامە ئەکادیمیست، بیانوویەکی زۆر نالۆژیکیی دەهێننەوەو پێیانوایە زمانی ئینگلیزیی لە چەندین وڵاتدا هەیە و نەبووەتە ئەڵقەی بەستنەوەی نەتەوەکانی ئەو وڵاتانە. ئەمە نەداهێنانە نە دۆزینەوەیەکی پڕ لە مەعریفەیە. با کوردیش چەندین وڵاتی سەربەخۆی هەبێ ، هاوکاتیش یەک زمانی کۆمۆن و یەک زمانی ستاندەردی هەبێ، لەم هەلومەرجەدا کاتەگۆریی نیشتمانییبوون لە کاتەگۆریی ناسیۆنالیزم گرینگترە. بۆ نموونە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەگەر خەڵکەکەی هەست بکات لەعێراقدا ژیانی مرۆیی و کەرامەتی سیاسیی و کولتووریی پارێزراوەو مافە ئێسنیکیی و کولتووریی و سیاسییەکانی دابین دەکرێ، هاوکاتیش زمانێکی هاوبەشی ستاندەردی لەگەڵ کوردی پارچەکانی تردا هەیە، بیر لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەتەنیا بکاتەوە باشترو گونجاوتر و ژیرانەترە؟ یان دوای ئەفسانەی پانکوردیزم و کوردستانی گەورە! و نەکهەی دۆکترینی کوردایەتیی( دەستەخوشکی عروبە و کەمالیزم) بکەوێ!

ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی کوردیی لەوەدا گرینگیی و بەهای فرە رەهەندی هەیە کە لێکۆڵینەوە لە زمان لە گۆشەنیگایەکی کولتوورییەوە سەیر دەکات و خودی زمان وەک ( سەرچاوەی کولتووریی - Cultural Resource ) دەخوێنێتەوە. هەر ئەم گرینگییەی ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانە وایکردووە، کە لینگویستەکان بە ئەنسرۆپۆلۆجیای لینگویستیکیی بیقەبڵێنن. چونکە خودی ئێسنۆلۆجییش Ethnology بە ئەنسرۆپۆلۆجیای سۆسیۆکولتووریی دەقی گرتووە. نارۆشنیی و کەمبەڵەدیی لەسەر چەمکە زانستیی و کولتوورییەکان لە ناو جڤاکی کوردییدا ئەوەندە زۆرە کە ئەرکی تێرمۆنۆلۆجییەکانیش بە سەقەتیی و چەوت و چێڵیی شرۆڤە دەکرێن.

بۆوردیو پێیوایە سەرمایەی زمانەوانیی دەسەڵاتێکە بەسەر ئەو میکانیزمەی کە لە پێکهێنانی نرخی زماندا رۆڵ دەگێڕێت (Bourdieu 1994 ). لە کوردستانی عێراقدا کە سەرمایەی زمانەوانیی هێجەمۆنیی تەواوی خۆی بەسەر ئەدەبیات و کولتوور و رۆشنبیریی و کایەی سیاسییدا کێشاوە، کەچیی هێشتا ئەو نرخەی بۆ دانانرێ لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی و حیزبێکی تایەفیی و ناوچەیی

وەک پارتییەوە. تاوانی سەرەکیی ئەم سەرمایە زمانەوانییەش ئەوەیە کە لە ناوچەکانی هەولێرو سلێمانیی و کەرکوکدا باڵادەستەو لە ناوچەی بادینان کە بە ناوچەی مسۆگەرو قەڵای حیزبی سەرۆکی هەرێم ناسراوە ئەو باڵادەستییەی نییە.

تەنانەت لە شاری هەولێردا کە لە 31ی ئابی 1996ەوە پارتیی دیموکراتی کوردستان بەیارمەتیی راستەوخۆی سوپای بەعس و بڕیاری سەدام حوسێن داگیری کردو زاڵە بەسەریدا و هێجەمۆنیی ئایدیۆلۆژیی و کولتووریی خۆی پێوە نووساندووە، خەریکە شێوازی دارشتنی نووسین و ئەدەبیاتی کوردیی جۆرێک لە تێکەولێکەی لێ دەردەچێ و لە ئەدەبیاتی باڵادەستی ناوچەکانی تری کوردستان وەک کەرکوک و گەرمیان و سلێمانیی دوور دەکەوێتەوە. لە گۆشەیەکی تری کولتوورییەوە هەروەک چۆن ریکۆردی ئامارە زمانەوانیی و کولتوورییەکان مانیفێستۆیەکی راستەوخۆی لێهاتوویی زمان نییە، بەڵکو کۆمەڵێ داتا و بەرەنجامی تێکەڵ لە لێهاتوویی و بازارگەرمیی زمان ئەو لێهاتووییە بەزمان دەدات کە ستانداردداییز ببێ ( ibid). ئەمەش لەڕوانگەی بۆوردیویەوە بە سۆسیۆلینگویستیی هەلومەرجە کولتوورییەکان دەخوێنرێتەوە.

کاتێک دەگوترێ لە رەهەندی کولتوورییەوە، هەندێ نووسەری کورد مەودای فیکریی و چەمکی کولتووریی بەشێوەیەکی نادروست لێکدەدەنەوە. تا هەنووکەش هەندێ نووسەری کورد کەلەپوور و کولتوور لێک ناکەنەوە. لەکاتێکدا کولتوور لەلاتینیی و فرەنسییەکەوەو کەڵچەر لە ئینگلیزییەکەوە تەواوی تانوپۆی ئەرک و دەسەڵاتی رۆشنبیریی دەتەنێتەوە. بەڵام کەلەپوور شتێکی ترە و ئەرکێکی تری هەیە. جا ئەگەر تێگەیشتنی هەندێ نووسەر و رۆشنبیری کورد لەم ئاستە ساکارەدا بێت، دەبێ چاوەڕوانیی چییان لێبکرێ کاتێ بیانەوێ لەسەر رەهەندی زمان، ئارگیومێنت بهێننە ئاراوە؟ ئەی چۆن لەگرینگیی ستانداردبوونی زمانی کوردیی بەتەواویی تێدەگەن؟ چۆن لەوە دەگەن کە دەسەڵاتێکی تایەفەیی، لەمپەر بۆ بەفەرمییناسین و ستانداردداییزی زمانی کوردیی دروست دەکات ؟ چۆن لەوە دەگەن کە گرووپی دووستانداردەکان راسپێردراون کە کار بۆ دیستانداردداییزی زمانی کوردیی بکەن؟ هەر ئەمەشە وایکردووە بەشێک لەوانەی لەسەر رەهەندی فیکریی و کولتووریی زمان بەگاڵە هاتوونە، هیچ شارەزاییەکیان لە زماندا نییە، بەڵکو سیاسیی و ئایدیۆلۆژیستی حیزبیی و ناوچەیین.

زمان کاتەگۆرییەکی تەرز فراوانە کە تێکەڵەیەکە لە زۆربەی زانستە مرۆییەکان، بەبڕوای ئەم نووسینە ئەگەر کەسێک لە ئەرک و فەنکشنی زمان بەدروستیی تێنەگات، ناتوانێ بەوردیی بۆ هیچ مەودایەکی کولتووریی تر، دەست بەرێ. ئێدوارد ساپیر و بەنیامین وۆرف پێیانوایە زمانناسیی ئەگەر بەشێوەیەکی رێژەییش وەربگیردرێ، هێشتا تێرمێکی گشتییەو بەپتەویی وابەستەیە بە پێوەندییە توندوتۆڵەکانی نێوان زمان و کولتوورەوە ( بڕوانە Sapir – Whorf Hypothesis ). دەکرێ بەکوردییەکی خۆماڵیی بگوترێ ئەوەی لە بەهاو گرینگیی زمان نەگات، لە کولتووریش ناگات.

ئەوەی لە مەودا فراوانەکانی زمان نەگات، ئاستی رۆشنبیرییەکەیشی شەقوشلۆق دەبێت. هیچ کاتەگۆریی و لقێکی زانستیی و ئەدەبیی و کولتووریی ئەوەندەی زمان داتای جیاواز و کۆنسێپتی هەمەڕەنگ و مەودای فراوانی نییە. وشەکارییەکانی Glossaries زمان هەزاران دانەیەو هەمیشەش لەپانوپۆڕبوونەوەدان. هیچ زماناس و لینگویستێکی جیهانیی توانای ئەوەی نییە لەتەواوی چەمکە جیاواز و ئەرکی زاراوە( مەبەست لە vocabulary یە ) جیاوازەکان تێبگات، هۆکاری ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قووڵاییە فیکریی و سۆسیۆکولتووریی و ئەنسرۆپۆڵۆجییەی کە زانستی زمان لەخۆی گرتووە.

زمان خۆبەخۆ ئایدێنتیتیی مرۆڤە، سیمای ناسینەوەی مرۆڤە لەڕووی کولتووریی و ئاستی هۆشیارییەوە. بەڵام لەهەموو شت گرینگتر ئەوەیە کە "سیمبۆڵێکی زۆر بەهێزە بۆ ناسینەوەی ئایدێنتیتیی نیشتمانیی و ئایدێنتیتیی ئێسنیکیی" ( Spolsky 1999 , p.181 ). کاتێک کورد ئامادە نەبێ ئایدێنتیتیی خۆی لەزمانەکەیدا بپارێزێ و دەستی پێوەبگرێ و لەغەمی بەفەرمییکردنیدا نەبێ، گومان لە بوونی ئایدێنتیتیی خۆی دەکات. چونکە هەریەکە لە زمان و ئایدێنتیتیی دوو چەمکی داینامیکیین، بەپێی کات و شوێن ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت (Norton 1995 ). زۆرکەس بۆی هەیە زمانی باوباپیرانی، زمانی نەتەوەکەی خۆی، زمانی ئێسنیکەکەی خۆی نەزانێ و خۆیشی بەهەمان نەتەوە، هەمان باکگراوند و هەمان ئێسنیک بزانێت، بەڵام ناتوانێ تاسەر ئایدێنتیتیی خۆی بەبێ زمان بپارێزێ.

نزیکترین نموونە دەتوانرێ ئاماژە بەسەرکردەو کادیرەکانی پی کەی کەی ( پەکەکە) بکرێ، زۆربەیان نە کوردیی دەزانن، نە زاراوەکەی خۆیشان بەباشیی بەکاردەهێنن، تا هەنووکەش زمانی تورکیی بەکار دەهێنن، کەچیی وەک نەتەوە خۆیان بە نەتەوەی کورد دادەنێن. بەڵام ئەمە نابێ ئەو بیانووە پووچە بەدەستەوە بدات کە زمان ئەو رۆڵە سەرەکییەی ناسینەوەو جیاکردنەوەی نەتەوەکان و ئێسنیکەکانی نییە. بەپێچەوانەوە شەڕی کورد لە کوردستانی تورکیا ماوەیەکی زۆرە لەسەر بوونی ئایدێنتیتییە، ئەو ئایدێنتیتییەش راستەوخۆ لە زماندا خۆی دەبینێتەوە.

هەر لێرەدا هێنانەوەی ئەم نموونەیە گرینگیی هەیە، کاتێ لەپارلەمانی تورکیادا رێگە بە نوێنەرانی کورد نادرێ بە زمانی کوردیی بئاخفن، مەسەلەی کوردبوونەکەیان لە زمانەکەیاندا دەبینرێتەوە، بەواتایەکی تر ئایدێنتییەکەیان زمانەکەیانە، نەک وەک ئەوەی دڵشاد حەمە ئاماژە بە رۆڵی ئایین، جیۆگرافیا، جلوبەرگ و یادەوەریی هاوبەش .........تاد دەکات ( حەمە، 2009 ). ئەگەر نوێنەرانی کورد، کورتەک و شەرواڵ بپۆشن، ترخێنەو دۆینە بخۆن، سەماو هەڵپەڕکێی کوردیی بکەن، رێگەیان لێ ناگیردرێ، تەریقەتی دینیی و سۆفیگەرایی بکەن، ئاستەنگیان بۆ دروست ناکرێ، بەڵام زمان مەترسییە چونکە سیمبۆڵی ئایدێنتیتییە. ئەوەی مەسعود محەمەد پێیوایە، کاتێک سوپای عەرەب و ئیسلام پەلاماری میزۆپۆتامیایان داو فارسەکانیان پێچایەوە، هەنووکە لەو عێراقەی

جاراندا نووزەی زمانی فارسیی تێدا نەماوە، بەڵام کوردەکان بەبێ لەشکرو بەبێ حکومەت توانیان لەبەرامبەر هێجەمۆنیی زمانی عەرەبییدا خۆیان رابگرن(محەمەد، 1974 ). ئەمە راستییەکی زەقی تێدایە، کورد دینی لەدەستدا، کولتوورەکەیشی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، خاکەکەیشی داگیرکرا و دەربەردەرکرا، جلوبەرگەکەیشی کەم تازۆر لە ناوچە بەریەککەوتەکانەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، زمانەکەیشی کەم تازۆر ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات بەڵام نەفەوتا، چونکە زمان ئایدێنتیتیی تاکەکانی جڤاک و سیمبۆڵی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

کەواتە زمان بوونی مرۆڤی کورد دەسەلمێنێ. کورد وەک نەتەوەیەکی بەشخوراو، نەتەوەیەک زۆربەی مافە سەرەتاییەکانی ژیانی لێ زەوتکراوە، زمانەکەی بوون و ماک و گیانییەتی، یاخود وەک گلۆریا ئەنزالدوا Gloria Anzaldúa دەڵێ " ئەگەر دەتەوێ ئازارم بدەی، بەخراپیی باسی زمانەکەم بکە. ئایدێنتیتیی ئێسنیکیی، پێستێکی دووانەیی ئایدێنتیتیی زمانەوانییە، زمانەکەم لە خۆمدا دەبینمەوە، تا کاتێ شانازیی بە زمانەکەمەوە نەکەم، ناتوانم شانازی بەبوونی خۆمەوە بکەم. هەرچەند زمانگەلی تر بزانم ناتوانم بوونی خۆمی پێ دەرببڕم، چونکە نوێنەرایەتیی من ناکەن" ( Anzaldúa 1987 ,p.59 ). بەڵام گلۆریا مەبەستی زمانە، مەبەستی لە دایەلێکت نییە. چونکە ئەگەر وەک ئەجێندای گرووپی جووتستاندەردەکان، مەسەلەکە لۆکاڵیزە نەکرێ ، با دەڤەرێک، ناوچەیەک نەتوانێ بەزاراوەکەی خۆی، بەزاراوەی عەشیرەتەکە و ناوچەکەی دەربڕیی لەهەست و بیری خۆی بکات، بەڵکو بە زمانێکی فەرمیی نیشتمانیی، بەزمانی نەتەوەکەی خۆی ، یاخود بەزمانی ئێسنیکەکەی خۆی ئەو دەربڕینە بکات.

ئایدێنتیتی، ئەو تەوەرە سەرەکیی و کۆڵەکە "هەمیشەیی"یە کە لەساوایی مرۆڤەوە دەست پێدەکات و تا مردن لەگەڵیدا دەمێنێتەوە، کە مردیش بەمێژوو دەبێت( Calvert 2002). زۆرجار ئایدێنتیتی بەوە کارێکتەرایز دەکرێ کە دەستنیشانکەری کارێکتەرە ناوەکییەکانی مرۆڤە، لەچەشنی خۆناسین، مۆراڵ و بەهاکان (ibid ). بەڵام هەمیشە ئایدێنتیتی رۆڵێکی بنەڕەتیی لەناسینەوەی سیما سەرەکییەکانی بوون و بەها کولتوورییەکاندا هەیە (Grotevant 1998 ). هەنووکە زۆرێک لەسکۆلارەکان لەسەر ئەو رایەن، کە ئایدێنتیتیی و زمان پێکەوە مانێفێست بوونە و لەزۆر رووەوە بەرنامەیەکی هاوبەشیان هەیە، بەتایبەتیی بۆ ئایدێنتیتیی تاک و ئێسنیکە بەشخوراوەکان و بەتایبەتتریش لەسەردەمی گلۆباڵیزەییشن و ئینتەرنێتدا، زمان و ئایدێنتیتیی ئاوێتەی یەکتر بوونە. .(Crystal, 2001; Greenfield & Subrahmanyam, 2003; Herring, 2000; Turkle, 1995)

لەباری ئاسایی و دۆخی تەواو نۆرماڵیشدا، ئەجێنداو پرۆسێسی ستاندەردایزی زمان، پرۆسێسێکی کەم تا زۆر ئایدیۆلۆژیی دەبێت. ئێستا ئەوانەی لایەنگریی فرەستاندەردیی و جووتستاندەردیی زمانی کوردیین، یاخود ئەوانەی زمان غەمێکیان نییەو شەپۆلی پانکوردیزم و کوردایەتیی بەڤێرژنی عروبەو کوردپەروەریی! بە ڤێرژنی کەمالیزم تەپاوتلیان پێ دەکات، بیانووی ئەوە دەهێننەوە کە لە

هەرێمی کوردستانی عێراقدا، نابێ زمانی ستاندەردی کوردیی بسەپێنرێ! ئەم بیانووە نالۆژیکە، لەهەموو کرایتێریا و پێوانە زمانەوانییەکان و زانستی زمانەوانییەوە دوورە. هاوکات پڕاوپڕە لە جەهل و سەرگەردانیی و مێنتاڵیتییەکی خێڵەکیی و تایەفیی  کە نایەوێت لە رەهەندە فراوان و پانوپۆڕەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی و بناغەی ئایدێنتیتیی ئێسنیکیی و نیشتمانیی بگەن. لیپی-گرین Lippi-Green ئایدیۆلۆژیای زمانی ستاندەرد بەمشێوەیە شرۆڤە دەکات " لایەنگرێکی ئەبستراکتی زمانێکی هۆمۆجینییەس و ئایدیاڵە کە دەسەپێنرێ و دەستی پێوەدەگیردرێ لەلایەن ئینستیتیوتە باڵادەستەکانەوە مکۆمتر دەکرێ" ( Lippi-Green 1997, p.31 ) . ئایدیۆلۆژیای زمانیی هەرچەندە لایەنی نێگەتیفیی زۆرترە، بەڵام هەندێجار لایەنی پۆزەتیفیشی هەیە.

### ئایدیۆلۆژیای زمانەوانیی Linguistic Ideology

گومانی تێدانییە کە زۆربەی چەمک و رەهەندە فیکریی و کولتوورییەکان دوو دیوی ئارگیومێنتیان هەیە. بەواتایەکی تر لایەنی پۆزەتیف و لایەنی نێگەتیفیان هەیە. قسەکردن و راڤەکردنی ئایدیۆلۆژیا، چ وەک چەمک و چ وەک فەنکشنە سیاسیی و کولتوورییەکان بەرئەنجامی جیاواز بەدەستەوە دەدات. ئەم نووسینە هەوڵدەدات هەردوو لایەنی ئارگیومێنتەکان لێک جودا بکرێنەوەو تێکەڵ نەکرێن.  بەم تێڕوانینەوە ئایدیۆلۆژیای زمانیی بەسەر لایەنە پۆزەتیف و نێگەتیڤەکانیدا دابەش دەکات.

### لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئایدیۆلۆژیای زمانەوانیی:

لە بواری ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانەوانییدا، ئایدیۆلۆژیای زمانەوانیی بەشێوازێکی سیستیماتیکیی دەست بەزمان و رەهەندەکانی زمانەوە دەگرێ، لە مەودا مۆراڵیی، کۆمەڵایەتیی و بەها سیاسیی و مەودا کولتوورییەکاندا، بەتایبەتییش ئایدێنتیتیی جڤاکەکان، هەڵیان دەکێشێ بۆ ئاستێکی باڵاتر لە قەوارەیەکی چێکراوی هاوبەشدا کە پرۆسێسی زمانی ئایدیۆلۆژیی پێ دەگوترێ و بەدابینکردنی زمانی ستاندەرد ئەرک و داخوازییەکانی تەواو دەبێت. بەم پێودانگانەش ئەو زمانە هاوبەش و فەرمییەی کە دێتە ئاراوە خزمەت بە رەهەندە گشتییەکانی بنیاتنانی کۆمەڵێکی هۆمۆجینییەس ( یەکدەست ) لە دەلاقەی زمانەوە دەکات. ئەمە لەرەهەندە سۆسیۆزمانەوانییەکەیەوە sociolinguistic دوورایییەکی تری هەیە.  ئەو تەوەرە سەرەکییانەی لەم رشتەیەدا لێک دەدرێنەوە، پێیانوایە کە زمانەکان هەموویان هەمان رۆڵ دەبینن و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. بەڵام هاوکات جەختیش لەوە دەکرێتەوە کە یەک زمانی ستاندەرد ئیمتیازی هەیە بەسەر خەرەکی زماندا language variaty ، هەروەک ئەو ماڵوێرانییەی گرووپی فرەستاندەردەکانی زمانی کوردیی، وڕێنەی ئایدیۆلۆژیی و لینگویستیکیی لەسەر بنیات دەنێن.

## لایەنە نێگەتیڤەکانی ئایدیۆلۆژیای زمانەوانیی:

دیارە وەک ئاماژەی پێدرا، ئەم پرۆسێسەش بەدەر نییە لە لایەنی نێگەتیڤی خۆی، گرووپی دووستاندەرد و فرەستاندەردەکانی زمانی کوردیی ئەم باسەیان لەکوردستانی عێراقداو لەدەڤەری بادینان زیاتر زەقکردووەتەوەو پێیانوایە ئەمە کار دەکاتە سەر زیرەکیی و تەمەڵیی ئەو خوێندکارانەی لە بواری خوێندندا بەر تەوژمی ئەم زمان سەپاندنەی زمانی ستاندەردی نووسین و پەروەردە دەبنەوە. هەندێ سکۆلاری جیهانییش ئاگایی خۆیان لەم پرسە ناشارنەوە، بەڵام هەمیشە دەبێ جەخت لەوە بکرێتەوە کە سکۆلارو زمانناسەکان جەخت لە جیاوازیی نێوان دوو زمانی جودا دەکەنەوە نەک لە نێوان زمانێک و دایەلێکتێکی سەر بەو زمانەدا.

بۆ نموونە لە هەلومەرجی ئەمێریکادا ، کاتێک بەزۆر زمانی ئینگلیزیی بەسەر مەکسیکییەکان و ئیسپانییەکانی کە دەچنە ئەمێریکاوە دەسەپێنرێ، رایس پێیوایە کە ئەوە بەشێکە لەهەڵاواردنی رەگەزیی ( Rice 2006) . بەڵام بەسەتان دژە ئارگیومێنتیش هەن، وێڕای لایەنگریی لە فرە کولتووریی و بەکارهێنانی زمانە جیاوازەکان لەئاستی جڤاکە کۆچکردووەکاندا، بەڵام هاوکات جەخت لەسەر یەک زمانی هاوبەش لە ئەمێریکادا دەکەنەوە کە تەنیا و تەنیا زمانی ئینگلیزیی دەکات. هەرچەندە تا هەنووکە، بە یاسا، زمانی ئینگلیزیی لە ئەمێریکادا فەرمیی نییە، بەڵام لەکردەوەدا و لەهەمو ئاستە باڵاکانی دەوڵەت ،پەروەردە، دامودەسگاو ئینستیتیوتەکاندا زمانێکی فەرمییە.

لەکوردستانی عێراقدا هیچ کەسێ ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە کرمانجیی ناوەڕاست زۆر دەمێکە بە زمانی ستاندەردو باڵاو پرێستیژی کوردیی بووە. ئەوانەی بیانووش دەهێننەوە بۆ لاواندنەوەی زاراوە کوردییەکانی تر، ئەم راستییە باش دەزانن، بەڵام ئایدیۆلۆژیا و ئەجێندای سیاسیی و حیزبیی و بەرژەوەندیی ماددیی کەڕو کوێری کردوون. ئەم ماسکە ئایدیۆلۆژییانە هەمەچەشنن، هەندێکیان ئالوودەی دواکەوتووترین پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بنخانی جڤاکی کوردیین، هەندێکی تریان، ئاوێتەی دەڤەرگەرایی و شارچییەتیی و خێڵچییەتیین. گرووپێکیشیان، هەندێ سکۆلاری کورد و ئەوانەی لایەنگرییان دەکەن ، کە بەدڵنیاییەوە نەخێریان بۆ زمانی کوردیی دەبێ و نەبۆ نەتەوەکەیشیان پەڵاشێکیان لە زانستی زمانناسییدا لێ دەبێتەوە. هۆکارەکانیش ئەوەیە، مەغزای بیرکردنەوەی ئەوان ئایدیۆلۆژییە، نەک هەر سەریان لەخۆیان شێواندووە، بەڵکو خۆیشیان نازانن چیی دەڵێن؟ ئەو مافی زمانیی و مافی مرۆڤ و ئازادییە، بۆ جیاوازییەکانی نێوان دوو نەتەوە، دوو ئێسنیک و دوو کولتووری جیاوز دەبێت، نەک بۆ دایەلێکتەکانی یەک زمان کە زمانی کوردیی پێ دەگوترێ. ئەو ئایدیۆلۆژیا زمانەوانییەی ئەوان کاری پێدەکەن، زۆر کوێرانەیەو هەموو هاوکێشەکانیان تێکەڵ بەیەکدی کردووە.

لەسەر پێودانگەکانی لیپی- گرینەوە، ئایدیۆلۆژیای زمانی ستاندەرد لەشەڕێکی سەختتدایە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای پەرتوبلاویی دایەلێکتەکانی زمانی یەک ئێسنیکدا. ئەم راکێشراکێشەی دوو ئایدیۆلۆژیای دژبەیەک بەشێوەیەک سەر دەنێتەوە، کە قورسایی سەپاندن و دەستپێوەگرتنەکە تا چەند کۆمەڵایەتیی دەبێتەوە؟ هەڵسوکەوت و چوارشانەیی و کەڵەگەتیی دامەزراوەو ئینستیتیوتە کولتوورییەکان لێرەدا تاقی دەکرێنەوە. هەڵسوکەوت و لێوەشاوەیی ئینستیتیوتە باڵادەستەکان لە " سەپاندن و مکۆمکردن" ی زمانێکی ئایدیالی ستاندەرددا خۆی دەبینێتەوە ( Lippi-Green 1997, p.65 ) .

لە کۆتایی مۆدێرنیزم و سەرەتای پۆستمۆدێرنیزمدا، زمانیش بە پێی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵوگۆڕی ریشەیی بەسەردا دێت، کە بەهەر نرخێ بووە ، پێویستی بەخۆگونجاندن لەگەڵ سروشتی مرۆڤ هەیە و لەگەڵ داواکارییە کولتوورییەکانیدا بێتەوە. ئەم خۆگونجاندنانە پێویستیان بە ستاندەردبوون بووە بۆ ئەوەی سروشتی خود-ئایدێنتیتیی مرۆڤەکانی جڤاکێکی دیاریکراو دەستنیشان بکات( (Giddens, 1991: 81).) . هەنووکە لە کوردستانی عێراقدا خۆگونجاندنی کولتووریی و رێکردن لەگەڵ باهۆزی پێداویستییە کوولتوورییەکانی جڤاکێک لە ناو هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا پێداویستییەکی گلۆباڵیزەییشنە، لەم ئاقارەشدا پێویستە ئەم خود ئایدێنتییەی زمانی کوردیی بەیەکجاریی ساغبکرێتەوە.

ستاندەردبوونی هەر زمانێک چ لەسەردەمی مۆدێرنیزم و چ لە پۆستمۆدێرنیزمدا، پێویستییەکی کولتووریی و سیاسیی و جڤاکیی بووە. چونکە پرۆسێسی ستاندەرددایزی زمان، خزمەتی کۆمەڵی ئەجێندای فرە رەهەند دەکات، لەو رەهەندانەش پرۆسێسی پلانی زمانیی و ئەدەبیی ئەو زمانە ئامانجە مێژوویی و کۆنێتکستە کۆمەڵایەتییەکانی دەردەخات( Kaplan & Baldauf, Jr., 1997 ). لەبەرامبەریشدا، میلڕۆیەکان بڕوایان وایە، کە لە جڤاکە رۆژئاواییەکاندا، پرۆسێسی ستاندەردبوونی زمانەکان رەوگەیەکی ئایدیۆلۆژییان وەرگرتووە و ئەم پرۆسێسی ستاندەردبوونانە بەر پەرچەکرداری زۆر قسەی بازاڕیی و نالینگویستیکیی کەوتوونە (Milroy and Milroy 1991 ).

بەهەمان شێوەش جووتستاندەردەکان، هەندێ قسەڵۆک و دروشمی سیاسیی و گوتاری ئایدیۆلۆژییان ئامادە کردووە، بەردەوام وەک ریکۆردەر لێی دەدەنەوە. بۆ هەموو ئارگیومێنتێکی جیاواز، ئەوان جگە لە کۆمەڵێ قسەی سەتانجار گوتراو کە چەندین ساڵە دەیڵێن و دەیڵێنەوە هیچیتریان پێ نییە. هەندێکیان ئەوەندە جڵەوی عاتیفەیان شلکردووە، کاتێ ئارگیومێنتەکانیان یەک لەدوای یەک وەک بڵقی سەر ئاو دەتەقێن، پەنا بۆ قاچکێشانەوەو قسەوقسەڵۆکی بازاڕیی و جوێندان و ریپۆرتدان لەلای هەندێ میدیای بینراو و نووسراو دەبەن، بۆ ئەوەی بایکۆتی ئەو کەسانە بکەن کە داکۆکیی لە ستاندەرددایزی زمانی کوردیی لە کوردستانی عێراقدا دەکەن.

لە درێژەی ئەو پەرچەکردارانەی لەسەر ستاندەردداێزی زمانی کوردیی لەهەرێمی کوردستاندا هاتنە پێشەوە، زۆر کەس بەکاوەخۆ و بەپێخاوسیی ، بەهەمان میتۆدی رەخنە لەشیعر و پەخشان و داڕشتن کەوتوونەتە وێزەی ئەوەی نووسینی فلان و فیسار ستاندەرد نییە! ئینگلیزییەکەیان باش نییە و بە ئینگلیزیی نانووسن، ئیتر چۆن باسی زمانی ستاندەرد دەکەن. یان رەخنەی ئەوە دەگرن کە هەندێک لەوانە شارەزاییان لە زمانناسییدا نییە، ئەوە وێڕای ئەوەی زۆربەی ئەو دۆکتەر و وەرگێڕانە، نەکوردییەکەیان و نە ئینگلیزییەکەیان تەواو نییە، کەچیی ئەوەندە چاوقاییمن، رەخنەی بێگەوهەری لەو چەشنە دەگرن. بەڕاستیی ئەم جۆرە رەخنانە ، بۆرە رەخنەو دێزە تانەن و ئیشی ئەو شاعیرو دروشمنووسانەیە کە سەری خۆیان لەبابەتێکی گرینگی وەک زماندا دەقەبڵێنن. سەرنجی زۆرێک لەو نووسینانەی لەسەر بابەتی زمان دەنووسرێن کە بۆ بنکۆڵکردنی ئەو ئارگیومێنتانەی لەسەر ستاندەردایزی زمانی کوردیی دەکرێن، پەنا بۆ ئەو رستە سواو و بازاڕیی و بەڕاداندراوانە دەبەن گوایە داڕشتنەکانیان ستاندەرد نین. یاخود ئەوەی هەندێ لە سکۆلارەکانی جووتستاندەردەکان، بەزمانە لاوازە ئینگلیزیی و کوردییەکەیانەوە دەنازن، لاقرتێ بەشێوەیەکی زۆر قریێکانە لەوانە دەگرن کە لەسەر گرینگیی یەک زمانی ستاندەردو نیشتمانیی بۆ کوردستانی عێراق دەکۆڵنەوە.

ئەم نووسینە لەو بڕوایەدایە، ئەمە دەردێکی خۆبەکەمزانیی و خۆهەڵنانێکی زۆر لەخۆباییانەیە، کەهەندێ نووسەر و شاعیر و خوێندەوارو ئەکادیمیستی کورد پەنای بۆ دەبەن. زمانی کوردیی نە لەڕێگەی ئینستیتیوتێکی زمانەوانیی سەربەخۆوە ستاندەردداێز بووە و نە کۆمەڵە پرەنسیپێکی رێزمانی جێگیر و ستاندەردی هەیە. بەڵکو لەرێی کۆمەڵێ لە قەڵەمە هەڵبژاردەکان( ئیلیتەکان) و نووسەرە تێکست مەزنەکانەوە ستاندەردداێز بووە یاخود لەڕاستییدا نیمچە ستاندەردایز بووە و بە زمانی دیفاکتۆ بووە. زۆر لەوانەی خۆیان لەسەر مەسەلەی زمان و رەخنەی زمانەوانیی ئەژمارد دەکەن، توانای داڕشتنی پارەگرافێکی پڕ مەعریفەیان لەسەر زمان نییە، ئیدی بەم کۆڵەوارییەوە چۆن لەخۆیان رادەبینن ئەوەندە قەپاڵی گەورە لە بابەتی ستاندەردبوونی زمانی کوردیی بوەشێنن؟ بەم پێودانگانە بێ، زۆر لەوانەی رەخنەی پووچ لەزمانی ئەوانە دەگرن کە گرینگیی بە لینگوافرانکایەکی ستاندەرد دەدەن، هۆقەبازیی و بازرگانیی ئایدیۆلۆژیی دەکەن، چونکە ئەوەی ئەم مێنتاڵیتییە بەرهەمی دەهێنێ لە بەهای زمانەوانییدا زۆر بێنرخ و پووچە (Brink & Lund, 1974, cited in Kristiansen 2001).

بەهای ئارگیومێنتە زمانەوانییەکان ئەوکاتە قورسایی و سەنگی خۆی هەیە، کە ئەم تیۆریی بە ئەو تیۆریی دابگریدرێتەوە، ئەم ئارگیومێنت بە ئەو ئارگیومێنت بکوترێتەوە، نەک بۆچوونێکی لینگویستیکیی، بە لۆژیکێکی شاعیرانە و بە قسەی فۆلکلۆریی و ئایدیۆلۆژیی کۆن و سواو، سواغ بدرێتەوە. یاخود بە خۆهەڵنان و خۆڕادان و بۆڵەبۆڵی هەندێ ئایدیۆلۆژیستی زمانناس و ئەکادیمیستی بێ تێکست و بێ مەعریفە ساغبکرێتەوە. ئەو ئەکادیمیستانەی جگە لە کتێبێک کە

بێگاریان پێکراوەو بۆ تایتڵی  دۆکتەرییەکان نووسیویانە کە بەملیۆن کتێب و بەناو تێزی ئەکادیمیی لەم چەشنە بوونیان هەیە، هیچیتریان نییە شانازیی پێوە بکەن. ئەمانە جگە لە لێدانەوەی قەوانی سواویی جووتستاندەردیی لە کانەداو سویسراو و بەراوردکردنی بە کوردستان، ئارگیومێنتێکی نوێ و زیندوویان پێ نییە. کاتێ توخنی زمانی ستاندەرد دەکەون، دەبێ بیر لە قەبارەو قورسایی ئارگیومێنتە جیاوازەکان بکەنەوە. جەهل دەردێکی ئەوەندە کارییە لەناو هەندێ لە رۆشنبیرانی کورددا، کە هیچ ئاسۆیەکی بۆ گەشەکردن نەهێشتووەتەوە. زۆرێک لەو دۆکتەرو پرۆفێسەر و شاعیر و ستوونووسانەی کورد کە  دژایەتی ستاندەربوونی زمانی کوردیی دەکەن، پەیامێکی سیاسیی و ئایدۆلۆژییان هەیە، بەرژەوەندییخوازن و ئەجێندایەکی تایبەتیی و حیزبیی و مادديی لە بۆچوونیاندایە، نەک لە دیدێکی سکۆلاریی و ئەکادیمیی و بێلایەنییەوە بێت.

زمانی کوردیی لەبنەڕەتدا، لەباری کولتووریی و جیۆگرافییەوە زمانێکی دایاسیستمییە( diasystem چەند سیستمیی )، زمانی کوردیی بەپێی کێڵگەی ستراکتۆری دایەلێکتۆلۆجی زمانێکە یەک رەگوڕیشەی هەیە، بەڵام بەسروشتیی، چەند فۆرمێکی ستاندەردی نووسینی وەرگرتووە. ئەم فۆرمە جیاوازانە، پێوەندیی بە دووریی و دابڕانی دایەلێکتە سەرەکییەکانییەوە هەیە، هاوکات پێوەندیی بە دابڕانە مێژوویی و کولتووریی و سیاسییەکانی هەرێمە جیاوازەکانی کوردستانەوە هەیە. لێرەدا مەترسیی ئەم دایاسیستمییە لەوەدا زۆرتر خۆی دەبینێتەوە کە فۆرمە ستاندەردە جیاوازەکان، سەرەنجام لەیەک دەترازێن و هەر فۆرمەو ستاندەردبوونی خۆی کامڵ دەکات و بەرەو زمانێکی سەربەخۆ هەنگاو دەنێ. هاوکات دەتوانرێ بگوترێ کە زمانی کوردیی تایبەتمەندیی زمانێکی هەمەرەهەندیی و هەمەچەشنیی (pluricentric language ) تێدایە. بەڵام گەورەترین مەترسیی لەسەر هەمەچەشنیی و هەمەجۆریی لە ستایڵ و لەفۆرمی نووسیندا، لەباری سیاسیی و سۆسیۆکولتوورییەوە، راستەوخۆ پێوەندیی بە ئایدێنتیتیی نیشتمانییەوە هەیە.  کاتێکیش هۆشیاریی و ئاگایی تاکی کورد لەئاستێکی کۆلێکتیڤدا رەنگدەرەوەی ئەو ئایدێنتیتییە نیشتمانییە نەبێ، ئەو ئایدێنتیتییە بەسەر هۆز و خێڵ و ناوچە و تایەفەو  شارەکاندا دابەش دەبێت.

هەندێک دەنگ  لەنێو هەورامییەکاندا ( خۆیان بە هۆرامییەکان دەینووسن) پەیدابوونە زۆر بەئاشکرا دەڵێن، هۆرامیی نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و لە نەسڵ و رەگەزی نەتەوەی کورد، جیاوازە. لێرەدا توخم و ئێسنیکی هۆرامییش دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئایا لەڕووی ئێسنیکیشەوە لە کورد جیاوازن؟ عادل محەمەد پوور یەکێکە لەو دەنگانەی کە کەمێک بەشاراوەیی دەڵێ زمانی هۆرامیی جیاوازییەکی ریشەیی هەیە لەگەڵ کرمانجیی ناوەڕاست ( ئەو بە سۆرانیی ناوی دەبات)، ئەو لە نووسینێکدا کە لە " گۆڤاری هۆرامانی ژمارە 20 و ساڵەو پەنجی" بڵاویکردووەتەوە، گومان دروست دەکات کە لە رێزمانی کوردیی (کرمانجیی ناوەڕاست) دا بەراورد بە زمانی هۆرامیی "ناوەکان و راناوەکان و کردارەکان، بەپێی  نێرومێیوونیان گەردانە ناکرێن( پوور، 2009، لا 17 ).

ئەو زیاتر دەڕوات و پێیوایە لە بواری ڕەگناسییشدا هەورامیی و کرمانجیی ناوەڕاست جوداییان هەیەو نموونەی کۆمەڵێ وشە دەهێنێتەوە کە زۆر لێکەوە دوورن، وشە هەورامییەکان لەچەشنی " مەتیە،مازی، کەرگە، هەشە، تاتە، ژەرەژ، مووسای مووسوو، ماڕای، هەوەڕ، هەڕمان.....تاد" ( ibid) بەمشێوەیە بە هاوتا "کرمانجییە ناوەڕاستەکە بەراوردی دەکات! " پوور، پشت، مریشک، ورچ، باوک، کەو، ئەخەوم، شکاندن، کاسەوکەوچک،کار...تاد"( ibid ). عادل پوور لە لایەکەوە دەڵێ " من ناڵێم هۆرامی و کرمانجی ( خوارو ژوور) و.....دوو یان چەند نەتەوەن" ( ibid ). لەلایەکی تریشەوە سەرجەم توێژینەوەکەی لەو ئاستەدا بەگەڕ خستووە.

ئەم نووسینە بڕوای وایە، ئەم گومان و دوودڵیی و خۆهەڵواسینە بەکوردەوە دەبێ یەکلاییبکرێتەوە. هیچ شەرم نییە ئەگەر هۆرامییەکان، یان هەر ئەکادیمیستێک سەلماندی هۆرامییەکان جیاوازبن لەکورد و زۆرینەی خەڵکی هۆرامان ئەمەیان پێباش بوو، داوای سەربەخۆیی نەتەوەیی بکەن و بەئاشکرا نەتەوەی هۆرامان رابگەیەنن. هەمان میتۆد بۆ بادینانیش دروست و عەقڵانییە، کورد بەم زۆروبۆرییە، بەم وشکەکەڵەک و بەم تێکەولێکەیەوە بەهیچ شوێنێک ناگات. ئەگەر زازاییەکان، هۆرامییەکان، شەبەکییەکان، ئێزیدییەکان، بادینانییەکان ئەم هەنگاوە دەنێن، پێویستە ئازادیی تەواویان بۆ دەستەبەر بکرێ و لە ریفەرێندەمێکدا( ریفراندۆمێکدا) جیابوونەوەی خۆیان رابگەیەنن.

دنیا گۆڕاوە، هیچ کەسێ، هیچ نەتەوەیەک، هیچ گرووپێکی ئێسنیکیی پێویست ناکات لە سەردەمی دێمۆکراسیی و مافی مرۆڤ و ئازادیی و گلۆباڵیزەییشندا، ڕەگەزەکەی، ڕەچەڵەکەکەی، نەتەوەکەی، زمانەکەی خۆی لەبەر خاتری ئەم و ئەو بتوێنێتەوە. ئەگەر هۆرامییەکان و زازاییەکان و بادینانییەکان بەم ئاراستەیەدا دەڕۆن، یان هەر تیرەو هۆزێکی تر ئارەزووی خۆجیاکردنەوەیان هەیە، نابێ هیچ جۆرە پێشێلکارییەک بەرامبەریان ئەنجام بدرێ. تەنانەت نابێ هیچ جۆرە سەرزەنشتێکی سیاسیی و کولتووریی و کۆمەڵایەتیی بکرێن. لێرەدا جارێکی تر ئاواتی " کوردستانی گەورە" ئەو کوردستانە پانوپۆڕەی کە سنوورەکانی ئێران و عێراق و تورکیاو سووریا و ئارمینیا تێک دەدات و سەرلەبەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێ، دەکەوێتەوە بەر مەحەکی ناعەقڵانییبوونی پانکوردیزم و لۆژیکی وەجاغی عروبەی کوردەوە (کوردایەتیی). لەگەڵ ناعەقڵانییبوونی وەهمی کوردستانی گەورەدا بەیەکدا هەڵدەشاخێن و ڕەنگڕێژی ئەو کارەساتانە دەکەن کە بەسەر گەلی کورددا دەهێنرێن.

کورد بەزۆروبۆریی ژمارەو و کاکیی-بەکاکیی ناوچەی جیۆگرافیی نە گەورە دەبێت و نە ناودار دەبێت و نە شکۆی سیاسییشی پێ دەچێتە سەر. ئەگەر کورد لەجیاتی ئەوەی بەژمارەی هەنووکە 30 بۆ 40 میلیۆن بێت، 10 بۆ 15 میلیۆن بووایە، بەڵام یەکدەست بووایە لە بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانیی و سیاسیی وکولتوورییەکانیدا زۆر باشترو گونجاوتر بوو. دیارە بەداخەوە هەمیشە ئەوانەی کوردایەتیی و پانکوردیزم دەکەن، وشەی سەقەتی "کوردستانییان" بەکاردەهێنن، ژمارەی ڕاستەقینەی کورد بۆ

سەروو پەنجا میلیۆنەوە دەڕەتێنن. بەبڕوای ئەم باسە ئەگەر ئەو گرووپە ئێسنیکیی و نەتەوەییە جۆراوجۆرانەی دەیانەوێ لەکورد جیاببنەوە، پێویستە ئازاد بن و مافی هەڵبژاردنی ئازادانەیان هەبێ. بەمەش دەردەسەرییەکی زۆر لەکۆڵ کوردان دەبێتەوە. ئەوسا شەڕی خۆبەکوردزانین تەنیا لەنێو کرمانجیی ناوەڕاست و خواروو لەلایەک و کرمانجیی سەروو لەلاکەی تردا درێژەی دەبێت.

مەبەست لەم شەڕە، شەڕی ساغکردنەوەی زمانە. ئەم نووسینە بڕوای قووڵی بەوە هەیە ئەگەر لەهەنووکەی کوردستانی عێراقدا زمانی ستاندەردی کوردیی ساغنەکرێتەوە، یان لەداهاتوویەکی نزیکدا زمانی هاوبەش و یەکگرتووی کوردیی بۆ هەرێمی کوردستان ساغنەکرێتەوە. ئەم دوو زاراوەیەش لە هەرێمی کوردستاندا بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێین بە دوو زمانی سەربەخۆ ببن. هەموو هەوڵە سیاسیی و کولتوورییەکانیش زیاتر بەم ئاقارەدا هەنگاو دەنێن، کە سەرەنجام زمانی کوردیی دابەش دەبێت و بەدڵنیاییشەوە دوو نەتەوەی جیاواز و دوو کولتووری جیاواز دروست دەبێت. ئەگەر سیان و چواریش نەبن. شتێکێ بەڵگەنەویستە کە ئەم دوو زاراوەیەی جووتستاندەردەکان بەدەمیانەوە گرتووە ئەوەندە لێک دابڕاون کە زۆرینەی هەردوولا ئاگایان لەتێکستی یەکدی نییە و بەتەواویی خەریکە بێئاگایی لەتێکستی یەکتریی، لەباری کولتوورییشەوە شەقڵەکەیان گەورەتر بکات.

سەیر لەوەدایە، ئەوانەی داوای چەند ستاندەردیی و یاخود فرە ستاندەردیی زمانی کوردیی دەکەن، ئەوانەی داوای ئەوە دەکەن کە هەر تیرەو هۆزو ناوچەو تایەفەیەک خاوەنی زمانی خۆی بێ و پێی بنووسن و پێی بخوێنن، زۆربەیان کوردایەتییەکی کوێرانەی نەتەوەپەرستییش دەکەن. کوردایەتییەک لە شۆڤینیزمی نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستیی نەتەوەییدا خوساوەتەوە. لەڕاستییدا ئەم کوردایەتییە ساختەیەی ئەوان نەک چەواشەکارییە لەهەمبەر ڕای گشتییدا، بەڵکو ناعەقڵانییبوونی ئەم ئایدیۆلۆژیا پانکوردیزمەش دەگەیەنێ کە چەند کۆڵەوارن لەئاست بابەتێکی کولتووریی گرینگی وەک زماندا. ئەو وەهمی کوردستانە گەورەیەی ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن، لە کردار و عەقڵیەتی سیاسییاندا ، تەخشانکردنی هەمان ئەو کوردستانە گەورە وەهمییەیە بەسەر حیزب و ناوچەو تایەفە و بنەماڵەو دایەلێکتە جیاوازەکاندا.

ئەو زمانە کوردییەی ئەم نووسینە بڕوای پێیە نەدەکرێ زمانێکی ئەفسانەیی و نموونەیی بێ، نە دەشکرێ زمانێکی ئێسپێرانتۆ ( Esperanto- زمانێکی دەستکردی نێونەتەوەیی ) بێ. بەڵکو زمانێکە ئامادەییەکی کولتووریی و سیاسیی زۆر کارای بەسەر جڤاکی کوردیی و تاکی کوردیی و کارگێڕیی کوردییدا هەیە. لە کوردستانی عێراقدا و لەو کارگێڕییەی بەدەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوەیە، ئەم زمانە بەڕانەگەیاندراویی زمانی فەرمیی هەرێمە، زمانی ئەدەبی کوردیی و زمانی باڵای هەرێمە و بەسروشتیی زمانی دیفاکتۆی هەرێمە. ناکرێ سازش لەسەر پرێستێژبوونی ئەم زمانە بکرێ بە بیانووی دڵدانەوەی عەشیرەتگەلێک یان چەند ناوچەیەک، یاخود بنەماڵەیەکی

سیاسیی بەپارەو ئیمتیازات هانی گرووپی دووستاندەردەکان بدات و تاسەر ڕێگریی بۆ یەک زمانی نیشتمانیی و فەرمیی دروست بکەن. ناکرێ یەکێ لەسیمبۆڵە سەرەکییەکانی ڕۆنانی بەنەتەوەبوونی کورد لەکوردستانی عێراقدا بە هەواو هەوەسی چەند سەرکردەیەکی تایەفییەوە یاخود حیزبێکی ئایدیۆلۆژیی و ناوچەگەرییەوە، یاخود هەندێ سکۆلاری ئایدیۆلۆژیست و ستالینیستییەوە ببەسترێتەوە( کە خۆیان بەزماننناس دەناسێنن).

ئەندەرسن لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا "*Imagined Communities*" ، زۆر بەوردیی قامک دەخاتە سەر ئەو توخمە هەستیار و سەرەکییانەی کە کارێکتەری گرینگن لە چێکردنی جڤاکە نیشتمانییە مۆدێرنەکاندا، ئەم کارێکتەرانەش بە ڕەونەق پەیداکردنی زمانێکی خۆماڵیی ئەو گەل و جڤاکانە دەبن کە ببێتە زمانێکی نیشتمانیی و سەرمایەیەکی زەبەلاحی چاپکردن(Anderson 1991 ). ئەم سەرمایە گەورەیەی چاپ، ئەو هەزاران کتێبەی کورد هەیەتی بەم زمانە ستاندەردە نووسراون کە پێی دەنووسین و داوای ئەوە دەکرێ، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە ڕۆحی زمانی ستاندەردی کوردیی دابنرێ.

هەر کاتێ باسی کۆنسێپتی "هێجەمۆنیی" بکرێ، ڕاستەوخۆ گرامشی وەک فیگەرێکی سیاسیی و لینگویستیکیی دەردەکەوێ. ئەو وەک سەرکردەیەکی چینی کرێکار و زیندانییەکی فاشیزمی ئیتاڵیی و تیۆریستێکی کولتووریی زۆر بە دڵگەرمییەوە حەزی بەزمانی سیاسیی ئیتاڵیی و ستاندەردداپزی ئەو زمانە بووە(Ives 2006 ). بەبڕوای ئایڤس، گرامشی ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەهەرچی تۆکمەتربوونی زمانی ئیتاڵیی و کاری لەسەر زۆر مارکسیستی دنیاش کرد کە بایەخ بە زمانی ستاندەرد بدەن. ئەگەر سەیری دوورگە دابڕاو و پارچەپارچەکانی ئیتاڵیا بکرێ و بەراوردی بە کوردستانی دابەشکراو بەگشتیی و کوردستانی عێراق بەتایبەتیی بکرێ، دەتوانرێ بگوترێ ئەگەر لەئیتاڵیادا ئیرادەیەکی نیشتمانیی و ئەکادیمیی و سیاسیی نەبووایە، ئەگەر کۆمەڵێ سکۆلاری پاشکۆی حیزبێکی تایەفیی هەبووایە، هەرگیزاو هەرگیز زمانی ستاندەرد دروست نابوو، بەڵکو دەیان دایەلێکتی جیاواز دەبوون بەزمانی جودا، جێگەی یەک زمانی ستاندەردی هەنووکەی ئیتاڵیایان دەگرتەوە. بگرە هەر دوورگەیەک زمانێکی سەربەخۆی دەبوو.

کوردستانی عێراقیش وەک دەروازەیەک بۆ بەنەتەوەبوونی کورد لەباری سیاسیی و تیۆریی و کولتووریی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە، پێویستە ئەو ئیرادە نیشتمانییەی تێدا بێت کە زمانێکی فەرمیی و هاوبەشی نووسین لە تەواوی قەڵەمڕەوی حکومەتی هەرێم وناوچە کوردستانییەکانی تر وەک کەرکوک و خانەقین و شەنگار بەبڕیارێکی سیاسیی جێکەوت بکات. ڕاستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بەسەر ناوچەکانی کەرکوک و خانەقین و شەنگاردا ناڕوات، بەڵام ڕاستەخۆ پێوەندیی کولتووریی و زمانەوانیی و سیاسییان بەسەریەکەوە هەیە.

لەرابردوودا لە  زۆر شوێنی دنیادا بابەتی ستاندەردداىزی زمان بابەتێکی تەواو سیاسیی بووە. بەواتایەکی تر بابەتێک بووە کە ناسیۆنالیزم و هەستی نیشتمانیی، مۆتیڤی سەرەکیی و بزوێنەری راستەوخۆی بوونە. بۆ نموونە کاتێ فینلاندییەکان پرۆسێسی ستاندەردداىزی زمانەکەیان دەست پێکرد لەبەر دەستگرتن بە ئایدێنتیتییەکی بەهێزی فینلاندیی و بەرزکردنەوەی هەستی نیشتمانیی فینلاندیی بوو بۆ ئەوەی لەنێوان زمانی جێرمانیی و زمانی سلاڤییەکاندا نغرۆ نەبێ ( Wardhaugh 2006 ). بەهەمان شێوەش لە چەرخی بیستەمدا زۆر نەتەوە و گەلانی دنیا پرۆسێسی ستاندەردداىزی زمانی نەتەوەیی یاخود نیشتمانیی خۆیان بە بڕیاری سیاسیی زۆر ئازایانە و لێهاتووانە یەکلاییکردووەتەوە. لەوانە تورکەکان لای کەم لەڕووی فۆرماڵیشەوە بێت لەهەردوو پرۆسێسی ستاندەردداىز و مۆدێرنایزی زمانەکەیاندا سەرکەوتووبوون، بەهەمان پێودانگیش زمانی هیندیی، هیبرۆ( عیبریی)، تۆک پیسین  Tok Pisin لە وڵاتی پاپوا نیگینی، بەهاسا لە ئیندونیزیا و سواهیلی Swahili ( سەواحیلیی)لە تەنزانیا بەهەمان پرۆسێسی سیاسییدا رۆیشتوونە( ibid ).

لە هەلومەرجی سیاسیی و کولتووریی کوردستانی عێراقدا، مەرج نییە بە دیدو مۆدێلە گرامشییەکەی کە پێیوابوو هێجەمۆنیی کولتووریی بە تەسدیقکردنی لەلایەن دەوڵەتەوە مەرجە بۆ هێجەمۆنییە سیاسیی و سۆسیۆکولتوورییەکان پانوپۆڕبکرێتەوە. بەڵکو زمانی کوردیی خۆی لەخۆیدا هێجەمۆنیی کولتووریی تەسدیقکردوە و دۆخێکی دیفاکتۆی هەیە، سەرەڕای ئەوەی گرووپی دووستاندەرد و فرەستاندەردەکان، شێرپەنجەی چەند ستاندەردیی و دووستاندەردیی بۆ قوتدەکەنەوە و بەبێ ئەوەی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی سیاسییش تۆزقاڵێک خزمەتی زمانیان کردبێ. بگرە بەپێچەوانەوە دەسەڵاتێکی عەشیرەتیی و ناوچەیی و بنەماڵەیی و تایەفیی کورد لە 1991-2010 زیانی لە زمانی کوردیی داوە. لەڕووی سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەوە زمانی کوردیی بەسەر کۆمەڵێ ناوچەو شارو زاراوەدا تەخشان و پەخشان  کردووە. چەندین ساڵیشە بەدزیی و بەئاشکرا کۆمەکی کۆمەڵێ بەناو پسپۆری زمانی  کوردیی لە پارچەکانی تر و لەهەندەران دەکات تا رێگە نەدەن یاخود لای کەم گرفتی ئەکادیمیی و لینگویستیکیی بۆ بدۆزنەوەو  بە پشتدا بیخەن. هەوڵەکانی گرووپی دووستاندەردەکان نەک هەر دەچێتە گیرفانی دەسەڵاتی سیاسییەوە، بەڵکو رێک بەدڵی دەسەڵاتێکی تایەفیی و ناوچەگەرایی دەکەن.

لەناو باکگراوندی ئێسنیک و ئیسنۆناسیۆنالیستەکانی  یەک نەتەوەدا لەڕووی ئێسنیکییەوە، سەختە ئەگەر بڵێی دووجۆر یان چەند جۆر دایەلێکت ئەو گرووپە کۆمەڵایەتیی و ئێسنیکییە دابەش دەکات بەسەر چەند زمانێکی جیاواز جیاوازدا، بەڵام کاتێک گەلێک چەند زاراوەیەکی قسەکردنیان هەبێ و هەر زاراوەیەکیش بیەوێ ببی بە زمانی سەرەکیی، شەڕەکە بۆ ناو خودی ستراکتۆری ئێسنیکەکە دەگوێزرێتەوە. ئەستەمە لینگویستەکان و رۆشنبیرەکانی ئێسنیکێکی لەم چەشنە ، بڕیار لە دوو زمان یان چەند زمانی جیاواز بدەن، یاخود لە یەکخستنی زاراوەکاندا رۆڵێکی کارایان هەبێ. لەڕاستییدا

ئەم بڕیارانە بڕیاری سیاسیی و سۆسیۆسیاسیین و پێویستە سیاسییەکان بەکەڵکوەرگرتن لە دیفاکتۆ و گراوندی زمانەوانیی، زمانی ستاندەرد و فەرمیی ساغبکەنەوە( Comrie1990).

لە ئەنسرۆپۆلۆجیای زماندا و تەنانەت لە سۆسیۆلینگویستیکیشدا، mutual intelligibility (تێگەیشتنی هاوبەش یان لێکتێگەیشتنی دووسەرە ) فاکتەرێکی سەرەکیی جیاوازییەکانی نێوان دوو زمانی جودایە. بەهەمان شێوەش لەنێوان زمانێکی ستاندەرد و دایەلێکتێ یان چەند دایەلێکتێکدا هەمان پرۆسێسی لینگویستیکیی خۆی دووبارە دەکاتەوە. بەم پێیەش ستاندەردترین رێگە و زانستییترین شێواز، تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندی ئەو زمانە یان ئەو دایەلێکتەیە بە فیلتەری تێگەیشتراوی هاوبەشدا دەڕوات(132 لا ، Ottenheimer 2009 ). بەڵام ئەگەر تێگەیشتنی هاوبەش mutual intelligibility چارەسەری ئەم کێشە لینگویستیکییەی نەکرد ئەوە دەبێت دەسەڵاتی سیاسیی بە پشتبەستن بە ئەکادیمیای زمانەوانیی و پسپۆڕانی لینگویستیک بڕیارێکی سیاسیی دەربکات بۆ بەلاداخستنی ئەم پرۆسێسە ( ibid). ئەمانە لە مەودا قووڵەکەیدا ئەوە دەردەخەن کە چەند گرینگە لەباری کولتوورییەوە لە مەغزای زمانی ستاندەرد بگەین.

بابەتی جووتستاندەردیی و فرەستاندەردیی لە زمانی کوردییدا، دایەلێکتە کوردییەکان دەکات بە ناوچەی دایەلێکتیی dialect continuum و لە دۆخی دایگلۆسیای زمانی کوردیی دووریان دەخاتەوە. باشترین نموونە، زمانەکانی دەوروبەری کوردستانن، دەکرێ ئاماژە بە زمانی تورکیی و رەگ و لق و پۆپەکانی بکرێ. زمانی تورکیی لە باڵکانەوە بە هەردوو زمانی تورکیی و ئازەربایجانیی دەست پێدەکات و لەناو عێراقیشدا تورکمانەکان دەگرێتەوەو لەئێرانیش ئازەرییەکان و بەولاوەتریش کیرگیستان و کازاخستان و تورکمانستان و ئۆزبەکستان تا بە دایەلێکتە تورکییەکانی وڵاتانی مەنگۆلیاو چین دەگات. ئەمانە بەس بەناو یەک خێزانی زمانیین، بەڵام بەکردەوەو لەبواری پراکتیک و سیاسیی و پەروەردە و کارگێڕییدا هەریەکەو زمانێکی سەربەخۆیە. ئەوەی ئایدیۆلۆژیستە جووتستاندەردەکان داوای دەکەن، رێک ئەوەیە کە کورد دەبێ بە کۆمەڵی نەتەوەی وەک " سۆرانیی و بادینیی و کرمانجیی و هۆرامیی و زازایی................تاد " .

بەهەمان شێوەش ناوچەی دایەلێکتیی dialect continuum لەزمانی فارسییدا، ئەو زمانەی دابەشکردووە بەسەر چەندین زمانی وەک فارسیی( ئێرانیی- ئەفغانیی) ، دەریی ئەفغانیی و تاجیکیی لە وڵاتی تاجیکستان ( هەندێکیشیان لە ئەفغانستانن ) بەتەواویی لێکدابڕاون و لێک دوورکەوتوونەتەوەو نەتەوەبوونی فارس و یەکنەتەوەیی و یەک ئێسنیکی، یەک عانەی ناسیۆنالیستیی ناکات. هەنووکە زمانی دەریی کە لەکۆندا دایەلێکتێکی فارسیی بووە و ئێستا لەخێزانی زمانی فارسیی ئەژمارد دەکرێ بەیەکێک لەزمانە فەرمییەکانی ئەفغانستان و بە یەکێک لە لینگوافرانکای ئەفغانستان ئەژمارد دەکرێ . زمانی تاجیکیی وەک دایەلێکتێکی کۆنی خێزانی فارسیی بەهۆی دابڕانی سیاسیی و جیۆگرافیی و کولتوورییەوە بەتەواویی بە زمانێکی ستاندەردی

سەربەخۆ بووە. هەنووکە کوردیی و فارسیی چەند لێک نزیکین وەک دوو نەتەوەی جیاواز، تاجیکیی و فارسییش بەهەمان شێوە، بەڵام تێگەیشتن لەنێوان تاجیکییەک و فارسییەکدا زۆر زیاترە لە تێگەیشتن لەنێوان هەندێ لە لەهجە کوردییەکاندا..

ئەم نووسینە بڕوای وایە، ئەگەر لەکوردستانی عێراقەوە ئەو زمانە نیمچە ستاندەردەی بوونی خۆی سەلماندووە، لەناو دایگلۆسیای زمانی کوردییدا دەستی پێوەنەگیردرێ و بەهاوکاریی زمانناسانی زمانی کوردیی و دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم، بەڕەسمیی زمانێکی هاوبەشی ستاندەردی نووسین جێکەوت نەکەن، ئەوە بەدڵنیاییەوە چەند دەیەیەکی تر نابات، ئەو حەماس و دڵسووتان و پەرۆشییەی بۆ کوردی پارچەکان لەنێو یەکترییدا هەیە خاو دەبێتەوە. بەڕادەیەک دەرییەک و تاجیکییەک و فارسێکی ئێرانیی چەند دڵیان بەیەک دەسووتێ و لەغەمی هاوبەشی نەتەوەیی و هاوڵاتییبوون و ناسیونالیزمی فارسیی کۆندان ئەوندەش کوردی کرمانجیی ناوەڕاست و زازایی، هەورامیی و کرمانجیی ژووروو....تاد پێوەندیی زمانیی و سیاسیی و تەنانەت کولتووریيان دەمێنێ.

دەستخستنە سەر ئەمە حەقیقەتێکی زۆر زۆر تاڵە، بەڵام لەسەر رێی کورددا وەستاوەو سەرەنجام بە هەوڵ و قاچکێشانەوەی چەند حیزبێکی تائیفیی و چەند زمانناسێکی جووتستاندەرد بە دیفاکتۆ دەبێت. ئەم نووسینە بڕوای بە سۆزڕاکێشانی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستیی نییە، بەڵکو بڕوای بەوەیە لە کوردستانی عێراقدا کاتێ زمانی ستاندەردی کوردیی ساغکرایەوە، ئەوە دەکەوێتە سەر کوردی پارچەکانی تر ئایا ئەو زمانە بە سیمبۆلێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیان دەزانن و دایەلێکتەکەی خۆیانی لێوە نزیک دەکەنەوە یان دایەلێکتەکەی خۆیان بەرەو مەنزڵی ستاندەردبوونی یەکجاریی دەبەن و لە زمانی ستاندەردی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ هەتاهەتایە دووردەکەونەوە.

ئەوەی ئێستا دەکرێ و ئەو هەموو شین و لەخۆدان و خۆڕنینەوەیەی بەناوی کوردایەتیی و ناسیۆنالیزمی کوردیی و نەتەوەییبوون و کوردستانییانەوە بۆ دایەلێکتەکانی زمانی کوردیی و دەستپێوەگرتن و پەیینکردنە ژێریان و ئاودێریی و خزمەتکردنیان دەکرێ ، سەرەنجام گەلی کورد وەک نەتەوەو ئێسنیک دابەشدەکات بەسەر چەند نەتەوەو ئێسنیکێکدا کە جیاوازییەکانیان لە هاوبەشییەکانیان زیاتر دەبێت. زمانی کوردیی تا هەنووکە دۆخی دایگلۆسیا و دایاسیستمیی Diglossia and Diasystem زیاتر بەسەردا زاڵە، ئەگەر زنجیرەی دایەلێکتیی ( یان ناوچەی دایەلێکتیی dialect continuum- ) بەسەردا پراکتیک بکرێ، وەک ئەوەی گرووپی جووتستاندەردەکان دەخوازن، گومانی تێدا نییە زۆر نابات چەندین زمانی جیاواز دروست دەبێت و ئەو وەهمە زۆرەی کە کورد بە دەیان ملیۆن ئەژمارد دەکات، کورد دەکات بەچەند نەتەوەو زمانگەلێکی زۆر لەیەک جیاواز و دابڕاوەوە.

وۆردهۆوگ لەسەربابەخی ستانده‌رددایزی زمان بەوردیی باسی ئەوە دەکات کە سەرەڕای ئەوەی بەسیمبۆڵکردنی جۆرێکە لەئایدێنتیتی، جۆرێک لە پرێستیژی ئاخاوتنیش بە ئاخێوەرانی دەدات، بەڵام لەهەمووی گرینگتر ئەوەیە کە کۆڵەکەیەکی سەرەکییە بۆ زمانی خوێندنی باڵا High Education ی هەر نەتەوەو گرووپێکی کۆمەڵایەتیی (Wardhaugh 2006 ). لە هەرێمی کوردستاندا پرۆسێسی ستانده‌رددایزی زمانی کوردیی لەڕەوتە زمانەوانیی و کولتوورییەکەی دەرچووەو بە تەواویی بۆ ڕەهەندێکی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی گۆڕاوە. ئەوانەی غەمی جێکەوتکردنی ئایدیۆلۆژیاکانیان هەیە ، غەمی یەکدەستیی و یەکنەتەوەیی و یەک ئایدێنتیتی .........تاد نەک ناخۆن بەڵکو مەبەستیشیانە تێکی بدەن. لەهەموویشی خراپتر، دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم بەئاشکرا و بەنهێنیی پارەیەکی زۆر خەیاڵیی لە ئەجێندای جووتستاندەردەکاندا خەرج دەکات و خەڵکێکی زۆریشی بەناوی سکۆلارو ئەکادیمیست و پسپۆری بواری زمانناسییەوە تەجنید کردووە.

لەهەلومەرجی دوو جۆر زمان یان دایەلێکتدا کە بانگەشەی ستانده‌ردبوونی خۆیان دەکەن، فیشمان پێیوایە کە ستانده‌ردی ئۆریجیناڵ یان ستانده‌ردی سەرەکیی "ئەو زمانەیە کە ئالوودە بووە بە کولتوورێکی بالاوە کە مۆبیلایزی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی گەورە دەکات، بەڵام ناستانده‌رد Non-Standard توند توند دەستی گرتووە بە سۆزو خۆشەویستیی بۆ دایەلێکتەکەیان بە پشتیوانییکردنی سەرۆک و پیاوە دەستڕۆیشتووەکانی ئەو گرووپانەی کە کولتوورێکی نەوییتریان هەیە" ( Fishman 1970, p150-151) . ئەم دۆخە بەتەواویی لە کوردستانی عێراقدا روونبووەتەوە. هەنووکە کۆمەڵێ نووسەری خێڵ و دەوار لەگەڵ کۆمەڵی ئەکادیمیستی بەهرەمەند لەدەسەڵاتی سیاسیی و گەندەڵییەکانی ، زۆر بەتوندیی خەریکی دەستگرتنن بەدایەلێکتچیی و ناوچەگەرایی و شۆڤینیزمی لەهجەییەوە.

هەر لەم ئاقارەدا، Lippi-Green پێیوایە مەسەلەی ستانده‌رددایزی زمان مەسەلەیەکی ئاڵۆز و پڕلەکێشەیە، چونکە دەبێ هێزە کۆمەڵایەتییەکان و دەسەڵاتی سیاسیی هەندێجار بڕیارێکی قورس بدەن کە لەسەر حیسابی هەندێ لە زاراوەکان و گرووپەکانی تر تەواو دەبێت. ئەگەر زمانێکی ستانده‌رد و هاوبەش بۆ زۆرینەی کوردەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق هەبێ، پێی بنووسن و پێی بخوێنن، لەهەمان کاتیشدا زاراوەیەک یان چەند زاراوەیەک هەبێ بۆ ئاخافاتنی رۆژانە جا ئەگەر ناستانده‌رد بن یان سەبستانده‌ردبن ، ئەوە بڕیاری دەسەڵاتی سیاسییە کە ئەمە یەکلایی بکاتەوە. لەڕاستییدا ئەمە ناوەرۆکی بڕیارێکی سیاسیی و ئایدیۆلۆژییە کە دەسەڵات بە ئینستیتیوتەکانی دەبەخشێت بۆ ئەوەی بڕیاری یەکجاریی لەسەر ستانده‌رددایز و ئۆفیشەڵکردنی زمانی ستانده‌رد بدەن( Lippi-Green 1997 ). ئەمەیش کێماسیی و ناقۆڵایی دەسەڵاتە کە جەخت لەپرسە نیشتمانییەکان ناکاتەوە، چونکە لەبنەڕەتدا ئیرادەی نیشتمانیی زۆر لاوازە یان هەر نییە.

ئەگەر لەرۆژگاری کۆندا تا سەردەمی مۆدێرنیزمیش کەم تازۆر زمان بەشێوەیەکی سروشتیی گەشەی کردووەو نەوە بۆ نەوە گواستراوەتەوە، بەڵام لە سەردەمی گلۆباڵیزەییشندا بەشێکی زۆری زمانەکان بەرەو پووکانەوە دەچن. سەردەم سەردەمی ستانده‌ردبوونە لەزۆربەی بوارە کۆمەڵایەتیی و

کولتووریی و فیکرییەکاندا. ستانده‌ردبوونی هەر زمانێک واتە ڕێگەگرتن لە فەوتانی کولتووریی زمان. هەنووکە ئەگەر ئەکادیمیست و زمانناسەکانی کورد و دەسەڵاتی سیاسیی کورد لەکوردستانی عێراقدا دەیانەوێ بناغەیەکی تۆکمە بۆ زمانێکی هاوبەش و ستاندەرد دابڕێژن، پێویستە زۆر زوو بە بڕیارێکی لەو چەشنە بگەن.

زمانی کوردییش ئەگەر ستاندەرد نەبێ بە شێوازە سیاسیی و یاسایی و کارگێڕییەکەی، ئەوە گومانی تێدا نییە بەشێکی زۆری ئەو دایەلێکتانەی هەنووکە شەڕی مانەوەی خۆیان دەکەن لە دژی زمانی ستاندەردی کوردیی، سەرەنجام سەری خۆیشیان دەخۆن. چونکە پرۆسێسی ستاندەردبوونی زمان پرۆسێسێکی زۆر گرینگە، ئەگەر هەر زمانێک ئەم پرۆسێسە تەواو نەکات، ئەوە بەرەو پووکانەوە دەچێ یان دایەلێکتەکانی ئەو زمانە بەشێوەی کۆمەڵێ زمانی جیاواز جێگەی دەگرنەوە ( ibid ) . بۆ هەندێ دایەلێکتی زمانی کوردیی ئەمە دیفاکتۆیەکە دەبێ زۆر بەجدیی و هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. بەتایبەت هەورامییەکان و زازاییەکان دەبێ زۆر ئاگاداربن کە لەلایەن شۆڤینزمی لەهجەییەوە مۆڵ نەدرێن و بەگژ زمانی ستاندەردی کوردییدا نەچنەوەو سەرەنجام دایەلێکتەکەی خۆیان جگە لەزیان بەخۆی و بە زمانی کوردیی هیچیتر ناچنێتەوە.

هاوکات خودی پرۆسێسی ستاندەرددایزی هەر زمانێک خۆی لەخۆیدا پرۆسێسیکی مێژوویی و کولتوورییە، بەبڕوای بایرن، ستاندەرددایزی زمان راستەخۆ پێوەندیی بە کۆنتێکستە کولتووریی و مێژووییەکانی ئەو نەتەوەو جڤاکەوە هەیە کە کاری لەسەر کردووە، سەرەنجام یش دایەلێکتێک تەواو دەخەملێ و دەبێتە نێوەندێک بۆ پرسە کولتووریی وسیاسیی و ئەدەبیی و دامودەسگاکان و بواری پەروەردەو............تاد ( Byron 1978 ). کوردەکان لە دۆخێکی مێژوویی زۆر پڕ لەوەرچەرخاندان کە گرینگیی زمان و سیمبوڵیزمی زمانیی و ئایدێنتیتیی نیشتمانیی لەگەڵ هەوای شۆڤینیزمی لەهجەییدا تێکەڵ نەکەن، بەدڵنیاییەوە لینگوا فرانکایەکی ستاندەردو هاوبەش بۆ کوردستانی عێراق دەتوانن جێکەوت بکەن، ئەگەر بە بڕیارێکی سیاسیی نیشتمانییانە ئەو بابەتە لەبەرچاو بگیردرێ.

یەکێک لە هەرە خاڵە لاوازەکانی ناسیۆنالیزمی کوردیی ئەوەیە ناسیۆنالیزمێکی زۆر بێ تێکستە لەمەڕ پێداگریی لە سەر زمانی ستاندەردی کوردیی و دەکرێ بگوترێ تەواوخاڵییە. سەتان ساڵە ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی تر بەتایبەت لە ئەورووپا و ناسیۆنالیزمی ئەو نەتەوانەی لە دەوروبەری کورد دەژین، ئەدەبەکەیان لە سەر گرینگیی و بەهای سیاسیی و کولتووریی زمان لێوانلێوە. کەچیی ناسیۆنالیزمی کەڕەواڵەی کوردیی تا هەنووکەش بێئاگایە لەم ڕەهەندە کولتوورییە پڕبایەخە. چونکە لەڕاستییدا ڕێبەرایەتیی سیاسیی کورد، ئەوەندەی غەمی خێڵ و عەشیرەت و بەرەباب و بنەچە دەخۆن، ئەوەندەی خزمخزێنە پێوەندیی سەرەکیی ئەوانە، ئەوەندەی خەریکی بازرگانیی و پارەپەیداکردن و پاشەکەوتکردنن، یەک لەسەتی ئەوەیش غەمی پرسە نیشتمانییەکانیان نییە.

ئەوە کۆمەڵی پانکوردیستی نابەڵەد و عەوام و رەشۆکیی کورد لەتاراوگە، لە میرە کوردەکانی چەند سەتەیەک لەمەوبەر ماڵوێرانتر و سەرگەردانترن لە ئاست رەهەندی کولتووریی و سیاسیی زماندا.

ئەنسرۆپۆلۆجیستێکی وەک هووستن زۆر جەخت لەسەر رەهەندە کولتووریی و ئەنسرۆپۆڵۆجییەکانی رەهەندی ناسیۆنالیزمی کوردیی دەکاتەوەو یەکێکە لەو سکۆلارە ئەنسرۆپۆڵۆجیستانەی زۆرترین توێژینەوەی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردیی و کێشەی سیاسیی کورد نووسیوە. بۆ توێژینەوەکانیشی ماوەیەکی زۆر لە ئیستەنبووڵ کاری مەیدانیی لەسەر کردووە. ئەو پێیوایە ناسیۆنالیزمی کورد وەک زۆربەی ناسیۆنالیستەکانی تر، چ لەبواری تیۆرییدا و چ لەبواری پراکتیکدا ، هاوکات وەک وێنەکردنی ناسیۆنالیزم لە خودئینستیتیوتێکی کولتوورییدا پێویستییەکی ژیاریی بە شۆڕشی زمان هەیە ( Houston 2009). ئێستا گرووپی جووتستاندەردە سەرگەردانەکانی زمانی کوردیی نەک هەر خەریکی تێکدانی ئەو شۆڕشە زمانییەن کە چەندین دەیەیە تێکستی کوردیی لەکوردستانی عێراقدا دەیپارێزێ بەڵکو بەدنەی دەسەڵاتی گەندەڵی سیاسیی و بەپارەی بودجەی خەڵکی کوردستانەوە، خەریکی تێکدانی ئەو شۆڕشە زمانییەن.

گێلنەر یەکێکە لەو ئەنسرۆپۆڵۆجیست و سکۆلارانەی زۆر بەجدییەوە باسی لەبەهای زمان لە ناو ئەجێندای ناسیۆنالیزمدا کردووە. ئەو پێیوایە کە فاکتەرێکی زۆر سەرەکیی بۆ ئەوەی نەتەوەیەک پێناسەی خۆی بکات و خۆی بناسێتەوە زمانە، چونکە زمانە وا لە تاکەکانی گرووپێک دەکات کە مەیلیان بۆ ناسیۆنالیزم Nationalism-prone هەبێ ( Gellner 1997). باشە کاتێک تاکەکانی گرووپێکی ئێسنیکیی مەیلیی سیاسیی و ئایدیۆلۆژییان بۆ دایەلێکت و ناوچەگەریی و هۆزگەریی و تایەفەگەریی هەبێ چۆن دەکرێ بڕوا بهێنرێ کە مەیلیان بۆ ناسیۆنالیزمێکی سیڤیک و رەهەندە نیشتمانییە کۆلێکتیڤەکان هەبێت؟ ئایا بەڕاستیی ئەوەی گرووپی دووستاندەردەکان دەیکەن خۆڵکردنە چاوی خەڵکەوە نییە لەپەنای نەتەوەییبوون و کوردستانییبوون و مافی زمانییدا کە دەیانەوێ میراتی فیکریی و سیاسیی و کولتووریی ناسیۆنالیزمی کوردییش دابەش بکەن؟

بەهەمان شێوەش ، ئەندەرسن زۆر گرینگیی بە زمانی ستاندەردی نەتەوەو جڤاکەکان دەدات و زۆر بەوردیی و بەڕوونیی ئاماژە بە سێنترالبوونی زمانی نەتەوەیی یان زمانی نیشتمانیی ئەو نەتەوەو گەلانە دەکات کە لە قەوارەیەکی سیاسییدا کۆبوونەتەوە یان دەیانەوێ کۆببنەوە. ئەندەرسن پێیوایە جێکەوتکردنی زمانێکی نیشتمانیی National Language ( ناشناڵ لێرەدا بەمانای نەتەوەیی نایات بەڵکو بە واتای نیشتمانیی دێت ) فاکتەرێکی سەرەکییە پاش ستاندەردکردن و هۆمۆجینییەسبوونی زمانەکە لەئاستە کولتووریی وسیاسییەکاندا، ئەمەش رێگە خۆش دەکات کە دەوڵەت یان حکومەت یاخود کارگێڕیی ناوچەیی، یەک ئایدێنتیتیی نیشتمانیی چێبکات ( Anderson 1991 ) . لەکاتێکدا ئەوانەی کوردایەتییان بە شێوە شۆڤینیزمییەکەی دەست داوەتێ و ئەو ئەکادیمیستە کۆمۆنیستانەی لەژێر پەرچەمی فیکریی و ئایدیۆلۆژیای دیکتاتۆرییانەی ستالینیزمدا باسی مافی دایەلێکت لەبری

مافی زمانیی دەکەن و داوای ئایدێنتیتیی ناوچەگەرایی و دایەلێکتە جیاوازەکان دەکەن و بە دیفاکتۆی زمانی کوردیی دەڵێن " شۆڤینیزمی سۆرانیی" گەورەترین تەگەرەی بەردەم بەڕەسمییناسینی زمانی ستاندەردی هەرێمی کوردستانن.

دیارە لەسەردەمی دروستبوونی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەییەوە، نەتەوەو جڤاکەکان داوکارییە کولتوورییەکانیان زیادیکردووەو بە ئاشکرا داوای خوێندن بەزمانی خۆیان دەکەن. ئەمە مافێکی رەوای خۆیانەو پێویستە پشتگیریی بکرێن. بەڵام ئەوەی کە ناجۆرە و خاڵێکی پاشەکشە لە پاراستنی یەک زمانی نیشتمانیی و دروستکردنی یەک سیمبۆڵی زمانیی و یەک زمانی ستاندەرد بۆ یەک نەتەوەی سەر بەهەمان ئێسنیک ، داواکردنی خوێندنە بە دایەلێکتەکانی یەک زمان ( kook , 2000, pp-49-50). ئەوەی جێگەی کۆمیدیا و پێکەنینێکی ئایدیۆلۆژییانەیە، گرووپی دووستاندەردەکان رێک بەدڵی دەسەڵاتی کوردیی و عەقڵییەتی خێڵ و تایەفەگەریی لەناو کورددا داوای خوێندن بە دایەلێکتە جیاوازەکان لە ئاستی هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەکەن.

بەر لە تەواوبوونی ئەم باسە، پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە، کرۆکی ئارگیومێنتەکانی ئەم توێژینەوەیە، بەگژداچوونەوەی بۆچوونی گرووپی دووستاندەردەکانە، کە رێبەرایەتیی ئەو گرووپە بە دەست د.ئەمیری حەسەنپوورەوەیە. مەسەلەی ئایدیۆلۆژیستبوونی ئەوان لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە حەسەنپوور، مارکسیستبوونەکەی وایلێکردووە کە بەجیهانبینیی چەپی کلاسیکییەوە لە زمانی کوردیی بڕوانێ. ئایدیۆلۆژیای مارکسیزمە وای لە حەسەنپوور و لایەنگرانی کردووە کە باسی مافی دایەلێکت بە ئەنقەست لەجیاتی مافی زمانیی بکەن. بەڵام خاڵی سەرەکیی و گرینگ کە بزرە لە ئارگیومێنتەکانی ئەواندا، ئەوەیە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە نایەن ئەو شکستە ئەکادیمییانەی خۆیان بچننەوە کاتێک زمان و دایەلێکتیان بەقەستیی تێکەڵکردووە. ئەو ئازادە هەر فیکرو بۆچوونێکی سیاسیی هەبێ ، پێویستیشە رێز لەبۆچوونەکانی بگیردرێ. بەڵام ئازاد نییە کە بەتەواویی جڵەوی ئایدیۆلۆژیی و عاتیفیی خۆی شلکردووەو وەک شێخێك رێگە دەدات کە لایەنگرانیی پێیدا هەڵبدەن و گەورەی بکەنەوە و سەقەتترین بۆچوونی نالیگوینستیکیی بهێنێتە ناو باسی ستاندەردایزی زمانی کوردییەوە و ئایدیۆلۆژییانە جوێن بدات و زمانی نەتەوەکەی خۆی بە " شۆڤینیزمی سۆرانیی" بچوێنێ.

لەڕاستییدا بۆچوونەکانی حەسەنپوور و لایەنگرانیی بەخۆیان بزانن یان نا، لەگەڵ بۆچوونەکانی سەرۆکی ئینستیتیوتی پاریسدا ( کەندال نەزان) هاوتەریبن و رێکورەوان بە قسەو بەدڵی حیزبێکی تایەفیی و بنەماڵەیی و ناوچەگەرایی وەک پارتیی دیموکراتی کوردستان دەکەن. کەس نییە گومانی لەوە بێت کە " کەندال نەزان" چەند لەخزمەتی بنەماڵەی بارزانییدایەو چەند لێیان سوودمەندە. بەداخەوە هەموو کارە ئەکادیمییەکانی حەسەنپوورو هاوڕێکانیشی سەرەنجام دەڕژێنەوە ناو رووبارەکەی "نەزان" و رێگریی لە بەفەرمییناسینی یەک زمانی نووسینی هاوبەش بۆ پەروەردەو

خوێندنی باڵاو کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەکەن. جا ئەگەر ئەجێنداکانی "نەزان" تایەفیی و ناوچەگەرایی و کرمانجیبیبوونە، ئەوە ئەجێنداکانی حەسەنپوور و لایەنگرانی لەکوانووی ئایدیۆلۆژییەوە سەرەنجام خزمەت بەهەمان میتۆدی بیرکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی( پارتیی) و "نەزان" دەکەن.

**حەسەنپووری ئایدیۆلۆژیست لە هەمبەر مەسعود محەمەدی ئەنسرۆپۆڵۆجیستدا:**

تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، کەسێک نەدەناسرا بەناوی ئەمیری حەسەنپوور کە هیچ قورساییەکی کولتووریی و سیاسیی بەهیچ هاوکێشەو رووداوێکی سیاسیی و کولتووریی کوردستانەوە هەبێت. بەبڕوای ئەم نووسینە ئەوە مەسعود محەمەد بوو ئەو پیاوەی بە خوێندەوارانی ئەو سەردەمە ناساند لەڕێی نامیلکە وەڵامێکەوە بەناوی " بۆ ئەمیری حەسەن پوور لەهەرکوێیەک بێت". زمانی داڕشتنی ئەو نامیلکەیە زمانی ئینتێلێکچواڵێکی ئەو سەردەمەیە کە بە زمانی جووتیارو گەداو کرێکارێک قسە لەگەڵ هەلومەرجە ماددیی و مەعنەوییەکان دەکات و هەڵیان دەسەنگێنێ. زمانی فەیلەسووفێکی کوردە بە دیدی کولتووریی و ئەنسرۆپۆڵۆجییەوە لە رووداوەکان و ئایدیۆلۆژیاکان دەڕوانێ. بەواتایەکی تر کەرەسەی سەرەکیی شرۆڤەکردنەکانی مەسعود محەمەد خودی چینە هەژارەکانی کۆمەڵگەی کوردییە، بەڵام بەمیتۆدێکی زۆر ئێستیتیکانەو زانستییانە بابەتەکانی لەیەک هەڵکێشاوەو لە ئایدیۆلۆژیای چینایەتیی جیایان دەکاتەوە.

لەڕاستییدا کێشەو رقی ئەمیری حەسەنپوور لە مەسعود محەمەد لەسەر مەسەلەی زمانناسیی نییە، چونکە حەسەنپوور تەنانەت یەک ئارگیومێنتی ئەکادیمیی و زانستیی بۆسەر کێشەی زمانی کوردیی زیاد نەکردووە، جگە لە تەگەرەخستنە سەر رێی ساغبوونەوەی زمانی کوردیی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا. ئەوەی حەسەنپوور هەیەتی تەنیا نامەی دۆکترایەکەتی وەک هەزاران ئەکادیمیستی تر لەقوژبنێکەوە دانیشتووە و جارجار هەندێ لە لایەنگرانی پێیدا هەڵدەدەن و جارجارەش ئامۆژگاریی بۆ سەرکردایەتیی کورد لەشێوەی نوشتەدا دەنووسێ و کەسیش گوێی لێ ناگرێ. تەنانەت بگرە بابەتی جووتستاندەردییەکەی لە فیکری ساتیع ئەلحوسریی و دۆکترینی پانعەرەبیزم و پەیام و مانیفێستۆی حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتراکییەوە دزییوەو بە خوێنەری کوردی دەفرۆشێتەوە. حیزبی بەعس و پانعەرەبیزم زۆر پێش ئەمیری حەسەنپوور کەوتوون لە کوردستانی عێراقدا کە زمانی کوردیی بەسەر دوو پێچکەدا دابەش بکەن.

---

ئەوەی حەسەنپوور دەیکات تیۆرایزکردنی دیدی عروبەی پێش بەعس و سەردەمی بەعسە لەمەڕ زمانی کوردیی. بەڵکو لەڕاستییدا ئەو کەوتووە بەسەر بوغزێکی زۆر قووڵدا لەهەمبەر مەسعود محەمەددا و چەندین ساڵە پێی دەڵێن بۆ وەڵامێکت بۆی نەبوو، مەگەر هەر بڵێ ئەو ئەکادیمیست نییە! لەڕاستییشدا مەسعود محەمەد ئەکادیمیست نەبوو، بەڵام موفەکیر بوو، ئینتیلێکچواڵ بوو، کەسێک بوو دەقی فیکریی بەرهەم دەهێنا و ئارگیومێنتی دەورووژاند و ئارگیومێنتی تیۆریی بەیەکدا

دەدا و پێشبینیی رووداوە سیاسیی و کولتوورییەکانی دەکرد. ئەم نووسینە بڕوای بەوەیە کە ئەگەر یەکەمین ئەنسرۆپۆڵۆجیست لە مێژووی هەموو کورددا دەستنیشان بکرێت، بێگومان مەسعود محەمەد ئەو شەرەفەی پێدەبڕێت. سەیری ئەم پێشبینییە گەورەیەی مەسعود محەمەد بکرێ، ئەوسا مرۆڤ لە مەزنیی هزری ئەو رادەمێنێت کە لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا دەڵێ "ئێمە گەیشتینە ڕۆژێک دیتمان حیزبی شیوعی بەهێزی وەک هی فرەنسە بڕیاری دا لەسەر پێویست نەبوونی دیکتاتۆریەتی پرۆڵیتاریا. رۆژانی دیکەش زۆرن لە پێشمان کەوا گەلێک بڕیاری لەوە بەهێزتر و بەجورئەتتر لە جیهانی شیوعی و ناشیوعی دەنگ بداتەوە.( محەمەد، 1984،لا 22).

حەسەنپوور و لایەنگرانی چۆن هەنووکە مافی زمانیی و مافی دایەلێکتییان ( شتێک نییە بەم تێرمۆنۆلۆجییە) لێ تێک چووە، چۆن دایەلێکتەکانی زمانی کوردییان لێ بووەتە زمانە جیاوازەکانی ( فرانسیی و ئینگلیزیی) لەکانەدا، یاخود لێیان بووەتە زمانە جیاوازەکانی" ئەڵمانیی، فرانسیی و ئیتاڵیی........" لە وڵاتی سویسرا، لە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاشدا ئەم تێکەولێکەیەی هەبووەو لە هەنووکەشدا هەیەتی. مەسعود محەمەد لەسەرەتای هەشتاکاندا دەڵێ " "مامۆستا ئەمیر دێت دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی سەر بە ئابووریی و پلەی گۆڕانی مێژوویی تێکەڵ بەیەکدی دەکات، بەوەدا کە ملّکدار و فیۆداڵ بەیەک شت دادەنێت کەچی دوو شتی زۆر لەیەکدی جودان" ( هسپ،لا23).

نامەکانی نێوان مەسعود محەمەد و ئەمیری حەسەنپوور لە دوو کەس دەچن لەسەر ئایدیۆلۆژیا کێشەیان بێت و پێوەندییەکیان بەزمانەوە نەبێ. دیارە مەسعود محمەد ئایدیۆلۆژیست نەبووە، بەڵکو شەڕی سەرسەختی لەگەڵ ئادیۆلۆژییدا کردووە، نەیارێکی گەورەی دیکتاتۆریی ستالینیزم و ئەو کۆمۆنیزمە باوەی ئەو سەردەمە بووە. ئینتیلێکچواڵێکی لیبراڵ و تەواو ئازاد و سەربەخۆ بووە. لە سەردەمی جەبەروتی بەعس و ترۆپکی دەسەڵاتی سەدام حوسێندا لە شاری بەغداد خەریکی توێژینەوە و بەرهەمهێنانی دەقی فیکریی بووە. ئەگەر لە مێژووی ناسیۆنالیزمی کورددا، ئەحمەدی خانیی و حاجی قادری کۆیی بە کرۆک و بەردی بناغەی فیکری ناسیۆنالیزمی کوردیی ئەژمارد بکرێن، ئەوە مەسعود محەمەد یەکەمین ئینتێلێکچواڵ و یەکەمین بیرمەندی کورد و یەکەمین ئەنسرۆپۆلۆجیستی کوردە کە فیکری ناسیۆنالیزمی کوردیی و خودی حاجی قادری کۆیی تیۆرایز کردووە و لەڕووی فەلسەفیی و کولتوورییەوە شرۆڤەیانی کردووە.

هەرچیی حەسنپوورە، لایەنگرێکی سەرسەختی دیکتاتۆریای پرۆلیتاریاو رژێمی ستالینستیی و چەپی کلاسیک بووەو تا هەنووکەش لەهەمان فانتەسیی ئادیۆلۆژییدا ئەمسەرو ئەوسەر دەکات. کەواتە ئەوانەی پێیانوایە کە ئەمیری حەسەنپوور لەسەر جیاوازیی هزریی لەمەڕ زمانی کوردیی و میکانیزمی ستاندەردبوونی زمانی کوردیی لەگەڵ مەسعود محەمەددا کێشەیان هەبووە بەهەڵەدا چوون. راستە بۆچوونەکانیان جیاواز بووە، بەڵام ئەوەی کەوای لەحەسەنپوور کردووە بەوشێوەیە ئەکادیمییەی! خۆی لە مەسعود محەمەد هەڵپلێ و ناوی نەهێنێ و ناڕاستەوخۆ لە بۆچوونەکانی

بدات و لەڕێی میدکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و لایەنگرەکانییەوە هێرش بکاتە سەری، کێشەی ئایدیۆلۆژیاو فیکری مارکسیستیی بووە نەک کێشەی زمانی کوردیی بووبێت.

مەسعود محەمەد هاتووە شرۆڤەی کۆمۆنیزم و ژێرخان و سەرخانی ( رووبینا ) ی کۆمەڵگەی کوردیی لەڕووی کولتوورییەوە کردووە تا ئەوەی لەڕووی سیاسییەوە بیکات. بەواتایەکی بەرینتر بەبێ ئەوەی زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیا لەناو کورددا جێکەوت بووبێ و ئینتیلێکچواڵی کورد لەو سەردەمەدا زۆر بەسادەیی لە رووداو و دیاردە کولتوورییەکانیان کۆڵیونەتەوە، بەڵام ئەو هاتووە ئەنسرۆپۆلۆجییانە، مارکسیزم و کۆمۆنیزمی لە کۆمەڵگەی کوردییدا داوەتە بەر رەخنەی زۆر بێبەزەییانەی کولتوورییەوە. ئەنسرۆپۆلۆجیستانە ژیان و مێژووی حاجی قادری کۆیی بەر رووناکیی داوە. ئا لێرەوەیە رقی ئەمیری حەسەنپوور لە مەسعود محەمەد کە سەرلەبەری بۆچوونە ئایدیۆلۆژییەکانی حەسەنپووری وردوخاش کردووە، هەروەک دەڵێ "عەجایب و سەد عەجایب هونەری سابڵاغی فیۆداڵ لەهی ئامێدی فیۆداڵ ناکات بەڵام دەبێ هەردوو هونەری لەیەکدی نەکردووی سابڵاغ و ئامێدی هاوچوونی هونەری ژاپۆنی فیۆداڵ بن. ئەرێ کاکە ئەمیر تەناقوزی لەوە سەیرترت بیستوە؟" ( هسپ،لا 47). یاخود دەڵێت" نووسینەکەی کاک ئەمیر، کە دەنگی فێرگەیەکی فیکری فەلسەفی مەعلوم دەداتەوە، رووبەڕووی مەتەڵێکی تەماوی نامەفهومان دەکات ......" ( هسپ،لا 54). هەر ئەو فێرگە فیکریی و ئایدیۆلۆژییەیە کە وای لە حەسەنپوور کردووە لە زمانناسییدا، دایەلێکت و زمان، وەک دۆو دۆشاو تێکەڵ بکات.

حەسەنپوور لەهەر دەرفەتێکدا بۆی هەڵکەوێت هێرش دەکاتە سەر مەسعود محەمەد، ئەوەتا لە تازەترین چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا، کە دەسگایەکی پارتیی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات و گۆڤارێکە لە چوارچێوەی ئەجێندای حیزب و ئایدۆلۆژیای حیزب بەقولانج لانادات و دەرناچێ، بە مەسعود محەمەد دەڵێ" لەسەر چینی دەرەبەگی دەکردەوەو دەرەبەگانی بە < برا گەورە> ی دادەنا" [4] لەراستییدا ئەمە جگە لە بوغزێکی ئایدیۆلۆژیی بەرامبەر بە مەسعود محەمەد نەبێ بە مووش راستیی تێدا نییە. چونکە مەسعود محەمەد لەچینی ناوەندی ئەو سەردەمە بووەو لەڕووی گوزەرانەوە کەمێک ئاریستۆکراتیی بووە. ئەو "چینی ناوەند"ەی تا هەنووکەش حەسەنپووری ستالینیست بە تێرمۆنۆلۆجییە عەنتیکەکەی خۆی ( بەوردە بۆرژوازیی!) ناوی دەبات، بەڵام مەسعود محەمەد دژی چینی کرێکارو هەژارو جووتیارو سەپان و پاڵەو گەدا نەبووە، بەڵکو دژایەتیی مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کردووە. دژایەتیی بۆچوونە ستالینییەکانی حەسەنپووری کردووە. بەپێچەوانەوە مەسعود محەمەد کەسێکی ناسیۆنالیستیش نەبووە بەڵکو کەسێکی نیشتمانیی و واقیعیی و پراگماتیی بووە. مەسعود محەمەد ئەوەندە موفەکیرێکی ئازادییخواز بووە، ئازادیی بە هەموو شتێ رەوا بینیوە. بەپێچەوانەی حەسەنپوورو ئایدیۆلۆژیاکەیەوە کە ئازادییان بەس بۆ

---

[4] گۆڤاری گوڵان، ژمارە 799، 2010/09/27

دەسەڵاتی کۆمۆنیزم و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەوێت. هاوکات مەسعود محەمەد ئەوەندە راستگۆ بووە درۆی بەدەم کەسەوە نەکردووە و دنیای لە جیاوازیی چینەکاندا بەتەنیا نەدەبینیەوە.

هەر لەهەمان گۆڤاری گوڵاندا ( ژمارە 799 ) حەسەنپوور بێ موناسەبە هێرش دەکاتەوە سەر ئەوانەی لایەنگری یەک زمانی فەرمیی و ستاندەردی کوردیین و داوای ساغکردنەوەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەکەن. بەڵام ئەمجارە لەبری" شۆڤینیزمی سۆرانیی و فاشیزمی سۆرانیی" بە سۆرانییخوازەکانیان دەچوێنێ. خوێنەری وریا بگەڕێتەوە سەر ئەو چاوپێکەوتنەی حەسەنپوور لە گۆڤاری گوڵاندا، بۆی دەردەکەوێ ئەو پیاوە کە گوڵان بەبیریارو ئەکادیمیست و دۆکتەرو.................تاد دەیناسێنێ، چەند لەڕووی مەعریفیی و فیکرییەوە داماو و هەژارو کۆڵەوارە؟ تەنانەت خودی ئەو زمانەی کە وەڵامی پێدەداتەوە زۆر رووتە و لاوازە. چەند نابەڵەدە لە تیۆرییەکانی گەشەسەندنی ناسیۆنالیزم بەگشتیی و ناسیۆنالیزمی کوردیی بەتایبەتیی؟ چۆن بەچاویلکەی مارکسیستبوونەوە سەیری هەموو شتێ دەکات و بەس لەو دیدە سیاسییەوە هەموو رووداوەکان دەخوێنێتەوە؟ لەکاتێکدا مارکسیزم کەمترین شرۆڤەی لەسەر ناسیۆنالیزم کردووە. جگە لە چەند وتارێکی مارکس و هەندێ وتاری سیاسیی لێنین لە هەموو ئەدەبیاتی کۆن و نوێی مارکسیستەکاندا بگەڕێی لە شیعاری ئایدیۆلۆژیی و وتاری حەماسیی و بەدیۆکردنی ناسیۆنالیزم بەدەربڕینی فانەتیکانە، شتێکی ئەوتۆ بەدەست ناکەوێ. ئاخر حەسەنپوور جگە لە مارکسیزم هیچ مەعریفەو پاشخانێکی فیکریی پێ نییەو خوێنەری وریا تێدەگات ئەو پیاوە ماوەی چەندین دەیەیە لەرۆژئاوا دەژی، هەنووکەش وەک شیوعیی و توودەکانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوو دنیا دەخوێنێتەوەو بەتەمای " شۆڕشی سەرتاسەریی پرۆلیتاریا"یە. لە کاتێکدا خودی مارکسیزمەکەی حەسەنپوور گەورەترین کێماسیی هەیبێت کێماسیی مەعریفیی و کولتوورییە.

مرۆڤ ئەگەر دیدە جیاوازەکان بخوێنێتەوە پانوپۆڕتر دەبێ. بەبڕوای ئەم نووسینە حەسەنپوور ئەوەندەی تریش تەمەنی ژیانی درێژ بێتەوە، بەم ئایدیۆلۆژیا زماننناسییەیەوە ، بەم دیدە ستالینیستییەیەوە ناتوانێ یەک لەسەتی مەسعود محەمەد "فیکر و فەلسەفە" بەرهەم بهێنێ. مەسعود محەمەد وەک خۆی لە کتێبی "حەمەغای گەورە" دا لەسەر پێوەنان و زیاد لێبەستن و لێکەمکردنەوە بەدەق دەڵێ" ناولێنانی کەم و زیاد ئێمەی تێدا بەهەڵە دەچین. هەرچی مرۆڤە بەدالەنگاندنی ناوەکەی یاخود نازناوەکەی یەکسە دووچاری ستەم و زەرەر دەبێت و ئەو ئەرکەی کە بەو ناوەی گەیاندووە لێی دەچێتە هیچە. ئنجا خۆشمان لە دوولاوە زەرەر دەکەین لایەکیان ئەوەیە کە بەسڕینەوەی مایەی شانازی لەناوی تاکێک بایی نرخی ئەو شانازییە دەست بەتاڵ دەمێنێتەوە. لای دووەمیان ئەوەیە کە بەو بێ ئینسافییە فێری بوختان و ساختەو هەڵبەستن دەبین، چونکە رەوادیتنی تاکە یەک ساختە دەرگایە بۆ رەوادیتنی هەر ساختەیەکی دیکە کە حەزی لێدەکەین ئیتر چ بە لێکەم کردنەوە بێت و چ بە لێزیاد کردن بێت"( محەمەد 1984، لا 3) . ئایا بەویژدان و بەمۆراڵی مارکسیستبوونەکەی حەسەنپوور، ئەوەی دەرهەق بە مەسعود محەمەد دەیڵێ بوختان و

ساختەو هەڵبەستن نییە؟ ئایا ئەوە ستەم نییە، حەسنپوور پێش ئەوەی لەو موفەکیرەی بکات لە خۆی دەکات؟ ئەم هەموو خۆسەغڵەتکردن و ساختەکاریی و پێوەنانە مارکسیستییانە بۆچیی؟ ئاخر بەڕاستیی ئەمەی حەسەنپوور بەدەربڕینی خۆی "سفرەی جوێن راخستن نییە".

مەسعود محەمەد لەهەمان کتێبدا و لەسەر عەقڵیەتی باوی پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردووی رۆشنبیرانی کورد نووسیویەتی کە بەچەپ و شیوعییبوونەوە گرتبوویان و هەموو دنیا لایان کۆنەپەرستیی و نۆکەری ئیمپریالیزم بوو، تەنیا قەڵاکەی لێنین و ستالین نەبێ کە بەمیلیۆن میلیۆن کرێکارو جووتیارو خەڵکی زەحمەتکێشیان لە کوورەی کۆمۆنیزمدا برژاند و قەلاچۆیان کردن. دووبارە بەدەق دەڵێ" رۆشنبیری کوردی سەردەم وەها لەبەر زمانی خۆش دێت هەڵدانەوە و رێزلێنان بۆ مرۆڤی نەدار و بێسامان و رووت و قووت بێت و رقی لە شۆرەتی پیاوانەی خاوەن سامان و دەسەڵات هەڵدەستێت..............رەنگە من لەو گەنجانە پتر حەز بەوە بکەم کە لەچینی هەژار و رەشوڕووتی کورددا قارەمانی وەها بدۆزمەوە لەسەری بنووسم. بەڵام هەرگیز ئەو تاوانە بەئەستۆی خۆمەوە ناگرم بەساختە قارەمانەتی دروست بکەم بۆ هەژار یاخود ساماندار" ( هسپ، لا 3 ). ئەو کابرایە چونکە لەسەر پیاوێکی دەوڵەمەندی وەک حەمەغای گەورە( نازناوەکەی گەورەیە و بەو ناوەوە ناسراوە) نووسیویەتی و لەڕووی کولتووریی و مێژوویی و سیاسییەوە شرۆڤەی کارو چالاکییەکانی حەمەغاو رائیدی ناسیۆنالیزمی کورد "حاجی قادری کۆیی" کردووە، ئیتر حەسەنپوور بەکەمالی ئیسراحەت پێی دەڵێ دەرەبەگ پەرست بووەو دەرەبەگی کوردی بە " براگەورە" چوواندوە. ئایا ئەمە گوناهێکی گەورە نییە ئەم ئەکادیمیستە پڕبەرهەمەی! کورد ئەم قسانە بۆ مەسعود محەمەد هەڵدەبەستێ؟ ئایا حەسەنپوور وەک لێی تێکچووە کە ئەرک و فەنکشنی زمان و دایەلێکت تێکەڵ دەکات؟ بەهەمان شێوەش وەک مەسعود محەمەد دەڵێ " ملْکدار و فیۆدال" ی تێکەڵ کردووە، ئایا بەڕاستیی خەڵکی پارەدار و سامانداری لەگەڵ دەرەبەگپەرستییدا لێتێکنەچووە؟

هەژار موکریانیی، سەرەڕای ئەوەی ئەزبەنیی بنەماڵەی بارزانیی بووەو دژی حیزب و بزوتنەوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران وەستاوەتەوەو کارو پیشەی پێداهەڵدان بەبارزانییدا بووە، بەڵام ناکرێ لە ئەدەبی کوردییدا قورسایی کولتووریی و زمانەوانیی ئەو پیاوە بسڕدرێتەوە. موکریانیی لەسەر مەسعود محەمەد دەڵێ" لەهەموو کوردستان و لە هەموو جیهانیشدا کەس وەک مەسعود محەمەد نانوسێ، کەسێ قەڵەمی ئەوی نیە، ئەو کوردییەی ئەو دەینووسی دەتاقەتی کەسدا نیە"[5] دیارە ئەو پارەگرافە وەرگیراوانەی مەسعود محەمەد رێنووسەکانی وەک خۆی نووسراونەتەوە کە بۆ لای کەم سیی ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنەوە. هەژار زۆر راست دەکات، نەک ئەوسا ، هەنووکەش کەس نییە بەو زمانە پاراو و پڕ مەعریفەیە، بەو زمانە فەلسەفیی و کولتوورییە دەوڵەمەندە، بەو

---

[5] هەردوو وتەکەی هەژار موکریانیی و کەمال مەزهەر لە کۆوتەیشنی کتێبێکەوە وەرگیراوە لەنووسینی عومەر عەلی غەفور کە لەم لینکەدا دەست دەکەون.
http://www.tishkbooks.com/content/tishk-054-masud-muhammad.pdf

زمانە ئێستێتیکە گرامشییەی ئەو بنووسێ. کەمال مەزهەریش دەڵێ" مەسعود محەمەد هیچی لە بەرنادشۆ کەمتر نەبووە لە زاراوە بژێری و زمانی عەرەبیدا کەس نەبووە شان لەشانی بدات... هەر بوارێکی هەڵبژاردایە شۆڕەسواری مەیدان بوو" [6] بەبڕوای ئەم نووسینەش لەهەموو مێژووی کورددا تا هەنووکەش کەس وەک مەسعود محەمەد بەدیدی ئەنسرۆپۆلۆجیی و کولتوورییەوە شرۆڤەی مێژوو و رووداوە سیاسیی و کولتوورییەکانی نەکردووە. مرۆڤ سەراسیمە دەبێ لەتواناى داهێنان و بلیمەتیی ئەو پیاوە کاتێ بەرگەکانی کتێبی " حاجی قادری کۆیی" دەخوێنێتەوە.

رەخنەگرتن لە مەسعود محەمەد و لە کتێبە نایابەکانی " حاجی قادری کۆیی" ، " مرۆڤ و دەوروبەر"، "دەستەو دامانی نالی" ، " ژیان و جهیانبینی" و " وجهة نظر في التفسير البشري للتأريخ .......تاد " زۆر ئازایەتیی و شارەزایی و پانوپۆڕیی دەوێ. کەسێک دەتوانێ رەخنە لە فیکری ئەو پیاوە بگرێ بەخەرمان کتێبی کولتووریی خوێندبێتەوە، نەک بەس پەڕەی کۆمەڵێ کتێب و ئەدەبیاتی سیاسیی و مارکسیستیی ( ئەویش زۆر بەڕووکەشیی ) هەڵدابێتەوە. گرینگە وەک هەر بیریارو فەیلەسووف و شارەزایەکی فیکریی رەخنە لە مەسعود محەمەد بگیردرێ. بەڵام ئەوانەی لەدیدی ئایدیۆلۆژییەوە دەیانەوێ لە دیدە ئەنسرۆپۆلۆجیی و فەلسەفیی وکولتووریی و زانستیی و زمانەوانییەکانی ئەو کەمبکەنەوە، بەدڵنیاییەوە خۆیان بچووک دەکەنەوەو خۆیان بێزراوتر دەکەن. ئاخر نەبووە لە گۆڤاری حیزبێکی وەک پارتییەوە، هێرش بکەیتە سەر مەسعود محەمەد، کەچیی خۆیشت پێ مارکسیست و پێشکەوتووخواز! و ئازادییخواز! و دیمۆکراسییخواز بێت.

## ئەنجامگیریی:

ئەم توێژینەوەیە جەختی لە ئایدێنتیتیی نەتەوەو جڤاکی کورد لە ناو بۆتەی زمانێکی هاوبەشی نووسین بۆ کوردەکانی کوردستانی عێراق کردەوە. ئارگیومێنتەکانی ئەم باسە لەنێوان دوو بۆچوونی جیاوازدا پاڵپشتیی لە زمانێکی فەرمیی و ستاندەرد لەئاستی عێراق و کوردستانی عێراقدا دەکات و پێیوایە ئەگەر درێژە بەو شێوازە بێسەرەوبەرەییەی پەروەردەو کارگێڕیی هەرێمی کوردستان بدرێ، زمانی کوردیی بۆ چەند زمانێکی سەربەخۆ و دوور لەیەکەوە هەنگاو دەنێ. ئەگەر بادینانی کوردستانی عێراق دەیەوێ دایەلێکتەکەی خۆی بکات بەزمانێکی سەربەخۆ و هەر زاراوەیەک زاراوەکانی تر بە لۆکاڵیی بچوێنێ و خۆی بە ستاندەرد بناسێنێ، ئەوە زمانی کوردیی لە مەودایەکی نزیکدا، وەک زمانە هاوڕەگە تورکیی و فارسییەکان، دەبێ بەچەند زمانێکی تەواو سەربەخۆ و بۆ هەتاهەتایە گەلی کورد لەڕووی زمان و کولتوورەوە لێکدادەبڕێ.

ئەو دابڕانە کولتوورییە دابڕانێکی سیاسیی و جیۆگرافییشی بەدواوە دەبێ و چەند گەل و چەند نەتەوەو چەند زمانێکی تەواو جیاوزا لەیەکتری دروست دەبن. ئەو کاتە سیمبۆلی نەورزۆز چەند

[6] هەمان فووتنۆتی ژمارە پێنج، دووبارە بووەتەوە.

ئەفغانیی و ئێرانیی و کوردێکی سوریا بەیەکەوە دەبەستێتەوە هەر ئەوەندەش گەلی دابەشکراو و هەنجنهەنجنکراوی کورد، بەیەکەوە دەبەستێتەوە؟ ئەوسا نە ئالآی کورد و نە یادەوەریی هاوبەش و نە سیمبۆلیزمی بەناو شکۆی نەتەوەیی ، گەلی کورد ناکات بەنەتەوەیەک کە بەدڵنیاییەوە جیاوازییەکانیان لە یەکچوونەکانیان زۆرتر دەبێت. ئەم هەلەی بۆ کوردستانی عێراق هەڵکەوتووە ئەگەر نەقۆسترێتەوە، بەنێگەتیڤی کاردەکاتە سەر پارچەکانی تری کوردستان و زمانی ئەوانیش دابڕدابڕ دەکات.

فاکتەرێکی سەرەکیی ئەوەی کە کورد نەبووەتە خاوەنی زمانێکی ستاندەردو فەرمیی لە کوردستانی عێراقدا، نەبوونی ئیرادەی سیاسیی و نیشتمانیی و ئیرادەی کۆلێکتیڤیی و کولتوورییە. سامانی کولتووریی نەتەوەی کورد لەکوردستانی عێراقدا سامانێکی پەرشوبڵاوەو هێزە سیاسییەکان و حیزبە دەستڕۆیشتووەکان زیاتر تەخشان و پەخشانیان کردووە. سامانی لینگویستیکییش بەشێکە لەسامانی کولتووریی بەکەڵوەرگرتن لە دیدی بۆوردیو پێویستە تۆکمەبکرێتەوەو لەئاستی کوردستانی عێراقدا ئۆفیشەڵ بکرێتەوە.

نەبوونی ئەدەبێکی نیشتمانیی و نەزۆکیی ناسیۆنالیزمی کورد لەبواری تێکستدا، دوور لە چەمکی تایەفەگەریی و ناوچەگەریی، یەکێکیترە لەو فاکتەرانەی زمانی ناسیۆنالیزمی کوردیی تێکستی ئەوەندە نەبەخشیوە بەئەدەبەکەی کە ناوچە جیاوازەکان لە دەوری فاکتەرێکی سیمبۆڵیی و ئایدێنتیتیی وەک زمان کۆبکاتەوە. ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حیزبە دەسەڵاتدارەکانییەتی کە عەقڵییەتی حوکمڕانییان پێوەندیی بەدیدی کەسی دەوڵەتیی و بەهای نیشتمانییەوە نییە. چونکە زۆرینەی ئارگیومێنتەکان جەخت لەسەر ڕۆڵی دەسەڵاتی سیاسیی لە جێکەوتکردنی زماندا دەکەنەوە.

ئەوەی گرووپی دووستاندەردو فرە ستاندەردەکان دەیکەن، ڕێک بەپاڵپشتی دەسەڵاتی سیاسیی کوردەوە دەیکەن و هەموو پرۆژەکانیان دەچێتە خانەی ئایدیۆلۆژیی و گیرفانی دەسەلاتی سیاسییەوە. ئەوان زمانی کوردیی لەدۆخی دایگلۆسیاوە بۆ دۆخی ناوچەی دایەلێکتیی دەبەن. ئەوان بیرۆکەکەی پانعەرەبیزم و حیزبی بەعس و هاشم عەقراویی سەردەمی بەعس کە ڕێگەدان بوو بە دوو شێوازی خوێندن و دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە بەهەردوو زاراوەی کرمانجیی ناوەڕاست و بادینانیی، بە کۆمەڵێ ئارگیومێنتی ئەکادیمیی پێچەوانەی بەهاو مۆڕالی زمانناسیی پشتئەستوور دەکەن. لەڕێی دەسەڵاتی سیاسیی و ڕۆژنامەو کەناڵی ڕاگەیاندنە حیزبییەکانەوە، لەڕێی سێمینارو دەعوەتی حیزبییەوە، بەبودجەی خەڵکی کوردستان و بەهاوکاریی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ کەنداڵ نەزاندا، کارەکانیان و نووسینەکانیان گەشە پێدەدەن و ئەم شەقڵە زیاتر دەکەن و زمانی کوردیی بۆ هەتاهەتایە، پارچە پارچە دەکەن.

هەڵبژاردنی پارلەمانیی 2010 لە ئاستی عێراق و کوردستاندا ئەو راستییەی سەلماندەوە کە پرۆژەی جووتستاندەردیی لەزمانی کوردییدا چەند ناعەقڵانییەو چەند پەیامێکی تایەفیی و ناوچەیی و ناستاندەردە. فۆرمی دەنگدان و کارتی زانیارییەکان و رێنماییەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و سایتەکەیان بەهەرسێ زمانی ئینگلیزیی و عەرەبیی و کوردیی بەڕێوە دەچوو. بەحوکمی دیفاکتۆ، زمانی عەرەبیی لە ئینگلیزیی و کوردییەکە زیاتر کاری پێدەکرێ و زانیارییەکان زیاتر بەعەرەبیی هەن و زمانی کوردیی هێشتا لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ داتاکان و رێنماییەکاندا، بەتەواویی بەرامبەر بەعەرەبیی نییە.

ئەگەر وڕێنەو ئەفسانەی شۆڤینیزمی لەهجەیی و کۆمیدیای گرووپی دووستاندەردەکانی زمانی کوردیی چەکەرەی بکردایە، ئەو فۆرم و زانیارییانەی کۆمسیۆن بۆ خەڵکی عێراق بە چوار زمان( ئینگلیزیی، عەرەبیی و کوردیی بە جووت پێچکەیی) چاپبکرانایە، چ کاردانەوەیەکی نەتەوەو ئێسنیکە جیاوازەکانی عێراق و نێوەندە نێودەوڵەتییەکانی لێ دەکەوتەوە؟ ئایا لەوە کۆمیدییتر و لەوە گاڵتەجاڕییتر و لەوە جاهیلانەتر هەیە کە تورکمان و کەلدۆئاشوورییەکان و تاد زمانیان قوفڵ بدرێ و کوردیش دوو زمانی نووسینی لە عێراقدا هەبێ؟ ئایا عەرەب و تورکمان و کەلدۆئاشوورییەکان و ئێزیدییەکان (کە بەحیساب زۆرینەیان کوردن) و سائیبەکان....تاد چ دڵێکیان بەو کوردستانە خۆش بێت کە ئەگەر سبەی رۆژ کەرکوک و ناوچە تەعریبکراوەکانی سەردەمی بەعس بۆسەر جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان بگەڕێنەوەو ئەوان بێ زمان بن و کوردیش دوو زمانی پەروەردەو نووسین و دامودەسگایی هەبێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە، ناڵۆژیکیی و نازانستیی و نائەکادیمییبوون و ناعەقڵانیی ئەو ئەفسانە زمانەوانییە دەردەخات کە کورد لەناو زمانەکەیەوە چۆن بۆ هەتاهەتایە کەرتوپەرت دەکەن.

کاتێ وڕێنەو کۆمیدیای لینگویستیکیی حەسەنپوور و گرووپی جووتستاندەردەکان لەئاستی عێراق و کوردستاندا بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە، گۆڵمەزی کۆمیدیایەکە سەیروسەمەرەتر دەبێت! بۆ نموونە چەند شاش و کۆمیدییە ئەگەر لە ئارمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە هەنووکە بەزمانی عەرەبیی و کوردیی نووسراوە بەم شێوەیە( مجلس النواب، ئەنجومەنی نوێنەران) بەخڕیی خراونەتە لۆگۆیەکەوە، زمانێکی تری کوردیی تێبخزێنرێ؟ ئای لەو کۆمیدیایە ناعەقڵانییە!




ئەگەر زاراوەی کرمانجیی یان بادینانیی بۆ زیاد بکرێ وەک ئەوەی گرووپی دووستاندەردەکان دەیخوازن، دەبێ رستەیەکی وەک " جڤاتا نوێنەران" ی بخرێتە سەر. باشە ئەی مافی تورکمان و ئاشووریی و .........گرووپ و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی تری عێراق، ئەی مافی زمانیی! هۆرامییەکان؟ بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەم کرمانجیی ناوەڕاستە کەڵک لە کرمانجیی ژووروو وەربگرێ و یەک فۆرمی نووسین، یەک ستایڵی رێزمانیی و داڕشتن پێڕۆ بکرێ، چارەسەرکردنەکە زۆر ئاسانتر نابێت؟ بۆ نموونە وەک لەم لۆگۆیەی خوارەوەدا:




لێرەدا، نووسراوە " عێراقمان پێکەوە ئاڤا ئەکەین" یاخود "سەرژمێری گشتی دانیشتوان ئاڤاهیان بۆ ساڵی" هەرچەندە داڕشتنەکانیان دەبووایە بەمجۆرە بووایە" عێراقمان، پێکەوە ئاڤا دەکەین" و " سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان و ئاڤاهیان بۆ ساڵی" بەڵام لێرەدا کرمانجیی تێکەڵی زمانی کوردیی ( کرمانجیی ناوەڕاست) کراوە. ئەم تێکەڵکردنە لەڕووی وشە تێکەڵکردنەوە زۆر جوانتر و دروستتر نییە لەو وڕێنە ئەکادیمیی و کۆمیدیا زمانەوانییەی جووتستاندەردەکان داوای دەکەن.
بەکورتییەکەی تێکەڵکردنەکە لەسەرەوە دەکرێ، یان ئەوەی بە موتوربەکردن ناسراوە، بەڵام هەرگیز پرۆژەی جووستاندەردیی لە کوردستانی عێراقدا بەرهەمی نابێ، جگە لە جودایی و دوورکەوتنەوەو کەرتبوونی گەلی کورد، ئەگەر بیانەوێ هەر دایەلێکتەو بۆخۆی ستاندەرد و فەرمیی بێت.

وەک دوا لێکدانەوە لەسەر ئەم بابەتە، لەڕووی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە زۆر گرینگە بایەخ بەلایەنی کولتووریی زمانی ستاندەرد بدرێ. یان وەک ئەوەی جەیمس میلڕۆی بە کولتووری زمانی ستاندەردی Standard Language Cultures ناوزەد دەکات( Milroy 2001 ). لە رووی ئەنسرۆپۆلۆجیای زمەنەوە، بەرزیی و نزمیی زمان، پرێستیژبوونی زمان و قورسایی لەسەر ئایدیۆلۆژیای ستاندەربوون هیچ پێوەندییەکی لەدوورو نزیکەوە بە پرۆسێسی ستاندەرددایزبوونەوە نییە، بەڵام زۆر گرینگە ئاماژە بە مێژووی ستاندەردبوونی زمانەکان بکرێ و ئەوە شرۆڤە بکرێ کە کۆدەنگیی لەسەر یەک زمانی ستاندەرد لەناو دایەلێکتەکانیدا و لەلایەن ئینستیتوتەکانەوە بەدەسگایی بکرێ وبەفەرمیی بناسرێ(ibid). ئەمەش بۆ هەلومەرجی کوردستانی عێراق زیاتر بڕیارێکی سیاسییەو جگە لە ئیرادەی سیاسیی و تێگەیشتنی کولتووریی و سیاسیی و نیشتمانیی بۆ پرسی زمانی ستاندەرد، هیچیتری ناوێ.

سەرەنجام، گرنگترین خاڵێک کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ، ئەوەیە کە ئەم توێژینەوەیەو زۆربەی ئەوانەی بڕوایان بە جێگیرکردنی یەک زمانی فەرمیی و ستاندەردە لەکوردستانی عێراقدا، هیچ حەزێکی ناوچەویی و وابەستەبوونێک بە دایلێکتێکی تایبەتەوە وایانی لێنەکردووە کە داوای ئەوە بکەن کرمانجیی ناوەڕاست بە بەردی بناغەی زمانی ستاندەرد بێتە ئەژماردن. بەپێچەوانەوە ئەم نووسینە و زۆر کەسانی تریش بڕوایان وایە هەر دایەلێکتێک لەناو دایەلێکتە کوردییەکاندا لەتوانایدا هەیە ئەم ڕۆڵە بگێڕێ و ببێ بە بناغەی زمانی ستاندەردی کوردیی لەکوردستانی عێراق، پێویستە یارمەتیی بدرێ. زۆر گرینگە ئەوە لەبەرچاوبگیردرێ، ئەفسانەی کوردستانی گەورەو زمانی کوردیی نابێ تێکەڵ بکرێن. سەرجەم ئەم باسەو زۆربەی ئەوانەی باسی یەک ستاندەردیی لەزمانی کوردییدا دەکەن، مەبەستیان کوردستانی عێراقە لەهەنووکەدا، هاوکات پێویستیشە یەک رێنووسیی لە زمانی کوردییدا جێکەوت بکرێ. بۆیە بەهەمووئەگەرەکان ئەوە کوردستانی عێراقە هەلومەرجەکەی تەواو خەملیوە کە زمانی ستاندەردی کوردیی لەسەر بناغەی یەکێك لە زاراوە کوردییەکان و بەیەک شێوازی ئەلفبێی نووسین بچێتە قۆناغی کارکردنەوە

**References (in English):**


1. Anderson, b. (1991), *imagined communities* (London: verso).
2. Bex, t. And watts, r.j. (eds) (1999), *standard English. The widening debate*. London/new york: Routledge
3. Bourdieu, p. (1994,) sociology in question (theory, culture & society) London, sage publications (ca), translator: nice,richard
4. Bourdieu, p. (1986). The forms of capital. In j. G. Richardson (ed.), *handbook of theory and research for the sociology of education* (pp. 240–258). New york: greenwood press.
5. Bourdieu, p. (1991). *Language and symbolic power*. Cambridge, ma: harvard university press.
6. Bourhis, r. Y. (2001) reversing language shift in Québec. In j. Fishman (ed.), *can threatened languages be saved?* (pp. 101–141). Clevedon, England: multilingual matters.
7. Brink, l. And lund, j. (1974) *udtaleforskelle i danmark. Aldersbestemte – geografiske– sociale*. København: gjellerup. ( translation)

8. Byron j, l. (1978), linguistics and the study of language standardization *current anthropology*, vol. 19, no. 2 (jun., 1978), pp. 397-399
9. Calvert, s. L. (2002). Identity construction on the internet. In s. L. Calvert, a. B. Jordan & r. R. Cocking (eds.), *children in the digital age: influences of electronic media on development* (pp. 57-70). Westport, ct: praeger.
10. Comrie, bernard (1990), “introduction,” bernard comrie (ed.), *the major languages of eastern Europe*, London: Routledge, 1-19
11. Crystal, d. (2001). *Language and the internet*. Cambridge: Cambridge university press.
12. Eckert p, rickford jr. 2001. *Style and sociolinguistic variation*. Cambridge, UK: Cambridge University. Press
13. Fishman, j. (1970) sociolinguistics*: a brief introduction.* Rowley, mass.: Newbury house
14. Foley w a 1997 *anthropological linguistics: an introduction*. Blackwell, Malden, ma
15. Freeman, r. (2004). *Building on community bilingualism*. Clevedon, UK: multilingual matters
16. Gellner, e (1997) nationalism. London winfield and nicolson.
17. Gibson, k .(2004), English only court cases involving the u.s. workplace: the myths of language use and the homogenization of bilingual workers’ identities, *university of hawai‘second language studies, 22*(2), spring 2004, pp. 1-60
18. Giddens, a. (1991) *modernity and self-identity*. *Self and society in the late modern age*. Cambridge: polity press.
19. Greenfield, p. M., & subrahmanyam, k. (2003). Online discourse in a teen chartroom: new codes and new modes of coherence in a visual medium. *Journal of applied developmental psychology, 24,* 713-738.
20. Grotevant h. D. (1998). Adolescent development in family contexts. In w. Damon & n. Eisenberg (eds.), *handbook of child psychology; vol. 3: social, emotional, and personality development, 5th ed.* (pp. 1097-1149). New York: Wiley
21. Halliday, m. ( 2003) , written language, standard language, global language, world English, vol.22, no.4, pp. 405-418.
22. Hanks w,f.( 2005). Explorations in the deictic field. *Cult. Anthropol.* 46:in press, available:http://d.scribd.com/docs/1gde2vcje59fsmlglx8z.pdf
23. Hartley, l.c. and preston, d.r. (1999) the names of US English: valley girl, cowboy, yankee, normal, nasal and ignorant. In t. Bex and r.j.watts (eds) *standard English. The widening debate* (pp. 207–238). London/new york: Routledge
24. Hatton, b. (2008), Portugal may defer to brazil on standardizing language, ex-colonial master takes blow to pride, available at :http://legacy.signonsandiego.com/uniontrib/20080427/news_1n27words.html
25. Herring, s. C. (2000). Gender differences in cmc: findings and implications. *Computer professionals for social responsibility journal, 18* (1). Retrieved january 5, 2005 from http://archive.cpsr.net/publications/newsletters/issues/2000/winter2000/herring.html
26. Herzfeld, m. (1996). National spirit or the breath of nature? The expropriation of folk positivism in the discourse of Greek nationalism. In *natural histories of discourse*, ed. M silverstein, g urban, pp. 277–300. Chicago: univ. Chicago press
27. Hirschman TO. (1970) exit, voice and loyalty , Cambridge university press
28. Horowitz, l. (1985) , ethnic groups in conflict, berkeley : university of California press
29. Houston, c (2009), an anti-history of a non-people: Kurds, colonialism, and nationalism in the history of anthropology in *journal of the royal anthropological institute (n.s.)* 15, *19-35*
30. Ives p ( 2006) , ‘global English’: linguistic imperialism or practical lingua franca? *Studies in language & capitalism,* 1, 2006: 121 – 141.
31. Kaplan, r.b. and baldauf, jr., r.b. (1997) *language planning from practice to theory*. Clevedon: multilingual matters.

32. Keyes, c. (1967). Isan: regionalism in northeastern Thailand. Cornell university southeast Asia program data paper no. 65. Ithaca, ny: cornell university.
33. kloss, h. (1967) "abstand languages and ausbau languages" in *anthropological linguistics* (harvard : harvard press)
34. Kook,r. (2000) " towards the rehabilitation of nation-building and the reconstruction of nations " in s. Ben-ami, y. Peled, a. Spektorowski (eds.) Ethnic challenges to the modern nation state. London, NewYork : macmillan press, St martin's press.
35. Kristiansen, t. ( 2001) *the notion of standard language in late modernity: introducing three studies of young danes' perceptions and evaluations of standardness in language*, language awareness, vol 10. No.1
36. Laponce , j a (1992) language and politics in hawkesworth and kogan ( eds ) 1992, encyclopedia of government and politics , rutledge
37. Liebkind k, tandefelt m, and moring t.( 2007), *why a special issue on the Swedish-speaking Finns?*, int'l. J. Soc. Lang. 187/188 (2007), pp. 1–11
38. Lippi-green, r. (1997). English with an accent: language, ideology, and discrimination in the united states. London: Routledge
39. Lyons, j. (1968). *Introduction to theoretical linguistics*. Cambridge: cambridge university press.
40. Mandelbaum d g (ed.) (1949) *selected writings of Edward Sapir in language, culture, and personality*. University of California press, Berkeley, Ca
41. Matisoff, j. A. (1991). Endangered languages of mainland Southeast Asia. In endangered languages, Robert h. Robins and eugenius m. Uhlenbeck (eds.), 189–228. Oxford: berg.
42. Milroy j 2001,language ideologies and the consequences of standardization, journal of sociolinguistics 5.4-2001 university of Michigan .
43. Milroy, l. And Milroy, j. (1991) *authority in language. Investigating language prescription and standardisation* (2nd edn). London/New York: Routledge
44. Norton pierce, b. (1995). Social identity, investment, and language learning. *Tesol quarterly,29*(1), 9-31.
45. Ottenheimer, h j (2009), the anthropology of language: an introduction to linguistic anthropology, second ed, 2009 , wadsworth, USA
46. Patte, M F. (2007), standardization and endangered language in: w. Leo wetzels (ed.), language endangerment and endangered languages: linguistic and anthropological studies with special emphasis on the languages and cultures of the andean-amazonian border area. (illa). The research school of Asian African, and Amerindian studies (cnws). Leiden university, the Netherlands: 129-156
47. Rice, p. (2006). Linguistic profiling: the sound of your voice may determine if you get that apartment or not. Press release: Washington university in St. Louis
48. Rubin, j. (1968) national bilingualism in Paraguay, the Hague: mouton
49. Silverstein, m. (1998). Monoglot "standard" in America: standardization and metaphors of linguistic hegemony. See brenneis & macaulay, pp. 284–306
50. Smalley, w. A. (1988). Multilingualism in the northern Khmer population of Thailand. Language sciences 10, 395–408.
51. Spolsky, b. (1999). Second-language learning. In j. Fishman (ed.), *handbook of language and ethnic identity* (pp. 181-192). Oxford: oxford university press.
52. Tandefelt m and finnä ( 2007) language and demography:historical development, int'l. J. Soc. Lang, 187/188 (2007), pp. 35–54
53. Trudgill, p. (1999) Standard English: what it isn't. In t. Bex and r.j. watts (eds) *standard English: the widening debate* (pp. 117–128). London/New York: Routledge.
54. Turkle, s. (1995). *Life on the screen*. New York: simon and schuster.
55. Wardhaugh, r. (2006). *An introduction to sociolinguistics*. Malden, ma: Blackwell publishing.
56. Whorf b l 1956 *language, thought, and reality: selected writings of Benjamin lee Whorf* [ed. Carroll j b]. Mit press, Cambridge, ma
57. Widdowson, H G. (1973). *extending the scope: de-standardization, in an applied linguistic approach to discourse analysis* unpublished ph.d. thesis by h.g. widdowson, department of linguistics, university of Edinburgh, may 1973. Available at : http:www.oup.com/elt/catalogue/guidance_articles/discourse_analysis?cc=global
58. Hall, g. (2005): *we are what we teach? Values in English language teaching*. 10th appi international congress for teachers of English as a foreign language. Invited keynote address. Lima, Peru.

59. Woodlard k a 1998, *introduction language ideology as a field of inquiry* in language and ideologies , practice and theory ( eds ) by schieffeling b b, woolard k a and kroskrity p v , oxford university press, new york.
60. Haugen , e.(1966) . Dialect, language, nation. *American anthropologist* 68 (4): 922–935

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردیی:**

1. پوور، ع 2009 ، گۆڤاری هۆرامان، ژمارە 20 و مانگو5 و ساڵەو2009
2. حەمە، د 2009 " زمانی ستاندارد تاکە سیماو هۆکاری جیاکەرەوە نییە،چ بۆ کورد و و چ بۆ نەتەوەو گروپی تر، وەڵامێک بۆ کامیار سابیر" رەخنەی چاودێر، ژمارە 158، لا 2، 30—3-2009 سلێمانیی.
3. خەزنەدار م ، رۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە 794 ، 17-08-2008 لاپەڕە 6
4. شاکەلی 2009 " زمانی کوردی لەئاستانەی سەردەمێکی تازەدا " ستۆکهۆڵم.
5. محەمەد، م ( 1974)، *وردبوونەوە لەچەند باسێکی رێزمانی کوردی*، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،بەغداد.
6. محەمەد، م( 1984 )، *بۆ ئەمیری حەسەن پوور لەهەرکوێیەک بێت*، کۆماری عێراق، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە ( 103)، بەغداد.
7. میراودەلیی کەمال 2009 ، " حیزب، نەتەوە، پەیمانی نەتەوەیی" هاوڵاتی ژمارە 511 یەکشەممە 29-03-2009 لا16

# وڕێنەی ئایدیۆلۆژیی یان شۆڤینیزمی سۆرانیی!

"شۆڕشەکان وەک درەختن، بە بەروبوومەکانیاندا باشیی و خراپییان دەردەکەوێ"

Ignazio Silone

ئەم وتارە هەوڵدەدات، تەشەرە ئایدیۆلۆژییەکانی ئەمیری حەسەنپوور لەمەڕ زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانی عێراق تەتەڵە بکات. ماوەیەکە ناوبراو زنجیرە وتارێک دەنووسێت و لەژێر سەردێڕی" شۆڤینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکانی" لە **(ژمارەی 24ی هەفتەنامەی فەرهەنگ کە ڕۆژنامەی هەولێر دەریدەکات 2010/03/31)** بڵاکراوەتەوە کە بەپارەو بودجەی خەڵکی کوردستان چاپ دەکرێت و بە مفت دەبەخشرێتەوە. لە نووسینی ئەکادیمییدا لەخۆوە بەکارهێنانی ئەو چەمکانە جۆرێکە لەجوێندان( سلێمانییانە جنێو). ناوبراو هەر سەردێڕی وتارەکەی جوێندانەو سووکایەتیی بە زمانی نەتەوەکەی خۆی و پۆستە ئەکادیمییەکەی خۆیشی دەکات.

زۆرکەس بۆچوونە ناواقیعیی و نازانستیی و نازمانەوانییەکانی ئەویان شرۆڤە کردووە و شێرپەنجەی دووستاندەردیی و چەندستاندەردییان لەزمانی کوردییدا بەرباس و لێکۆڵینەوە داوە. ئەوەی سەیرە دەڵێی کوردە ناموسیی دەکات، نەک بەسەر خۆی ناهێنێ بەڵکو تادێت کرۆکی بابەتەکە زیاتر دەجەڕێنێ و لە ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزمدا زیاتر دەیخوسێنێتەوە و بوختانیش بۆ هەموو ئەوانە دەکات کە داوایەکی زۆر عەقلانییان لە دەسەڵاتی سیاسیی کرد بۆ بەفەرمییناسین و ساغکردنەوەی زمانی کوردیی لەکوردستانی عێراقدا، بەکەڵکوەرگرتن لەهەموو زاراوەکانی تر و گرینگییدان بە زاراوەکانی تر لە ئینستیوتەکاندا، داواکارییەکان کە لە دوو خاڵدا کۆکرابوونەوە، بەهیچ شێوەیەک جێگەی تۆمەت دروستکردنی تێدا نابێتەوە. وەک ئەوەی هەندێ کۆمۆنیستی فەناتیکی بەحیساب زماناس، تۆمەتی شۆڤینیزمی سۆرانیی و فاشیزمی سۆرانیی لێدەدەن.

ناوبراو بەدیدی ستالینیستانە ئەو هەوڵ و توێژینەوەو نووسینانە بە شۆڤینیزمی سۆرانیی دەچوێنێ. لەکاتێکدا زمانی کوردیی ( ئاوێتەی کرمانجیی ناوەڕاست و خواروو) لەرووی زمانناسییەوە هیچ پێوەندییەکی بە تێرمێکی سەقەتی " سۆرانیی" یەوە نییە، کەچیی ئەو کوردە نامووسیی و کۆمۆنیستبوونەکەی وایلێدەکات، زۆر ئایدیۆلۆژییانە و بەمەبەستەوە بەردەوام وەک جوێن بەتێکەڵکردن لەگەڵ چەمکی شۆڤینیزمدا بەکاری بهێنێ. لەکاتێکدا کۆمیدیا لینگویستییەکەی ئەو، رێکورەوان کورد بەسەر چەندین نەتەوەی جیاوازدا لەناو ماڵی زمانەکەیەوە دابەش دەکات.

مەسەلەی زمانی رەسمیی و ستاندەرد لەکوردستانی عێراقدا زۆری لەسەر نووسراو گوترا، بەڵام وەک یادهێنانەوەیەک، ئێمە دەڵێین لەکوردستانی عێراقدا، ئەوان دەڵێن لە کوردستانی مەزندا، ئێمە دەڵێین وەک نەتەوە پێویستمان بەیەک زمانی نووسینی نیشتمانیی هەیە، ئەوان دەڵێن هەموو زاراوەکان پێکەوە دەدۆشین و پێکەوە بە قەیماغیان دەکەین! ئێمە دەڵێین لەعێراقدا، عەرەبیی و کوردیی زمانی رەسمییە، ئەوان دەڵێن دەبێ زمانی کوردیی دوو پێچکەی گەورەو چەندینی بچکۆلەیشی لەژێردا بێت، کە هیچیشیان پێ نامێنێ پەنا بۆ ناووناتۆرە دەبەن و بەخەڵک دەڵێن فاشیست و بەزمانی نەتەوەکەیشیان دەڵێن شۆڤینیزم . لەم روانگەیەوە ئەم وتارە لەو جوێنە ئایدیۆلۆژییانەی ئەوان دەکۆڵێتەوە. با تاوانەکانی شۆڤینیزم و فاشیزم و نازیزم و ناسیۆنالیزم و پانیسلامیزم لەلایەک دابنێین و تەنیا بەتاوانەکانی کۆمۆنیزم کە لەسەت ساڵی رابردوودا روویان داوە بەراوردیان بکەین. چونکە ئەمیری حەسەنپوور و لایەنگرانیی لەدیدی کۆمۆنیزم و ئەنتی ئیمپریالیزمەوە، سەفسەتەی فاشیزم و کۆمۆنیزم بۆ هەموو شتێک کە پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئەوان بێت بەکاردەهێنن.

بەنموونەیەکی خۆماڵیی ئەگەر دەست پێبکەین، ئایا بەڕاستیی کام سەرۆک جاشی کورد لەکوردستانی عێراقدا هەیە کە زۆر تاوانبار بێت، لە هەزار کەسی زیاتر فەوتاندبێ؟ زۆربەی سەرۆک جاشە تاوانبارەکان، بەدەیان کەس یان زۆر زۆر بەسەتان کەسیان لەرێی خزمەتکردنی بەعس و پارەدا بۆ مەرگ رەوانە کردووە. بەڵام چەندین سەرکردەی کورد هەن لە چل پەنجا ساڵی شەڕی ناوخۆدا، راستەوخۆ لە کوشتنی دەیان هەزار گەنجی کورددا بەشدارن. دوا شەڕی ناوخۆی پارتیی و یەکێتیی چەندین هەزار قوربانیی لێکەوتەوە. مەگەر ژمارەی قوربانییەکان، گەورەیی تاوانەکان دەرناخەن؟ ئایا دوو کەس یەکێکیان سەتان کەس بکوژێ و ئەویتریان هەزاران کەس بکوژێ، تاوان و سزای زۆرکوژەکەیان گەورەتر و قەبەتر نییە؟ ئایا ئەگەر دادوەریی لەسەر تاوانباران بدرێ و دادگایەکی سەربەخۆو ئازاد دادوەریی بکات، سەرۆک جاشەکانی زوو یان هەندێ سەرکردەی سیاسیی کورد تاوانەکانیان سامناکترە ؟

بەهەمان میتۆدیش، ئەگەر ژمارەی قوربانییانی دەستی ئەو حیزب و لایەن و دەوڵەتانەی شۆڤینیزم و نازیزم و ناسیۆنالیزم و فاشیزمبوونیان کردبووە ئەجێندای سیاسیی وئایدیۆلۆژییان، لەگەڵ قوربانییانی دەستی کۆمۆنیزم ( بەقەولی لێنینیستەکان و ستالینیستەکان، زانستی رزگارییبەخشی بەشەرییەت) بەراورد بکرێن، دوو ژمارەی زۆر جیاواز دەرناچن؟ ئایا قەبارەی جێنەسایدەکان (جینۆسایدەکان) و دەربەدەرکردنی خەڵک لەشوێنی رەچەڵەکی ژیانیان و ئەشکەنجەدان و

دەستریژیی سێکسیی و قاتوقڕکردنی مرۆڤ ئەوەندەی بەدەستی کۆمۆنیستەکان ئەنجام دراون، بەدەست هیچ هێزو دەوڵەت لایەنێکی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیایەکی تر کراوە؟

هەرکەس کتێبە رەشەکەی کۆمۆنیزم – The black book of Communism بخوێنێتەوە ئەوسا تێدەگات دیکتاتۆرەکانی کۆمۆنیزم چەند دڕندەو شۆڤینیست و فاشیست بوونە لەئاست کرێکاران و چینە زەحمەتکێشەکان و ئەفسانەی نەیارە چینایەتییەکانیاندا؟ ئەوسا بەئامار و فاکتەوە تێدەگات کە چۆن کۆمۆنیستەکان پتر لە سەت میلیۆن مرۆڤیان بەرەو دۆزەخی کۆمۆنیزم ناردووە و چۆن سەتان میلیۆن مرۆڤی تریشیان لەشار و دێهاتەکانی خۆیاندا دەربەدەرکردووەو سەتان میلیۆنیشیان لە ئۆردووگا زۆرەملێکان و زیندانە سیاسییەکاندا ئەشکەنجە دراون و دەیان میلیۆنیشیان بێسەروشوێن کردوون؟ کوێ تاوانەکانی هیتلەرو مۆسۆلۆنیی و ئەتۆمبارانی ناکازاکی و هیرۆشیما و هۆلۆلۆکۆست و جێنەسایدی ئەرمەنییەکان و قەسابییەکەی رواندا و هەرسێ شەڕی کەنداو و تاوانەکانی سۆهارتۆ و یەحیا خان و سەدام و کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەلقاعیدە و تەواوی ئیسلامییە سیاسییەکان و ناسیۆنالیستەکان و ئیمپریالیزمی ئەمێریکا.....تاد بەداتا و ئامارەوە هێشتا بە نیوەی تاوانەکانی لێنین و ستالین و ترۆتسکیی و ماوتسی تۆنگ و پۆلپۆت و کیم ئیل سۆنگ و کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکانی تر ناگەن!

ئەوانەی مێژووی ئەو دیکتاتۆرانە لە کۆمۆنیزم دادەبڕن، وەک ئەوەیە هەندێ ئیسلامیی رادیکاڵ، مێژووی قەتڵوعام و ئەنفالەکانی سەردەمی خەلیفەکانی ئیسلام لە مێژووی ئیسلام دادەبڕن. وەک ئەوە وایە ئیسلامییە پاسیفیستەکان سەید قوتب و حەسەنلبەنا و وخومەینی و بنلادن لەمێژووی ئیسلام دەکەنەوە. ئێستا ئەگەر لەگەڵ جۆرج تەرابیشییدا بڵێین، نازیزم پێشوەخت وەک ئایدیۆلۆژیا تاوانبارە بەڵام کۆمۆنیزم پەیامی ئازادیی و ئاشتەوایی و برایەتییە! بەڵام لەپراکتیکدا و لەمێژووی 70 ساڵ لە تەمەن و رەونەقی کۆمۆنیزم رێك پێچەوانەکەی روویدا. ئەی چۆن دەکرێ بە زەخیرەی کۆمۆنیزم و شۆڤینیزمی ستالینیزم و فاشیزمی ماویزمەوە جوێنی ئایدیۆلۆژیی بەزمانی زۆرینەی خەڵکی کوردستانی عێراق و ئێران بدرێ؟ کە زمان سیمبۆڵی داڕشتنی چەمکی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا دەگەیەنێت. بەدڵنیاییشەوە ئەگەر زمانی فەرمیی لەکوردستانی عێراقدا عەرەبیی بووایە، هەرگیز ئەم سکۆلارە کۆمۆنیستە ختووکەی پێدا نەدەهات! ئەوسا نەیدەگوت شۆڤینیزمی عەرەبیی ( یان قورەیشیی کە زمانی عەرەبیی لە زاراوەی قورەیشەوە تانوپۆی گرت) و ئەفسانەکانی، یاخود شوێنکەوتووانی رانەدەسپارد تا بڵێن فاشیزمی سۆرانیی راوەستە!

لە مێژووی کۆن و نوێدا زۆرینەی نەتەوە و وڵاتەکان کاریان بۆ ستاندەردکردنی زمانی خۆیان کردووە، دواجاریش کەس هەوڵ و تەقەلای ئەو هەموو نەتەوانەی بە "شۆڤینیزم"ی فرانسیی، ئینگلیزیی، سوێدیی، ئیتاڵیی، عەرەبیی و فارسیی ... تاد ناودێر نەکرد و ناکات، ئەدی خێرە کورد کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی لێکدابڕانی سیاسیی و کولتووریی بە هۆی زمانەوەیە، کە کەس لە کەس ناگات و شتی یەکتر ناخوێننەوە، بۆ دەبێ هەوڵی بە ستاندەردکردن و بەفەرمییکردن، بە "فاشیزم" و " شۆڤینیزم" ناودێر بکرێت؟ ئەمە لەکولتووری هەندێ کۆمۆنیستی

کوردی بێ مەعریفەدا نەبێ لەکولتووری کێدا هەیە.؟ ئەمە لە ئایدیۆلۆژیای دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاو ستالینیزمدا نەبێت لەکوێی تردا هەیە؟

بەڵام وەک کۆرتۆیس Stéphane Courtois پسپۆری فرانسیی لەو جێنەسایدو ئێسنۆسایدانەی کۆمۆنیزم ئەنجامی داون باسیدەکات، جیاوازییەکی مۆراڵیی لەنێوان دڕندەییبوونی راست و چەپدا نییە! لەنێوان کوشتنی بەکۆمەڵی رەگەزەکان و کوشتنی بەکۆمەڵی چینەکاندا نییە! هەروەک ئەو کۆمەڵکوژییەی دژی کۆلاک و جووتیارەکانی سۆڤێت کرا. کۆرتۆیس کە خۆی بەشداری سەرەکیی و خاوەنی پرۆژەی کتێبەکەشە، دەڵێ کۆمۆنیستەکان دەیانەوێ سوود لە هۆلۆکۆست وەربگرن بۆ شاردنەوەی جێنەسایدەکانی خۆیان و هەمیشە بەگەورەترین تاوان لەمێژوودا تۆماری دەکەن. لەڕاستییدا چەندین جێنەسایدو ئێسنۆسایدی تر لەسەر دەستی کۆمۆنیستەکانی سۆڤێت و چایینە ( چین) و کەمبۆدیا و کۆریا کراون، لە هۆلۆکۆکست و قوربانییەکانی دەستی شۆڤینیزمە جۆراوجۆرەکانی راست و فاشیزمی راستڕەوەکان زۆر زۆر گەورەتر و سامناکترە.

سەرەنجام ئەگەر بە فاکت بنووسین، ئایا ژمارەی جێنەسایدەکان و قەتڵوعامەکان و قاتوقڕیی و لەکەمپ-ئاخنینەکان و زیندانییە سیاسییەکانی دەستی چەپ و کۆمۆنیستەکان بەبەراورد بە قوربانییانی دەستی هەموو جۆرەکانی راست( لە فاشیزم و شۆڤینیزم و نازیزم و ئیمپریالیزم و فەندەمێنتالیستە ئیسلامییەکان و هەموو دەوڵەتە ناسیۆنالیستە توندڕۆکان و گرووپە تێرۆریستییەکانی تر ) ، کامیان زیاترن ؟ کامیان سامناکترن؟ ئایا بەڕاستیی تاوان نییە شۆڤینیزمی کۆمۆنیزم بەگشتیی و لێنینیزم وستالینیزم و ماویزم بەتایبەتیی بە ئەفسانەی ئایدیۆلۆژیی " شۆڤینیزمی سۆرانیی" بەراورد بکەیت؟ بەناوی مافی زمانیی و مافی مرۆڤ و مافی ئێرەو ئەوێ داکۆکییش لە شۆڤینیزمی لەهجەیی( کۆمۆنیزمی لەهجەیی) بکەیت. ئەمانەش هەمووی لەئەنجامی ئەوەی ئەفسانەی فرە ستاندەردیی و بۆچوونە نالینگویستییەکانیان و کۆمیدیای جووتستاندەردیی زمانی کوردیی لە هەرێمی کوردستاندا بەر رەخنە دراون و وڕێنە زمانەوانییەکانیان و ئارگیومێنتە چینایەتییەکانیان خاڵیی خاڵیی کراونەتەوە.

ئاخر چیی لەگەڵ قوتابییەکی لێنین و ستالین و ماوتسیتۆنگ و ترۆتسکییدا دەڵێی کە زمانی ناوچەیەکی بەرینی دوو پارچەی کوردستان بەجوێن و تەوسەوە بە"سۆرانیی" ناوزەد دەکات؟ لەکەرکوک و هەولێرەوە بیگرە تا سنەو سابلاغ بە نۆرمێک لە کرمانجیی ناوەڕاست و خواروو دەنووسن، زۆر ئایدیۆلۆژییانەو نالینگویستییانە لەژێر کارتێکردنی هەندێ خڵتەوخاشی کۆمۆنیزمی لەهجەییدا، زمانی کوردیی بە " شۆڤینیزمی سۆرانیی" بچوێنێ! بۆ ناشیرینکردن و سووکایەتیی پێکردنیش جوێنی ئایدیۆلۆژیی بدەیت و بە فاشیزمی سۆرانیی مەحکومی بکەیت. بەڕاستیی ئەو ئاوێزانبوون و تێکەڵوپێکەڵکردنە زۆر بەمەبەستە یان ساختەکارییە یاخود نەزانییە و کوردە نامووسیشی لەسەر دەکرێ.

ئایا بەروبوومی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و شۆڕشە چینایەتیی و کۆمۆنیستیی و گەریلا چەپەکانی دنیا هێشتا بۆ مرۆڤایەتیی ئەوەندە لێڵیی و ناڕۆشنیی تێدایە، بەس یەخەی فاشیزم و شۆڤینیزم بگیردرێ

لەسەر کارنامە رەشەکانیان و کۆمۆنیزم وەک پەروانە باس بکەین؟ ئایا ئەوە شۆڤینیزم و فاشیزمی ئایدیۆلۆژیی نییە، کە شۆڤینیزمی عەرەبیی و تورکیی دەخاتە ریزی شۆڤینیزمی زمانی کوردییەوە! ئەم هەموو جوێندان و سووکایەتییکردن و کۆمیدیا لینگویستییکییانە لەژێر چەتری بۆلشەفیزمدا کەی خزمەت بەزمانی کوردیی و زمانناسیی دەکەن؟ ئاخر مافی مرۆڤ و مافی زمان و مافی کرێکار کەی بۆ یەک ساتیش لە ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزمدا ئۆقرەی گرتووە؟ کەی شۆڤینیزمی کۆمۆنیزم پێوەندیی بە زمانی نەتەوەیەکی بێ زمانی! وەک نەتەوەی کوردەوە هەیە.

لەکۆتاییدا بۆ ئەوەی بەعاتیفەو حەماسی شۆڕشگێڕانە ئەم وتارە لێکنەدرێتەوەو هەستی هەندێ شیوعیی و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق و ئێران نەڕووشێنێ، دەبێ ئەوە روون بکەمەوە کە شیوعییەکانی حەفتاکان و کۆمۆنیستەکانی هەشتاکانی هەردوو کوردستانی عێراق و ئێران، زۆرترین قوربانییانی دەستی بەعس و کۆماری ئیسلامیی بوونە و نموونەی ئەوپەڕی خۆڕاگریی و ئازایەتیی بوونە، بەڵام ناکرێت بە بیانووی ئەوان قوربانیی بوونەو هەمیشە لەژێر چەپۆکدا بوونە و گووناە بوونە، ئیتر رەخنە لەتاوانەکانی کۆمۆنیزم نەگیردرێ. کێ گەرانتیی ئەوە دەدات، کە چێکیڤارای( لەناو کورددا بە جیڤارا ناوی رۆیشتووە) سیمبۆڵی چەپەکان لەژیاندا بمایە وەک کاسترۆ بەدیکتاتۆر نەدەبوو. کێ گەرانتیی ئەوە دەتوانێ بدات کە شیوعییەکان و توودەکان و کۆمۆنیستەکان ( لەعێراق و ئێراندا ) دەسەڵاتیان هەبووایە لەبەعس و کۆماری ئیسلامییان خراپتر ناکرد. بەتایبەت ئەو حیزبانە بەمەرجەعێکی توندی فیکریی و ئایدیۆلۆژیی بە سۆڤێتەوە بەسترابوونەوە، یان لای کەم پێڕۆی دیکتاتۆریی بۆڵشەفیزم و یەکحیزبیی و یەک "سیستمیی"ان دەکرد.

مارکسیزم وەک فەلسەفەیەک و دنیابینییەک کۆمەڵی شتی باش و خراپی هێنایە ناو مێژووەوە. خودی مارکس وەک کەسایەتییەکی مەزن لەمێژوودا ناوبانگی هەیە. بەڵام بەڕاستیی لێنین، مارکسیزمی ناشیرینکرد و بەشێوەیەکی دیفاکتۆ، دیکاتۆرییەتی پرۆلیتاریای کرد بە دێوەزمەیەک کە گەورەترین جێنەسایدی لەمێژوودا تۆمار کردووەو خۆراکی جێنەسایدەکانی کۆمۆنیزمیش هەمیشە کرێکارو جوتیارو کەسانی ئازادیخواز و ئۆپۆزیسیۆن بوونە. هەندێ کۆمۆنیستی کوردستانی ئێران کە هەنووکە لە تاراوگەن، چاویان بەرایی نادات، کورد لەکوردستانی عێراق خاوەنی زمانێکی ستاندەردو فەرمیی بێت. نابێ بهێڵرێ هەژار موکریانییەکی تر دروست بێتەوە. رۆشنبیرانی کوردستانی عێراقیش زۆر لەوە بەئاگاترن کە جارێکی تر بهێڵن هەژار موکریانییەکی تر پەیدا بێتەوە و راستییە مێژووییەکان بۆ بەرژەوەندی لایەنێک و حیزبێکی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو پێچەوانە بکاتەوە.

## کۆمیدیای " ئەکادیمیای کوردی" و " زمانی رەسمیی هەرێمی کوردستان"

بەگوێرەی ئەو هەواڵە رۆژنامەوانییانەی لە کوردستانەوە بڵاوبوونەتەوە، ئەکادیمیای کوردی " ئەکادیمیای کوردیی دروستتره" لە کۆتایی ساڵی 2009 دا کۆنفرانسێکی لەهەولێر سازکردووە بۆ ئەوەی مەسەلەی زمانی رەسمیی هەرێمی کوردستان بەلایەکدا بخات. بەڵام بەهۆی بۆچوونی نازانستیی و ناواقیعیی گرووپی دوو ستاندەرد و فرەستاندەردەکانی زمانی کوردیی هەر زوو ئاشبەتاڵی پێکراوەو نەیتوانیوە هیچ بکات.

ئەوەی جێگەی پێکەنینێکی قووڵە ، ئەوەیە کە چ دەسەڵاتی سیاسیی و چ ئەو ناوەندو ئۆرگانانەی بڕیار لەچەشنی کۆنفرانسێکی لەو چەشنە دەدەن، بەهەمان مێنتاڵیتیی یەکێتیی و پارتیی ئیش دەکەن کە بیرۆکەی" فیفتی فیفتی" یان بۆ ناو ستراکتۆری سیاسیی و پارلەمانیی کورد هێنا. وەک زانراوە ئەمیری حەسەنپوور و ئەحمەدی مەلا بانگهێشتکراون ، ئەوەی دیاربێت ئەحمەدی مەلا لایەنگریی لە زمانی ستاندەردی کوردیی لەهەرێمی کوردستاندا دەکات و کاتی خۆیشی ویستی واژۆ لەکەمپەینی ستاندەردایزی زمانی کوردیی بدات، بەڵام پێشتر بڵاوبووەو واژۆکەی نەچووە سەری و فریای نەکەوت، هەرچی ئەمیری حەسەنپوورە بە باوکی رۆحیی جووتستاندەردەکان ناسراوەو جگە لەچەند ئارگیومێنتێک کە سەتانجار خۆی ولایەنگرانی دووبارەیان کردووەتەوە شتێکی نوێیان پێ نییە.

کەواتە لێرەدا رێک رەچاوی ئەوە کراوە کە ئەو لەملاو ئەویش لەولا بانگبکرێن. بەواتایەکی تر کۆنسێپتی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی شەڕی ناوخۆ گوێزرایەوە بۆ شەڕی ساغکردنەوەی زمانی فەرمیی لەهەرێمی کوردستاندا. بەڵام دوای ئەم کۆمیدیایە، تاکی وریا گریانی بۆ حاڵی خۆی و نەتەوەکەی دێت بەدەست کۆمەڵێ چەپی ئێرانییەوە کە هەنووکە بەپێی نامەیەک کە حەسەنی قازیی لەسایتی هەڵوێستدا بڵاوی کردووەتەوە ناوەڕۆکی ئەو سیناریۆ زمانەوانییانە باشتر دەردەکەون، پێدەچێت ئەویش بانگهێشت کرابێت. بەڵام وەک خۆی دەڵێ ئەو بانگهێشتەکەی بەهۆی ئەندامێکی کارای ئەکادیمیاوە پێگەیشتووە کە بەدڵنیاییەوە لە گرووپی دووستاندەرد وفرەستاندەردەکانی سەبەخۆیانە( دیارە ئەو ئۆرگانە ئەگەر وەک حەسەنی قازیی باسی دەکات، ئەگەر ئەندامی کارای هەبێ ، پێدەچێ ئەندامی تەوەزەلیشی هەبێت! ). بەڵام ئەو کارابوونە بەس ترشوخوێکردنی ئەجێندایەکی ئایدیۆلۆژییە.

## ئاسن-کوتان و ئایدیۆلۆژیای زمانیی!

**حەسەنی قازیی دەڵێت** "ئەگەر بێتوو لە هەرێمی کوردستان دا شێوەزارێک بکرێ بە زمانی "ڕەسمی" ئەو کارە لە چەند ڕووەوە بە زیانی زمانی کوردی و ئاخێوەرانی تەواو دەبێ**1- هەڵکەوتی** زمانی کوردی وەکوو یەک لە زمانە ڕەسمییەکانی دەوڵەتی عێراق بنکۆڵ دەکا. ئەو لایەنانەی چاویان بە هەبوونی پلەیەکی ئەوتۆ بۆ زمانی کوردی هەڵ نایە، لە ئەگەری ڕەسمییەت دان بە شێوەزارێک لە هەرێمی کوردستان دا پرسی فرە لەهجەیی و فرە چەشنی زمانی کوردی [ وەک هەر زمانێکی دیکە] گەورە دەکەنەوە بۆ ئەوەی پێش بە سەقامگیر بوونی ئەو مافە ڕەوایەی گەلی کورد کە لە قانوونی

بنچینەیی عێراق دا گونجێندراوە بگرن و بەرەیەکی نوێ بە دژی ئەو دەستکەوتە گەورەیەی گەلی کورد بکەنەوە"

ئایا ئەمە بوو بەزمانناسیی یان بەخەرەکناسیی ( گەرمیانی 2010 ) ئەمە کۆمێنتی خوێنەرێکە کە نووسینێکی ئەم برادەرەی لە سایتی ستاندەرددا خوێندووەتەوە لەسەر ئەو هەموو گەلۆیانەی لەسەر ئەگەر و مەگەری زمانی کوردیی ریزی کردبوون. بەڕاستیی مرۆڤ ئەگەر کەمێک ئاوی سارد بخواتەوە و بای باڵی بدات و بۆ یەک سات لۆژیکانەو عەقڵانیی بیربکاتەوە و پرسیار بکات، ئایا لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا یەک زمانی رەسمیی بۆ کارگێڕیی و پەروەردەو ..........تاد کورد سووک وچرووک دەکات لای نەتەوەپەرستانی عەرەب و تورک یان ئەم خەرەکی بێ زمانیی و فرەستاندەردیی و مەتەڵۆکانەی حەسەی قازیی، کورد بەرەو دابەشبوونێکی یەکجاریی دەبەن؟ ئایا ئەمە بیانوویەکی زۆر باش نییە بۆ ئەوەی پرسی زمانی کوردیی لەئاست عێراقدا ئەوەندەی تر بەدەست نەیارانی کوردەوە لە هەش بنرێ؟

ئایا بەڕاستیی حەسەنی قازیی بۆ کۆمەڵێک خەڵک ئامۆژگاریی ریز دەکات کە بڕیارە خەڵکانی شارەزاو پسپۆر بن و چارەنووسی زمانی نەتەوەیەک رەنگڕێژ بکەن، یان بۆ کۆمەڵێ خەڵک قسەدەکات کە بەکۆدی ئەو هەڵدەسوڕێن؟ ئایا ئەم تێکەولێکەیە و ئەو ئەجێندا ئایدیۆلۆژییانە چیین لە پشت بیرۆکەیەکی ئاوا خراپ و نزیک لەهەمەموو شتێکەوە بەڵام دوور لەزمانناسییەوە وەستاون؟ ئایا بەڕاستیی چارەنووسی زمانی نەتەوەیەک بەڕیزکردنی گەلۆ و لالۆ و هۆهۆ و ڕۆڕۆ دەبێت، وەک ئەوەی حەسەنی قازیی چەندینجار ورووژاندوویەتی و بەشانازییشەوە لە چەندین سایتی کوردییدا دایبەزاندووە.

ئەو درێژەی دەداتێ و لەخاڵی دوودا دەنووسێت" جەختکردنەوە لە سەر هەر شێوەزارێک لە بن هەر ناوێک و بە پشت بەستن بە هەر تێئۆرییەکی زمانی و پاشخانی مێژوویی شێوەزارەکانی کوردی دەبێتە هۆی دابڕانی ئاخێوەرانی کوردی لە یەکدی لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان دا و دووبەرەکی و چەند بەرەکی سازکردنێکی ئەوتۆ نەک هەر کارێکی ناڕەوایە بەڵکوو بە پێچەوانەی عەقڵی سەلیمیشە و لە بەرژەوەندی شارومەندانی هەرێمی کوردستان دا نییە". سەیرە ئەم برادەرە زماناسە هۆقەوگۆترەکاریی بە تەرزی ئەکادیمیی دەبەخشێتەوە. ئەکادیمیای کوێر لەکوێدایە کاتێ

تۆ دەرگای گفتوگۆ دابخەیت و بە پشتبەستن بەچەکی کوێری ئایدیۆلۆژیا دووبەرەکیی و چەند بەرەکیی ساز بکەیت؟

هەر بەئەوەندەشەوە ناوەستێت، بەڵکو وەک سایکۆلۆجیستێکیش ئاماژە بە بێعەقڵیی ئەوانە دەکات کە داوای زمانێکی ستاندەردی فەرمیی دەکەن و بە پێچەوانەی " عەقڵی سەلیم" دەیچوێنێ! ئاخۆ داواکردنی هەر دەڤەرەو هەر ناودۆڵێکی کوردستان و هەر شارو شارۆچکەیەک بەزاراوە لۆکاڵییەکەی خۆیان بنووسن و بخوێنن، دەبێتە هۆی دابڕانی یەکجاریی میللەتی کورد لەیەکتر یان یەک زمانی نووسینی ستاندەردو رەسمیی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، کورد تەرتە و وەرتە دەکات؟ لەهەموویشی کۆمیدییتر، بۆچوونەکەی خۆی لە بۆچوونەکانی حەسەنپوور و شیخولئیسلامییەوە هەڵێنجاوە و ناوی خۆی لێداوە.

کورد خۆشیی بوێ یان ترشیی، لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا ، ساغکردنەوەی زمانی رەسمیی ، شەڕی تێکست و ئەدەبە، رەهەندێکی کولتووریی هەڵدەگرێ و دەیان کێڵگەی وەک سیاسیی، زمانەوانیی، کولتووریی بەشێوەیەکی گشتیی و سۆسیۆزمانیی و ئەنسرۆپۆلۆجیی زمان و ئەسنۆگرافیی ( ئیسنۆگرافیی) بەشێوەیەکی تایبەتیی ..............تاد لەخۆ دەگرێ. ئەم شەڕە بە ئارگیومێنت دەکرێ و دەسەڵاتی سیاسیی یەکلایی دەکاتەوە و بڕیاری سیاسیی لەسەر دەدرێ. ئەم ساغکردنەوەیە بە خۆلێدان و خۆڕنینەوە و شین وشەپۆڕ و دڵدانەوەی ئەم و ئەو راناوەستێ. ئەمە پێداویستییەکی سیاسیی و کولتووریی زۆر گرینگەو تەواو کامڵ بووەو ئیتر دەتەقێتەوە. هەموو ئەو پەرچەکردارانەی دێنە پێشی، شتێکی زۆر ئاساییەو دەبێ پێشبینیی زۆر شتی تریش بکرێ. بەڵام یەک دیسپلین و مۆراڵی گرینگ دەبێ لەبەرچاوبگیردرێ، بەها نیشتمانییە سەرتاسەرییەکان بەسەر بەها ناوچەیی و لۆکاڵییەکاندا بدرێ. لۆژیکی سیاسیی و کولتووریی و زمانەوانیی بەسەر وڕێنەی ئایدیۆلۆژیی و جوێن و بوختانی گرووپی جووتستاندەردەکاندا دا بدرێ.

دواتر حەسەن هاتووە بۆ چاوبەستیی و خۆهەڵنانێکی لەڕادەبەدەر کۆمیدیی، ئیمەیڵی کۆمەڵی خەڵکی بیانیی کردووە بەهاوپێچی نامەکەی، مەگەر هەر خودا بزانێ چۆنی بۆ نووسیون و چۆن داوای لێکردوون؟ وەک لەوەڵامەکانیاندا دیارە تەسلیمی داواکەی نەبوون و ئارگیومێنت دەکەن. بەتایبەت کەسێکی وەک مارتین ڤان زۆر بەئاشکرایی و بەڕوونیی بەپێی وەرگێڕانە کوردییە باشەکەی حەسەنی قازیی بێ، دەڵێ" بەڵام داوودەزگایەکی کاریگەر و هەلسووڕی ئیداری پێداویستی بە تاقە زمانێکە. وەخۆ کردنی جۆرەیەک لە سۆرانی وەکوو زمانی ئیداری دەبێ هاوکات بێ لە گەڵ هەنگاوی راستەقینە بۆ پشتیوانی

له لەهجە سەرەکییەکانی دیکە. لە پەروەردە و خوێندنی سەرەتایی لە دهۆک، دەکرێ کرمانجی دەکار بکردرێ لە کاتێکدا قوتابیان فێری سۆرانیش دەکرێن وەکوو زمانی دووەم کە لە پەروەردەی ناوەندی و باڵا دا بەکار دەهێندرێ؛ و لە خانەقی، شێوەزاری فەیلی. داو ودەزگا و بنیاتی کولتووری کە لەلایەن حکوومەتەوە بونیەی دارابیان دابین بکرێ دەبێ دامەزرێندرێن و تێبکۆشن بۆ بەرەپێشبردن و بەخۆداهاتنی ئەدەبییات بە کرمانجی، هەورامی و فەیلی. ئەو جۆرە پشتیوانییە ڕەسمییانە لە لەهجەکانی دیکە دەتوانێ هەبوونی زمانێکی تاقانەی ئیداری بکاتە شتێکی خۆش....."

باشە بەویژدانی کام زمانناسی عەقڵانیی! هەر ئەوەی مارتین نووسیویەتیی، هەمان ئەو دوو خاڵە سەرەکییە نییە، کە نووسەرانێکی زۆر لەکەمپەیینی ستاندەرددایزی زمانی کوردییدا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و پارلەمان و حکومەتی هەرێم و حیزبە سیاسییەکان و............تاد بەرزیان کردووەتەوەو لەکۆتایی ئەم نووسینەشدا دووبارە دانراوەتەوە. ئیتر ئەم کڵاوکڵاوێنە بەناوی زمانەوانیی و پسپۆری بیانییەوە بۆچیی بەسەر خوێنەری کورد و تاکی کورددا ساغدەکرێتەوە؟ ئاخر هەرکەسێک پێنچ شەش دۆست و ناسیاویی بیانیی هەبێ و وەک کاک حەسەنی قازیی، کەمێک ئینگلیزیی بزانێ و توانای ئەوەی هەبێ بە ئیمەیڵ داوای کۆمەك لەخەڵکی تر بکات و داوای لایەنگریی نەک ناوبژیوانییان لێبکات، ئایا دەبێ بچێ کارێکی وەک ئاغای حەسەنی قازیی بکات؟

خۆ زۆرکەس دەتوانێ هەر لەماڵەکەی خۆیەوە، یان لەزانکۆکەی خۆیەوە ، بەس بەئیمەیڵ ، بە دەیانجار لەو ناوانەی حەسەنی قازیی گەڕاوە بەسەریاندا، کەسانی پسپۆرتر و شارەزاتر لە ڕەهەندە کولتوورییەکان و زانستە مرۆییەکان و بواری زمانناسیی و ناسیۆنالیزمدا لە ژاپۆن و کۆریای باشوور و نیوزیلاند و ئوسترالیاوە تا بە ئەورووپا و ئەمێریکا و کانەدا دەگات، کۆبکاتەوە و بەئارەزووی خۆی وەرگێڕان بۆ وەڵامەکانیان بکات و بە چەردەیەکیش بینێرێ بۆ ئەو شوێنانەی وەک حەسەنی قازیی بۆی ناردوون.

### پلۆریسێنتریزم Pluricentrism و چەند ستاندەردیی!

ماوەیەکی زۆر بوو حەسەنی قازیی لەڕێی کۆمەڵی وتاری رۆژنامەوانیی و ریپۆرتاژو چاوپێکەتنی تاقەت پڕووکێنەوە دەیویست بیرۆکە نازانستیی و نالینگویستیکەکانی خۆی و کامپی دووستاندەردەکان لە زمانی کوردییدا تەسویق بکاتەوە. ئەو زۆری دەنووسی و زۆر دووبارە و دەبارەی دەکردنەوە کە گوایە زمانی ئینگلیزییش فرە ستاندەردە ! ئینگلیزیی بریتانیی و ئەمێریکایی و ئەفریکای باشوور و ئوستراليا و نیوزیلاندی بە ئینگلیزیی ستاندەرد-جیاواز لەقەڵەم دەدا و ئەم هەموو چیرۆکانەی بەناوی لینگویستییکییەوە بە سایتەکان و هەندێ رۆژنامەی کوردستاندا تەخشان

و پەخشان دەکرد. لەڕاستییدا ئەوە ناکاتە جیاوازیی و فرەستاندەردیی لەزمانی ئینگلیزییدا بەڵکو ڤێرژنی ستاندەردەکانیان لەیەکدیی جیاوازن ، ئەویش ئەوەندە کەمە لەهەندێ تێرم و دەربڕین و سپێڵی هەندێ وشەدا کەمێک جیاوازییان هەیەو لە زمانناسییشدا ئەم دیاردە کولتوورییە بە پلۆریسێنتریزم دەناسرێ نەک بە فرەستاندەردییەکەی گرووپەکەی حەسەنی قازیی بناسێنرێ.

**نامە نەخوێندراوەکەی ئەمیری حەسەنپوور:**

وەک حەسەنی قازیی ریوایەتی دەکات، نامەکەی نەخوێندراوەتەوە و بەپێی هەندێ هەواڵی ناو رۆژنامەکانی کوردستانیش بێ، نامەکەی حەسەنپوور لووتکەی کۆمیدیای فرە ستاندەردیی و دووستاندەردیی ، کێشەکەی ئاڵۆزتر کرد! ئەوەی سەیرو سەمەرەیە تەواوی ئارگیومێنتەکانی گرووپی دووستاندەرد و فرە ستاندەردەکان لەچەند پارەگرافێک تێپەڕ ناکات و سەتانجار گوتیان و نووسیتیان و لێیاندایەوە. بەڕاستیی ئەمە جگە لە فێڵێکی ئەکادیمیی و ساختەکاریی لەئەدەبی کوردییدا چییترە کە دەڵێ **" لەهجەی کورمانجی هیچ شتێکی لە سۆرانی کەمتر نییە. هەر شتێکی بە سۆرانی بکوترێ و بنووسرێ بە کورمانجیش دەکوترێ و دەنووسرێ** ( زمانی کوردییە خراپەکە حەسەنی قازیی یان حەسەنپوور لێی بەرپرسیارن کە کوتین و گوتن لێک جوێ ناکەنەوە).

کەس باسی ئەوەی نەکردووە کە لەهجەی کرمانجیی ژووروو لە کرمانجیی ناوەڕاست کەمترە، بەڵام هەر لەڕووی زمانناسیی و کولتووریی و مێژووییشەوە سەیری بکەین، ئەوەیە کە زمانی رەسمیی زۆرینەی کوردستانی عێراق بەرهەمی باڵاکردنی کرمانجیی ناوەڕاستە لەهەموو قۆناغەکاندا و بەپێی هەموو کرایتێریا لینگویستییەکانیش ئەمە سەلمێنراوە. بەڵام حەسەنپوور بۆ ختووکەدانی ئاخێوەرانی بادینیی دەیەوێ لەم دەلاقەیەوە بچێتە ژوورەوە. هەر شتێک بە کرمانجیی ناوەڕاست بگوترێ و بنووسرێ ئایا بەڕاستیی وایە کە بەکرمانجییش دەگوترێ و دەنووسرێ؟ ئاخر ئەمە چ ویژدانێکی لینگویستیی یان ئایدیۆلۆژییە کە ئەم گریمانەیە دەسەلمێنێ؟ کەی پرسە کولتووریی و سیاسیی و ئەدەبییەکانی کورد بەهەردوو زاراوەکەی کە حەسەنپوور بە دوو ستاندەردەکە ناویان دەبات، وەک یەک بەرباس و لێکۆڵینەوە دراون. بەڵام ئەوەی لای حەسنپوور خەیاڵی ئایدیۆلۆژییە لای ئەم وتارە، بەتاڵ و حەتاڵی دیفاکتۆی زمانەوانییە.

بەلای حەسەنپوورەوە ڕەسمییکردنی زاراوەیەک بە پرۆژەیەکی سیاسیی دەخوێندرێتەوەو مافی زمانیی کرمانجییەکان پێشێل دەکات؟ بەڵام ئەم پیاوە وەک عەزیز شیخانیی دەڵێ" **حەسەنپوور مافی کەڵك وەرگرتن لە زمانی دایکی لە گەڵ زمانی ستاندارد بۆ نەتەوەیەك تێکەڵ کردووە" (شێخانی 2010)** بەڕاستییش وایە ئەم ئەکادیمیستە کە ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم بڕستی لێ بڕیوە، لەوێیسایتە تایبەتییەکەی خۆیدا تابلۆیەکی شۆڕشگێڕانەو دروشمی کۆمۆنەی پاریسی هەڵواسیوە و بەناوی ئەکادیمیست و سکۆلارو زمانناسییشەوە خەریکە میللەتێک لەنووکەوە بۆ نووک شەق دەکات. بەس بۆ ئەوەی بیرۆکە بێ بناغەکانی جێکەوت بکات، دۆودۆشاوی تێکەڵکردووە، کە مرۆڤ تووشی خەجاڵەتیی دەکات کە ئەکادیمیستێک بەمشێوەیە پرۆژەی دابەشبوونی نەتەوەیەک دابڕێژێ.

بەڕاستیی ئەوە لەوڕێنەو ئەفسانە زیاتر چییە کە کورد لەکوردستانی عێراقدا، هێشتا کەرکوک وەک پێچکە سەرەکییەکەی ئەو قەوارە سیاسییە لەژێریدا نییە، لەسەر سێ پێچکەی لەقولۆق دەڕوات چونکە بادینان هەر بەناو برغوی لێدراوە لەگەڵ (سلێمانیی و هەولێر)دا خەریکە دەبن بەدوو دەڤەرو هەرێم و کولتوور و زمانی جیاوازەوە، ئەمیری حەسەنپووریش داوای ئەوە دەکات عانەی ئاسن، دراوی کاغەز، پاسپۆرت، ناسنامە، کارتی بانک، ناوی کۆڵانەکان، نووسینی سەر کێلەکان، ژمارەی پلێتەکانی ئۆتۆمبیل، نانەقەیسیی، بنێشتی کوردیی خۆماڵیی و حەمامی خۆشۆرین.....تاد بە هەردوو زاراوەکە لێیان بنووسرێ! یان فیفتی بەفیفتی بکرێن. ئاخر چ خێرە بۆ دڵدانەوەی دەڤەرێک تۆ قەوارەیەکی سیاسیی و گەلێکی خێرلەخۆنەدیوی وەک کورد لەناو سیمبۆڵیزمی نیشتمانیی و ئایدێنتیتییەکەوە کەرت و پەرت بکەیت، تەنیا بەقەولی فارسەکان بۆ ئەوەی ئیستیبدادیی زمانیی دروست نەبێ! سەیری ئەم لۆژیکە ئایدیۆلۆژییە، چەند لەدنیای واقیعییەوە دوورە!

بەڵام گەورەترین بەلارێدابردن و چاوبەستن و نارۆشنی ئەکادیمیی ئەوەیە کە دەڵێ لە هەلومەرجی دوو ستاندەردا ( کە بەدڵنیاییەوە دوو زمانی سەربەخۆ دەبن و ڕۆژ بەڕۆژیش لێک دوور دەکەونەوە ) **" ئاخێوەرانی هەر لەهجەیەک بە لەهجەی خۆیان دەخوێنن و دەنووسن و لەهجەکەی دی باش فێر دەبن "**. ئایا فێر دەبن یان بەتەواویی یەکدی پشتگوێ دەخەن و بەرەو سەربەخۆیی تەواو دەڕۆن و سەرەنجام بە دوو زمانی جیاواز ( کوردیی و کرمانجیی) دەناسرێن؟ ئەوە کام ئاماری مەیدانیی و توێژینەوەی مەیدانیی سەربەخۆیە لەشارەکانی کوردستانی عێراقدا لەناو چەند سەت کەسێکدا راگیریی کردبێ لەسەر فێربوونی جووستاندەردەکەی حەسەنپوور تا ئاوا بێ ریفرێنس و بێ بەڵگە "شیعری زمانناسیی" بنووسێ و بڵێتەوە.

ئەمیری حەسەنپوور دەڵێی رەحمی تلیساوەتەوە و  بیر لەکوردستانی سەربەخۆ! دەکاتەوە کە حکومەتی هەرێم دراوی سەربەخۆی هەبێ و لایەکی بەم لەهجەو لایەکەی تری بە لەهجەکەی تر لەسەری بنووسرێ. حەسەنپوور واز لە ئایدیۆلۆژیای زمانناسییەکەی ناهێنێ و چەندین کەس ئارگیومێنتیان لەگەڵدا کردو دۆستانە پێیان گوت هەر بۆ ئیعتیباری خۆت خراپە ، زمانی فڕانسیی و ئینگلیزیی لەکانەدا لەگەڵ دوو زاراوەی یەک زمانی کوردیی لە کوردستانی عێراقدا تێکەڵ دەکەیت. کەچیی جارێکی تریش خەونە ئایدیۆلۆژییەکەی دەگێڕێتەوەو پێوەندیی  نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی لێبووەتە  هەرێمی کیوبێک و وڵاتی کانەدا. جیاوازیی نێوان کرمانجیی ناوەڕاست و ژوورووی لەگەڵ زمانی فڕانسیی و ئینگلیزییدا تێکەڵ کردووە. بەهەمان شێوەش خۆی و حەسەنی قازیی، چوار زمانی جیاوازی سویسرایان لەگەڵ دوو زاراوەی کوردییدا تێکەڵ کردووە.

حەسەنپوور لە کۆتایی نامەکەیدا  زۆر بەغرورە لەپاڵ چەپگەراییە ترادیسیۆنییەکەیدا کوردایەتیی دەکات بۆ مەبەستی جێکەوتکردنی ئەجێنداکەی ئاماژە بەوە دەکات" **حکوومەتی ناوەندی، بە گوێرەی دەستووری ئێستە، مافی وەی نییە خۆ لە کێشەی لەهجەکان هەڵقوتێنێ. تەنیا گەلی کورد مافی وەی هەیە و دەبێ هەیبێ کە کێشەی لەهجەکان چارەسەر بکا".** باشە ئەم خاڵە زۆر راستە،  بەڵام دەستنیشانی ناکات کام گەلی کورد، کە دەبووایە ئاماژەی بەگەلی کورد لەکوردستانی عێراقدا بکردایە. بەڵام کاتێ حکومەتی فیدراڵی عێراق (بەپێی دەستور، عێراق فیدراڵییە) بەقەولی حەسەنپوور بۆی نەبێ دەخالەت بکات، ئەی بۆچیی ئێرانییەک، یان کانەداییەک بۆی هەبێ هەولێر بەر بەرقی ئایدیۆلۆژیا بدات و پرۆژەی نەتەوەیی گەلێک تێکبدات.

بەدەر لەو هەموو کۆمیدیایە، نەستەقتترین قسەی ئەوەیە کە دەڵێ " **بەتایبەتی بەعس خۆیان لەو کێشەیە هەڵقوتاند بۆ ئەوەی مافی زمانی گەلی کورد پێشێل بکەن".**  بەڕاستیی ئەمە بێ ماریفەتییەکی زۆر بێتامە بە حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیی دەکرێ! چونکە هەر هیچ نەبێ، گرووپی دووستاندەردەکان و هەندێ لەوانەی دوای ئەم هەڵای دوو ستاندەردییە کەوتوون، رێکوڕەوان ئەم بیرۆکەیەیان لە پلاتفۆرمی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیای حیزبی بەعسەوە هێناوە. بەواتایەکی ئەکادیمیی کە ئەوان زۆر خۆیان بەئەکادیمیی دەزانن، پلەیجەریزمیان لە بۆچوونەکانی موفەکیرە شۆڤینیستەکانی عەرەب لەچەشنی ئەندازیای پرۆگرامەکانی خوێندنی سوریا و عێراق ساتیع ئەلحوسریی کردووە ، پلەیجەریزمیان لەئەجێندای فیکریی میشیل عەفلەق و ئیلیاس فەرەح و مانیفێستی حیزبی بەعس کردووە. چونکە ئەوەی ئەندازیاری دووستاندەردیی زمانی کوردییە لەکوردستانی عێراقدا شۆڤینیزمی عەرەبیی  بوو، حیزبی بەعس بوو کە بزاڤ و ئاسۆی داهێنا، کە هاشم عەقراویی هاندا تا خەڵکی بادینان بەکرمانجیی ناوەڕاست نەخوێنن و بەزمانی عەرەبیی بخوێنن. هەنووکەش ئایدیۆلۆژیستە کۆمۆنیستەکانی ئێران وەک بێماناترین دەخالەت لە کوردستانی

عێراقدا ، گەلاڵەی پرۆژە فاشیستەکەی بەعس دەکەنەوەو بە پرۆژەی مافی زمانیی ( کە تێکەڵی دەکەن لەگەڵ دایەلێکتە کوردییەکاندا ) ساغی دەکەنەوە!

گرووپی دوو ستاندەردەکان، کە جاران باسی فرەستاندەردییان زۆر دەکرد بۆ ئەوەی هەندێ لە هەورامییەکان و زازاییەکان و فەیلییەکان و ..............تاد لەخۆیان کۆبکەنەوە و دژایەتی زمانی ستاندەردی کوردیی لەکوردستانی عێراقدا پێ بکەن، کەچیی ئەمجارە بە زەقیی، بەس باسی دوو ستاندەردیی دەکەن. ئەمە کلاوێکی گەورەیە لەسەر هەورامیی و زازایی و ئەوانی دی نرا کە دوای حەسەنپوور و گرووپە ئایدیۆلۆژییەکەی کەوتبوون. باشە ئەگەر مەسەلە ئیستیبدادیی زمانییە! بۆچیی دەبێ بۆ هەورامییەکان رەوا نەبێ لەسەر پارەو پوول و جەمەدانی مشکیی و کلاشی پەڕۆیین و بەرهەمی چووالەو جەوت و گوێز و بەڕوو بەزاراوەکەی خۆیان لێی بنووسن؟ بۆچیی دەبێ لەهەڵەبجەدا لەسەر تابلۆی مزگەوتەکان بەپێی ژمارەی مزگەوتەکان، مزگەوتێک بە کرمانجیی ناوەڕاست و مزگەوتێکیش بە هەورامیی لەسەری نەنووسرێ؟ ئەی ئەوە مافزەوتکردنی هەورامییەکان ناگەیەنێت! کە لەپرۆژە کۆپییکراوەکەی حەسەنپووردا هەورامییەکانی فەرامۆش کردووە.

بۆچیی دەبێ لە دەڤەری هەورامان خوێندن بەزاراوەکەی خۆیان نەبێ ، بۆچیی دەبێ لە دەروازەی هاوینەهەوارەکانی تەوێڵە و بیارەو خورماڵدا بە زاراوەی هەورامیی تابلۆکانیان نەنووسن. بۆ دەبێ ئەو تراکتۆرانەی لەو دەڤەرەدا جووت ( زەویی کێڵان) دەکەن پلێتی ژمارەکانیان بە هەورامیی لەسەری نەنووسرێ؟ بۆچیی دەبێ لەسەر قوتووی دۆشاوێکی تەماتە ( ئەگەر لە هەورامانی کوردستان دروست بکرێ) بەهەر هەموو زاراوە کوردییەکان وەك خەڕەکستان لێی نەنووسرێ! بۆچیی لەسەر بوتڵێ ئاوی دەربەندیخان بەهەموو زاراوە کوردییەکان لێی نەنووسرێ!. کاتی خۆی بە "حسک"یان دەوت داوای فیلمی کارتوون بەزمانی کوردیی دەکەن. ئەگەر عانەو پارەو عەریزەو دۆسییەکان بە هەردوو ستاندەردەکەی حەسەنپوور لەسەریان بنووسرێ، باشە بۆچیی هەورامییەکان ئەو مافەیان پێنەدرێ کە فیلمی کارتوون بە زمانی ستاندەردی هەورامیی بەرهەم بهێنن یان دۆبلاژی بکەن؟

بەپێی توێژینەوەیەکی رەفعەت موردایی، زۆر بەوردیی زاراوە جیاوازییەکانی هەورامیی دەستنیشان دەکات، ئەو پێیوایە کە شەبەکەکان و زازاییەکان و باجەلانییەکان و هەردوو دیوی هەورامانی کوردستانی ئێران و عێراق لەڕووی زانستی زمانناسییەوە لێکەوە نزیکن و هەموویان لقوپۆلی یەک زمانی گشتگیرن کە بەماچۆ ناویان دەرکردووە. ئەو دەڵێت "شێوەی قسەکردنی شەبەك ماچۆیە، سەر بەدیالێکتی گۆران یان هەورامییە"( مورادی 2009، لا 38 ). دیارە بەدڵنیاییەوە کاکەییەکان بەگشتیی

و بەشێکی زۆریش لە زەنگنەیی و ڕۆژبەیانییەکانیش دەکەونە هەمان کاتەگۆریی زاراوەی "ماچۆ"وە. ئەگەر بەچاوی مافی مرۆڤ و مافی زمانییەوە سەیری ژمارەو جیۆگرافیای زاراوەی ماچۆ بکەین، لەچاو کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی سەروودا جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەقەبارەدا نییە، لەتێکستیشدا لە دێر زەمانەوە ئەوان پێشەنگی ئەدەبی کوردیی بوونەو یەکەمین دەقی ئایینی زەردەشتیی لەزاراوەی هەورامییەوە نزیکە. هەروەها دەکرێ هەورامیی بە جێگرەوەی زمانی مادەکان بژمێردرێ .

کەواتە ئەگەر بەڕەسمییناسینی یەک زمانی نووسین لەکوردستانی عێراقدا بە زوڵم و " ئیستبدادیی زمانیی" لە دیدی سکۆلارە کۆمۆنیستەکانەوە دێتە ئەژماردن، ئەی خۆ هەورامییەکان و لق وپۆپی زاراوەکەیان لەکوردستاندا بەئەندازەی بادینانییەکان دەبن، ئەی باشە ئەو مافی زمانیی و مافی مرۆڤ و دژی ئازادییە بۆچیی بۆ ئەو هەموو دەقەرە جیاوازە نایخوات؟ ئەی بۆچیی داوای سێ کۆچکەی ستاندەردیی ناکەن لەزمانی کوردییدا؟ ئایا ئەمە دەبڵستاندەرد ( مەبەست لە دوو ڕوویی زمانییە- ئەگەر تێرمێکی وا هەبێت!) و دوو سیاسەت و دوو ئەجێندای جیاواز نییە؟ ئایا ئەو فرەستاندەردییەی لە پێشدا داوا دەکرا و ئێستا جەخت لەسەر تەنیا دوو ستاندەرد دەکەنەوە، فێڵێکی ئایدیۆلۆژیی نەبوو لە هەورامییەکانیان کرد؟

بەڵام وەک عەزیز شێخانیی پێیوایە کە ئەمیری حەسەنپوور و گرووپەکەی بۆ ناچن باسی چەندین میلیۆن زازایی بکەن لەکوردستانی باکووردا ، کەچیی دێن بیرۆکەکانیان لەسەر چەند سەت هەزار نەفەرێکی بادینانیی لە کوردستانی عێراقدا تاقیدەکەنەوە و فرمێسکیان بۆ هەڵدەڕێژن. شێخانیی دەڵێ " **ئەمیر و حەسەن چۆنە ناچن باس لە چەند ملوێن زازایی باکووری کوردستان بکەن و فرمێسکی تیمساح بۆ چەند سەت هەزار کەسێکی لای دهۆك و زاخۆ هەڵدەڕێژن؟** " ئایا کوردستانی عیراق خەسارەیە تا ببێتە جێگەی تاقیبکردنەوەی بیرۆکەکانی ئەوان؟ بەڕاستیی جێگەی خۆیەتی کەپرسیاری ئەوەت لا دروست ببێ، نەخوێندنەوەی ئەو نامەیەی حەسەنپوور لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە لەبەر حونجەتی ئابڕووی زمانی کوردیی و هەیبەتی ئەکادیمیستێکی کورد بووە. ئەوەندەی لە قسەی کەسێک دەچێ کە دوژمنایەتیی نەتەوەکەی خۆی دەکات و ڤایرۆسی دابڕانێکی هەتاهەتایی دەتەنێتەوە، ئەوەندەی لەکۆمیدیای ئەکادیمیی دەچێ، ئەوەندەی لەوڕێنەو کۆمیدیای زمانەوانیی دەچێ، ئەوەندە لەوە ناچێ زماننناسێک نووسیبێتی یەک زەڕە ئایدێنتیتیی نیشتمانیی و ئەجێندای نیشتمانیی کوردستانی عێراقی بەیەکپارچەیی بۆ گرینگ بێ.

مرۆڤی کورد، تاکی کورد دەبێ زۆر وریابێت لەوەی ئەفسانەو ئایدیۆلۆژیای چەپە ترادیسیۆنە ستالیینەکانی بەسەردا تێپەڕ نەبێ بەناوی لینگویستیکبوون و پسپۆری بواری ناسیۆنالیزم و ئەو تەختەودۆلابانەی کە هەندێ ئەکادیمیستی پلەیجەریستی کورد، بۆ خۆهەڵنان لەخۆیانی دەدەن. هەنووکە کۆمەڵی ستالینیست و چەپی دێرینی ئێرانیی هاتوونە، فەلسەفەو بەرنامەی حیزبی بەعس بە دۆکترین و پرۆژەی خۆیان، بەپرۆژەیەکی ئینسانییش، لەژێر بیانووی مافی زمانییدا بەگەلی کورد دەفرۆشنەوەو لەم ڕێگایەشەوە گەلی کورد بۆ هەتاهەتایە لەیەکتر دادەبڕن و دەیکەن بە دوو گەلی سەربەخۆ، دواتریش پێدەچێ بۆ زازاییەکان و هەورامییەکان .........تاد بیرۆکەیەکی تر دابهێنن و ئەوانیش زمانێکی سەربەخۆیان بۆ دابتاشن.

ئەمەی دەیڵێم بوختان نییە، پرۆژە دووستاندەردییەکەی حەسەنپوور دەقاودەق لەمانیفێست و پراکتیکی شۆڤینیزمی عەرەبیی و حیزبی بەعسەوە وەرگیراوە. بەڵام لەهەموو شتێک کۆمیدییتر ئەوەیە ئەم دووستاندەردەی ئەوان باسی دەکەن ناڵێن بەچ ئەلفبێیەک بنووسرێن، چونکە دەزانن لەوێشدا دەکەونە چاڵێکی قووڵی ئارگیومێنتەوەو لێی دەرناچنەوە. چونکە ئەلفبێی تورکیی-لاتینیی بۆخۆی دەردێکی کارییە بەزمانی کوردییەوەو هەرگیزیش هیچی لێ سەوز نابێ لەهەردوو کوردستانی عێراق و ئێراندا، جگە لە خۆخافڵاندن و دڵدانەوەو خۆهەڵواسین نەبێت. تا دێتیش رۆژبەڕۆژ ئەو شەقڵە کولتوورییەی نێوان سکریپتی ئارامیی- عەرەبیی و سکریپتی تورکیی-لاتینیی لەزمانی کوردییدا گەورەتر دەبێتەوەو زامەکەیشی بەسوێتر دەبێ. بۆیشە بۆ بەلاڕێدابردنی خەڵک، بەدیدێکی ئایدیۆلۆژیستییەوە بە کرمانجیی ناوەڕاست دەڵێن سۆرانیی ، بەڵام بە سەبدایەلێکتی بادینیی دەڵێن کرمانجیی ژووروو.

حەسەنپووریش بەهەمان شێوەی حەسەنی قازیی بۆ رێ هەڵەکردنی خوێنەر و خۆشباوەڕیی ئەوانەی بڕوایان بە بۆچوونەکانیەتی لەسەر مەسەلەی زمانی کوردیی، دایگلۆسیا و دایەسیستمیی ( Diglossia and Diasystem ) زمانی کوردیی و نیمچەستاندەردیی semi-Standard ی هەندێ دایەلێکتی زمانی کوردیی ، بە جووتستاندەردیی دوو دایەلێکت پیشان دەدات. لە کتێبی " لینگوا فرانکای کوردیی: زمانی ستاندەردو فەرمیی" دا بەوردیی و بەدووورو درێژیی باسی رۆڵ و ئەرکی ئەم تێرمە زمانەوانییەم کردووە" . بەڵام راستییەک هەیە ئەگەر دایەسیستمیی زمانی کوردیی کە بەهۆی هەڵکەوتی جیۆگرافیی و هێزە کۆلۆنیالیستەکانەوە زیاتر جیاوازیی خستووەتە نێوان دایەلێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردییەوە، ئەوە گومانی تێدا نییە کە زمانی کوردیی زۆرینەی کوردستانی عێراق و سەبدایەلێکتی بادینیی ئەگەر بەدایەسیستمیی لە مەنگەنەی ستاندەردبوون بدرێن، بەرەو دوو زمانی تەواو سەربەخۆ و جیاواز لەیەکدی هەنگاو دەنێن. بۆ هەورامیی و زمانی ماچۆش هەمان شت راستە.

نموونەی ئەم دایەسیستمییانە لە دنیادا زۆرن، بۆ نموونە زمانی هیندستانیی و زمانی ئوردو هەروەها زمانی ئیسپانیی و پۆرتوگالیی، سەرەڕای هاوڕەگبوونی ئەو زمانە نزیکانە لەیەکدییەوە، هەنووکە ئوردو و هیندیی دوو زمانی تەواو جیاوازن. بەهەمان شێوەش پۆرتوگالیی و ئیسپانیی دوو زمانی تەواو لەیەک جودان. ئەگەر چەمکی دووستاندەردیی لەکوردستانی عێراقدا جێکەوت بکرێ، ئەوە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو دوو زمانە ئەوەندە لەیەکتر دوور دەکەونەوە کە ببن بە دوو زمانی تەواو سەربەخۆ ، لەباری کولتووریی و زمانەوانییشەوە هیچ پێویستییەکان بەیەکتر نامێنێ.

خوێنەری وریا و خاوەن تەجروبە، ئەوە باش دەزانێ، لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا کە باسی زمانی ستاندەردی کوردیی گەرموگوڕە، شێوازی داڕشتنی زمانی کوردیی پێش ئەو دوو ساڵە لەگەڵ هەنووکەدا، ئایا ئاڵوگۆڕیی ریشەیی بەسەردا نەهاتووە؟ بەکورتییەکەی لایەنە پۆزەتیڤەکەی ئەوەیە کە زۆرکەس گرینگیی بەستراکتۆری نووسینەکانیان دەدەن و ترسێکی گەورە لە داڕشتن پەیدا بووەو ئاگایی لینگویستیی لای زۆربەی خوێنەران و نووسەران گەشەی کردووە. مەبەستی ئەم نووسینە لایەنە نێگەتیڤەکەیەتی، ئایا رێژە و ژمارەی ئەو تێرمە کوردییانەی لە زاراوەو بنزارەوەکانی تری زمانی کوردییەوە( بەتایبەتیی کرمانجیی) کە دەهاتنە ناو زمانی کوردییەوە زۆر بەئاشکرا کەمیی نەکردووە؟ هۆکارەکەی ئەو "شۆڤینیزمی لەهجەیی" یە کە قوڵپ دەدات و گرووپی دووستاندەردەکانیش لەڕێگەی کۆمەڵی چەپی دێرینی ستالینییەوە بە تێرمی چەپی ئێرانیی لەچەشنی " فاشیزمی سۆرانیی و ئیستیبدادی زمانیی و شۆوینیزمی سۆرانیی" زمانی رەسمیی سێ شاری هەرێمی کوردستانی پێ تاوانبار دەکەن و ئەوەندەی تر ناحەزییەکە گەش دەکەنەوە.

### ئینتەرلینگوای Interlingua هەرێمی کوردستان

کاتێ ویلایەتی موسڵ بە عێراقی ئەوساوە لکێنرا و عێراق لەژێر ماندەیتی ( ئینتیداب) بریتانیادا بوو ، لە سەرەتای سییەکانی سەدەی رابردوودا بریتانییەکان بەشێوەیەکی فەرمیی زمانی کوردییان بەهاوشانی زمانی عەرەبیی، بە زمانی فەرمیی عێراق جێکەوتکرد. بەڵام بناغە و دایەلێکتی ئەو زمانە کوردییە، زمانی حکومەتەکەی مەلیک مەحمود بوو، ئەوسا یەک کەس لەکوردستانی عێراقدا بۆڵەبۆڵی ئەوەی لێ پەیدا نەبوو کە نابێ زمانی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بەزمانی رەسمیی دووەم لەعیراقدا بناسرێ. هەموو بادینانییەکان و بارزانییەکان و خەڵکی ناوچەکانی هەولێرو سلێمانیی و کەرکوک و گەرمیان بەشانازییەکی نەتەوەیی لەقەڵەمیان دەدا ( هەرچەندە لەپراکتیکدا کارێکی ئەوتۆی پێنەکرا) . کەچیی پاش هەشتا ساڵ، گرووپی دووستاندەردەکان داوای ئەوە دەکەن

که دووەم زمانی ڕەسمیی عێراق ، بە دوو فلیقانەیی بکرێ. بەشمشێری زولفەقاری جووتستاندەردەکان لە سەرەوە بۆ خوارە لەت بکرێ.

ئاخر لە وڵاتێکی فیدراڵدا کە دوو زمانی ڕەسمیی هەبێ ، پێویستە لە هەموو شوێنەکانی عێراقدا بەرادەیەکی گونجاو عەرەبیی و کوردیی بخوێنرێ. ئەوە ڕاستە کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە کوردستان و عێراقدا، نەیانتوانیوە ئەوەی لەدەستوردا هەیە لای کەمیشی بەپراکتیک بکەن و بگرە زۆربەی پارلەمانتارە کوردەکانی بەغداد نە بەکوردیی و نەبەعەرەبیی زمانیان گۆ ناکات. بەڵام ئەگەر وەک کلێشە دەستورییەکە سەیری بکەین و پرۆژەی جێکەوتکردنی زمانی کوردیی وەک زمانێکی ڕەسمیی لەئاستی عێراقدا بۆ ئاستی جێبەجێکردن ببەین، دەستکەوتێکی گرینگی سیاسیی و کولتووریی و زمانەوانییە.

باشە ئەگەر پرۆگرامی خوێندن بە هەردوو زمانی عەرەبیی و کوردیی بێت، ئایا 75% ی دانیشتوانی عێراق کە عەرەبن ئەم مەهزەلە زمانەوانییەی دووستاندەردە ئایدیۆلۆژیستەکانمان چۆن لێوەردەگرن کە بە دوو زاراوە بخوێنن؟ ئایا ئەمە سووکایەتیی وگاڵتەجاڕیی و یارییکردن بە زمانی نەتەوەیی گەلی کوردی کوردستانی عێراق نییە؟ ئایا ئەمە گەورەترین سووکایەتیی نییە لەکێڵگەی زماندا بەنەتەوەی کورد دەکرێ؟ مەگەر شۆڤینیزمی عەرەبیی ناڵێت " کاکات هیچیان بەدەست نەهێناوە بەڵام داوای ئەوە دەکەن زمانی دوو عەشیرەتی بادینانیی و سۆرانیی بەسەر منداڵانی عێراقدا ساغبکەنەوە".

چۆن دەبێ لەعێراقدا، تەنانەت لە کوردستاندا کە ڕێژەیەکی زۆر تورکمان و مەسیحیی تێدایە، زمانی ئەوان ڕەسمیی نەبێ ، کوردی خاوەن هیچ، دوو زمانی ستاندەردی هەبێ؟ ئایا ئەوانەی داوای ئەم مەهزەلە ئایدیۆلۆژییە دەکەن بەعەقڵانیی بیر دەکەنەوە؟ یان وەک حەسەنی قازیی، تێرمی " عەقڵی سەلیم " بەکاردەهێنێ، عەقڵی ئەوان سەلیمە و عەقڵی ئەوانەی کە داوای ئەوە دەکەن زمانێکی ڕەسمیی ، ئینتەرلینگوایەکی ( یەک-زمان) ڕەسمیی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێ بەلەبەرچاوگرتنی تەواوی زاراوەکانی زمانی کوردیی هەرێمی کوردستان؟ عەقڵێکی ناسەلیمە!

ئایا ئەگەر سبەی ڕۆژ کەرکوک گەڕایەوە سەر هەرێمی کوردستان، سەتان هەزار عەرەب و سەتان هەزار تورکمان دەکەونە چوارچێوەی جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە زمانی عەرەبیی و تورکمانیی، لەپاڵ زمانی کوردییدا بە بەزمانی ڕەسمیی و ستاندەردی هەرێم بچەسپێنێ، یان زمانی کوردیی جووت-تایە بداتەوە بەچاوی تورکمانەکان و عەرەبەکانداو ئەوانیش زەقەی چاویان بێت؟ ئایا ئەوانەی داوای دوو ستاندەردی دەکەن، یەک زەڕەش بیریان لە مەودای سیاسیی و کولتووری ئەو سەرگەردانییەی جووتستاندەردبوونی زمانی

کوردیی کردووەتەوە کە هیچ لۆژیکێک ڕێگە بەجێکەوتکردنی خەونێکی ئایدیۆلۆژیستانەی لەو چەشنە نادات، جگە لە عەقڵی سەلیمی جووتستاندەردەکان نەبێ؟

لە کۆتاییدا، ئەوەی زۆر گرینگە لەبەرچاو بگیردرێ، کە لینگوا فرانکا و ئینتەرلینگوای هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەو زمانەیە بە کرمانجیی ناوەڕاست بناغەکەی ڕۆنراوە، ستەمی زمانیی لە هیچ تاکێکی کورد و ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان ناکات. هیچ هێزێک ناتوانی زاراوەیەک، زمانێک لەنێوبەرێ ئەگەر ئیرادەی گەلێک لەپشت خۆڕاگریی ئەو زمانەوە بێت. بەلام هەلومەرجی سیاسیی و نێودەوڵەتیی و کولتووریی لێمان دەخوازێ لە کورستانی عێراقدا یەک زمانی ڕەسمیی بەشێوازە سیاسیی و یاسایی و پەروەردەییەکەی هەبێ و بە زاراوەکانی تر موتوربە بکرێ. دیارە وەک بارە سیاسیی و یاساییەکەیشی، وەک مافی زمانیی پێویستە مافی زمانیی بۆ تورکمان و عەرەب و مەسیحییەکان پارێزراو بێت. بەڵام ئەوانە زمانی جیاوازن و وەک دایەلێکتەکانی زمانی کوردیی نیین، دەشکرێ هەر لەناوچەکانی خۆیاندا زمانی ڕەسمیی و ستاندەرد بن.

لە دوایین بەشی ئەم نووسینەدا، دەمەوێ ئاماژە بە خۆپیشاندانی قوتابییانی دەڤەری بادینان ( ئامێدیی) بکەم کە داوای خوێندن بە زاراوەکەی خۆیان دەکەن. ئەمە مافێکی ئاسایی خۆیانە کە بەئازادیی رای خۆیان دەربڕن. بەڵام یەک حەقیقەتێکی کولتووریی و سیاسیی هەیە، ئەویش ئەوەیە، بادینان بەشێوەیەکی گشتیی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە قۆرغکراوەو ئازادیی بەکەمترین شێوەش تێیدا بەدیناکرێ، بەتایبەت ئازادیی سیاسیی، دەیان کادری چەپ لەو ناوچەیە کوژران و تێرۆرکران، یەکگرتووی ئیسلامیی زۆر نییە لە دهۆک چییان لێ بەسەرنەهات؟ ڕێژەی % 90 و بەرەوژوورتریش دەنگدانی خەڵک بە حیزبی دەسەڵاتدار خۆی لەخۆیدا دەڵێ ئازادیی چەند تەیرێکی ئاوەڕووتکراوە! نەبوونی یەک ڕۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوەی سەربەخۆ بۆ نمەکیش بوونی نییە. ئایا ئەمانە پرسیاری زۆر دروست ناکەن؟

باشە ئەگەر مەسەلە دڵسۆزیی و هاوغەمییە بۆ دایەلێکتی کرمانجی ژووروو، بۆ پاراستنی زاراوەکەیان! وەک خۆیان دەڵێن، ئەی باشە بۆ لەسلێمانیی و گەرمیان خۆپیشاندان و هاودەنگیی دەردەبڕدرێ بۆ خەڵکی کورد لەکوردستانی تورکیا، بۆ لایەنگریی لە دەتەپە و تەنانەت لە پی کەی کەیش PKK بەئاشکرا خۆپیشاندان دەکەن، بۆچیی لەبادینان نووزەیەکی لێوە نایات؟ ئەو هەموو گەندەڵیی و نایەکسانیی و سەرەڕۆییەی دەسەڵاتی سیاسیی هەیە، لە زۆربەی ناوچەکانی کەرکوک و سلێمیانی و هەولێر کەم تازۆر ناوبەناو نارەزایەتیی هەیەو دواترینیشیان هەڵچوونەکەی

پیرەمەگروون بوو، بۆچیی نەمان بیست رۆژێک لەبادینان کۆمەڵێ گەنج کۆببنەوەو لەسەر پرسی کەرکوک و مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە عێراقدا دەنگ هەڵبڕن؟

بۆچیی قوتابییانی پارتیی جارێک خۆپیشاندانیان نەکرد لەوەی کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد خەریکە گەورەترین کارەسات بەسەر گەلی کورددا بهێنن و کەرکوک بەیەکجاریی بدۆڕینن؟ ئەو یەکێتیی قوتابییانەی داوای زمانی ستاندەرد و رەسمیی بادینیی دەکات، بە ئاشکرا حیزبی دەسەڵاتدار خەریکی سەرخستی کوتلەی بادینییەکانە لەهەڵبژاردنە ناوخۆییەکاندا. حیزبێک ئینتیمای لۆکاڵیزمبوون و ناوچەگەرایی مێشک و بیرکردنەوەی داهێزراندبێ، دەکرێ ببێ بەهێزێکی نیشتمانیی و پروپاگەندەی گەڕانەوەی کەرکوک بکات!

راستییەکەی، ئەمە خەتای خەڵکی بادینان نییە، ئەوەی لە شوێنەکانی تریش خۆپیشاندانی جۆراوجۆر دەکرێ ئازایەتیی و پلەی کوردبوونێکی تۆخ نییە، بەڵکو مەسەلەکە سەرکوتی سیاسیی و نەبوونی ئازادییە لە دەڤەری بادیناندا. ئەوە دەسەڵاتی سیاسییە هەموو گۆشەیەکی ژیانی کۆنترۆڵ کردووە. ئەو خۆپیشاندانەش بەدڵنیاییەوە رێکخراوی قوتابیانی ئەو دەڤەرەی لەپشتەوەیەو هەر هەمان تێڕوانین جەخت دەکاتەوە کە زۆرکەس بڕوایان وایە، خودی دەسەڵاتی سیاسییە لەکوردستاندا ئەوەی کە ناهێڵێ زمانێکی ستاندەرد و فەرمیی لە بواری کارگێڕیی و پەروەردەدا روو بەدنیای دەرەوە هەبێ. گەمەی " ئەکادیمیای کوردی" یش جۆرێکە لەو گەمە حیزبیی و ئایدیۆلۆژییانەی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی کاپتنی سەرەکییەتی. لەم ئاقارەوەیە کە گرووپی جووتستاندەردەکانی زمانی کوردیی ( کە زۆرینەیان کوردی کوردستانی ئێرانن) رێک خزمەت بەئەجێنداکانی حیزبێکی سیاسیی دەکەن، بەدڵنیاییشەوە بێ بەرامبەر نییە.

جێگەی خۆیەتی، لێرەدا ئاماژە بە هەڵوێستی سیاسیی بارزانیی دووەمیش بکرێ. بارزانیی لەچەندین کۆبوونەوەدا بەئاشکرا جەختی لەگرینگیی یەک زمانی رەسمیی و ستاندەرد بۆ کوردستانی عێراق کردووەتەوە. بەڵام کورد چیتر پێویستی بەهەڵوێستی شۆڕشگێڕانەو کوردانە! و قسەی سیمبۆڵیی نییە. بۆ کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، حەوت ساڵە هەڵوێستی ئاگرین و سوورەوەبوو بە رۆژنامەکاندا بڵاو دەکەنەوە. حەوت ساڵە لەسەر مایکرۆفۆنەکان و لەبەردەم زوومی کامێراکاندا پەنجە رادەوەشێنن و هەڵوێست دەهاوێژن، بەڵام یەک ئیرادەی سیاسیی و یەک ئیرادەی نیشتمانیی لە پشتەوە نەبووە. بەهەمان میتۆدیش بۆ مەسەلەی زمانی رەسمیی و ستاندەردی کوردیی لە کوردستانی عێراقدا، پێویستە ئیرادەی سیاسیی و نیشتمانیی زمانی کوردیی بکاتە سیمبۆڵی قەوارە سیاسییەکەی و کۆتایی بەم کێشمەکێشە کولتووریی و ئایدیۆلۆژییانە بهێنرێ. قسەکانی پارتیی چ لەسەر گەڕاندنەوەی کەرکوک و چ لەسەر پێویستبوونی یەک زمانی کارگێڕیی و فەرمیی....... لەگەڵ کردەوەکانیدا، دوو دنیای تەواو جیاوازن

لەکۆتایی ئەم وتارەدا، ئەو دوو خاڵەی لە واژۆی دەیان نووسەرو ئەکادیمیستی کورددا باسکران و وەک دوو پێشنیار و دوو چارەسەر خرانە بەردەست دەسەڵاتی سیاسییەوە دووبارە دەکەمەوە. دیارە تا هەنووکەش بە گونجاوترین و عەقڵانییترین بۆچوون دێنە ئەژماردن و ڕێگەش لەوڕێنەی ئایدیۆلۆژیی و دابڕانی هەرچی زیاتری زاراوەکانی زمانی کوردیی دەگرن، چونکە تەنیا و تەنیا لە هەلومەرجی یەک زمانی ڕەسمییدا ( بەلەبەرچاوگرتنی زاراوەکانی تر ) هەلومەرجی لەیەکگەیشتنی هاوبەش Mutual Intelligibility ی تەندروست دروست دەبێ. بەپێچەوانەوە لەسیستمی دوو ستاندەردییدا ئەوەی کە نامێنێ و تووشی فەنابوون دەبێ، لەیەکگەیشتنی هاوبەشە.

بۆ بەبیر هێنانەوە، ئەو دوو خاڵە پێشنیارکراوەی کەمپەیینی ستاندەردداییزی زمانی کوردیی ئەمانەبوون.

**یەکەم:** بەیاسایەک بڕیاربدرێ لەسەر بەفەرمیی ناسینی شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست، وەک بەردی بناغەی زمانی ستاندەردی خوێندن و مامەڵەی نێوان دەزگا حکومییەکان. هاوکات بەگوێرەی هەمان بڕیار، دەکرێ قوتابیی و خوێندکار پابەندبکرێن کە لە پرۆگرامی (زمانی کوردیی)دا ئاشنایەتیی تەواو لەگەڵ هەموو شێوەزارەکانی تری زمانەکەیاندا پەیدا بکەن، لەپێناو زەمینەخۆشکردن بۆ ئەوەی شێوەزارە جیاوازەکان لەیەکتریی نزیک بکرێنەوە.

**دووەم:** بەیاسایەکی هاوپێچ (مرفق) بڕیاربدرێ لەسەر دامەزراندنی پەیمانگایەکی نەتەوەیی ( یاخود زانکۆ و دامەزراوە زانستییەکان ڕاسپێردرێن ) بۆ لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەو ئارشیفکردنی هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردیی و پێشکەشکردنی پێشنیاری بەردەوام، بۆ موتوربەکردنی زمانی فەرمیی بە وشەو فرێزو زاراوەی هەموو شێوەزارەکانی تر.-

---------------

**ڕوونکردنەوەیەک لە کۆتایی ئەم وتارەدا:**

وەک ئەو ئەتەکێتە پڕ لە پێداهەڵدان و مامەحەمەییەی لە ئەدەبی کوردیی و زمانی هەندێ نووسەردا هەیە، بە ڕێزدار و بەڕێز و کاک و هێژا و خۆشەویشت و فلانی گەورەو فیساری مەزن دەست پێدەکەن و کۆتایی بە نووسینەکانیان دەهێنن، من وامنەکردووە. هەموو ئەو کەسانەی ناویان هاتووە ڕێزی مرۆییم بۆیان هەیە، بەڵام بە پلەی مستەر و جێنتڵمان و پرۆفێسەر و دۆکتراو بڕوانامەی تر

هەڵیان ناسەنگێنم، بە ئەندامی کاراو چالاکوان و شارەزا و ..............تاد نووسینیان پێ ناڕازێنمەوە، بەڵکو بەقورسایی و ناوەڕۆکی تێکستەکانیان هەڵیان دەسەنگێنم. ئەدەبی کوردیی لەو موجامەلە زۆر بێتام و بێکەڵکانە پڕاوپڕە. ئەوەندەی من شارەزاییم لەئەدەبی گەلانی تردا هەبێ ، زۆر بەکەمیی شتی لەم چەشنە بەرچاو دەکەوێت. دواتریش دوو روویی هەندێ نووسەرو بیریارو بیرمەندی کورد ئەوەندە ساختەکارییە، کە بەناوی خۆیانەوە تێکستەکانیان بەهەزار رێز و خۆشەویستیی و پێداهەڵدان و سەناکردن دەنووسن و بەخەیاڵی خۆیان ئێستێتیکای نووسینەکانیان قەدوبالا پێدەکەن، کەچیی لەپراکتیکداو لەژێرەوە جوێنفرۆش بوختانچیی و ملشکێن و ئاژاوەچیی و عەشایەرو راپۆرتنووسی وەک خۆیان زۆر کەمە

......................................

ئەو سەرچاوەو لینکانەی سوودم لێ وەگرتوون:

---

- مورادیی ر 2009،" ماچۆ زمانەکان لەپانتایی مێژوو و جوگرافیادا" گۆڤاری هەنار ، ژمارە 47 ، ساڵی چوارەم، دێسەمبەری 2009 ، سلێمانیی.

---

http://www.standardkurd.net/Direje.aspx?Cor=Twejinewe&Jimare=321
- http://hawlati.info/NewsDetailN.aspx?id=12963&LinkID=63
- http://www.helwist.com/2%20Geshti/Kesekan/Hesen%20Qazi/2010/3%20%201%20%20namey%20nexwindrawe.pdf
- http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=23165&cat=1
- http://www.rudaw.net/newspapers/rudaw/2009/91/04.pdf
-

# بەرەو بەکانتۆنکردنی کەرکوک: لایەنە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی

توێژینەوەیەکی کولتووریی و سیاسیی بۆ بەهەرێمکردنی  کەرکوک

**کامیار سابیر**

ئەم نووسینە لەدیدێکی سیاسیی  و کولتوورییەوە بۆ مەسەلەی کەرکوک و کورد دەڕوانێ و بە پێویستی دەزانێ کە عەقڵانییەتی سیاسیی و لێبووردەیی( سیاسیی  وئێسنیکیی و نەتەوەیی و نیشتمانیی ) جێگەی رق و کینەو شەڕو شۆڕ بگرێتەوە. جێگەی پەمپی ئایدیۆلۆژیاو کەفوکوڵی ئێسنۆناسیۆنالیزم و هەڕەشەو کوشتن بگرێتەوە. پێویستە خەباتی سیاسیی ژیرانەو خەباتی دیمۆکراسیی لەڕێگەی دیبەیت و پرۆژەی فیکریی و ئابووریی و کولتوورییەوە بە سەنگی مەحەکی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان پێکهاتەکانی شارێکی پڕ لەکێشەی وەک شاری کەرکوک لەلایەک و کورد و حکومەتی فیدراڵ لەلایەکی تر  بەهەند وەربگیردرێ .

ئەم نووسینە پرۆژەیەکی سیاسیی نییە، بەڵکو وەک توێژینەوەیەکی کولتووریی لەسەر رەهەندە ئەنسرۆپۆلۆجیی و کولتووریی و سیاسییەکان دەوەستێ.  هاوکات بڕوای بەوە هەیە سەرەڕای ئەو میکانیزمانەی بەکارهێنراون دژی بوونی کورد و ئێسنیکی کورد لەم شارەدا، نەک نەتوانراوە حەزیای ئایدیۆلۆژیی پانعەرەبیزم و شۆڤینیزمی عەرەبیی دەسەڵاتدارانی پێشووی عێراق پاراو بکات، بەڵکو کێشەکانی ئەم شارەی ئاڵۆزتر کردووە. لەهەمان کاتیشدا بڕوای وایە کە ناکرێ ئەو هەموو تاوان و شەڕو خوێنە بە  ئاراستەیەکی پێچەوانەدا هەڵبگەڕیندرێنەوە بۆ ئەوەی کورد لەڕێگەی میکانیزمی تۆڵەسەندنەوەوە مافەکانیان بەڕێگەی توندوتیژیی و سەرسەختیبوون لە پانکوردیزم و شۆڤینیزمی کوردایەتییدا ببیننەوە. بەتایبەت هەنووکە کێشەکان تەنیا لەنێوان پێکهاتەکانی  کورد و عەرەبدا نییە، بەڵکو تورکمانەکانیش بوونەتە بەشێکی سەرەکیی بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک و لەهەمان کاتیشدا کریستیانەکانی کەرکوک و کەمینەکانی تریش دەبێ لەبەرچاو بگیردرێن.

پێش هەموو شتێ، سەرەکییترین سەرەداو و چارەسەری کێشەی کەرکوک، مەسەلەی ژیان و ئابووریی خەڵکی شارەکەیە. راستە ئەوەی کێشەی کەرکوکی دروستکردووە ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی و پانعەرەبیزم بووە. ئەو شۆڤینیزمە عەرەبییە بووە کە لەدێر بەدێرێ بەرنامەی بەعسدا بانگەوازی نەمریی و سەروەریی ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی دەکات. بەعس پێیوایە کەرکوک شارێکی عەرەبییەو لەوڵاتێکی عەرەبییدایەو ئەو خەڵکەی لەسەر نیشتمانی عەرەبییش دەژین هەر دەبێ عەرەب بن. بەڵام لەدوای رووخانی بەعسەوە هاوکێشەکان پێویستییان بەچارەسەری سیاسیی و کولتووریی و ئابووریی هەیە. لەهەلومەرجی گلۆباڵیزەیشندا بۆ دابینکردنی ئاساییشی جڤاکەکان و رەهەندە سیاسیی و کولتوورییەکانیان، ئابووریی گرینگترین فاکتەری سەرەکییە.

گۆرباتشۆڤ لە نوێترین وتاریدا، باسی بەرکەنارخستنی پرۆژەی ئابووریی و بەدواچوونی ئابووریی دەکات و ددان بەهەڵەی خۆیاندا دەنێ لە بیرۆسترۆیکادا کە هەر لایەنە سیاسییەکەیان گرتبوو. بەهەمان میتۆدی سیاسییش لە 2003 ەوە لایەنە کوردییەکان نەک هەر بواری ئابووریی و ژیان و دەرامەتی خەڵکی کەرکوکیان بۆ گرینگ نەبووە، بەڵکو بە هۆی ئەو هەلومەرجە سیاسییەوە باشترین هەلی خۆدزینەوەیان بۆ رەخساوە. هەروەک گۆرباتشۆڤ دەڵێ" خەڵک لە رۆژێکیان خۆش نابن کاتێک پێداویستییەکانیان لە شتومەکی رۆژانە روو لەکزیی دەکات"(بڕوانە وتارەکەی گۆرباتشۆڤ) . خەڵکی کەرکوکیش بە هەموو نەتەوەو ئێسنیک و ئایینەکانەوە پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەیان لە شەڕی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی و حیزبیی و ئێسنیکیی لەلاگرینگترە. بەدەر لەوەی شەڕی ئێسنیکیی ئەو شارە ، زیاتر سیمایەکی سیاسیی وەرگرتووە، بەڵام پشتگوێخستنی رەهەندە ئابووریی و ژیارییەکان، زامەکان قووڵتر دەکاتەوە.

هەر وڵات و شارێک لەڕووی ئابوورییەوە نوشوست بهێنێ، لەڕووی سیاسیی و کولتوورییشەوە هەرەس دەهێنێ (Horowitz 1985 ). کەرکوک یەکێکە لەوشارانەی کە حکومەتە کۆمارییەکانی عێراق بەدرێژایی 45 ساڵ، ناوچە کوردنشینەکانیان فەرامۆش کردبوو، پرۆژەی ئابوورییان تێدا نەدەکردەو و ژێرخانی ئابووریی ناوچە کوردنشینەکان بەردەوام لە رۆچووندا بوو. دیارە ئەم سیاسەتە باکگراوندێکی نەتەوەپەرستیی و ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی لەپشت بوو، لە ئایدیۆلۆژیای حیزبی بەعسیشدا بەلوتکەی خۆی گەیشت. بەڵام دوای لابردنی رژێمی سەدام، پارە و بودجەی زۆروزەبەندی عێراق بەسەر حیزبە سیاسییەکاندا هەڵڕژا. کەچیی لای کەمی ئەو پارەو بودجە زۆرە لەماوەی حەوت ساڵی رابردوودا بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی کەرکوک و خەڵکی شارەکە چ لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوەو چ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەکار نەهات. تەنانەت بۆ راستکردنەوەی پاکتاوی نەژادیی وگۆڕینی دیمۆگرافیی شاری کەرکوک بەکار نەهێنرا، کە رژێمە کۆمارییەکان بەگشتیی و بەعس بەتایبەتیی ئەنجامیان دابوو. کورد لەشەش حەوت ساڵی رابردوودا بەس بە پارەو پرۆژەی ئابووریی دەیتوانی جێبەجێکردنی ماددەی 140 زۆر ئاسانتر بکات، نەک وەک هەنووکە ئاڵۆزی

بکات. سەتان( سەدان) کەس هاواریان کرد، شەڕی ناوێ بەس بەپارە کەرکوک بکڕنەوە، دەسەڵاتی کوردیی گوێی لێیان نەگرت.

سەرەڕای هەلومەرجی ئاڵۆزی کەرکوک لەڕووی سیاسیی و ئابوورییەوە، لەڕووی تیۆرییە سیاسییەکانەوە و لەناو کێشمەکێشە سیاسیی و کولتوورییەکانی نێوان نەتەوەو ئێسنیکە جیاوازەکاندا، ئێسنیکەکان بە سیمبۆڵیزم و کارێکتەرایزبوونی شتە باشەکانی گرووپەکانیانەوە خۆیان ڕادەدەن. کەچیی ئەو سیمبۆڵیزم و کارێکتەرانەی سەرکردە کوردەکان و ئیدارەی خۆجێی کوردیی لە کوردستانی عێراقدا ئەوەندە بەدکار و ناشیرینە، متمانەی نەداوە بە کوردەکانی کەرکوکیش کە پردێکی مکۆم لەنێوان خۆیان و دەسەڵاتی سیاسیی کوردییدا دروست بکەن. دەنگنەدانی پتر لەسەد هەزار کوردی کەرکوک لەهەڵبژاردندا، هەر پاسیفیستبوون و لاموبالاتیی و دەست بەکڵاوگرتنی خۆوە نییە. بۆ شارەکانی تر ئێیەکی تێدایە، بەڵام بۆ کەرکوکێک وەک کووانووی پڕ لەپشکۆ وایە، چۆن بەبێ فاکتەری سیاسیی و کولتووریی، پاش دەیان ساڵ تەعریب و دەرکردنی دەیان هەزار خێزانی کورد، چۆن بەو ڕادەیە بێباك دەبن و لە چارەنووسی سیاسیی شارەکەیاندا بەشدار نابن؟ لەبەرامبەریشدا لیستی هەندێک لە پانعەرەبیی و پانتۆرانیی ( ئەلعێراقییە) ەکان، بەساختە بێت یان بە راستیی لەهەڵبژاردنی مارسی 2010 دا لە لیستە کوردییەکانی دەبەنەوە.

لەهەلومەرجی رووخان و داغانبوونی دەسەڵاتێکی سیاسییدا کە پڕ بووبێت لەکێشەی نەتەوەیی، مەزهەبیی، ئێسنیکیی و کولتووریی، هەمیشە سەرقاپی ئەو مەنجەڵە پەستێنراوە کە لادەچێ، فوارە بۆ تەقینەوە ناوخۆییەکان پەیدا دەبێت. لەدۆخێکی وەک شاری کەرکوکدا، وێڕای ئەوەی ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی نزیکەی 80 ساڵ باڵادەستیی هەبوو، بەڵام لە 2003 بەدواوە ئەو جەبەرووتەیان لەدەستدا. لە دۆخێکی سیاسیی و کولتووریی پڕ لە گرژییدا، هەمیشە ئێسنیکەکان بەریەک دەکەون و گرووپی داش- سوار دەیەوێت تۆڵەی ئەو کاتانە بکاتەوە کە ستەمی لێکراوە و گرووپی باڵادەستی رابردووش لەترسی لەدەستدانی دەستکەوتە سیاسیی و ئابووریی وکولتوورییەکانی لاساریی دەکات و نایەوێت دەستکەوتە فیزیکییەکانی لێ بسەنرێتەوەو بەمپێیەش سەرەتای توندوتیژیی دەست پێدەکات ( Toft 2003).

لەکاتێکدا کوردەکان دەیانەوێت قەرەبووی سیاسەتەکانی بەعس بکەنەوە کە هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری کەرکوکی بە ستراتیژێکی زۆر ئێسنۆنالسیۆنالیستیی عەرەبیی دابوو، بەڵام لەهەنووکەدا بۆ گرووپە ئێسنیکییەکانی وەک عەرەب و تورکمان و تەنانەت ئاشووریی و ئەرمەنییەکانیش لەشاری کەرکوکدا مانەوەی فیزیکیی physical survive و هێجەمۆنی کولتووریی و سیاسییان مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی شەڕ نەکەن و توندوتیژیی نەخوڵقێنن و دەستی وڵاتانی تر نەهێننە ناو مەسەلەی کەرکوکەوە ( هسپ- ibid). لەم دیدەوە، ئەم باسە پێیوایە، بۆ پاراستنی گرووپە جیاوازەکان و ئێسنیکە جیاوازەکان، لەهەمان کاتیشدا بۆ راستکردنەوەی هەڵە

ستراتیژییەکانی بەعس، باشترین چارەسەری هەنووکەیی چێکردنی هەرێمێکی تایبەتە بەخۆیان لە چوارچێوەی جیۆگرافیای شاری کەرکوکدا کە ئەم توێژینەوەیە لێی دەکۆڵێتەوە.

لەڕووی کولتووریی و سیاسیی و کارگێڕییەوە، دابینکردنی هەرێمێکی سەربەخۆ دەبێتە هۆی مانەوەی ئایدێنتیتییان و بەبوونی ئازادانەی خۆیان هەستدەکەن (ibid). هاوکات گەڕاندنەوەی بەشێکی زۆری ئەو مافانەیە کە لە کوردی ناوچەکانی کەرکوک زەوتکرا. کەچیی رێک بەپێچەوانەوە ئەم هەستە لای عەرەب و تورکمان بەدیناکرێ کاتێ باسی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکرێ. بەواتایەکی تر عەرەب و تورکمان وێڕای دەستێوەردانی بیری رەگەزپەرستانەی پانعەرەبیزم و پانتۆرانیی، بە هیچ شێوەیەک حەز بە ریفراندۆم (رێفەرێندەم) لەسەر پرسی کەرکوک کە جێبەجێکردنی ماددەی 140ە، ناکەن ، چونکە حەز بەچارەی هەرێمی کوردستان ناکەن.

## ئیسنۆناسیۆنالیزمی کورد و کوردایەتیی

کورد لەمێژووی عێراقی مۆدێرندا دەکرێ بگوترێ لە دوای کوودەتاکەی عەبدولکەریم قاسمەوە کەوتووەتە بەرامبەر حکومەتی ناوەندییەوە. زۆری نەبرد لەدوای هاتنەوەی بارزانیی یەکەمەوە لە سۆڤێتی ئەوسا، ناکۆکییەکانی نێوان بارزانیی و قاسم گەشەی سەند، تەنانەت بابا عەلی شێخ مەحمود، کە نێوبژیی نێوان بارزانیی و قاسمی دەکرد، بەڕاشکاویی لەلایەن بارزانییەوە پێیگوترا چارەسەری پرسی کەرکوک دەبێ بکرێ. ئەوەبوو قاسم لەژێر تەوژمی ناسیۆنالیستە توندڕۆکانی عەرەبدا نەیتوانی بەچارەسەرێک بگات، شەڕ لەگەڵ حکومەتی جەماوەرییترین پیاوی سیاسیی و عەسکەریی ( قاسم) لەعێراقدا دەستیپێکرد ( Astarjian 2007 ).

بەواتایەکی تر پارتیی ئەوسەردەمەو و هەنووکە ئەو مافە بەخۆی دەدات کە لەسەر کەرکوک شۆڕشی چەکدارییان دژی حکومەتی ناوەندیی دەست پێکردەوەو هەر لەسەر کەرکوکی کۆستکەوتووش بوو کە بارزانیی ئەو هێزە پرچەک و تفاقەی ئاشبەتاڵ پێکرد. یەکێتییش هەر لەسەرکەرکوک بوو لە 1985 کۆتایی بە گفتوگانی هێنا، پاش ئەوەی گفتوگۆ بەبنبەست گەیشت. هەمیشە هێزە میلیشیا کوردییەکان ئەوە دەدەنەوە بەچاوی کەرکوک و کەرکوکییەکاندا کە خەباتیان بۆ کەرکوک کرد. ئاشبەتاڵ و نسکۆو شکستیان تووش بوو، هەر بەهۆی کەرکوکەوە بوو. دروشمی " یان کەرکوک و خانەقین، یان تا ماوین دەجەنگین" چەندین ساڵ کوورەی شەڕی پێشمەرگەو حکومەتی گەرم راگرت، کەچیی لەسەر ئەرزی واقیع لەدوای 2003 ەوە ئەوەی سەرمایە بیلیۆنییەکانی ئەو حیزبانە ببینێت و لەگەڵ کەرکوکی دڵ و قودسی کوردستاندا بەراوردی بکات، بەئاسانیی بۆی دەردەکەوێ، چ نانێکی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی بەکەرکوکەوە دەخۆن و چۆن بنەماڵەکانیان لەسەر حیسابی کەرکوک و گەرمیان و ئەنفال، بوون بە لۆردەکانی کوردستان و ئەوەی باسیشی دەکەن لەگەڕانەوەی کەرکوک بۆسەر هەرێمی کوردستان، تەنیا بۆ بازاڕگەرمیی و خۆشباوەڕیی شەقامی کوردییە.

## دۆڕاندن و بردنەوەی کەرکوک لەلایەن نەتەوە جیاوازەکانەوە:

کەرکوک شارێکی کوردستانییە ، عەرەبییە یان شارێکی تورکمانیی ، یاخود عێراقێکی بچووککراوە بەڕای ئەم نووسینە ئەو تێرمانە زیاتر تێرمەگەلێکن بۆ جوڵاندنی مۆتیڤ و هەستی ناسیۆنالیستانەی عەرەبیی، کوردیی و تورکمانییە. چۆن دەکرێ هیچ نەتەوەو پێکهاتەیەک هەموو شتێک نەدۆڕێنێ و هەموو شتێکیش نەباتەوە؟ ئەم توێژینەوەیە لەهەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکدایە کە لای کەمی داوا جیاوازەکانی پێکهاتە جیاوازەکان بەدیبێنێت.

دوو کۆنسێپتی سەرەکیی لە هەر جڤاکێکی فرە-کولتووریزم multiculturalism دا دەبێ زۆر بەوردیی لەبەرچاو بگیردرێن. پرۆسێسی بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی Nation – State و هاوڵاتیبوون Citizenship، کە دوو چەمکی لێکئاڵاوو بەپێچ و پەنان. شاری کەرکوک لەدیرۆکێکی زۆر کۆنەوە شارێکی فرە کولتوور و فرەئایین و فرە رەگەز و فرە نەتەوەو فرە ئێسنیک........تاد بووە. جێبەجێکردنی ماددەی 140 رەهەندی لۆکاڵیی، هەرێمیی و جیهانیی هەیە، بۆیە زۆر پێویستە چەمکی هاوڵاتیبوون، چەمکی خۆبەخاوەنزانینی خەڵکی ئەو شارە بۆ جیۆگرافیاو ئابووریی و سەروەریی شارەکەیان بچەسپێنرێ، ئەوسا بیر لەئینتیمای سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی خەڵکی شارەکەو جیۆگرافیای شارەکەو ئابووریی شارەکە لەهەرێمێک و قەوارەیەکی سیاسیی تردا بکرێتەوە.

کیملیکای شارەزا لە فەلسەفەی سیاسییدا لەسەر پرسی فرەکولتووریی لە شارو وڵاتە فرە کولتوورەکاندا ، کە کێشەی سیاسیی و کولتووریی و نەژادییان تێدایە، پێیوایە زۆر رێگەی جیاواز هەیە بۆ ئەوەی کەمایەتییەکان لە جڤاکە سیاسییەکاندا تێکەڵ ببن، لەسەرکوتکردن و زاڵبوون و کۆلۆنیالیزمەوە بگرە تا بە کۆچی ئازادانەی تاک و خێزانەکان دەگات( kymlicka 1995). رژێمە کۆمارییەکان و تەنانەت حوکمی پادشاییش کەم تا زۆر سیاسەتی زەبروزەنگ و دەرپەڕاندن و خۆسەپاندنیان بەکارهێناوە، ئاکامەکەی جگە لەماڵوێرانیی گەلانی عێراق بەگشتیی و کورد بەتایبەتیی شتێکی ئەوتۆی لێ نەچنراوەتەوە. بۆ جێکەوتکردنی فرەکولتووریزم، پێویستە بزانرێت چۆن ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی و فرەکولتووریی لەم شارەدا، جیاوازییە کولتووریی و سیاسییەکان رادەگرێ و تاکەکانی ئەم کولتوورە جیاوازانە پێکەوە هەڵدەکەن و ژیان بە ئاسوودەیی بەسەر دەبەن( Wekker 1998)؟

## شۆڤینیزمی عەرەبیی و کوردیی و تورکمانیی: بکوژانی پێکەوەژیانیی

ناسیۆنالیزمی عەرەبیی لەترۆپکیەوە کە دەکرێ بڵێین لە جەمال عەبدولناسر وعروبەییەکانەوە بیگرە بەگشتیی و بەعسییەکان ( بە هەردوو ڤێرژنی ئەسەدیی و سەدامییەوە) بەتایبەتیی وێرای کەڵکوەرگرتن لە سێکیۆلاریزم، لە ئیسلامی سیاسیی ، لە ژێرخانی عەشایەریی و کۆنسێرڤەتیزمی کۆمەڵگەی عەرەبیی، تەواوی پرۆژە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکانیان جگە لە دارمانی بونیادی تاکی

عەرەب و کۆمەڵگەی عەرەبیی و سیستمی ژیانی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی، پێناچێت قازانجێکیان بۆ گەلانی عەرەب هەبووبێ. بۆیە دەستگرتن بە پرۆژەی پانعەرەبیزم و عروبەی عێراقیی و عروبەی کەرکوک و بەرنامە شۆڤینیستییەکانی بەعس لەلایەن عەرەبەکانی کەرکوک و عەرەبی عێراقەوە گەڕانەوەیەکی تیژتێپەڕە بۆ دواوە و نەخشەسازییە بۆ قەبارەی کارەساتی گەورەتر لەداهاتوودا.

یەکێ لەو کارەساتە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییانەی لە هزری ئێسنۆناسیۆنالیستە عەرەبییەکاندا کەوتووە، خڵتەوخاشی بەرنامەی بەعس و ئایدیۆلۆژیای ئێسنۆناسیۆنالیستیی حیزبی بەعسە. ئەم حیزبە بەفەرمیی 35 ساڵ دەسەڵاتی لەعێراقدا بەدەستەوە بوو ، پێش دەستگرتن بەدەسەڵاتیشەوە ئامادەگیی کولتووریی و سیاسیی زۆری هەبوو لەنێوەندە عێراقیی و کایە عەرەبییەکاندا. لە بیروباوەڕە سیاسییەکانی حیزبی بەعسدا، لە بەندی یەکەمی دەستوری حیزبدا( یەکێتیی نەتەوەی عەرەب و سەربەخۆیی ) دا لە خاڵی سێدا هاتووە" الوطن العربي للعرب، ولهم وحدهم حق التصرف بشؤونه وثرواته وتوجيه مقدراته" واتە نیشتمانی عەرەب بۆ عەرەبە، بەتەنیا خۆیان مافی هەڵسوکەوتکردن بە کاروبارو سامان وتوانستەکانیانەوە هەیە". لەکاتێکدا کورد و دارفۆرییەکان و بەربەرییەکان....تاد لە وڵاتانی عەرەبییدا دەژین ، هیچ مافێکیان نییە. هەمان دەستور، لەماددەی 10 ی بیروباوەڕە گشتییەکاندا پێیوایە هەرکەس لەسەر خاکی نیشتمانی عەرەب بژیت ، دەبێت عەرەب بێت.

بەرنامەی بەعس چەندین خاڵی تێدایە، کە دەرهەق بەگەلانی ناعەرەب، هەموو سنوورەکانی نازیزم و فاشیزم و دیکتاتۆرییەتی بۆڵشەفیزمی سۆڤێتیی تێپەڕاندووە. هەر ئەم ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبییە بوو کە بەعسی بەسەر گەلانی عێراقەوە بەگشتیی و کورد بەتایبەتیی بە دێوەزمە کرد کە پەنا بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی کوردەکان و پاکتاوی نەژادیی و بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی و کەمپەینی ئەنفال بەرێت. زۆر گرینگە بۆ عەرەب بەگشتیی و عەرەبەکانی کەرکوک بەتایبەتیی خۆیان لەو هەموو شۆڤینیزمە ئایدیۆلۆژیی و فاشیزمە ئێسنیکییەی بەعس بتەکێنن و چاوێک لە دنیای پێکەوەژیان و دێموکراسیی و شارستانییەتی مرۆڤایەتیی بکەن و بیر لەپێکەوەژیانێکی مۆدێرنانەو سەردەمییانە بکەنەوە. ئەوەی کە عێراقی وێران کرد و لەدەوڵەمەندترین وڵاتانی دنیاوە کردوویەتی بە هەژارترین و وێرانترین وڵات، پانعەرەبیزم و ئێسنۆشۆڤینیزمی بەعس بوو، نەک ئەمێریکا و رۆژئاواو ئێران و زایۆنیزم و کورد و شیعە بووبێتن.

لەسەردەمی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمەوە بە شێوە تیۆریی و پراکتیکییەکەی، ناسیۆنالیزمی عەرەبیی بیانووی بەگژداچوونەوەی ئیمپیریالیزم و نۆکەرانی بەزەخیرەیەکی سەرەکیی مانیفێست و پراکتیکی خەباتەکەی دانابوو. لە 1948 یشەوە زایۆنیزمی هاتووەتە سەرو ئەوە پتر لەسەت ساڵە ئەم ئێسنۆناسیۆنالیزمە عەرەبییە ئەوەندەی خەریکی سەرکوتکردنی گەلانی دراوسێی عەرەب بووە،

بەهیچ شێوەیەک خەریکی بەدیهێنانی دروشمە زل و بێناوەڕۆکە ئێسنۆناسیۆنالیستەکانی خۆی نەبووە. سەرکوتکردنی کوردەکان لەعێراق و لەسوریا، بەربەرییەکان لە وڵاتانی رۆژئاوای عەرەبیی و دارفۆرییەکان لە سوودان ........تاد ماکی شۆڤینیزم و ئێسنۆناسیۆنالیزمی پانعەرەبیزم بووە.

لەکاتێکدا بریتانیا حکومەتێکی ئێسنۆکراسیی عەرەبیی دامەزراند. دواتریش حکومەتە کۆمارییەکانی عێراق، حکومەتی ئیسنۆکراسیی عەرەببیان بەسەر گەلانی عێراقدا سەپاند و لەناو ئەو حکومەتە ئیسنۆکراسییانەشدا تایەفەی سوننەی عەرەب پشکی شێری لە پۆستە هەستیارەکان و باڵاکانی حکومەتدا بەدەستەوە بوو، کەمینەی کورد لەعێراقدا پەراوێز خرابوو. بە سروشتییش هەموو حکومەتە ئیسنۆکراسییەکان سیستمێکی نادیموکراتیی و دژی ئازادیی و دژی مافی مرۆڤ، بەڕیوەیان دەبات. بەڵام لەدوای 2003 ەوە کورد دەبێ زۆر وریا بێت لەوەی رووی دووەمی هەمان شمشێر بە ستایلێکی تر و لەزەمانێکی تردا پیشانی عەرەبەکان و تورکمانەکان و کریستیانەکانی کەرکوک نەداتەوە.

بەبڕوای van den Berghe ، ئەنسرۆپۆلۆجیستێکی وەک فرانز باووس Baos بڕوای وایە کە ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان دەبێ لە لێکۆڵینەوەی مەیدانییدا بەگژ ئیسنۆسێنتریزمدا ethnocentrism بچنەوە( van den Berghe1981 ). چونکە ئێسنۆسێنتریزم مرۆڤەکانی ئێسنیکێک دەکات بە تۆپەڵێک لە بورکان و ئاگر لەبەرامبەر ئێسنیکە جیاوازەکانی تردا و رق و بوغز و کینە بەرامبەر یەک هەڵدەڕێژن و سەرەنجامیش بەرەو خوێنڕشتن و کوشتارگا هەنگاو دەنێ. ئەوە راستە لە عێراق و هەرێمی کوردستان و هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان زۆر زۆر کەمن، یان هەر نین، ئەمەش وایکردووە سیاسەت هەر بەشێوە کلاسیکییەکەو بەڤێرژنی ئێسنۆناسیۆنالیستیی رەهەندەکان تەی بکات و لێکیان بداتەوە. بەبڕوای ئەم توێژینەوەیە ئەو دژایەتییە توندەی ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی و تورکمانیی دژ بە داوا سیاسیی و کولتوورییەکانی کورد نیشانی دەدەن پاشماوەی کولتووری بەعسیزم و کولتووری سیاسیی ئیتیحاد و تەرەقیی تورکیایە لە ناو ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەربیی و تورکمانییدا گەرایەکی زۆری خستووە.

هەرچی پێوەندە بەئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردییەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ناسیۆنالیزمی سیڤیک و ناسیۆنالیزمی لیبراڵیی کورد بەڕادەیەکی ئەوەندە خراپ دابەزیوە، خەریکە بەتەواویی لەدەواری خێڵ و عەشیرەت کۆببێتەوە. رابەرایەتیی ئەم ئێسنۆناسیۆنالیزمەش لەدەسەڵاتی چەند بنەماڵەیەکدا مۆنۆپۆلکراوەو ئیرادەی سیاسیی گەلی کوردستان بەلارێدابراوە یان چەپێنراوە. بەڵام لەهەمبەر کەرکوکدا، ئیسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی نموونەیەکی خراپتر و سەرەڕۆتری بەدەستەوە داوە. وێڕای ئێسنۆسێنتریزمی کوردیی و ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی جۆرێک لە هوولیگانیزمی ( گوندەیی- hooliganism ) ئیسنۆسێنتریزمی پیشانی نەتەوەو ئێسنیکە جیاوازەکانی کەرکوک داوە. کار گەیشتووە بەشوێنێک بەشێکی عەرەب و تورکمانی کەرکوک دژایەتی ماددەی 140 دەکەن، لەبەر

ئەوەی ئیدارەی کوردیی و میلیشیای کوردیی و هوولیگانیزمی ئێسنۆسێنتریزمی کوردیی خراپترین دیسکۆرس و ئەدای سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییان لە 2003 ەوە پیشانیان دا. هاوکات گرینگە ئەوەش بگوترێ کە بەشێکی زۆری ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی و تورکمانیی لەکەرکوکدا لەلایەن دەوڵەتەکانی ناوچەکەوە هاندەدرێن .

سامناکترین جۆری ئێسنۆسێنتریزم و ئێسنۆناسیۆنالیزم ئەوەیە لە بیر و ئەندێشەی تاکەوە بۆ ناو جڤاك و بزوتنەوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بپەڕێتەوە. بۆ نموونە کەسێکی وەک تاڵەبانیی بە پیاوێکی پراگماتیی و واقیعیی ناسراوەو لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا سەرۆکی عێراق بووە. کەسێکی وەک سیستانیی بە" زامن" ی عێراق دەیچوێنێ و لەناولایەنە سیاسییەکانی عێراق و عەرەبیی و هەرێمیی و جیهانییشدا بەپیاوێکی گونجاو و سەرکەوتوو دەناسرێ، کەچیی لە دوای هەڵبژاردنەکەی 3/7 ی 2010 ەوە ، بۆ تێرکردنی حەز و خولیای ئایدیۆلۆژیی حیزبەکەی بە دەق دەڵێ" سەرکەوتنمان لەکەرکوک سەرکەوتنی کوردایەتی و کوردستانیبوونی کەرکوک بوو.." کوردستانی نوێش وەک تایتڵی سەرەکیی کوردستانی نوێی ژمارە 5129 ی رۆژی 2010/03/19 بڵاوی دەکاتەوە. لە کاتێکدا ئەوانەی کورد پێیان دەڵێ شۆڤینیستن لەچەشنی موتڵەگ و نجێفییەکان لەهەڵبژاردنەکاندا نەچوون دروشمی عروبە و پانعەرەبیزم بەزەقیی بڵێن، چونکە لای کەم دەزانن لەڕای گشتییدا سەردەمی بەسەرچووە.

لێرەدا ئێسنیکبوونی کورد بخرێتە لاوەو کوردێک خۆی لەبری عەرەبێک یان تورکمانێکی کەرکوک دابنێ و ئەو دروشم و حەماسەی سەرۆکی عێراق لەدیدی ئەنسرۆپۆلۆجیی و کولتووریی و سیاسییەوە شییبکاتەوە! چەند کارەساتە ئەگەر کوردێک گوێی لە دروشمی سەرکردەیەکی عێراقیی بێت، عروبەی سەردەمی " حەرەس قەومییەکان و بەعسیزم" بڵێتەوە؟ چەند کارەساتە کورد بیت و گوێت لە سەرکردەیەکی تورکمانەکانی عێراق بێت و دروشمەکانی کەمال ئەتاتۆرک " چەند شیرینە تورک بیت" بڵێتەوە؟ ئەو سەرکردە عەرەبە یان تورکمانەش بڕیار بێت پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق وەربگرێ! ئەم وردەکارییانە تەنیا لەڕووی سۆسیۆکولتووریی و ئەنسرۆپۆلۆجییەوە مافی تەواوی دەدرێتی و تێگەیشتن لێی ئاسان دەبێ، نەک لەڕووە سیاسییە ئایدیۆلۆژییەکەیەوە. بەدڵنیاییشەوە تاڵەبانیی هەرگیز ئامادە نییە ئەو دەربڕینە بەعەرەبیی یان بەئینگلیزیی بڵێ. یەکێک لەدووالیزمی سەرکردە کوردەکان ئەوەیە، ئەوەی بە کوردییە خۆماڵییەکە دەیڵێن، نایانەوێ بە زمانەکانی تر بیڵێن، تەنانەت کاتێک میدیا حیزبییەکان بۆیان وەردەگێڕن، لە ناوەڕۆکی تێرمۆنۆلۆجییە کوردییەکە دوور دەکەونەوە. بەبڕوای ئەم نووسینە تاڵەبانیی خۆی قەناعەتی سیاسیی بەو دەربڕینانە نییە، بەڵام بۆ بازاڕگەرمیی و فەخفەخەی سیاسیی دەیکات.

دیارە بەڕاستیی جێگەی ناسۆرییە کە هەندێک لەسەرکردەکانی کورد، لە دوایین هەڵبژاردنی عێراقدا وەک حەماسی سەردەمی میلیشیایی، کۆمەڵێ دروشمیان دەگوتەوە کە جگە

لەرەگەزپەرستیی کوردیی لە دیدی کولتوورییەوە هیچ شتێکی تر هەڵناگرێ. گومانی تێدا نییە کە بیرۆکەی کوردایەتیی ئیلهامەکەی لە عروبەو پانعەرەبیزمەوە وەرگیراوە، جۆرێک لەپەرچەکرداری ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی و کولتوورییە لەهەمبەر ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبییدا. هەروەک چۆن سەعدەدەین ئیبراهیم کە سکۆلارێکی میسرییە لەزانکۆی ئەمێریکیی لەقاهیرە، پێیوایە کە گەشەکردن و کەوتنەسەرپێی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی بەئیلهاموەرگرتن لە پانتۆرانییەوە بووە( Ibrahim 1998 ). بەدڵنیاییشەوە سکۆلارو سیاسیی و ئەفەندییەکانی کورد بەئیلهاموەرگرتن لەپانعەرەبیزم و تێزی عروبەوە، پانکوردیزم و تێزی کوردایەتییان هێنایە ناو ئەدەب و سیاسەت و کولتووری کوردییەوە. لە ژێر گوشاری فیکریی و سیاسیی وکولتووری کوردایەتییدا تا هەنووکەش بەشێکی زۆری سیاسییەکانی کورد خۆیان لەو راستییە تاڵە دەشارنەوە، کە کێشەی کەرکوک بەس کێشەی کورد و نەتەوەی کوردی کوردستانی عێراق نییە، بەڵکو کێشەی عەرەبی کەرکوک ( بەڕەسەن و هاوردەیەوە ) و تورکمانی کەرکوک و هەموو پێکهاتەکانی ترن. ئەوە جگە لەوەی هەندێ ئێسنۆناسیۆنالیستی کورد زیاتریش دەڕۆن و کێشەی کەرکوک دەکەن بە کێشەی کۆمیدیای" کوردستانییان!!" ی هەموو پارچەکانی تری کوردستان.

بەهەمانشێوەش شۆڤینیزمی کوردیی و بیری رەگەزپەرستانەی کوردایەتیی و پانکوردیزم، مرۆڤی کورد و بیری ناسیۆنالیزمی سیڤیکی کوردیی و گیانی نیشتمانیی و رۆحی هاوڵاتیبوونی کورد لەگیانی تاکی کورد دەردەکات و دەیکات بەدرنجێک کە رێکوڕەوان نەک هەر لەسەروگوێلاکدا بەڵکو لەناوەڕۆکیشدا برای شیرینیی پانعەرەبیزم و عروبە و ئەجێنداکانی بێت. ئەوە لەوە گەڕێین ئایا بزوتنەوەی چەکداریی و میلیشیای کورد هەرگیز خاوەن رەهەندێکی ناسیۆنالیستیی سیڤیک و نیشتمانیی بووە یان نا، بەڵکو مەبەستی سەرەکیی ئەم باسە لە هەنووکەدا لەسەر رەهەندە سیاسیی و کولتوورییەکانی پانکوردیزم و شۆڤینیزمی کوردایەتییە بەبەراورد بە عروبەو پانعەرەبیزم و پانتۆرانیزم.

### شۆڤینیزمی تورکمانیی:

لەناو تورکمانەکانی کەرکوکدا چەندین رەوتی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی جیاواز هەن، بەڵام سامناکترین ئەو رەهەندە ئایدیۆلۆژییانە خۆی لە جۆرێک شۆڤینیزمدا دەبینێتەوە کە رقی لە نەتەوەی کورد و ئێسنیکی کوردە. کورد بە لادێیی دەزانن و خۆیان بەخاوەن ماڵ دەزانن و پێیانوایە کە ئەوە کوردە کەرکوکی داگیرکردووە. چاویان لەئاست هەموو کەمپەینەکانی تەعریبکردن و سیاسەتی نیشتەجێکردنی ( الاستیطان) عەرەب، پاکتاوی نەژادیی کوردەکان و گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری کەرکوک دادەخەن و بۆ بردنەپێشەوەی سیاسەت و ئەجێنداکانیان سوود لەهەندێ دەسگای موخابەراتیی ناوچەکە و جەنتای سەربازیی تورکیا وەردەگرن. لەهەمووی ناخۆشتر، شۆڤینیزمی تورکمانیی و عەرەبیی، بەخەیاڵی ئایدیۆلۆژیی خۆیان، پێکەوە سەنگەریان لەشۆڤینیزمی کوردیی

گرتووە. بەڵام بەداخەوە دژایەتیی ئێسنیکی کورد دەکەن، لەڕاستییشدا دژایەتی داوا رەواکانی گەلی کورد لەکوردستانی عێراقدا دەکەن. هەروەک چۆن کوردایەتیی و عروبە دووانەی یەک ئایدیۆلۆژیای ئێسنۆناسیۆنالیزمن. شۆڤینیزمی تورکمانییش درێژکراوەی ئایدیۆلۆژیای ئیتیحادو تەرەقییە ، بەهەمان میتۆدی پانتۆرانیزمی کەمالیستەکان بیردەکەنەوە.

## شاری کەرکوک شارێکی کوردستانیی نییە:

هەر ئەم سەبتایتڵە فوارەی خوێنی کوردایەتیی و قوڵپی پانکوردیزم و کوردستانییانی نەژادپەرست پەمپ دەدات و دەیکوڵێنێ. بەڵام مرۆڤی ئەنسرۆپۆلۆجیست و سیاسیی مۆدێرن ئەگەر بەڕاشنالیزمی سیاسیی و دیدی کولتووریی و مۆدێرنیزمەوە سەیری چەمکی کوردستانییبوونی کەرکوک بکات، زۆر بە ئاسانیی هەڵەی سیاسیی و جیۆگرافیی و کولتووریی ئەوە دەدۆزێتەوە کە کەرکوک شارێکی کوردستانیی نییە بەڵکو شارێکی کوردستانی عێراقە لە چوارچێوەی دەوڵەتی هەنووکەی عێراقدا ئۆقرەی گرتووە. شارێکی کوردستانیی نییە! بەڵکو شارێکی هەرێمی کوردستانی عێراقە، مەغزای سیاسیی قووڵ و رەهەندی کولتووریی قووڵی ناوێ بۆ تێگەیشتن بەڵکو راشنالیزمی سیاسیی و شارەزایی کولتووریی دەوێ.

بۆچیی کوردستانیی نییە بەڵکو شارێکی هەرێمی کوردستانە؟ چونکە کوردستان بەپارچەپارچەیی و بە جیۆگرافیای (کوردستانی گەورە) شەوە پێناسەیەکی سیاسیی و نۆرمێکی نێودەوڵەتیی و ددانپانراوی نییە. ئەوەی دەڵێ کوردستان وڵاتی کوردانە، مەغریب و مەشریقەکەی پرگالکێش دەکات، فانتەسییەکی سیاسیی و ئەفسانەیەکی ئایدیۆلۆژیی لەسەریدایەو لەسەر مەحەکی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دنیای مۆدێرن وردوخاش دەبێ و بەرگەی یەک ئارگیومێنتی لۆژیک و راشنالیزمی سیاسیی ناگرێ. خاکی کوردەکان سەدان ساڵە دابەشکراوەو هەر پارچەیەکی کەوتووەتە وڵاتێکەو ئەو پارچانەش دواتر لەسەدەی نۆزدەو سەرەتای بیستدا پارچەپارچەکراونەتەوە. گرینگە جەخت لەوە بکرێتەوە **کەرکوک شارێکی کوردستانییە**، بەڵام تەنیا وەک هەرێمی کوردستانی عێراق نەک وەک وەهمی کوردستانی گەورە.

بیرکردنەوە لە بەیەکەوەلکاندنی ئەوپارچانە و کردنی بەدروشمی سیاسیی خۆهەڵخەڵەتاندن و خواردنەوەی نەدانیی سیاسیی و ئەفسانەی ئایدیۆلۆژییە. دابەشکردنی کوردستانەکان بەرهەمی هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانیی و شەڕی یەکەمی جیهانییەو یەکگرتنەوەیان بەخەون وخەیاڵی شۆڤینیزمی کوردیی و پانکوردیزمی تاراوگە و کوردستانییە قسە بێ باجەکان نابێت. ئەم کوردستانیبوون و کوردایەتیی و کوردستانی گەورەیە وەک پرۆژە فاشیلەکەی سەدام حوسێن و عەلی عەبدوڵا ساڵحی یەمەن و مەلیک حوسێنی ئوردن و حوسنی موبارەکی میسر وایە، چۆن شۆڤینیزمی عەرەبیی و نەتەوەپەرستیی عەرەبیی و دنیای عەرەبیی و ئەمجادەکانی ئوممەی عەرەبیی لۆژیکی

تێدا نەهێشتبوون و خەڵکی وڵاتەکانیشیان لەوپەڕی هەژاریی و بێ ژیانیی و بێ ئازادیی و بێ دیمۆکراسیی و بێ مافی مرۆڤییدا دەژیان.

میللەتی کورد بەم هەموو دابەشبوونە سیاسیی و جیۆگرافیی و کولتوورییەیەوە بەگشتیی و لەکوردستانی عێراقدا بەتایبەتیی ، ئەوە دابەشبوونی زمانییشی هاتووەتە سەر و باڵاخانەی چەمکی نەتەوە-دەوڵەتی کورد (وەک یەک نەتەوە ) بۆ هەتا هەتایە دەڕۆخێنێ و کورد بە سروشتیی دەکات بە کورد و کرمانجیی و هەورامیی و زازایی ....تاد. هیچ ئارگیومێنتێک ناتوانێ ئەوە پشتڕاست بکاتەوە کە کوردی پارچە پارچە ، وڵاتەکەی جیاواز بێت، خاکەکەی جیاواز بێت لەهەموویشی گرنگتر گەلی کورد لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا زمانەکەیان جیاواز بێت و یەک ئێسنیکیی و یەک خاکیی و یەک یادەوەریی لەئاستی کوردستانی گەورەدا هەمووی بەئاردی ناو دڕك دەبێت. لەم دیدەوەیە کە گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمێکی دیسێنتراڵیزەکراوی وەک هەرێمی کوردستان، ئەوەندە کارێکی ئاسان نییە کە بەعاتیفەو دروشمی بەردەم کامێراکان و کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانی سەرکردە سیاسییەکان بەهاری گەڕانەوەی کەرکوکیان تا ئەژنۆ هێناوە.

مەسەلەی کەرکوک پێش هەموو شتێک دەبێ لەنێوان پێکهاتەکانی خەڵکی کەرکوک خۆیدا چارەسەر بکرێ. بەحوکمی پێوەندیی مێژوویی ، سیاسیی و کولتووریی، کوردی کوردستانی عێراق و عەرەبی عێراق و تورکمانی عێراق و کریستیانی عێراق دەبێ هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن. هەرچەندە دەوڵەتانی دراوسێی عێراق و ئەمێریکا و ڕۆژئاوا کەم تا زۆر دەخالەت لە کەرکوک و عێراق و ناوچەکەدا دەکەن، بەڵام لەواقیعدا چۆن عەرەبی سوریا و ئوردن و میسر و شوێنەکانی تر نابێت و بۆیان نییە دەخالەت لەکەرکوکدا بکەن، چۆن نابێت تورکمانستان و تورکیا و ئازەربایجان دەخالەت بکەن ، بەهەمان پێوەری سیاسیی و جیۆگرافییش نابێت کوردی پارچەکانی تری کوردستان دەخالەت لەمەسەلەی کەرکوکدا بکەن و چەمکی هەرزەیی و کوڕوکاڵی کوردستانییان بەدەردی کێشەی کەرکوک ناخوات و جگە لە پێوەرو نۆرمە نێودەوڵەتییەکان و یاسای نێودەوڵەتیی، لەڕووی ناسیۆنالیزمی سیڤیکیشەوە، پانکوردیزم و کوردستانییان ڕەهەندێکی کوێرانەی ڕەگەزپەرستیی و ئێسنۆناسیۆنالیستییەو بەتەوێلی کوردە ناشیرینەو دەبێ سنووری بۆ دابنرێ.

بەزۆر پێودانگی سیاسیی و مێژوویی و کولتووریی، کەرکوک وەک بەشێکی کوردستانی عێراق کەوتووەتە بەر هەڵمەت و کەمپەینی تەعریب و تەرحیل و تەبعیس و تەهجیرەوە. پاش ڕووخاندنی بەعس و باڵادەستبوونی هێزە کوردییەکانی وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتیی دیموکراتی کوردستان، کوردەکان دەیانەوێ هێجەمۆنی کوردیی بەسەر ئەوشارەدا بسەپێننەوە یان لای کەم هاوکێشەکان وەک خۆیان لێبکەنەوە. لەم نێوەندەشدا ساڵی 1957 وەک دوا ساڵی پادشایەتیی بەتیشکۆی سەرەداوەکان و ڕووداوە خوێناوییەکان و خاڵی وەرچەرخانە ستراتیژییەکان دانراوە.

لایەنی کوردیی لەڕێی ماددەی 140 ی دەستوری عێراقەوە کە تایبەتە بەگەڕانەوەی ئەو ناوچانەی لە پارێزگا سەرەکییەکانی خۆیان دابڕاون( بۆ هەندێک لە پارێزگاکانی عێراق) بگەڕێندرێنەوە سەریان و دواتر پاش ئامار و ئەژمار ریفراندۆمێک ساغی بکاتەوە کە خەڵکی شارەکە بەئاراستەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا دەڕۆن یان بۆلای هەرێمی کوردستان، یان شارەکانی پێشوویان دەگەڕێنەوە . دیارە ماددەی 140 بۆ ناوچە شیعەنیشنەکانیشە، بەڵام بۆ ئەوان ئەوەندە سەختیی تێدا نییە. یەکێک لەو چەمکە ستراتیژییانەی بەهەڵە لێکدەدرێتەوە لەلایەنی کوردییەوە، هەڵەی نەدانیی سیاسیی و ئایدیۆلۆژییە. حیساب بۆ لایەنە کولتووریی و سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکانی لایەنەکانی بەرامبەر ناکەن.

کورد دەڵێ کەرکوک کوردستانییە و شارێکی کوردستانییە، لێرەدا فەنکشن و مەودای کوردستانیی لەچوارچێوە لۆکاڵییەکە تێپەڕ دەکات و رەهەندێکی هەرێمیی ( 4 وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ) دەگرێت. بەڵام ئەگەر بگوترێ، کەرکوک جیۆگرافییەکەی و ناوچەکەی و زۆربەی خەڵکەکەی سەربە هەرێمی کوردستانی عێراقە، مەگەر دروستتر و ژیرانەتر و عەقڵانییتریش نییە! چارەسەری کێشە ئاڵۆزو قەیرانە ناوخۆیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان هەر بە میزاج و حەزو خولیای لایەک نابێت. بەڵکو دەبێ سەرجەم نەتەوەو ئێسنیک و ئایین و کولتووری خەڵکە جیاوازەکانی ئەو دەڤەرە بەشدارییان تێدا بکات. تەنانەت ئەگەر بە زەبری دیمۆکراسیی و هەڵبژاردن و ریفراندۆمیش بێت ، نابێ لایەنەکانی بەرامبەر بەرکەنار بخرێن.

ئاخر ناکرێ کەرکوک ئایدێنتیتیی کوردستانییبوونی لێبدرێت، لەکاتێکدا ، کورد دادوبێدادییەتی لەدەست شۆڤینیزمی پانعەرەبیی و پانتۆرانیی، کە خۆیان بە شەپۆلی ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی و تورکییەوە دەبەستنەوە، کەچیی کورد خۆی چ بەئاگایی بێت و چ بەنائاگایی بێت خۆی بەشەپۆلی پانکوردیزم و کوردایەتیی و کەفوکوڵی کوردستانییان و کوردە ئێسنۆناسیۆنالیستەکانەوە بەستووەتەوە؟ باشە عەرەبێک، تورکمانێک، کریستیانێک، ئەرمەنییەکی کەرکوکیی چۆن لەرەهەندی کولتووریی ئەو کوردستانییبوونەی کەرکوک خۆشدەبن کە سەدان هەزارجار وتراوەو نووسراوە و میدیای حیزبیی فووی پێدا دەکەن. ئەی ئەگەر بۆعەرەبەکان و تورکمان و مەسیحییەکان ساغبکرێتەوە کە کەرکوک شارێکی کوردستانیی نییە بەمانا شمولییەکەی، بەڵکو شارێکی کوردستانییە( لەئاستی کوردستانی عێراقدا) و دەکەوێتە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانی عێراقەوەو بەشێکیشە لە عێراق، چەند هێمنتر و سیاسییترو لۆژیکییتر و پراگماتییتر و دیپلۆماسییترە؟

## دەرکردنی عەرەبە هاوردەکان، تا چەند مرۆیی و واقیعییە!

لەمێژووی گەلانی دەوروبەری عێراقدا، کۆمەڵێ نموونەی کۆچکردن و داگیرکاریی و دەستبەسەردا گرتنەوەی شارەکان و ناوچەکان و وڵاتەکان روویان داوە کە دەکرێ وردبوونە لێیان خزمەت بە چارەسەری دۆزی کەرکوک بکەن. هەریەک لە جووەکان و عەرەبەکان داوای خاوەندارییەتی وڵاتی

کەنعانییەکان دەکەن. لەڕووی مێژووییەوە نەوەکانی داوودی پێغەمبەر و بنەچەی جوولەکەکان لە پێش عەرەبدا بەهەزاران ساڵ لەوێدا ژیاون ، بەڵام بەهۆی ئاڵوگۆڕی مێژوویی و باڵادەستیی عەرەب و ئیسلامەوە، ئەوەی بە وڵاتی ئیسرائیل ناسراوە و خەڵکەکەی کەوتە ژێر قەڵەمڕەویی عەرەب و ئیسلامەوەو لەسەردەمی ( عومەری کوڕی خەتاب) یشدا ناوی بۆ قودس گۆڕدرا. لە ساڵی 1948 ەیشەوە بەهۆی بریتانییەکانەوە دەوڵەتی ئیسرائیل دروستکرا. هەتا دنیا دنیایە ئەگەر عەرەبەکان و ئیسرائیلییەکان ( جووەکان) لە کوشتن و بڕینی یەکتر بەردەوام بن، چارەسەری کێشەی فەلەستین ناکرێ ئەگەر بەئاشتەوایی و داشکاندنی هەردوولایان بۆ یەکتری نەبێ و وڵاتی ئیسرائیل و فەلەستین ، پایەختی ئورشەلیمیش بۆ هەردوولایان نەبێ.

بەهەمان شێوەش شاری ئیستەنبووڵ، رۆژگارێک بوو گریکەکان قەڵەمڕەوی زۆر ناوچەیان دەکرد، شاری ئیستەنبووڵیش شوێنێکی ستراتیژیی گریکەکان بوو ، ئایا لۆژیکە بۆ گریکەکان هەنووکە بڵێن شاری ئیستەنبووڵ شارێکی یۆنانییە؟ یان شارێکە تورکەکان زەوتیان کردووە؟ کەرکوکیش بەهەمان شێوە نەعەرەب نەتورکمان و نە کورد ناتوانێ بڵێ شارێکە سەر بەیەک *نەتەوەی* دیارییکراوە. چۆن هەندێ مێژوونووسی کورد دەگەڕێنەوە بۆ سەر مێژوویەکی زۆر کۆنی باڵادەستیی کوردەکان، بەهەمان میتۆدیش بەسەرچاوەی وردیشەوە تورکمانەکان لەمێژوویەکی نزیکتردا و عەرەبەکانیش لەمێژوویەکی دوورتردا ئەوە دەکەن. بەڵام ئەم شەڕی ساغکردنەوەی مێژوویی کۆتایی پێ نایات و مێژوونووسەکان ناتوانن تەواوی بکەن و ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان خۆیانی لێدەدەن، یان وەک ئەوەی هوستن باسی دەکات کە مێژوونووسەکان دەقوچێنن و ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان چارەسەری بۆ دەدۆزنەوە( Houston 2008 ). دەکرێ هەر بەم دیدە کولتوورییەوە بگوترێ تا هەنووکە سیاسییە عێراقییەکان و مێژوونووسەکانی کورد و عەرەب و تورکمان، لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوکدا لەڕووە سیاسیی و کولتووریی و ئایدیۆلۆژییەکەیەوە شکستیان هێناوە.

لە دیدی لیبڕالیزم و یاسای نێودەوڵەتیی و مافی مرۆڤ و چەمکی هاوڵاتییبوون لە شارێکدا یان لە وڵاتێکدا ئەگەر کۆمەڵی کولتووری جیاواز و نەتەوەو ئێسنیکی جیاوازی تێدابێت، پێویستە ئایدێنتیتییەکی یەکانگیر پەیدابکرێ بۆ ئەوەی ئەو ئایدێنتیتییەش مەیلی ( inclination ) دەسەڵات و دەوڵەتی مودێرن بەرەو ئەو ئەرکە بەرێت کە هاوڵاتییبوونێکی هۆمۆجینییەس( چوونیەک) بۆ پێکهاتە جیاوازەکان دەستەبەر بکات(Hobsbawm, 1995 ). گەڕانەوەی کەرکوک بەم بارودۆخە کولتووریی و سیاسییەی هەنووکەیەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، پرۆسێسی هەڵاواردنی segregation نەتەوەو ئێسنیکە جیاوازەکان خێراترو مەودا فراوانتر دەکات. بۆ ئەوەی کەرکوک شارێکی پێکەوەگونجان بێت و کەفوکوڵ و رق و کینەی ناسیۆنالیستیی و ئێسنیکیی و مەزهەبیی خاو بێتەوە پێویستە پێش هەموو شتێ خۆی لەخۆیدا بە پرۆسێسی خۆگۆڕین و تواندنەوەدا assimilations بڕوات. کاتێک ئێسنیک و نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کەرکوک لە بۆتەی هاوڵاتییبوون و

کەرکوکییبووندا توانەوەو ئینتیمای گشتییان بۆ شارەکە بێت، ئەوسا بەدڵنیاییەوە رق و تورەیی و هەڵچوونیش دادەمرکێتەوە.

باشترە کورد دەستبەرداری دەرکردنی عەرەبە هاوردەکان بێت و لەبەرامبەردا گەرەنتیی سیاسیی و کولتووریی و ئابووریی زیاتر وەربگرێت. بۆ ئەوەی چەمکی هاوڵاتییبوون و هاونیشتمانییبوون بە کرایتێریا لیبراڵییەکەی جێکەوت بکرێ، باشترە لە شارێکدا جێکەوت بکرێ وەک لەوەی لەهەرێمێکی بەرفراوانتردا بیری لێبکرێتەوە. دەکرێ هەرێمی سەربەخۆی کەرکوک بکرێ بەسەرمەشقێ بۆ تاقیکردنەوەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نەتەوەو ئێسنیکە جیاوازەکان. هەنگاونان بەرەو هەرێمێ سەربەخۆی کەرکوک بەواتای دیسێنترەلایزی هەرێمی کوردستانی ئێستا نییە. بەڵکو بەواتای دابینکردنی دووهەرێمی سەربەخۆیە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا کە زۆرینەی هەردوو هەرێمەکە کورد دەبن. بەڵام بەو مەرجەی سنووری جیۆگرافیای کەرکوک وەک پەنجاکانی سەدەی رابردووی لێبێتەوەو قەزاو ناحییەکانی بگەرێنەوە. ئەوسا لەبری فانتەسیی کوردستانی گەورەو چوارپارچەی کوردستان، کوردەکانی عێراق بەخاوەنی دووهەرێمی نیمچە سەربەخۆ دەبن و زۆرینەی دانیشتوانیش کورد دەبن.

## کێشەی ئێسنیکیی لە سێ قوتابخانەی تیۆرییدا:

قوتابخانەی کۆن( primordialist)

ئەم قوتابخانە فیکرییە پێیوایە کە مرۆڤەکان مەیلی ئێسنیکیی و ناسیۆنالیستییان تێدایە چونکە لەبنەرەتەوە و لە رووی ترادیسیۆنییەوە باوەریان بە جیاکەرەوە بایۆلۆژییەکان و ناوچە جیۆگرافییەکان هەیە. بۆ نموونە هۆرۆویتز پێیوایە گرووپە جیاوازەکان بەشوێن رەواندنەوەی ترسەوەن و قاووغی ئێسنیکیی خۆیان باشتر دەپارێزن ." ترس لە باڵادەستیی ئێسنیکیی و سەرکوت، ئیرادەیەکی هاندەرە کە بەشوێن دەسەڵاتەوە بێت و بارودۆخی ئێسنیکیی خۆی دڵنیا بکاتەوە" .(Horowitz 1985: 18)

دیارە چەندین پسپۆری تری بواری ئێسنیکیی پێیانوایە کە ئەوە ئێرەیی دەسەڵات و دامودەسگاکان و مۆتیڤی سیاسیی و کولتووریی و فاکتەری ئابوورییە کە کێشەی ئێسنیکیی گەرموگور دەکات و بەنزینی پێدا دەکات. ئەگەر سەرنج بدرێ، وێرای ئەوەی گرووپە جیاوازەکانی کەرکوک هەر یەکەو لە دەستپێوەگرتنی ئێسنیکیی و نەژادیی خۆیان هیچ کەمتەرخەمییەکان نەکردووە، لەهەمان کاتیشدا زۆربەی جارەکان لەمێژووی کۆن و نوێی عێراقدا بەیەکدادان و هەڵپژانەکان فاکتەری سیاسیی و نەژادیی و کولتووریی و مەسەلەی نەوت و ئابووریی بووە. زۆرجار حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق ویستوویانە بە ئەنقەست شەری نەتەوەیی لەنێوان کوردوعەرەب، کوردو تورکماندا بەرپابکەن.

**قوتابخانەی instrumentalism**

ئینسترومێنتالێزم( وەک تیۆرییەکی سیاسیی و کولتووریی پێیوایە کە بیروباوەڕ هۆکارە بۆ بەئەنجامگەیاندنی کار)، کاتێک گرووپە ئێسنیکییەکان هەست و نەستی نەتەوەیی و ئێسنیکیی و باکگراوندی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی خۆیان دەجولێنن( مۆبیلایز- Mobilize ) و دژی ئەوانی تر بەکاری دەهێنن، بیروباوەڕی ئێسنیکیی و نەژادیی و ئایدیۆلۆژیی بەرچاویان تاریک دەکات و هەموو ئەو کارانەی دژی نەیارەکانیان دەیکەن بەڕاستی دەزانن. ئینسترومێنتالیستێکی وەک شلێچینگ Schlichting پێیوایە کە جیاوازییە ئێسنیکەکان بەس نییە بۆ ئەوەی کێشەو شەڕوشۆڕ دروست ببێ( Schlichting 1997 ). لەم ئاراستەیەشدا کەسی ناسراوی رەهەندی ناسیۆنالیزم ئەنتۆنی سمیس پێیوایە کە کێشە ئێسنیکەکان رەگوریشەی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی قووڵی هەیە و بەشێوازی پێکەوەیی و بەستەک( پاکیج ) کاردەکەن( Smith 2001 ).

**قوتابخانەی کۆنسترەکتیڤیزم Constructivism**

ئەم قوتابخانەیە پێیوایە دارشتن و پرۆسێسی بۆچوونەکان و جێکەوتبوونیان بەلێکدانەوەی بەسوود دەبێت. جەختی سەرەکیی ئەم تیۆرییە زیاتر لەسەر ئەوەیە کە چۆن تاک و جڤاکەکان دادەکەیت و بەسەریەکدا دەیان توێنیتەوە بەبێ ئەوەی چوارچێوە ئێسنیکیی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکەی خۆیان بگۆڕن . یان دەیگۆڕن و دەست بە هەندێ ترادیسیۆن و کولتووری خۆیانەوە دەگرن بەبێ ئەوەی لەناخەوە هەست و نەستی بۆ جڤاکی هاوبەش و پێکەوەژیانی هاوبەش هەبێت. جڤاکە وێنەکراوەکان ( Imagined communities) ی بەنەدیکت ئەندەرسن وێنەیەکی راستەقینەی ئەو جڤاکە فانتەسییانەیە کە لەزۆر شارو هەرێم و تەنانەت ولاتی دنیادا بوونیان هەیە. بەلام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم قوتابخانەیە بڕوای بەوە هەیە کەچارەسەری عەقلانیی بۆ بابەت وکێشە ناکۆکەکانی پێکهاتە ئێسنیکیی و نەتەوەیی و مەزهەبیی ...........تاد بدۆزێتەوە.

وێڕای جیاوازییە مێژوویی و سیاسیی و کولتوورییەکانی ئەو سێ قوتابخانەیە، ئارمسترۆنگ پێیوایە کە رەچەڵەکی نەتەوەیی و ئێسنیکیی لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆردێرنیزمدا فۆرۆمۆڵەی ئایدێنتیتیی نیشتمانیی و ناوچەیی دەکەن(Armstrong 1982 ). بەلام بۆ کورد بەگشتیی و کوردی هەرێمی کوردستان بەتایبەتیی باشترە جەخت لە چەمکە نیشتمانیی و رەهەندە مەدەنیی و کولتوورییەکانی ناسیۆنالیزمی سیڤیک بکاتەوە. بەتایبەت ئەگەر ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی لەسەر کێشەی کەرکوک تێکەڵ بە ناسیۆنالیزمی ناوچەیی ( territorial) بکرێت، ئەوەی بەناوچە دابڕاوەکان و جێناکۆکەکان ناوزەد بووە، زیانە سیاسیی و کولتوورییەکانی ئەوەندە زۆر دەبن، کە رێگە بۆچارەسەرێکی عەقلانیی لەنێوان پێکهاتەکانی کەرکوکدا ناهێڵێتەوە.

سەرەڕای بیروبۆچوونە جیاوازەکان و دەیان تیۆری جیاواز ، هێشتا نەتوانراوە رێگە لە کوشتاری بەکۆمەڵ و سڕینەوەی یەکتر و جینۆساید بگیردرێ ، چ لەلایەن دەوڵەتەوە بێت یان لەلایەن

کەمایەتییە جۆراوجۆرەکان و میلیشیاکانیانەوە دژ بەیەکتر ئەنجام درابێ. شەڕو کوشتارگاکانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو، شەڕی نێوان ئەبخازییەکان و ئۆستینییەکان هەروەها چیچانییەکان، کێشەکانی رواندا، ئۆرشەلیم و کەرکوک کۆمەڵێ لەو شارو وڵاتانەن کە کێشەیەکی دوورو درێژیان تێدایە و کەمترینیان چارەسەر نەکراون.

پسپۆڕانی سیاسیی و کولتووریی و قەیرانە نێودەوڵەتییەکان کۆمەڵێ میکانیزم و رێ و شوێنی تایبەتیان داناوە یاخود تاقیکردنەوە مێژووییەکان دەریان خستووە چارەسەری ئەم کێشانە هەرچەند بەهێز و زەبروزەنگ و کەللەڕەقیی بکرێ سەرەنجام هەر سەر هەڵدەدەنەوە و دووبارە رووباری خوێن و کوشتارگان دروست دەبنەوە ئەگەر چارەسەرێکی کولتووریی و سیاسیی و عەقڵانیی و ژیاریی بۆ راییکردنی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان نەکرێ. هاوکات راستە گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا لەسەر مەسەلەی کەرکوک و ناوچە تەعریبکراوەکان دووچاری سیاسەتی Mass Population Transfer بووەتەوە. یان ئەوەی لەسیاسەتی کوردیی و عێراقییدا ناوی بە تەرحیل و تەبعیس و تەهجیر و تەدمیر و تەعریب دەرکردووە. خەڵکێکی زۆر راگوێزران و دەردەکران و عەرەبیش بەلێشاو هێنراوەتە شوێنیان ، سەرەڕای سیاسەتی جینۆساید و بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی و سیاسەتی تەجهیل ( راگرتنی لادێکان و ئۆردووگانی کوردستانی عێراق لە نەخوێندەواریدا ) ............تاد. بەڵام پێکهاتەکانی شاری کەرکوک هێشتا کەمترین ئینتیگرەیشنیان لەنێوان خۆیاندا نەکردووە چەمکی توانەوە لەناو ئایدێنتیتییەکی کۆلێکتیڤدا بەکەمترین ئاستیش نەگەیشتووە.

## بەکانتۆنکردنی کەرکوک

ئەم نووسینە بەدوای چارەسەرێکی واقیعیی و عەقڵانیی و پراگماتییدا دەگەڕێ. ئەم چارەسەرە دژایەتی جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی دەستووری عێراق ناکات، بەڵام پێیوایە هەلومەرجی سیاسیی و کولتووریی خەڵکی شاری کەرکوک و پێکهاتە جیاوازەکانی لەسەر ئەم ماددەیە ئەوەندە ناکۆکن کە بۆی هەیە هەڵاو شەڕو شۆڕێکی گەورەی بەدواوە بێت . پێیوایە کورد ناتوانێ چارەسەری کێشەی کەرکوک بە یەک دوورایی، ئەویش بە دوورایی کوردبوون و کوردستانییبوون و کوردایەتیی و کوردپەروەرییەوە بکات. بەڵکو دەبێ پەیام و ئەجێندا و ئامانجەکانی پانعەرەبیی و ئایدێنتیتیی عەرەبیی شاری کەرکوک و پانتورکیمانییی و پانتۆرانیی و تورکمانیزەبوونی کەرکوکیش خاڵیی بکرێنەوە و بیر لەچارەسەرێکی کۆلێکتیڤ بکرێتەوەو بەشێنەیی و بەوریایی و بە ئاگاییەوە ماددەی 140 بۆ بەرژەوەندیی هەموو نەتەوە جیاوازەکان جێبەجێ بکرێ نەک بەتەنیا بۆ کورد جێبەجێ بکرێ. بەڵام پێش هەموو شتێ کورد لەکەرکوک و تەنانەت لەهەرێمی کوردستانیشدا پێویستە بەو ئاکامە بگەن کە ئایا خێری کوردایەتیی و پانکوردیزم و شیعاری کوردستانییبوونی کەرکوک و ئاڵای کورد و حەماسی کوردپەروەریی و ئەی ڕەقیب ، کەرکوکی بەکوێ گەیاندووە تا هەنووکە بڕوا بەکورد

بکرێ کە لەگەڵ دوو بەشی سەرەکیی پێکهاتەکانی کەرکوک ( عەرەب و تورکمان ) دابنیشن و چارەسەرێکی هەمەلایەنەو کۆلێکتیڤییانە بۆ کێشەی ساغبوونەوەی جیۆگرافیای ئەو شارە بکرێ.

بەکانتۆنکردنی کەرکوک یان ئەوەی لە ئەدەبی سیاسیی کوردییدا باوەو بەهەرێمکردنی کەرکوک ( یان (کۆمۆنویڵسبوونی Commonwealth ) کەرکوک لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، کەرکوک نەک لەهەرێمی کوردستان دوور ناخاتەوە، بەڵکو پردێکی گەورەی بەیەکەوەگرێدان لەنێویاندا دروست دەکات و بگرە یەکەم سایدی هاتوچۆ دروستکردنە بۆ پێکەوەلکاندنی هەرێمی هەنووکەی کوردستان و هەرێمی کەرکوک ( کۆمۆنوێڵسی کەرکوک) لەداهاتوودا. لە نێگەتیڤترین خاڵی لاوازی ئەم توێژینەوەیە کە پانکوردیستەکان و کوردستانییانی تاراوگە و شۆڤینیزمی کوردیی و سیاسییەکانی کوردایەتیی دەیڵێن و دەیوروژێنن، ئەوە دەبێ کە کوردستانی عێراق دەکرێ بە دوو بەشەوە ، کورد بەدەستی خۆی و بەعەقڵی خۆی و بەقەڵەمی خۆی و بە ئێنێرژیی خۆی کەرکوک لەکوردستان بۆ هەتاهەتایە دادەبڕێ! و کەرکوک لەدەست کورد بەیەکجاریی دەچێ.

ئەمە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و وردی ناوێت تا وەڵامی ئەو بۆچوونانەی شۆڤینیزمی کوردایەتیی بدرێتەوە. چونکە لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەم توێژینەوەیە لەسەر کەرکوک ئەوەندە زۆرن کە نەک کوردستانی عێراق دیسێنترەلایز ناکات، بەڵکو ئەو بەشانەی کوردی تێدا دەژین و هەنووکە بە ناوچەی جێناکۆک و دابڕاو ناو دەبرێن ، یەکەم هەنگاوی ئینتیگرەیشنی سیاسیی و کولتووریی دەبڕن و لەداهاتووشدا ئەوە ئەدای دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستانە کە زامنی ئەوە دەکات ئایا زۆرینەی خەڵکی کۆمۆنوێڵسی کەرکوک قۆناغی دووەمی ئەو ئینتیگرەیشنە دەست پێ دەکەن و لەریفەرێندەمێکدا بەزۆرینەیەکی رەهاوە بگەڕێنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، یان نا؟

لەمێژوودا نموونەیەکی زۆرباش لەبەردەمدایە، کاتێ بۆیەکەمجار پرۆژەی بەفیدراڵکردنی کۆلۆنییە کۆنەکانی بریتانیا لە ئوسترالیا بە دیفاکتۆ بوو، هەر شەش کۆلۆنییە خۆجێییەکە ( نیوساووزوەیڵز NSW ، ڤیکتۆریا، کوینزلاند، ساووز ئوسترالیا، تاسمانیا و ئوسترالیای خۆرئاوا ) بەپێی دەستوری ئوسترالیا لە ساڵی 1901 ەوە ئەو شەش حکومەتە نیمچە سەربەخۆیە لە کۆمۆنوێڵسی ئوسترالیادا یەکیان گرت و حکومەتێکی فیدراڵییان پێکهێنا و بەبێ ئەوەی حکومەتە هەرێمییەکانی خۆیان تێدا بچن. دیارە وڵاتی فیجی و نیوزلاندی ئێستاش وەک دوو قەوارەی نیمچە سەربەخۆی ئەوسا ویستیان لەگەڵ ئەو شەش ویلایەتەی ئوسترالیادا یەکبگرن بەڵام بەهۆی هەندێ ناکۆکیی سیاسیی و ئابوورییەوە یەکیان نەگرت و تا هەنووکەش وەک دوو وڵاتی سەربەخۆ کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبەن( McGrath 2003).

ئەگەر لە هەلومەرجی بەدیهاتنی کانتۆنی نیمچە سەربەخۆی کەرکوکدا ، یان وەک ویلایەتێک یاخود بەتێرمە کلاسیکییەکەی جاران کە لیوای کەرکوکی پێدەگوترا، بە تەواوی قەزاو ناحییەکانی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە حکومەتێکی خۆجێی دابمەزرێنێ و لە دە ساڵ و بیست ساڵی

داهاتوودا بەگەڕانەوەی بۆ هەرێمی کوردستان ( سێ شارەکە) و بەنەگەڕانەوەی بۆ سەر هەرێم، کورد وەک گەلێک چ لە کەرکوکدا و چ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا و تەنانەت لەئاست پارچەکانی تری کوردستانیشدا زیانێکی سیاسیی و کولتووریی و ئابووریی ئەوتۆ ناکات کە شایانی باسێکی جدیی بێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە بەشێکی زۆر لەرەنج و خەبات و قوربانییەکانی کورد داویەتی بەرهەمەکەی دەچنرێتەوە، ستەم و هەڵاواردنی ئێسنیکیی و نەتەوەیی تێدا نامێنێ، لای کەمی ئابوورییەکەی بەدەست خەڵکی ویلایەتەکەوە دەبێت، کۆنترۆڵی ژیانی ئابووریی و ئاساییش و خزمەتگوزارییەکان دەکەوێتە دەست خۆیان و ڕێژەی زۆرینەش تێییدا کورد دەبێت .

ئەگەر کەرکوک لە دواتردا نەگەڕایەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئایا زیانەکانی ئەوەندە کەمەرشکێن دەبن کە کوردی کورستانی عێراق ئەوەندە بیر لە لایەنە نێگەتیڤییەکانی بکاتەوە؟ گریمان وەک نیوزلاند چۆن نەهاتە پاڵ ئوستراليا، کەرکوکیش بەیەکجاریی نەهاتەوە پاڵ هەرێمی کوردستان، ئەوسا کورد بۆ نەڵێت لەبری یەک هەرێم، دوو هەرێمیان هەیە کە زۆرینەی ڕەها لەهەردووکیاندا کوردە. ئەگەر لەهەرێمی کوردستاندا ڕێژەکە 90% بۆ سەرەوە بێت، ڕەنگ بێ لە هەرێمی کەرکوکدا ڕێژەی کورد لەنێوان 70%-80% ببێت. تەنانەت ئەگەر لەدوور مەودادا عێراق بەتەواویی هەڵوەشایەوە، هەرێمی سەربەخۆی کەرکوک با خۆی سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێ و هەر بۆسەر هەرێمی کوردستانی عێراق نەگەڕێتەوە. ئایا کورد زیانێکی ئەوتۆ دەکات، کە هەنووکە ڕێگریی بۆ بەهەرێمبوونی کەرکوک دروست بکرێ؟ بەڵام هێشتا دەکرێت کردنی کەرکوک بەهەرێمێکی جیا و سەربەخۆ ماوەیەکی چەند ساڵیی بۆ دابنرێت و دواتر لەگەڵ ڕەوینەوەی گرژییەکانی نێوان پێکهاتەکانیدا بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 بگەڕێنەوە، یان ماددەیەکی تر، کەهاوچەشن یان لەماددەی 140 ەوە نزیک بێت بخرێتە ئەجێنداوە.

بەکانتۆنکردنی Cantonisation کەرکوک ، دەکرێ داوای زۆرێک لە نەتەوەو ئێسنیکە جیاوازەکان جێبەجێ بکات بەبێ ئەوەی لایەک زۆرترین و لایەک کەمترین بەدەست بهێنێ. ئەم کانتۆنیزە دەکرێ لەچوارچێوەی دەستوری عێراقدا لەسەر بنەمای فیدراڵیزم جێکەوت بکرێ و هیچ زیانێکی سیاسیی و کولتووریی و ئابوورییش بەهەرێمی کوردستان نەگەیەنێت. بەڵام زۆر گرینگە ئەم بەکانتۆنیزەی کەرکوک بەگەڕانەوەی هەموو ئەو ناوچە و شارو شارۆچکانە بێت بۆ سەر جیۆگرافیای ئێستای کەرکوک کە پێشتر ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی دایبڕیبوون. واتە خودی جیۆگرافیای کەرکوک کە ڕژێمی بەعس و ڕژێمەکانی پێشووتریش ویستوویانە دیسێنترەڵایزی بکەن و تەخشان و پەخشانی بکەن بە سەر شارەکانی تردا ، بەپێی دەستووری عێراق بگەڕیندرێنەوەو باری ئیداییان بگۆڕدرێ و هەموو ڕایەڵە ئیداریی و سیاسییەکانیان بە چەقی پارێزگای کەرکوک یان ئەوەی پێی دەگوترا لیوای کەرکوک ببەسترێتەوە.

لەم نێوەندەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەندێ زیانی سیاسیی و حیزبیی دەکات، کە ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوییی ئەو بەرەو کەرکوک دەچن و لەچاو پارتییدا لەئاستی سێ پارێزگاکە هێجەمۆنیی بچووکتر دەبێتەوە. بەڵام دەکرێ سەرکردایەتی ئەو حیزبەو بزوتنەوەی گۆڕان و ئیسلامییەکانیش لەو ناوچانەدا کە قورساییان هەیە، مەودا نیشتمانیی و ئەجێندا نەتەوەییەکانیان بخەنە پێش ئەجێندا حیزبیی و سیاسییەکانی خۆیانەوە. تاڵەبانیی کە پێدەچی ببێتەوە بەسەرۆکی عێراق یان وەک مەرجەعێکی گەورەی سیاسیی ئەو ناوچانە دەتوانێ ئازاترین بڕیاری سیاسیی و حیزبیی و نیشتمانیی، بەهاوکاریی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بدات و سەرروەرییترین مێژووی سیاسیی لە دوا ساتەکانی ژیانیدا بۆ خۆی تۆمار بکات. بەتایبەت کە تاڵەبانیی بیرۆکەی بەهەرێمکردنی کەرکوکی دەمێکە  درکاندووە. بەم پێودانگە دەتوانێ بەشێکی زۆر لە کێشە سیاسیی و کولتووریی و ئابوورییەکانی گەلی کورد لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا بەرەو چارەسەرێکی سەقامگیر ببات و دوا بزمار لە حکومەتی بەهێزی ناوەند و سێنترالبوونی دەسەڵاتی سیاسیی حکومەتی عێراق دابکوتێ و عێراق بەکردەوە بەسەر حکومەتی هەرێمەکاندا دابەش بکرێ و لەم رێگایەشەوە شارو ناوچەکانی تریش داوای بەهەرێمبوون بکەن.

## کەرکوک و کێشەی نەوت

بەبێ چارەسەرێکی گونجاو بۆ نەوتی کەرکوک، چارەسەری کێشەی کەرکوک هەرگیز کۆتایی  نایات. ئەمەش بۆ خۆی بەشێکە لە کێشە قووڵەکانی ئابووریی سیاسیی و قورسایی  لەسەر هەر هەوڵێکی چارەسەری سیاسیی و کولتووریی بۆ کەرکوک داناوە. نەوت بووەتە بەڵا بۆ کورد، پێویستە کورد ئەو ئێرەییە پیشانی عەرەب و تورکمان نەدات کە مەبەستی سەرەکیی نەوتە. کورد ئەگەر بە تەمای نەوتەوە مرخی لەکەرکوک خۆش کردبێ، ئەوە گومانی تێدا نییە هەموو گەمە سیاسییەکانی دەدۆڕێنێت. بەپێچەوانەوە کورد دەبێ بەو دیفاکتۆ سیاسیی و جیۆگرافییەی هەنووکەی هەرێمی کوردستان و عێراق ئاهێکی عەقلانیی بەبەرخۆیدا بهێنێتەوە کەناتوانێ بەتەنیا نەوتی کەرکوک بخوات. ئەو نەوتە بەشی عەرەب و تورکمان و کورد و کریستیانەکانیشە، بەشی نەوەکانی داهاتووی ئەو پێکهاتانەیە، بەدڵنیاییشەوە بەشی کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهانیشی تێدایە بەپێی باڵانسی هێزی سەربازیی و هەرێمیی و جهیانیی لە ناوچەکەدا.

بەهۆی پرۆژەی خزمەتگوزاریی و بەکارهێنانی نەوتی کەرکوک بۆ خەڵکی شارەکەو ناوچەکانیان، دەرفەتێکی زۆر دەڕەخسێنرێ بۆ ئەوەی هەموو ئەوەی بەعس کردی لەوێرانکردنی کوردستان بەگشتیی و کەرکوک و ناوچەکانی بەتایبەتیی ، پێچەوانە بکرێنەوە. کورد دەبێ ئەو راستییە بزانێ ، ناتوانێ بەتەنیا نەوتی کەرکوک بخوات. ئەو گەندەڵییە زۆرەی لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی کوردستاندا هەیە، خراپترین وێنەی پیشانی هەموو دنیا داوە کە کورد نەک ناتوانێ سوود لە نەوت وەربگرێ بۆ پتەوکردنی ژێرخانی ئابووریی و ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، بەڵکو

سەرکردەکانی خەریکی تالانکردن و هەرزانفرۆشتن و بەقاچاغبردنی نەوتی هەرێمن بۆ ئەوەی موفتیان لێی دەست بکەوێ و بانکەکانی هەندەرانیان بەپارەکەی بئاخنن.

دەیان ساڵە کەرکوک و ناوچە کوردنشینە بەرفراوانەکانی، بە پارەی نەوتەکەی خۆی وێران دەکرێت، هیچ ئامار و داتایەکی ورد لەدەستدا نییە، تابزانرێ نەوتی کەرکوک لەدەرهێنانییەوە چەند بووە؟ بەڵام بێگومان ئەگەر چەندین تریلیۆن دۆلار نەبێ، سەدان بیلیۆن دۆلاری لێفرۆشراوە و بە دڵنیاییشەوە یەدەکی نەوتەکەی بایی سەدان بیلیۆن دۆلار لەژێر زەوییدا راکشاوە. ئەوەی رۆیشت رۆیشت، بەڵام دەکرێ بەوەی لەژێر زەوییدا ماوە، لە چوارچێوەی جیۆگرافیای کەرکوکدا دەیانجار قەرەبووی سیاسەتەکانی بەعس و پانعەرەبیزمی پێ بکرێتەوە. دەشێ نەوت بەسەرچاوەی خۆشگوزەرانیی هەموو ئێسنیک ونەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کەرکوک بکرێ. دەتوانرێ نەوت و سامانە سروشتییەکانی تر مەیلی نیشتمانیبوون و هاوڵاتییانی کەرکوک بۆ جیۆگرافیای شارەکەیان ئەوەندە بەهێز بکات، کە هەرێمی کەرکوکیان لەهەموو عێراق خۆشتر بوێ و بیر لەسەربەخۆیی یەکجاریی بکەنەوە یان بەئازادانە بگەڕێنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دیارە ئەوەش بە ئەدای سیاسیی و ئابووریی و کولتووریی و مافی مرۆڤ و دێمۆکراسیی هەرێمی کوردستانەوە بەندە.

## ناسیۆنالیزم و پاتریۆتیزم، کامیان؟

ناسیۆنالیزم بە رەهەندە سیاسیی، ئایدیۆلۆژیی و ئێسنیکیی و سۆسیۆکولتوورییەکانیەوە ناسراوە. ناسیۆنالیزمی کوردیی حەزو ئاوات و خولیاو ئایدیۆلۆژیایەکە کە بێئەملاوئەولا مەیلی بۆچەمکی نەتەوەی کورد ،نەژادی کورد، ئەو دەوڵەتەی کورد بیری لێدەکاتەوە، هەروەها دەسەڵاتی سیاسیی کورد و حیزبی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی ئێنسیکی کورد دەجولێت . ئەو بێمەرجییەی وابەستەبوونی تاک بە ناسیۆنالیزمەوە رەهەندی باش و خراپی تێکەڵ دەبێت. لایەنە پۆزەتیڤییەکانی ئەوەیە کە ببێ بەناسیۆنالیزمێکی سیڤیک و لیبراڵیی، لایەنە رەش و تاریکەکەی ئەوەیە ببێ بە ئێسنۆناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمێکی شۆڤینیی. بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی ناسیۆنالیزم مەیلی بۆ چەمکی نیشتمایی و هاوڵاتییبوون ناجولێت و دژی ئاشتیی و مافی مرۆڤە.

ئەگەر سەیری شەقامی کوردیی بەشێوەیەکی گشتیی بکرێ، ئێسنۆناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی شۆڤینیی لە چاو باڵەکانی تری ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی و تورکمانییدا، لاوازترە و تاڕادەیەک تەنیا لەناو ناسیۆنالیزمی تاراوگەی کوردیی و پانکوردیستەکان و کوردستانییاندا دەبینرێ. ئەگەر بەویژدانێکی سیاسییشەوە بگوترێ، نموونەی دڵگەورەیی و لێبووردەیی ناسیۆنالیزمی سیڤیکی کوردیی و مۆراڵی جوانی سیاسیی گەلی کوردستان لەبەرچاو بگیردرێ، لەکاتی راپەڕینە جەماوەرییەکەی 1991 دا سەدان هەزار سەربازی عەرەب لەکوردستاندا لەپەلوپۆ کەوتن و چەک و

تفاقیان فڕێداو خەڵکی کوردستانیش بەوپەڕیی دڵگەرمییەوە و لەوپەڕی سەختیی ژیان و هەلومەرجی ئابلۆقەدراوی عێراقدا، جوانترین مۆراڵی سیاسیی وکولتوورییان پیشاندان، نانی سەرخوانەکانی خۆیان لەگەڵدا بەش دەکردن و ڕێز و خۆشەویستییەکیان لێ نرا، کە شایانی ئەوەیە هەموو کورد شانازیی بەو کارە مرۆیی ، سیاسیی و کولتوورییەوە بکات. زۆرترین ئەو یارمەتییە مرۆیی و مۆراڵە بەرزە لەلایەن کەسوکاری قوربانییانی ئەنفالەوە پێشکەش بەهێزەکانی سوپای عێراق دەکران. گەلی کورد هەمان کاریشیان کرد لەگەڵ چەندین هەزار عەرەبی هاوردە، بێئەوەی بەشێوەیەکی گشتیی دەسترێژیی بکرێتە سەر ماڵ و ژیانیان لەکاتی ئازادکردنی کەرکوکدا.

بەڵام لەگەڵە ئەوەشدا ئێسنۆناسیۆنالیزمی شۆڤینیی کورد بوونی هەیە. هەندێک لەم پانکوردیست و کوردستانییانە بەشێوەیەکی ئاشکرا دژایەتی تەواوی کولتوور و نەتەوەی عەرەب و تورک دەکەن و جیاوازیی لەنێوان ڕژێمە داگیرکارو سەرکوتکەرە عەرەبییەکان یان دەوڵەتی جەنتای تورکییدا لەگەڵ خەڵکی سیڤیلی عەرەب و تورکدا ناکەن. هەمیشە ناسیۆنالیزم بەگشتیی و ئێسنۆنالسیۆنالیزم بەتایبەتیی ڕەهەندێکی ڕووبەدەرەوەی outwards هەیە و بەڕاشکاویی ئەنتاگۆنیزمی antagonism ڕوو بەگرووپەکانی دەرەوەی گرووپ و ئێسنیکەکەی خۆی هەیە(Blank & Schmidt,2001). زۆرێک لەوانەی بەخۆیان دەڵێن کوردستانییان و بەچەمکە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکەش پانکوردیستن یان کوردایەتیی دەکەن ئەم ڕقە شۆڤینییەیان بەرامبەر بەعەرەب و تورک و تەنانەت فارسیش تێدایە.

هەرچیی پاتریۆتیزمی patriotism کوردییە ڕەهەندێکی نیشتمانیی و مرۆیی و کێرڤێکی باڵاتری لە زمانی گفتوگۆ و داتای سیاسیی و کولتوورییدا هەیە. پاتریۆتیزمی کوردیی خۆی لە خۆشەویستیی نیشتمان و خاک و تەواوی گەلی کوردستاندا ( بەهەموو چین و توێژ و نەتەوەو ئێسنیک و مەزهەب و تایەفە جیاوازەکانەوە........تاد) دەبینێتەوە. پاتریۆتیزم یان ئەگەر بەزمانی کوردیی دروست بێت و تێرمەکە پڕ بەخۆی بێت و بنووسرێ " نیشتمانییزم- نیشتمانییبوون" ، ئەوە نیشتمانییبوون ئەو بەها نیشتمانییانەیە کە خۆشەویستیی لەدەوری تەوەرەی نیشتمان و سیمبۆڵە نیشتمانییە کۆلێکتیڤەکان دەسوڕێتەوە. بەڵام ناسیۆنالیزم خۆشەویستییەکی هەرزەییانە و ڕۆحییە لەسەر تەوەرەی سۆزو هەڵچوون و کەفوکوڵی نەتەوەیی کار دەکات و داکۆکیی بێمەرج لەسەرکردایەتیی دەوڵەتی نەتەوەیی، یان حیزبیی و ئایدیۆلۆژییی دەکات و بەچاوێکی کەمبایەخەوە سەیری گرووپەکانی دەرەوەی ئێسنیکەکەی خۆی یان دەرەوەی نەتەوەو وڵاتەکەی خۆی دەکات.

## ئاڵای کوردستان یان ئاڵای کورد:

لێکدانەوە لەسەر چارەسەرێکی سیاسیی و کولتوورییە بۆجیۆگرافیای پارێزگای کەرکوک و قەزاو ناحییەکانی، ئەم چارەسەرەش ڕاستەخۆ پێوەندیی بە ئێسنیکی کوردیی و عەرەبیی و تورکمانییەوە هەیە. دانوستانی نەتەوە باکگراوەند جیاوازەکانی ئەم شارە، پێویستە لەهەموو ڕوویەکەوە لەبەرچاو بگیردرێ. لەوانەش دیسکۆرسی سیاسیی، ئەجێندای سیاسیی و کولتووریی، ئاڵاو سروودی

نیشتمانیی..........تاد. ئاڵای هەنووکەی هەرێمی کوردستان ئاڵایەکی ئیستفزازییە provocative بۆ تورکمان و عەرەب، هەروەک ئاڵای پانعەرەبیزم و پانتۆرانییش ئیستیفزازییە بۆ کوردەکانی ئەو شارەو هەرێمی کوردستان. ئەم شەڕی ئاڵایە، پێوەندیی بەچەمکی نیشتمانیبوونەوە نییە، بەڵکو پێوەندەیی بەچەمکی ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی وتورکمانیی وکوردییەوە هەیە.

ئەو ئاڵایەی لە کوردستاندا ناسراوە ، ئاڵای گەلی کوردستان نییە بەواتا سیاسیی و هونەریی و ماتماتیکیی و جیۆگرافیی و کولتوورییەکەی، بەڵکو ئاڵای ناسیۆنالیزمی کوردیی بووە. پێشوەخت دەبێت پراگماتییانەو واقیعییانەو عەقڵانییانە ددان بەو راستییەدا بنێین کە ئەو ئاڵایەی هەنووکە بەئاڵای کوردستان ناوی دەرکردووە، ئاڵای نەتەوەی کوردە نەک ئاڵای کوردستان. دیارە کە دەگوترێ ئاڵای نەتەوەی کوردە، لەو حەزو خولیاو نۆستالژییە ئێسنۆناسیۆنالیستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەستگرتن بەئاڵاوە سیمبۆلیزمی ناسیۆنالیستیی کورد بەرزو پڕشکۆ رادەگرێ. هەرچەندە ئەم ئاڵایە لەهیچ ریفراندۆمێکی جەماوەریی و بەهیچ بڕگەیەکی یاسایی نەبووەتە ئاڵای نەتەوەی کوردیش، بەڵکو هەر هەڕەمەکیی و خۆبەخۆ هاتووە. زۆرکەس ئەوەیان درووژاندووە کە ئەو ئاڵایەی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوودا پەسەندیان کردبوو ، هەروەها کۆمەڵەی " خۆیبوون" تیۆرایزیان کردو لەسەردەمی قازی محەمەدی کۆماری کوردستاندا بەئاڵای کۆمار ناسێنرا، ئاڵای کوردە نەک ئاڵای کوردستان بێت. بارزانیی زیاتر وەک میراتێکی سیاسیی و سیمبۆلیزمێکی بنەماڵەیی کە دڵی بەوە خۆشە لەپاڵ ئەو ئاڵایەدا لەدایک بووە، دەیەوێ بەئاڵای کوردستان بیگشتێنێ، لەکاتێکدا پەکەکە و کوردەکانی تورکیا ئەوەندە حەماسیان بۆ ئەم ئاڵایە نییە، ئەوەندەی ئاڵای حیزبەکەی خۆیان بە سیمبۆڵ دادەنێن.

لەوە گەڕێین کە ئاڵای کوردستان، تێکەڵەیەکە لە ئاڵای سەفەوییەکان و قاجارییەکان و دواترینیشیان بنەماڵەی پەهلەوییەکان، " خۆرو شێر و شمشێرەکە" یان گۆڕیوە بە تەنیا خۆرێک ماوەتەوە و رەنگەکانیان سەرووژێر کردووەتەوە، بەڵکو ئەو ئاڵایە چ پیرۆزییەکی نیشتمانیی و نەتەوەیی هەیە کە کورد نەتوانێت بیگۆڕێت؟ چەمکی کوردستان زۆر لە چەمکی کوردبوون گەورەترە، کوردستان چەمکێکی نیشتمانیی و رەهەندێکی قووڵی کولتووریی و مۆراڵێکی فراوانی سیاسیی هەیە، بەڵام نەتەوەی کورد و ئێسنیکی کورد، زۆرینەی دانیشتوانی کوردستانەکان پێک دەهێنن و خاوەن قەوارەیەکی سیاسیی و جیۆگرافیی و ئیداریی نین، جگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە حکومەتی هەرێمیان هەیە.

ئەو ئاڵایەی لە کوردستاندا ناسراوە، ئاڵای گەلانی کوردستان نییە بەواتا سیاسیی و جیۆگرافیی و کولتوورییەکەی، بەڵکو ئاڵای ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی بووە. ناکرێ کوردەکان لەکێشەیەکی قووڵی فرەڕەهەندی وەک کەرکوکدا، بە حەماس و گیانی میلیشیای پێشمەرگایەتییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ نەتەوەکانی تردا بکەن و بە" ئاڵای کوردستان چاویان کوێر بکەن". پێویست بوو زۆر زوو پارلەمانی

هەرێمی کوردستان بیری لە دانانی ئاڵایەکی تایبەت بەهەرێمی کوردستانی عێراق بکردایەتەوە. ئەو ئاڵایەی هەنووکەش وەک وەفایەک و سیمبۆڵێک بۆ یەکەمین کۆماریی کوردیی لەمێژوودا ڕێزی بگیردرایە. تەنانەت دەکرێ ئاڵای نوێ نزیک بێت لەم ئاڵایەی ئێستاوە. بەڵام لەڕەنگەکان و ئایکۆنەکانیدا ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی ئێسنیکە جیاوازەکانی کوردستان ( کورد وعەرەب و تورکمان وکریستیانەکان.....تاد) و گیانی سەردەم بێت.

باشە ئەو مافە بۆ بەکورد بدرێ، کە ئاڵای عێراقیان گۆڕی؟ یان کورد وەک فاکتەرێکی سەرەکیی، بوو بەهۆی گۆڕینی ئاڵای عێراق و سێ ئەستێرەکەی پانعەرەبیزم و عروبەی میسرو سوریاو عێراقیان لێ لابردو " الله اکبر" ەکەی بە دەستخەتی سەدام حوسێن نووسرابوو بە خەتێکێ تر گۆڕدرا. ئەی بۆچیی هەمان ماف بە تورکمان و عەرەب و کریستیانەکانی کەرکوک نەدرێ، کە حەزیان لەئاڵای کورد نییە، حەزیان لەئاڵای سیاسییە کوردەکانی شاخ و پانکوردیزم و کوردایەتیی و ئێنتێلکچواڵە کوردستانییەکان و ئەکادیمیستە پانکوردیستەکان و ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی نییە؟ هەر هیچ نەبێ لەبەرئەوەی ئەو ئاڵایە سیمبۆڵیکە بۆ نەژاد و ڕەگەز و ئێسنیکی کورد، ئایا ئەمە دووالیزمی دەسەڵاتی سیاسیی کورد و ئینتێلێکچواڵەکانی کورد و شۆفینیزمی ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی نییە، کە ماف بەئێسنیکی کورد ڕەوا دەبینن بەلام بۆ ئێنسنیکەکانی تر بەڕەوای نازانن؟

### ئەی رەقیب و قەومچییەتی کوردیی

بەهەمان میتۆدی ئاڵا، سروودی نیشتمانییش وەک بەشێک لەکولتووری سیاسیی و سیمبۆڵیزمی نەتەوەو ئێسنیکە جیاوازەکانی هەرێمێک، یان قەوارەیەک دەژمێردرێ. ئەستەمە لەهەموو دنیادا، بەتایبەتیی لەناو بزوتنەوە ئازادییخوازەکانی دنیادا، سروودێکی کۆنی نەتەوەپەرستیی و نەژادپەرستیی و ئێسنۆناسیۆنالیستیی وەک سروودی ئەی ڕەقیبی کورد لەئێستادا برەوی هەبێت. ئەو سرووده شۆڤینیزمی ئێسنۆنالیزمی کوردیی تێدا قوڵپ دەدات، گەورەترین سووکایەتی بە خەباتی نیشتمانیی و چەمکی دێمۆکراسیی و ئازادیی و دنیای مۆدێرن وخودی مرۆڤی کورد دەکات. ئەگەر عەرەب و تورکمانی کەرکوکیش بە ئیلهام لە سرووده ئێسنۆناسیۆنالیستییەکانی خۆیان لەگەڵ کوردەکاندا بەیەکدا هەڵبشاخێن جگە لە ڕووباری خوێن و قەسابخانەی بەردەوام ، کەرکوک چاوی بەهیچ ئازادیی و ئارامیی و خۆشگۆزەرانییەک ناکەوێت.

سروودی ئەی ڕەقیب لەسەربناغەی زەقکردنەوەی بنەما ڕەگەزیی و نەژادیی و نەتەوەیی و ئیسنۆناسیۆنالیستیەکانی کورد ( ئەویش بە ڤێرژینی ئێسنۆناسیونالیزمی کورد خۆی ) داڕێژراوە. ئەو سرووده لێوانلێوە لە شۆڤێنیزمی کوردیی ، بەبەهاکانی نیشتیمانیی و چەمکی دێمۆکراسیی و ئازادیی و دنیای مۆدێرن ناکۆکە. کورد لەکەرکوکدا هیچ پێویستییەکی بە سروودێکی ئێسنۆناسیۆنالیستیی و ئێسنۆشۆڤینیی وئێسنۆسێنتریزم نییە، بەڵکو پێویستیی بە سروودێکی مۆدێرن و نیشتمانیی و کۆک لەگەڵ چەمکە دێمۆکراسییەکان و مافەکانی مرۆڤدا هەیە.

لەئاستی هەرێمی کوردستانی عێراقیشدا، پێویستی بە سروودێکی نیشتمانیی هەیە، کەرەنگدەرەوەی تەواوی کولتوور و نەتەوەو نەژادە جیاوازەکان بێت و بەگیانێکی سەردەمییانە و شارستانییانە داڕێژرابێت . باشترە سروودێکی نیشتمانیی بێت بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق ، نەک سروودێکی ئێسنیکیی و نەژادپەرستیی و کوردپەروەریی! . سروودی ئەی رەقیب، نەک هەر سروودێکی نیشتمانیی نییە، تەنانەت ناسیۆنالیستییش نییە، بەڵکو سروودێکی ئێسنۆناسیۆنالیستییە. ئەگەر بڕیارە ئەی رەقیب سروودی نیشتمانیی بێت، ئەوە گومانی تێدا نییە ئەو سرووده هیچ پێوەندییەکی بە پاتریۆتیزمی خەڵکی کوردستانی عێراق و هیچ پارچەیەکی تری کوردستانەوە نییە. بەڵکو پێوەندیی بە ئێسنیکی کورد و کوردایەتیی و پانکوردیزم و خوێنگەرمیی کوردستانییانەوە هەیە، پێوەندیی بە ئێسنۆناسیۆنالیستی کوردییەوە هەیە. ئەویش بە دواکەوتووترین تێرمگەلێک کە مرۆڤ رقی لەمرۆڤبوونی خۆی و لەکوردبوونی خۆی دەبێتەوە کە ئاوا لە ئێسنۆسێنتریزمدا رادەگیردرێ.

**ئەنجامگیریی:**

ناسیۆنالیزم بەشێوەیەکی گشتیی لەدنیای مۆدێرندا شتێکی پاسۆلۆجیی نییە، بەڵکو تێورییەکی سیاسیی و دۆکترینێکی سیاسییە و حەزی بەدەسەڵات و کەڵەگایی نەتەوەیی و ئێسنیکیی هەیە و زۆرجاریش وڵات و نیشتمان و خەڵکێکی زۆر بەقوربانی حەزی سەرەڕۆیانەی توندڕۆیی ناسیۆنالیزم دەبن. ناسیۆنالیزمی کوردیی لەزۆر مەودای کولتووریی و سیاسییدا ، لەبری ئەوەی وەک ناسیۆنالیزمێکی مۆدێرن و سیڤیک مامەڵە لەگەڵ رووداوەکاندا بکات، بە دیوە ئێسنۆناسیۆنالیستییەکەیدا مامەڵەی کردووە.

چارەسەری کێشەی کەرکوک، تەنیا مەسەلەی خاك و نەتەوەو ئێسنیکی کورد نییە، تەنیا مەسەلەی موڵک و ماڵی شەرعیی کورد نییە. چونکە ئەگەر وابێت، لەهەمان کاتیشدا مەسەلەی خاک و نەتەوەو ئێسنیکی عەرەب وتورکمان و کەمینە جۆاکییەکانی تریشە. چارەسەری کەرکوک نابێت هەر لەڕووە سیاسییە کلاسیکییەکەوە بێت، بەڵکو پێویستی بەچارەسەرێکی سوسیۆ (کولتووریی،ئابووریی و سیاسیی) هەیە. شاری کەرکوک لە ڕووی ( خاک، ئاو، سامانی سروشتیی، جیۆگرافیا، کولتوور..............تاد) موڵکی هەموو نەتەوەو ئێسنیکە جیاوازەکانی ئەو شارەیە، ناکرێ مۆدێلی کوردبوون و کوردایەتیی و پانکوردیزم و ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی و فانتەسیی کوردستانییانی بەسەردا بسەپێنرێ. هەروەک چۆن پانعەرەبیزم کەرکوکی وێرانکرد و ماڵی کورد و عەرەبی پێکەوە گڕ تێبەردا. بۆیە پێویستە چەمکی هاوڵاتیبوون و نیشتمانییبوون جێگەی چەمکە نەتەوەییە توندڕۆکان بگرنەوە.

لەهەنووکەدا هەرێمی کوردستانی عێراق سێ ئیدارەی سیاسیی و کولتووریی تێدایە. بەس بەناو یەک ئیدارەو یەک حکومەت و یەک دادوەریی تێدایە. سلێمانیی و گەرمیان بەس لەمیدیای حیزبییدا لەگەڵ ئیدارەی هەولێردا یەکیان گرتووەتەوە. لەنوێترین ددانپێناندا، نێچیرڤان بارزانیی لە ژمارە

575 ی هەفتەنامەی رۆژنامەدا بەزەقیی ددان بە دوو ئیدارەییدا دەنێت. خودی ئیدارەی هەولێریش دوو کانتۆنی canton جیاوازن. دهۆک بەس بەناو سەربەهەرێمی کوردستانی عێراقە. دەڤەری بادینان بەهۆی هێجەمۆنیی حیزبیی و ئایدیۆلۆژیی یەک لایەنی سیاسییەوە ، ئیدارەیەکە لەناو ئیدارەی حکومەتی هەرێمدا، بودجەکەی دەبێ لە هەموو شوێنەکانی تر زیاتر بێت، دێمۆکراسییەکەی گەشترین دێمۆکراسییە لەئاستی کوردستان و عێراقداو بەس دەنگ بۆ حیزبی قائیدی ئەو دەڤەرە دەدەن و زمانی کارگێرییەکەی و زمانی پەروەردەشی نەک لەهەموو عێراق جیاوازە ، بەڵکو لەپایتەختی هەرێمی کوردستانیش ( هەولێر) جیاوازە.

لەهیچ شوێنێکی دنیای مۆدێرندا شتێکی لەو چەشنەی بادینان نییە، بەبێ بڕیارێکی سیاسیی و ئیداریی، بەبێ بڕیارێکی یاسایی و پارلەمانیی، زمان و کولتووری خۆیان جیابکەنەوە لە هەرێمێک کە بڕیارە ئەوانیش سەر بەهەمان ئێسنیکی کورد بن، بەزاراوەکەی خۆیان کاروباری سیاسیی وئیداریی و پەروەردەیی بەڕێوە ببەن! باشە گەڕانەوەی کەرکوک بەپێی ماددەی 140 ی عێراق بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هەرێم بەرەو " ئینتێگریتی integrity یان بەرەو دیسێنترەلایزێکی decentralize سیاسیی و کولتووریی و ناوچەیی زیاتر دەبات؟ ئەگەر ئەوە دۆخی راستەقینەی هەرێم بێت، تا ئێستاش حیزب و سیلالەی بنەماڵەکان حوکمی هەرێمی کوردستان بکەن و کانتۆنی جیاواز لەناو هەرێمی کوردستاندا دروست بکەن، باشتر نییە شاری کەرکوک بۆخۆی کانتۆنێک بێت و هەرێمی کەرکوک پێک بهێنێ و لەداهاتوودا ئەگەر ویستی هەر بەهەمان دەستووری عێراق بچێتە پاڵ هەر هەرێمێکی تر بەویستی دانیشتووانەکەی بڕیار بدەن.

گەڕانەوەی کەرکوک لە دۆخێکی بەم چەشنە دیسێنترەلایزەی هەرێمی کوردستاندا، کە کۆمەڵێ ئێسنیکی تر و رەگەزی تر لەگرووپەکانی تر دەخرێنەوە سەر جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان و کانتۆنی جیاواز لەناو هەرێمی کوردستاندا هەیە، نەک هەر کارێکی سەختی سیاسییە، بەڵکو لەڕووی کولتوورییشەوە بەم شێپرەوییەی کوردستانەوە سەرناگرێ. گێڵنەر پێیوایە نەتەوە وەک دوا بەرهەمی گۆڕانە کۆمەلایەتییەکان لە ئێسنیکەوە گەشە دەکات و کولتووریش تەوەرەی سەرەکیی ئەو گۆڕانانەیە، هەروەها کولتوور وەک سێنترالیزمی ئەرک و کارەکانی کاتەگۆری زمان وەردەگرێ( Gellner 1983). بەمپێیە و بەبڕوای دانیاڵ کۆنڤێرسی، گێڵنەر دەکرێ بە ئەنسرۆپۆلۆجیستێک دابنرێ کە زمانی وەک تەوەرەیەکی بنەڕەتیی و چەقی بەیەکدادانە کولتوورییەکان ئەژمارد کردبێ و بە گلۆتۆ-سێنتریک Glotto- Centric ( زمان-چەقیی ) ناوی دەرکردووە( Conversi 2002).

لەهەلومەرجێکی کولتووریی و بێسەرەوبەرەیی ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا جیاوازیی زمانیی لەنێوان دوو شاری یەک هەرێمدا هەیە ، کانتۆنی بادینان بەس بەناو سەر بەهەرێمی کوردستان بێت، کوردستانێک بەو شێوەیە حیزبە فەرمانڕەواکانی کورد دیسێنترەلایزیان کردبێ و سەرۆکی حکومەت ئەگەر لە حیزبی بالادەستی ئەو کانتۆنە نەبێ دەستی لە نووسەری ئەم توێژینەوەیە

کورتتره. ئیتر گەڕانەوەی کەرکوک بەعەرەب و تورکمانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چ فەوزایەکی کولتووریی و سیاسیی وزمانیی لێدەردەچێ! چۆن تورکمان رێگە بەخۆیان دەدەن، زمانەکەی ئەوان بەڕەسمیی نەناسرێ، کەچیی کورد دوو زمان ئەژمارد بکات؟ عەرەب چۆن لەم کۆمیدیا کانتۆنیی و زمانییەی کوردستاندا ددان بەخۆیدا دەگرێ کە زمانی ئەوان لەپاڵ کوردیی و تورکمانییدا نەکرێ بەزمانێکی تری رەسمیی کوردستان؟ کەچیی کورد کۆمیدیای زمانی دووستاندەردی هەبێ! ئەوانەی دەشڵێن کە زمان ئەو گرفتە نییە، بایی یەک روپێ Rupee لە کێشە سۆسیۆ ( سیاسیی، کولتووریی، زمانیی) ەکان نەگەیشتوونە.

لەڕووی سیاسییشەوە، دروستکردنی هەرێمی کەرکوک، درێغییکردن نییە لە بەها نیشتمانییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا، بەڵکو بڕینی قۆناغێکی هەستیار و دژوارە بەرەو جێگیرییەکی سیاسیی و کولتووریی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و لەناوچەکەشدا. ئەم نووسینە بڕوای وایە بەهەرێمیکردنی کەرکوک، رێگریی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 دروست ناکات، بگرە رێگەیەکی عەقڵانییترە بەڵام دوورترە. رێگەیەکە زامنی کۆمەڵێ دەستکەوتی هەنووکەیی دەکات، بەڵام کۆتایی کێشەکە ئاسانتر و روونتر دەبێتەوە. دامرکاندنەوەی کۆمەڵێ رقوکینەی ئێسنیکیی و نەژادیی نێوان نەتەوەکانەو قۆناغێکی ئاشتەواییشە بەرەو سەقامگیرییەکی سیاسیی و کولتووریی لە هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا.

سیاسییەکانی کورد، بەعەقڵییەتی شاخ و کولتوور و مۆڕاڵی میلیشیای پێشمەرگەوە بڕگەکانی ماددەی 140 یان داڕشت و کەمترین پسپۆڕ و سکۆلارو توێژەر و ئینتێلێکچوواڵ و یاساناسی سەربەخۆی کورد بەشدارییان تێیدا نەکرد. سەقفێکی زەمەنییان بۆداناو بەسەر خۆیشیاندا رووخا، لەناو ئەو هەموو هێزە هەرێمییانەدا، ئەستەمە ماددەی 140 بەکورد جێبەجێ بکرێ. باشترە کورد بیر لە دانانی هەرێمی کەرکوک بکاتەوە. بەهەرێمکردنی کەرکوک لەدوورمەودادا قازانجێکی سیاسیی و کولتووریی و ئابووریی زۆر گەورەی بۆ کورد دەبێت بەبڕوای ئەم نووسینە بەردی بناغەی نیشتمانی کوردستان ( نەک کورد ) لە کوردستانی عێراقەوە دادەڕێژرێ وهەرێمی کەرکوک و هەرێمی کوردستان دەکرێ لەداهاتوودا یەک بگرنەوە.

هەرچی ناوچەکانی تریشە، وەک خانەقین و شەنگارو مەخموور .....هتد، پێویستە جێبەجێکردنی ماددەی 140 تێیاندا بەدیفاکتۆ بکرێ، بەتایبەتیی لەم خولەی پارلەمانی عێراقدا. سیاسیی و یاساناسەکانی کورد و دەسەڵاتی کوردیی دەتوانن، نەرمییەکی گەورە بنوێنن بۆ کەرکوک بەبێ لەدەستدانی هیچ شکۆیەکی نیشتمانیی، لەهەمان کاتیشدا دەتوانن سووربوونێکی زیاتر بنوێنن بۆ ناوچە تەعریبکاراوەکانی تر و بە یاسا بیلکێننەوە بەهەرێمی کوردستانی عێراقەوە.

ناسیۆنالیزم بەگشتیی و ناسیۆنالیزمی کوردیی بەتایبەتیی ئەجێندایەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی بۆ ئینتیگرەیشتنی حکومەت و دەوڵەت نەبووە ، بەحکومەتی دیفاکتۆی هەرێمی کوردستانیشەوە. چونکە

ناسیۆنالیزم مەیلی بەلای ئێسنیک و نەتەوەدا دەڕوات و وەفای بۆ نیشتمان و حکومەت جڵەو دەکرێ، لەوێشەوە حیزب و ئایدیۆلۆژیا تیۆرایزی دەکەن و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاری دەهێنن. ووکەر کۆنۆر Walker Connor وەک بەرچاوترین سکۆلاری مەیدانی ئێسنۆناسیۆنالیزم ئەم نادڵسۆزییەو ئەم بێ وەفاییەی ناسیۆنالیزم بەرامبەر حکومەت و دەوڵەت و چەمکە نیشتمانییەکان هەیەتی ، بە ئێسنۆناسیۆنالیزم ناو دەبات( Connor 1994). هەرچەندە ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی، ئێسنۆناسیۆنالیستییەکی خێڵەکیی و عەشایەریی و بنەماڵەیی و حیزبیی و ناوچەگەریی و ئادیۆلۆژیایی زیاتر دەرکەوتووە.

ناسیۆنالیزمی کوردیی لە بۆچوونی هەندێ سکۆلارو ئەکادیمیستی کورددا، هێشتا لەدایک نەبووە. لەڕاستییشدا ناسیۆنالیزمی کورد هێشتا تەنیا هەنگاوێک لەباری فیکریی و سیاسیی و کولتوورییەوە لە خێڵ و بنەماڵە سیاسییە دەستڕۆیشتووەکانی ئێسنیکی کورد دوور کەوتووەتەوە. هێشتا چەمکی نەتەوەییبوون ، بەواتا تیۆرییەکەی"ناسیۆنالیزم" وەک مەسعود محەمەد باسی دەکات لەپێزانی کوردایەتیی بەرنەبووەتەوە. کاتێ ناسیۆنالیزمی کوردیی بەم هەموو ناڕۆشنییەوە دێت لەسەر پرسی ئەوەی کۆنۆر پێی دەڵێ ئیکۆ-ئێسنۆناسیۆنالیستیی Eco-Ethnonationalism ( ibid) پرۆژەی چارەسەری کێشەی کەرکوک پێشکەش دەکات، تووشی دەیان نەدانیی سیاسیی و یاسایی و کولتووریی و کۆمەڵایەتیی دەبێتەوە.

سەرکردەکانی کورد بەشێوەیەکی زۆر ناشەفافانە( ناڕوونکاریی) نەوتی هەرێمی کوردستانیان بە کۆمپانیا رۆژئاواییەکان داوە، بەڵام بۆکێ؟ نەک بۆ گەلی کوردستان، بەڵکو بۆ کۆمەڵێ کۆنتراکچیی حیزبیی و بنەماڵەیی و بەبێ ئەوەی پارلەمان ئاگای لەشتێکی ئەوتۆ هەبێ. باشە بەم عەقڵیەتە حیزبیی و میلیشیایی و کۆنتراکچییەوە چۆن تورکمان و عەرەبی کەرکوک، چۆن حکومەتی فیدراڵی عێراق و ئەمێریکا ، چۆن نێوەندە نێودەوڵەتییەکان لێ دەگەڕێن، یەکێک لەگەورەترین عەمبارەکانی نەوتی دنیا بۆ ژێر دەستی کۆنتراکچییە سیاسییەکانی کورد بگەڕێتەوە؟ باشتر نییە بۆ ئەوەی لەهەمان کاتدا نەوت و خاک و بەشێک لەنەتەوەکەت بۆ هەتا هەتایە بڕوات ،بیر لە دامەزراندنی هەرێمی کەرکوک بکرێتەوە! بەهەرێمکردنی کەرکوک بەتەواوی ناحیەو قەزاکانی زووی خۆیەوە، گەورەترین شکستە بەسیاسەتی تەعریب و تەرحیلی بەعس، سەرکەوتنێکی گەورەشە بۆ خەباتی دیمۆکراسیی و مافی مرۆڤی هەموو ئێسنیکە جیاوازەکان.

خاڵێکی تری گرینگ کە زۆر بەجدیی دەبێ لەبەرچاو بگیردرێ، بەپێچەوانەی ئێسنۆناسیۆنالیستەکانی کوردەوە کە پێ لەسەر چەمکی خاک و نەتەوەو ئێسنیکی کوردو کوردستانییبوونی! کەرکوک دادەگرن، لە کێشەیەکی هەستیاری وەک کەرکوکدا، نابێ چەمکی بەس " بۆخۆمان" بەبێ لەبەرچاوگرتنی "ئەوان" بکرێتە تەوەرەی سەرەکیی گەڕانەوەی مافی خاک و مافی نەتەوەو نیشتمان بۆ سەر رێچکەی سەرەکیی خۆیان. کورد ناتوانێ لەدنیای ئەمڕۆدا بەهیچ کەسێکی

دەرەوەی گرووپی ئێسنیکی کوردی بسەلمێنێ کە کەرکوک شارێکی کوردییە. تەنانەت شارێکی کوردستانییش نییە بەمانا گشتی و ڕەهاکەی ، بەڵکو شارێکی هەرێمی کوردستانی عێراقە.

وێڕای ئەوەی ناسیۆنالیزم و ئێسنیکبوون دوو چەمکی تێکەڵ و پێکەڵن، لەڕوانگەی ئەنتۆنی سمیسەوە زۆربەی فۆرمەکانی ناسیۆنالیزم بە ڕەگەزی ئێسنیکەوە بەستراونەتەوە، کۆنۆر زیاتر دەڕوات و پێیوایە کە هەموو ناسیۆنالیزمێک وابەستەیە بە ئێسنیکەوە، تەنانەت ئەوانەی خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن و بە ئایدێنتتیی مەدەنییبوون و دڵسۆزییبوونی سیڤیکیی، تەنیا دڵێ خۆیان دەدەنەوە، لەنێوان پاتریۆتیزم و ناسیۆنالیزمدا لەگێژەنگدان و سەریان لێ تێک دەچێ، چونکە تەواوی چەمک و ڕەهەندەکان پێکەوە نووساون. تێرمی ئێسنۆکان لە گریکی کۆنەوە هاتووەو تێرمی نەتەوەش لە لاتینییەوە هاتووەو هاوواتاو یەکسانن( Conversi 2002).

هەرچەندە ناسیۆنالیزم یەکێکە لەدیاردەکانی مۆدێرنیزم لەڕوانگەی زۆر سکۆلارەوە لەوانەش سمیس پێیوایە پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان ناسیۆنالیزم و مۆدێرنیزمدا هەیەو ناسیۆنالیزم یەکێکە لەکارێکتەرە جەوهەرییەکانی intrinsic دنیای مۆدێرنیزم و نەتەوەش وەک تەوەرەیەکی تیۆریی و سیاسیی لە دوا قۆناغەکانی مۆدێرنیزمدا سەری هەڵدا(Smith, 1981). بەڵام لەڕوانگەی ئەنسرۆپۆڵۆجیستەکانەوە زیاتر جەخت لە تێکهەڵکێشان و بەریەککەوتنە کولتوورییەکان و بەها نیشتمانییەکان دەکرێتەوە و بەتایبەتی بۆ جیاوازییە ئێسنیکیی و زمانەوانییەکان. بۆ مەسەلەی کولتووریی و زمانیی لەشاری کەرکوکدا پێویستە سوود لەدیدی مۆدێرنیزم و ئەنسرۆپۆڵۆجیستەکان وەربگیردرێ و تەنیا بەدیدی سیاسیی و جیهانبینیی حیزبی شمولیی و حیزبی نەتەوەیی و سەرکردەی ناسیۆنالیستیی نەخوێندرێتەوە. لەهەرێمی کەرکوکدا، خەڵکەکەی خاوەنی شارەکەی خۆیان دەبن، دەتوانن بەشێکی زۆری سامانە سروشتییەکانی ژێر خاکەکەیان بۆ خۆیان بەکاربهێنن. حکومەتێکی دیمۆکراسیی و پلورالیزمێکی سیاسیی کەموێنە دابهێنن. هەر سێ زمانی کوردیی و عەرەبیی و تورکمانییش بەزمانی ڕەسمیی هەرێمی کەرکوک بکەن.

هەنووکە بەدەر لەوەی ناسیۆنالیزم و ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی لەکوێی هاوکێشە سیاسیی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لێکدانەوە کولتووریی و ئەنسرۆپۆڵۆجییەکاندا وەستاوە، گرینگ ئەوەیە ناسیۆنالیزمی کوردیی لەسەر کێشەیەکی سیاسیی و کولتووریی ریشەقووڵی وەک کەرکوک، بەدیدێکی تۆلێرانسی کولتووریی و مۆدێرن و عەقڵانییەتی سیاسیی و واقیعیەتی سیاسیی ئەو هاوکێشانەی لەسەر واقیع بوونیان هەیە هەڵسوکەوت بکات و خوێندنەوەی ژیرانەو ولۆژیکانەی هەبێ و خۆی نەداتە دەست دروشمی حەماسیی و هەڕەشەی بەتاڵ و فوارەی توندڕۆیی کوردایەتیی و پانکوردیزم و کوردستانییانەوە!. مەسەلەی کەرکوک پێش ئەوەی مەسەلەی خاک و نیشتمان و ئابووریی بێت، مەسەلەی کۆمەڵێ ئێسنیکی جیاوازو کولتووری جیاواز و زمانی جیاوازە، مەسەلەی ڕاستکردنەوەی ئەو هەموو سیاسەتانەیە کە بەعس دژ بەنەژادی کورد و تاکی کورد کردی، کەڵکی

ئەوەی نەماوە تەنانەت هەڵەیەکی تەکنیکیشیی تێدا بکرێ ، تا بەهەڵە و هەڵپەیەکی سیاسیی و کولتووریی و ستراتیژیی دەگات.

لە کۆتاییدا، بەکانتۆنکردنی کەرکوک، هەلێکی مێژووییە بۆ تەواوی گەلانی عێراق کە بیری فیدراڵیزم لە هەرێمێکەوە ( سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان ) بەرەو دوو هەرێم ( کەرکوک و هەرێمی کوردستان ) ببرێ و جێکەوت بکرێ. ئەمە هاندانێکی سیاسیی و کولتووریی و یاسایی و دەستوریشە بۆ ئەوەی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقدا پرۆژەی کانتۆنەکان و بەهەرێمکردنی شارەکان دەست پێبکات و چەمکی فیدراڵیزم بە دیفاکتۆ ببێ. ئەگەری زۆر هەیە بەکانتۆنکردنی کەرکوک، بەکانتۆنکردنی بەسرە و شارەکانی تری بەدودا بێت و عێراقی ناوەند بەکردەوە بەعێراقی هەرێمەکان و بەعێراقی فیدراڵ دەبێت. لەبەکانتۆنبوونی کەرکوکدا کورد نەک هیچ زیانێک ناکات، بەڵکو شەڕێکی گەورەی مێژوویی و سیاسیی و کولتووریی لەکۆڵ دەبێتەوەو چارەنووسی ئەو شارە بە دەست خەڵکی شارو قەزاو شارۆچکەکانییەوە دەبێت.

شاری کەرکوک کە هەنووکە هەژارترین وماڵوێرانترین شاری عێراقە، دەکرێ بەهۆی تەرخانکردنی ڕێژەیەکی بەرچاو لەنەوتەکەی لەماوەی چەند ساڵێکدا، بکرێ بە خۆشترین و جوانترین شاری عێراق و هەموو نەتەوەو ئێسنیکەکانیش بەهارمۆنیی پێکەوە بژین. بەدڵنیاییشەوە کورد جگە لە دەستکەوتی سیاسیی و کولتووریی و ئابووریی ، هیچ زیانێکی ئەوتۆ ناکات کە شایانی باس بێت. جێبەجێکردنی هەرێمی کەرکوک، خۆی لەخۆیدا جێبەجێکردنی بەشێکی ماددەی سەدوچلە لە دواوە پێیداهاتنە تا لەپێشەوە دەست پێبکرێ. ئەو نەوتەی لەهەر سێ پارێزگاکەی کوردستانیشدا هەیە ئەگەر لەنەوتی کەرکوک زیاتر نەبێ کەمتر نییە ، دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەبێ پیشانی عەرەب و تورکمان و دنیای بدات کە کەرکوکی بۆ نەوت ناوێت ئەوەندەی بەشوێن ڕاستکردنەوەی سیاسەتەکانی بەعس و چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردەوەیە لە عێراقدا.

## سەرچاوەکان:-


1. Armstrong, J (1982) *Nations before nationalism*, Chapel Hill: University of North Carolina Press
2. Astarjian H D, 2007, *the struggle for Kirkuk: the rise of Hussein, oil, and the death of tolerance in Iraq, Greenwood Publishing Group. USA.*
3. Blank, T., Schmidt, P., & Westle, B. (2001). “Patriotism”—Acontradiction, a possibility, or an empirical reality? Paper presented at the ECPR Workshop 26 “National Identity in Europe,” in Grenoble, France
4. Connor W (1994).*Ethnonationalism : the Quest for understanding* ,Princeton, New Jersey: Princeton University Press.
5. Conversi, D (2002) *Conceptualizing nationalism: an introduction to Walker Connor’s work*. In: Conversi, D (ed.) Ethnonationalism in the contemporary world: Walker Connor and the study of nationalism. Routledge advances in international relations and global politics (21). Routledge, London, UK, pp. 1-23

6. Gellner, Ernest 1983. *Nations and Nationalism*. Oxford: Basil Blackwell/Ithaca: Cornell University Press
7. Hobsbawm, E. (1995, February). Identitat: Estat, etnicitat, religió. *Revista Avenç, 189*
8. Horowitz, Donald L. (1985) *Ethnic Groups in Conflict*, Berkeley, Los Angeles, and London: University of California Press
9. Houston C 9 2008, *Kurdistan Crafting of National selves* , Oxford and NY, BERG.
10. Ibrahim, S 1998, Ethnic conflict and state-building in the Arab world, Oxford and USA, , Blackwell Publisher available at: http://www.aina.org/articles/ecasbitaw.pdf
11. Kymlicka, W ( 1995 ) *Multicultural citizenship: a liberal theory of minority rights*, New York, Oxford University Press.
12. Kymlicka, W. (2001), Politics in the Vernacular: Nationalism, Multiculturalism, and Citizenship, Oxford University Press Inc., New York.
13. McGrath F2003, *The Framers of the Australian Constitution* (Brighton-le-Sands: Frank McGrath, 2003
14. Schlichting, U( 1997) *Conflict Between Different Nationalities: Chances for and Limits to Their Settlement* in Andreas Klinke, Ortwin Renn & Jean-Paul Lehners ,eds, *Ethnic Conflicts and Civil Society*. Aldershot: Ashgate Publishing Ltd.
15. **Smith A D (2001)**, *Nationalism: Theory, Ideology, History*. Cambridge: Polity Press, 2001, 182 pp, Canadian Journal of Sociology
16. Smith, Anthony D. 1981. *The Ethnic Revival*. Cambridge: Cambridge University Press
17. Toft, M D 2003, *The geography of ethnic violence: identity, interests, and the indivisibility of territory*, USA, Princeton University Press.
18. van den Berghe, P. L. (1981). The ethnic phenomenon. Westport, CT: Praeger
19. Willet, C. (1998), Theorizing Multiculturalism, A Guide to the Current Debate, Blackwell Publishers, Oxford
20. گۆرباتشۆف ، م 2010، لەدەستچوونی بیرۆیسترۆیکا ، وەرگێرانی بۆ کوردیی، سەعید عارف ، وتارەکە لەم لینکەدا: http://sbeiy.com/ku/ByaniArticleDetail.aspx?id=547

# خەباتی چەکداریی کورد و پەرچەکرداری تێرۆریستیی

ئەمە وتارێکی رەخنەییە، شرۆڤەی هەندێ باسی سیاسیی و کولتووریی بزوتنەوەی چەکداریی کورد دەکات. لەبەر ئەوەی بابەتەکە رەخنەی جەرگبڕ و فەندەمێنتال و کۆنکریت لە ستراکتۆری فیکریی و سیاسیی خەباتی چەکداریی کورد دەسرەوێنێ! بێگومان حەماس و توڕەیی زۆر کەسیش دەوروژێنێ. لەبەر ئەو هۆیانە، حەزمنەکرد بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە تەکلیف لە هیچ رۆژنامەیەکی ئەهلی لە کوردستان بکەم. لای کەم لەبەرئەوەی ئیحراج نەبن.

پێویستە وەک مێژوو ئاماژە بکرێ بە ئارگیومێنتەکانی نێوان رەشاد میران و فازیل کەریم ( مامۆستا جەعفەر) لەسەرەتای نەوەتەکاندا لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری "یەکگرتن"دا لەسەر خەباتی چەکداریی بڵاوبووەوە. پێشتریش باسێکی پاراو لەلایەن پرۆفێسەر عیسمەت شەریف وانلییەوە لەسەر خەباتی چەکداریی لە سەرەتای هەشتاکاندا نووسراوە. ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم لە گۆڤاری " **الدراسات الكردية** " و لەژێر سەردێڕی " الخيارات العسكرية و السياسية للحركة الوطنية الكردية" دا بڵاکراوەتەوە. هەروەها لە نێوان هەندێ کەسایەتی سیاسیی و ئەکادیمییدا لە کوردستانی رۆژهەڵات باسی خەباتی چەکداریی و رەهەندە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤییەکانی دراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا.

هەروەها د.بورهان یاسینیش وتارێکی رەخنەیی لە ساڵی 1992 دا نووسی ، ئارگیومێنتەکانی ئەو لەسەر بناغەی بۆچوونەکانی سۆسیۆلۆجیستی نۆرویژیی پرۆفێسەر یۆهان گاڵتونگ Johan Galtung بوو. یاسین رەخنەی لەخەباتی چەکداریی کورد گرتبوو کە چەمکی (Centre and Periphery) ناوەڕۆکی تیۆرییەکەی یۆهان گاڵتونگی بە بەشێک لە باسە تیۆرییەکەوە ئاڵاندبوو. هەروەها یاسین ئەم چەمکەی بۆ رەخنەگرتن لە خەباتی چەکداریی و چەمکی پێشمەرگەو شۆڕشی چەکداریی کورد بەکارهێنابوو. هەمان ئەو وتارەی یاسین لە کتێبەکەیدا دووبارە لەساڵی 2002 دا بڵاوی کردووەتەوە.

بۆ ئەوەی دایەلۆگ دروست بکەین و بە دەمارێکی ساردەوە لەم بابەتە بڕوانین، پێویستە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەپەرستیی و ناسیۆنالیزمی فەناتیک لە خەیاڵی خۆمان دەربکەین و بەچاو و عەقڵی مرۆڤێکی ئەم سەردەمەوە سەیری رابردوو و داهاتووی قۆناغەکانی بزوتنەوەی سیاسیی کورد بکەین. دەکرێ بۆ چەند ساتێک خوێنەر وەک ئێسنیک و وەک نەتەوە، کوردبوون لەمێشکی خۆیدا دەربکات، بەڵکو وەک لیبراڵێک، مۆدێرنێک، مرۆڤێکی ئەم سەردەمە، کەسێک کە مافی ژیانی هەیە لەسەر ئەم هەسارەیەو بەڕەچەڵەک کوردە و لە شوێنێک کە پێی دەڵێن کوردستان یان تاراوگە گوزەران دەکات.

لەڕاستییدا ئەم وتارە هەوڵدەدات کۆمەڵێ پرسی سەخت بورووژێنێ کە ئێمەی کورد زۆر بەکەمیی خۆمان لێیانداوە. پرسگەلێکی سۆسیۆسیاسیی و سۆسیۆکولتووریی لەماوەی نیوسەدەی ڕابردوودا یەخەی خەباتی ڕزگارییخوازانەی گەلی کوردی گرتووە. ئەم پرسانە زۆر مەوداقووڵن و پێویستیان بەشیکردنەوەی تیۆریی قووڵ و فرە ڕەهەند هەیەو دەیان توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی تیۆریی و مەیدانیی بە کرایتێریای ئەکادیمیی پێویستەو  لەهەنووکەدا ئەرکی ئەم وتارە سەرچیغە نییە، بەڵکو بە هەندێ ئارگیومێنیتی فەندەمێنتالییەوە ورووژاندنیان و پرسیار دروستکردن لەسەریان گرینگیی زۆری هەیە. وەک کورد تاکەی تەنانەت نەوێرین ڕەخنەش لەخۆمان بگرین؟ بەبڕوای ئەم نووسینە، ئێمەی کورد تا پرسە سیاسیی و کولتوورییەکانمان لە میدیای ژۆرناڵیستییدا تەواو خەپە نەبێت و تێروپڕ نەکوترێن، نەفەسی ئەکادیمیی و توێژینەوەی تیۆریی و مەیدانیمان بۆیان نابزوێ. هەر لەم ڕوانگەیەوە، منیش هاتوومە وەک وتارێکی ڕەخنەگرانە ئەم پرسانە دەورووژێنم.

ئەم نووسینە هیچ شتێ بە پیرۆز سەیر ناکات، نە پێشمەرگە قارەمانەکان و نە سەرکردە شەهید و زیندووەکان. پیرۆز تەنیا مرۆڤە! یەکێك لەو بەڵایانەی کە گەلی کورد هەمیشە پیرۆزی کردووە، چەک و خەباتی چەکداریی و  میلیشیای پێشمەرگە و گەریلایی بووە.  پیرۆز، مۆراڵی مرۆییە. هاوکات یەکێک لەهەرە کارەساتە گەورەکانی کورد تا هەنووکە بەدەستییەوە دەناڵێنێ ئەوەیە ڕەخنە لە چەمک و بەها پیرۆزەکانی ناو کولتووری زاڵی کوردیی ناگیردرێ. ئاخر پێشمەرگە و خەباتی میلیشیای چەکداریی بۆچیی پیرۆزیی ئەوەندە زۆر بێت کە نەوێرین ڕەخنەی لێبگرین!

کۆی ئەم باسە لەسەر ڕەخنەگرتن لە ڕابردوو، هەنووکە و داهاتوومانە. ڕەخنەگرتن لە شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی هێزە کۆلۆنیالیستەکانی کوردستانە. لێرەدا چەمکی مێژوو وەک بابەتێکی ئەبستراکت سەیر ناکرێ. بەڵکو وەک مەهدی ئەمبیریش پێیوایە " مێژوو ڕابردوو نییە، بەڵکو بوونی مرۆڤایەتییە humankind "( Imberesh 2000, p130 ). لێرەدا ئەگەر لەسەر تێڕوانینەکەی ئەمبیریشەوە بڵێین مێژووی کوردستان و هێزە کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان و میلیشیای پێشمەرگە بەتەنیا ڕابردووی خوێناویی کوردستان و  کارەساتە مێژووییەکان نیین، هەڵەمان نەگوتووە. بەڵکو مێژووی کوردستان، بیرو کردار و بوونی ئەو مرۆڤانەیە کە خوڵقاندوویانە. هەنووکە بەشێکی زۆر لەو کەسانەی قەسابی سەرەکیی بوون لەهەردوو بەرەکەدا، واتە بەرەی هێزە داگیرکارەکان و بەرەی میلیشیای پێشمەرگەدا، ڕەپ و زیندوو ماون و بگرە زۆر دەسەلاتداریشن. کەواتە بوونی ئەوان لەپۆستە سیاسیی و کارگێرییە گرینگەکاندا ، بۆنی کارەساتی نوێ، بۆنی خوێن بە هەنووکەو داهاتوو دەبەخشێتەوە. کارەساتی سەرەکییش ئەوەیە ئەو هەموو خوێندانە لە پرۆسێسە سەربازیی و میلیشیاییەکاندا، گەلی کورد ئەوەندەی زیانمەند بووە ئەوەندە دەستکەوتی نەچنیوەتەوە.

ناسیۆنالیزمی کوردیی، ناسیۆنالیزمێکی زۆر عاتیفیی بووە، هەمیشە لەسەر سۆزو سەرنجڕاکێشانی تاکی کورد بۆ ڕقبوونەوە لە داگیرکاران و هێزە کۆلۆنیالیستەکان کاری کردووە.  ئەو حەماقەتە

زۆرەی لەناو هەندێ پانکوردیستدا هەیە کە رقێکی بێئەندازەیان لە عەرەب و تورک و تاڕادەیەکیش فارس هەیە، لەم کانگایەوە ئاوی خواردووەتەوەو تەرزی هاویشتووە. بۆ نەوێرین بڵێین ناسیۆنالیزمی کوردیی جۆرێک لە شۆڤینیزمیی چاندووە لە دڵ و دەروونی هەندێک تاک و گرووپی سیاسیی کوردییدا؟ مەگەر پانکوردیستەکان بەتێکڕایی شۆڤینیست نیین! ئەگەر قسە لەسەر ناسیۆنالیزم بەگشتیی بکرێ، کاتێ بەشێوەیەکی گشتیی ئەفسانەتاشینی شۆڤینیستیی وەک مۆرکێکی ناسیۆنالیزم بناسرێتەوە (Shafer 1974 )، بۆ دەبێ ناسیۆنالیزمی پیرۆزی! کورد و پێشمەرگەی پیرۆزی کورد! و خەباتە چەکدارییە پیرۆزەکەی! لەهەموو مۆرکێکی شۆڤینیزم داماڵراو بن . لێرەوەیە ناسیۆنالیزمی کورد و بزوتنەوە سیاسییەکەی، هەمیشە پەیامە نیشتمانیی و ئەرکە کولتوورییەکانی ناسیۆنالیزمیی سیڤیکیان civic لەهەموو بەهایەکی مرۆیی داماڵیوەو کردوویانە بەدێوەزمەکی شۆڤینیی و نەیارەکانی ناسیۆنالیزمی کوردییش کاریان لەسەر ئەو لەکە گەورەیە کردووەو بەقازانجی خۆیان هاوکێشەکانیان قلْپ کردووەتەوە.

ئەوە راستە پەیامی ناسیۆنالیزم، مەرج نییە پەیامێکی شۆڤینیستیی بێت، مەرج نییە ئەفسانەی شۆڤینیزم لە خۆڕایی بەرهەرم بهێنێ. هاوکات مەرجیش نییە توخمی شۆڤینیزم توخمێکی سەرەکیی بێت لە ئایدیۆلۆژیاو پێکهاتەی ناسیۆنالیزمدا( ibid ). بەڵام ئایا بەڕاستیی خەباتی چەکداریی کورد، خەباتی یاخیبوون و بەشاخداندا، خەباتی پێشمەرگایەتیی و گەریلایی، بیری نەتەوەپەرستیی کوردیی، تۆوی شۆڤینیزمی دژ بەنەتەوە سەردەستەکانی وەک عەرەب و تورک نەچاندووە؟ ئایا بیانوویەکی زۆر و بەدۆکیومێنتەوە نەدراوە بەلایەنی بەرامبەر بۆ بنکۆڵکردنی بزوتنەوەی ئازادییخوازانەی خەڵکی کوردستان؟ ئایا بەڕاستیی ئەوەندی خەباتی چەکداریی و کاری تێکدەرانەی مەفرەزەی چەکداریی زیانی بۆ دۆزی سیاسیی کورد هەبووە ئەوەندە قازانجی هەبووە؟

هاوکات لەئاستی ناوخۆی کوردستانیشدا، ئەو هەموو خەڵکەی لەلادێکانەوە راو دەنران و دەهاتن خۆیان بەجاش ناونووس دەکرد، هەر لەخۆڕایی بوو! سایکۆلۆژیاو خولیای ئەو خەڵکە تێهەڵدراوەی لادێکانی کوردستان بە شەقی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگە، وا راهاتبوون کە هەر دەبێ جاشییەتیی بکەن؟ ئەگەر لە ویست و پلانی داگیرکاران و هێزە کۆڵۆنیالیستەکان بگەڕێین و رەخنە لەخۆمان بگرین، ئایا پێشمەرگە لەئاستی لۆکاڵیزەکردنی کێشەی کورددا لەنێوان جاش پێشمەرگەدا، لە نێوان پێکهاتەکانی گەلی کورددا، رۆڵێکی زۆر خراپیان نەبینوە؟ دیارە ئەمە نیوەی هاوکێشەکەیە، نیوەکەی تر، هێزە کۆڵۆنیالیستەکانن کە هەمیشە ویستوویانە دووبەرەکیی بتەنێننەوە. هەرچەندە لەبەرەی میلیشیای پێشمەرگەدا، راستە هەندێ دەنگی بوێرو ئازاو رۆشن هەبوون، دەیانویست خۆیان لە تورەکردن و تێهەڵدانی خەڵکی لادێکان و جوتیاری نەخوێندەواری کورد بەدووربگرن و دڵیان بدەنەوە و بە بنەما کولتووریی و سیاسییەکانی شۆڕشی چەکداریی ئاشنایان بکەن. بەڵام لەراستییدا ئەو دەنگانە ئەوەندە کەمبوون لەئاست هێزی عەسکەرتاریی و زەبروزەنگی گەریلایی و

باسکی بەهێزی پێشمەگەرکانی کوردستاندا، توانای ئاراستەکردنی هیچ ئەجێندایەکی نیشتمانیی نەبوو.

ئێسنیک و ڕەگەزی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان یەک نیین، واتا جیاوازیی هەیە لەنێوان ئێسنیک و ڕەگەزدا، هەروەک سمیس باسیدەکات، گرووپە ئێسنیکەکان ئەو کۆمەڵە خەڵکەن کە تاکەکانی بەوە دەناسرێنەوە لە ڕووی جێنێتیک و پشتاوپشتەوە بەیەکەوە بەسترابنەوە، بەڵام ناکرێ نە ڕەگەز و نە ئێسنیک سەرچاوەی تێرۆریزم بن ( Smith 1986). بەڵام ئەگەر سەیری شەڕی نەتەوەی کورد بکەین لەگەڵ کۆڵۆنیالیستەکاندا، هەمیشە هەوڵدراوە لەلایەن هێزە داگیرکارەکانەوە، شەڕی سەربەخۆبوون و ئازادیی گەلی کورد بکرێ بەشەڕی نەتەوەی کورد و نەتەوە سەردەستەکان. بەڵام ئەم میکانیزمە هەمووی هەر خەتای داگیرکاران نییە. بەڵکو بزوتنەوەی یاخیبوونە ئێسنیکییە چەکدارییەکانی کورد بیانووی زۆری داوە بەدەست ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە. ئەم هەڵە سیاسیی و کولتووریی و مێژووییانە خەتای ئەوە نییە ، کە میدیای کۆڵۆنیالیستەکان خەباتی سیاسیی وچەکداریی ئێسنیکی کوردیان بەچەتەگەریی و تێرۆریزم ناساندووە، بەڵکو لەخودی دۆکترینی ناسیۆنالیزمی میلیتانتدایە. کاتێ پەنا بۆ چەک دەبەیت، وەک دەوڵەوتی کۆڵۆنیالیستەکان تۆش دایەلۆگ دەکوژیت و ئەگەر دایەلۆگیش بکرێت لەسەر خوێنی زۆرێک لەئەندامانی گرووپە ئێسنیکییەکان دەبێت.

خاڵێکی زۆر ڕەشی ناسیۆنالیزمی کورد ئەوەیە کە پەیامە نیشتمانییەکەی دۆڕاندووە یان وەک عەباس وەلیی دەڵێت "ناسیۆنالیزمی بێ ناسیۆنالیزم"( Vali 2006: 54 ). ناسیۆنالیزمی کورد سەرەڕای ئەوەی هەمیشە مۆتیڤی بەزەیی بەخۆداهاتنەوەو کرووزانەوەی کردووە بە خۆراکی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەکانی، هێشتاش هەر مڕ نەبووە و پەنای بۆ نارسیسیزمی ( نێرجسییەت- Narcissism ) ناسیۆنالیستبوونی خۆی بردووەو خۆی زۆر خۆشویستووەو لەخۆی زۆر ڕازیی بووەو پۆزی بە سەروەرییەکانییەوە لێداوە. ئەم نارسیسیزمەی ناسیۆنالیزمی کورد وایلێکردووە هەمیشەش خۆی بەڕەوا بزانێ لەهەموو پەرچەکردارێکدا و هەمیشەش چەمکی شەڕی ڕەوای کورد و شەڕی داسەپێنراوی داگیرکارانی دەمەزەرد کردووەتەوە. نارسیسیزمێک کە بە ئاستێک لە ڕۆریتانیەن{ <u>ئەفسانەی پلەوپایەیەکی زۆر بەرز</u> ( Ruritanian )} گەیشتووە. هاوزەمان تووشی مێگالۆمانیا ( جنون العظمة- Megalomania) یەکی لەڕادە بەدەر بووە بەپێوەرەکان و کرایتێریای غەدرلێکراویی، ستەمکاریی داگیرکاران و ڕاوەدوونانی ئایکۆنە شۆڕشگێڕەکان لەلایەن دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیزمەوە. ڕاستە ئەمانە بۆ زۆربەی ناسیۆنالیزمەکان دەستدەدەن، بەڵام ئێمە بەتایبەتیی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردیی گفتوگۆ دەکەین.

با لێرەوە دەست پێبکەین، پێش ئەوەی نموونە لەسەر کورد و بزوتنەوەی چەکداریی کوردو هەندێ لە کردەوە تێرۆریستییەکانی چەند دەیەی ڕابردووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەربگرین، نموونە

لەسەر بزوتنەوی چەکداریی و کاری تێرۆریستیی لەناو بزاڤی رزگارییخوازانەی فەڵەستیندا دەهێنینەوە. زۆرینەی وڵاتانی دنیا و زۆرینەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و میدیاکانیان، رێکخراوی حەماسی فەڵەستین بەرێکخراوێکی تێرۆریستیی لەقەڵەم دەدەن. پرسیارەکە لێرەدایە، هۆی چییە لە جیهانی عەرەبیی و جیهانیی ئیسلامییدا ئەم خوێندنەوەیە بۆ تێرۆری گرووپێکی ئیسلامیی یان هەر بوونی نییە، یاخود ئەوەندە کەمە، کاریگەریی نییە؟ ئایا مۆراڵی جیهانی عەرەب و جیهانی ئیسلام مۆراڵێکی سیاسیی پاك و بێگەردە، یان بە پێچەوانەوە؟

هەموو کەسێکی هۆشیار و بەئاگا دەزانێ، دۆکترینی تێرۆریزم پێش ئەوەی دۆکترین و پلاتفۆرم و مانیفێستی رێکخراو و گرووپە چەکدارەکان بێت، دۆکترینی دەوڵەتە داگیرکارەکانە. بەواتایەکی تر تێرۆریزمی دەوڵەتیی بوونی هەیە و تێرۆریزمی گرووپە جیاوازەکانیش بەشێکی زۆریان پەرچەکرداری تێرۆریزمی دەوڵەتیین. بەڵام بەبڕاوی ئەم نووسینە ئەم ئەنجامگیریەی کە بەس تێرۆریزمی دەوڵەتیی ببینین و تێرۆریزمی گرووپە میلیشیاییە چەکدارەکان نەبینین، زیاتر لە تێڕوانینی بۆڵشەفیزمیی و کۆمۆنیستیی و مارکسیستیی و ئیسلامییە فەناتیکەکانەوە نزیکە. چونکە ناهێڵێ هەردوو دیوی تێرۆرەکە ببین، ئەگەر خۆمان لە خڵتەوخاشی ئایدیۆلۆژیی نەتەکێنین.

با بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکە، ئایا زۆرینەی سکۆلارو ئەکادیمیست و رۆشنبیرەکانی دنیاو زۆرینەی وڵاتانی دنیا و رێکخراوە مرۆیی و نێودەوڵەتییەکان، نۆکەری ئیمپریالیزم و سەرمایەداریی و بەربەریزمی بەشەریین؟ یاخود رۆشنبیرانی عەرەب و ئیسلامیی و هەندێک لە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەرومێشکیان بە سەتان قوفڵی ئایدیۆلۆژیی و ئەفسانەی شۆڕشگێڕیی شەتەک دراوە! سەرەڕای ئەوەی حەماس وەک مانیفێست ناکرێ بەرێکخراوێکی تێرۆریستیی لەباری مۆراڵییەوە بژمێردرێ، بەڵام کردەوەکانی ، رێکخراوە عەسکەریی و گرووپە چەکدارەکانی و کارەخۆکوژییەکانی لەسەر ئەرزی واقیع پێمان دەڵێن، ئایا تێرۆر پێڕۆ دەکەن یان نا؟

ئێستا با ئەو پرسیارە سادەو خۆماڵییە لەخۆمان بکەین، لەشۆڕشی کورددا هەندێ ئایکۆن و سیمبۆڵ و مێژووی ئەفسانەیی و میلیی هەڵبتەکێنین. مامەڕیشەی هەشتاکانی سەتەی رابردوو، وەک ئایکۆنێکی ئازایەتیی و قارەمانیی ناوی لەدڵ و دەروونی زۆربەی خەڵکی کوردستاندا هەبوو، ئایا هەموو کارەکانی ئەو پیاوەو هێزە میلیشیاییەکانی ئەو سەردەمە دژ بە داگیرکارانی کوردستان کاری شۆڕشگێڕانە بوون ؟ ئەوە جگە لەوەی چەمکی شۆڕش و شۆڕشگێڕیی سەتان لێکدانەوەی تیۆریی جیاجیای بۆ دەکرێ. لە چەمکە کلاسیکییە مارکسیستییەکەیەوە بیگرە تا چەمکە نەتەوەیی و ناسیۆنالیستییەکەی، یاخود ئیسلامیی و دینییەکەی، ئایا بەڕاستیی بەشێکی بەرچاو لە سەرکردەو کادیرە سیاسیی و عەسکەرییەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیی کاری تێرۆریستییان نەکردووە؟

با بوێرین و بپرسین، پاش پتر له بیست ساڵ، ئایا سوتاندنی ئەشغاڵی کەرکوک، تەقاندنەوەی وێستگەکانی کارەباو وێرانکردنی دامودەسگا حکومیی و خزمەتگوزارییەکان و سرەواندنی کاتیوشای ئێرانیی بە دەستگرتنی پاسدارانی ئێران بۆ زەبروەشاندن له کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک و بەشدارییکردن لە داگیرکردنی ناوچەکانی حاجی ئۆمەران لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەدژی سوپای عێراق و سەتان کاری تر کە بەزمانی ئەوسەردەم چالاکیی شۆڕشگێڕانە بوون، ئایا کاری تێرۆریستیی و بگرە خیانەتکارانەش نەبوون؟ بەبێ جەڕاندن و شاردنەوەی پرسیارەکە، ئایا دەیان کادیری عەسکەریی وەک مامە ریشەو مام رۆستەم و شێخ جەعفەر و جەوهەر نامیق و قادر قادر و دەیانی تر و سەرکردەکانی سەروو خۆیانەوە، کادیری عەسکەریی حیزبەکانی تر و سەرکردەکانیان، هەندێ لە چالاکییەکانیان نەدەچوونە خانەی تێرۆرەوە و کاری تێرۆریستانەیان ئەنجام نەدەدا. ناڵێین لە 2009 دا بە لۆژیکی ئێستا، رەخنە لە لۆژیکی ئەوسا بگرین و بەمامەڕیشە بڵێین کاری تێرۆریستیی کردووە! بەڵام با بوێرین و رەخنە لەخۆمان بگرین. ئایا خەباتی چەکداریی بەشێوەیەکی گشتیی پەرچەکرداری تێرۆریستییە یان کاری شۆڕشگێڕییە ( بەچەمکە چەپگەرایی و ئیسلامیی و نیشتمانییەکەیشیەوە).

لەدوای ئاشبەتاڵی 1975 ەوە، دەربڕینێکی زۆر سەیرمان لە لایەنگرانی پارتییەوە دەبیست" مەلا مستەفا کوردی بە دنیا ناساند". ئاخر بەچییەوە کوردی ناساند؟ دیارە سەرەڕای ئاشبەتاڵێکی کەمەرشکێن، مەبەستیان لە سەرکردایەتییکردنی بزوتنەوەیەکی چەکداریی گەورە بوو کە بەرەنگاری رژێمەکانی ئەوسای عێراق دەبووەوە. بەدەر لەوەی بزوتنەوەیەکی نیشتمانیی بوو یان نا، با ئەو پرسیارە بکەین، ئەگەر کورد لەدوای ئاشبەتاڵەوە دەستی بۆ شەڕی چەکداریی نەبردایەتەوە، لە ئێستادا زیانەکان و قازانجەکانی بەراورد بکەین، هاوکێشەکان چیمان پێ دەڵێن؟

**بەکورتیی ئارگیومێنتەکان بەمشێوەیە دەبن:**

ئەوانەی لایەنگریی خەباتی چەکداریی بوون و یان تا هەنووکەش بەهەمان میتۆدی سیاسیی و فیکریی بیر دەکەنەوە، لای کەم ئەم خاڵانەیان هەیە.

رژێمی بەعس هەموو رێگاکانی خەباتی لێ داخستبووین و بەئاگر و بەئاسن و زیندان وەڵامی دەداینەوە. رژێم بەشێوەیەکی سیستماتیک دەیویست گەلی کورد لەکوردستانی عێراقدا لەڕووی نەژاد و ئێسنیکەوە بسڕێتەوە. بۆئەم مەبەستەش سیاسەتی تەعریبی لەکەرکوک بەئاشکرا لەشەستەکانەوە دەست پێکرد. شەڕێکی کولتووریی گەورەی بەسەر ئەدەب و تێکستی کوردییدا سەپاند و بۆی بکرایە زمانی کوردیی قەدەغە دەکرد. رژێمێکی" رەفتار فاشیست" و نەتەوەپەرست و دیکتاتۆر...........تاد

بوو. تاکە رژێمی سەر رووی زەمینە بۆیەکەمینجار چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتیی بەتایبەت چەکی کیمیاویی دژی گەلەکەی خۆی بەکارهێنا.

ئارگیومێنتەکان هەر لەو خاڵانەوە دەست پێدەکەن کە خەباتی چەکداریی بە نیشتمانپەروەریی دەچوێنێ. ئەوە فریودان و خەڵک لە خۆکۆکردنەوە بوو کە رژێم هەموو رێگاکانی تری خەباتی بەستبوو، راستە رژێمێکی شۆڤینیست بوو لەئاست کەمە نەتەوەییەکان و مافی کەمایەتییەکاندا، بەڵام یەک خاڵی زۆر گرینگ هەیە کە دەبێ باسبکرێ، هەر بەهۆی بیانووی ئەو خەباتە چەکدارییەوە بوو، کە رژێم یەک کارگە و یەک بونیادی ئابووریی گرینگی لەکوردستاندا دانەنا، هەر بەهۆی لوولەی تفەنگی پێشمەرگەوە بوو کە ژێرخانی ئابووریی کوردستان بەفشۆڵیی مایەوەو لەکۆمەڵگەیەکی لادێیی و دواکەوتووی فیۆدالیزمدا درێژەی بەژیانی خۆی دەدا. راستە سیاسەتی کۆڵۆنیالیزەکردن هەمیشە ئەو ناوچانەی کە داگیری کردووە، خەڵکەکەی لە هەژارییدا راگرتووە و نەیویستوە ژێرخانی ئابوورییەکەی ببوژێتەوە. بەڵام بەڕاستیی ئەمە بوختانێکی ناسیونالیستیی و مارکسیستییە بۆ حیزبی بەعس، کە هەمان سیاسەتی کۆڵۆنیالیزمی لەکوردستاندا پیادە کردبێ، ئەگەر کاری تێکدەرانەو دەستگرتنی هێزی وڵاتانی ناوچەکە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق نەبووایە، هەرگیز سەدام بەو دڕندەییە کوردستانی وێران نەدەکرد.

فاکتەرێکی سەرەکیی بۆ دواکەوتوویی کوردستان بەگشتیی و هەرێمی کوردستان لە بواری کولتووریی و کۆمەڵایەتییدا بەتایبەتیی، خەباتی چەکداریی و لوولەی چەک بووە. کوردەکانی دایاسپۆراش کە زادەی ئەو کولتوورە دواکەوتووەی کوردستانەکان و هەرێمی کوردستانی عێراقن ( بەکەرکوکیشەوە)، لەچاو هەموو رەوەندەکانی تردا ، لەچاو هەموو ئەو نەتەوە جیاوازانەی کۆچیان بۆ رۆژئاوا کردووە، رێکۆردیان لە ژنکوشتن و خوشک کوشتندا شکاندووە. کوردەکانی کوردستانی عێراقیش زۆرترین ئەم قەسابییەیان بەر دەکەوێ لەچاو کوری پارچەکانی تردا. ئەمەش راستەوخۆ پێوەندیی بە عەنتەریات و عەقڵیەتی خەباتی چەکداریی و ناسیۆنالیزمی عەشایەریی کورد و کوشتوبڕو تیرۆریزمی مێنتاڵی تاکی کوردەوە هەیە. ئەمانە هۆکاری ئەوەن ئێمە زادەی کولتوورێکی دواکەوتووین، بەشێکی زۆری ئەم دواکەوتوویەش خۆمان بەدەستی خۆمان سەپاندوومانە بەسەر کۆمەڵگەدا، وێڕای ئەوەی داگیرکارانیش ئەم دواکەوتوویییە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەیان زیاتر برەو پێداوە.

ئامارەکان و هەلومەرجی کوردستان لەدوای ئاشبەتاڵەوە بۆ چەند ساڵێک تا بزوتنەوەی چەکداریی کوردایەتی گەشەی نەکردەوە، سەدام و رژێمی بەعس، دەرهەق بە گەلی کوردستان و ناوچەکانی کوردستان ئەو دیکتاتۆرە نەبوون(Anderson and Stansfield 2005). بەپێچەوانەوە سەدام و حیزبی بەعس بۆ پەرەپێدانی مانیفێستۆی خۆیان، دەیانویست پرۆژەی ئابووریی لەکوردستاندا

بکەنەوە و باری فەرهەنگیی کۆمەڵگەش بەرەوپێش بەرن. سادەترین نموونە خەریکی راکێشانی کارەبا بوو بۆ گوندە نزیک دەستەکان و کردنەوەی قوتابخانە لە لادێکاندا. بۆ ناسیۆنالیستێکی بێئاگای کورد، رەنگە یەکسەر بەوە تۆمەتبارم بکات کە داکۆکیی لەبەعس دەکەم. بەڵام دیفاکتۆکان و رووداوەکانی چەندین دەیەی خەباتی چەکداریی هەموو راستییەکانمان پێ دەڵێن. پاش ئەزموونی دیمۆکراسیی و ئازادبوونی کوردستان لەبەعس، بەکردەوە هێزە کوردییەکان و میلیشیاکانیان، سەلماندوویانە کە لە سەدام و حیزبی بەعس زیاتر زیانیان بە ئابووریی و ژێرخانی کوردستان گەیاندووە. ئەو هەموو دزیی و تالان و برۆیەی دوو بنەماڵەی دەسەڵاتداری کورد و پیاوە حیزبییەکانیان دەیکەن، بەڕاستیی سەدام و بەعسیش هەر ئەوەندەیان کرد. لە ئاستی دەستکەوتی سیاسییشدا ئەگەر یەکێتیی و پارتیی بوونیان نەبووایە بۆ گەلی کور لەو دەسەڵاتە بنەماڵەییەیەی هەیە باشتر بوو.

ئەگەر لایەنە نێگەتیڤییەکانی شەڕی چەکداریی بەهەندێ نموونەوە باس بکەین، ئەوسا تێدەگەین، کە خەباتی چەکداریی چەند ماڵوێرانیی سیاسیی و کولتووریی بەسەر گەلی کورددا هێناوە. تورکمانەکانی عێراق و مەسیحییەکانی عێراق لاسارییەکی ئەوتۆیان نەکردو دەستیان نەدایە کاری چەکداریی و تیرۆریستیی، گەلی کوردیش دەستی دایە خەباتێکی چەکداریی سەخت و خۆپسێن. دەستکەوتەکانی ئەوان و کورد ، لەهەنووکەدا جیاوازییان چییە؟ ئەگەر کەسێکی نەتەوەیی کورد بڵێ ئەی حکومەتی هەرێم و دەستکەوتەکانی، لەوەڵامدا پێی دەگوترێ ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدام حوسێن و حیزبی بەعس، هەر حەفتاکانی سەدەی رابردوو ئەوەندەی هەنووکە هەیە بەکوردیان رەوا دەبینی و پێویستی بەوێرانکردنی کوردستان و دەیان هەزار قوربانیی ئەنفال و کیمیاباران و سێدارەدان و کوشتوکوشتاری پێشمەرگە و نەبەردەکانیانی نەدەکرد.

ئازەرییەکانی ئێران و کوردی کوردستانی رۆژهەڵات، کامیان قازانجیان کرد؟ ئازەرییەکان وەک جوولەکە دەستیان بەسەر شادەماری بازاڕەکانی ئێراندا گرتووەو لەباری کولتووریشەوە نەچوونەتە دواوە، گەلی کوردی کوردستانی ئێرانیش خۆکوژییەکی سیاسیی گەورەی کردو بەراوردی دواکەوتوویی و پێشکەوتوویی گەلی ئازەریی و کورد و ناوچەکانیان بکەین، ئاسمان و رێسمان جیاوازییان هەیە. ئێستا با پرسیارێک لە موفەکیرەکانی ئەو دوو حیزبە بنەماڵەییەی کوردستان بکەین، ئەگەرچییش موفەکیریان بەمانا ئینتێلێکچواڵییەکەی نییە، ئایا ئەگەر لەدوای ئاشبەتاڵەوە خەباتی چەکداریی کورد نەبووایە و ئەو دوو حیزبە سەرەکییەی کوردستان وەک گەورەترین جبەخانەی میلیشیا دروستکردن، بەوشێوە سەخت و مەحکەمە دەستیان بەسەر ژیان و بازاڕ و گوزەرانی خەڵکدا دەگرت؟ ئەگەر هەر لەگەڵ مارینزەکانی ئەمێریکادا بهاتنایە، نەئەو قورساییە سیاسییەیان دەبوو، نە

ئەوەندەش ڕێگە دەدرا دەست بەسەر دەرامەتی خەڵکی کوردستاندا بگرن و بازرگانیی بەکوردستان و بەخاک و مرۆڤی کورد و دەرامەتی نیشتمانییەوە بکەن.

لەم دیدەدەوەیە ئەم وتارە وەک ڕاوبۆچوونی سەتانیتر پێیوایە هەڕەشەی سەرەکیی بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەناوخۆدایە نەک لە دەرەوە بێت. گەندەڵیی و سیستمی دەسەڵاتی سیاسیی لەکوردستاندا جومگە ئاساییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی تێکشکاندووەو بەبارێکی نۆرماڵدا ناگوزەرێ. چەندین ساڵە شەڕی بودجەو پارەو مووچە دەکەن، بۆ هەردوو حیزبەکەو هەردوو بنەماڵەی فەرمانڕەوای ناو دووحیزبەکەیەو لە دوورو نزیکەوە پێوەندیی بە غەمی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی کوردستانەوە نییە. ئەو شەڕە خەیاڵییەی ئێستاش بەناوی کوردو عەرەبە دەیکەن، بەمجۆرە ئاگرەکەی خۆش دەکەن و شەڕی سەروەت و دەسەڵاتی خۆیانە. ئەم هەموو درۆو دەلەسەیەی دەیکەن بەناوی شەڕی کورد و عەرەبە لەسەر کەرکوک، بەناوی گەڕانەوەی کەرکوک و ..............تاد، مەگەر هەندێ پانکوردیستی جاهیل و پیاوە ڕۆبۆتەکانی خۆیانی پێ قایل بکەن. ئەگینا لێدوان و فڕوفیشاڵە ئاگرینەکانی سەرکردایەتی کورد لەسەر کەرکوک، بەئەندازەی لێدوانەکانی ساڵح موتڵەگ و بەرەی تورکمانیی ..........تاد زیانیان بۆ کورد هەیە. ئەو دوو حیزبە ئەوەندەی بەرژەوەندیی بنەماڵەکانیان بۆ گرینگە، هەرگیز بەلای غەمی نیشتمانیی و پرسە نیشتمانییەکاندا ناچن.

لەسەرەتای هەشتاکانی عێراقدا، شیعەکان لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەشێوەیەکی بەرچاو دەستیان بەتەقوتۆق و کاری توندوتیژیی کرد، کە زانیتیان قازانجیان نییە کەم تا زۆر لێی کشانەوە، جگە لە پرۆکسییەکانی ئێران نەبێت کە درێژەیان بە کاری پارتییزانیی دەدا. ئەی دەستکەوتە مەزهەبیی و تایەفییەکانی شیعە بەراورد بکەین بە دەستکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد، چ پرسیارێکمان لە لا دروست دەبێ؟ ئەمە بەوە وەڵام نادرێتەوە کە شیعە ئێرانیان هەیە، بەڵکو بەوە وەڵام دەدرێتەوە کە هەر ئاخوندێکی شیعە بگری دەیانجار لەسەرکردەی میلیشیاکانی کورد وردبینتر، نیشتمانییتر، بۆ پرسەکانی خۆیان دڵسۆزتر بوون و ..........تاد. بەستنەوەی ئەم باسانە بە دەستدانە چەک لەلایەن کوردەوە، شرۆڤەکردن و شییکردنەوەی ئەرکێکی سەختە ، بەڵام لۆژیکێکی ورد و ژیرانەی دوورمەودای پێویستە.

پرسیاری سەرەکیی و وەڵامی سەرەکیی ئەم نووسینە لەمەدا کورت دەکەینەوە. ئەگەر کورد لەدوای ئاشبەتاڵەوە دەستی بەخەباتی چەکداریی نەکردایەتەوەو ئەو هەموو گەنج و خەڵکە خوێندەوارەی ئەوسای بەکوشت نەدایە و ڕەوانەی هەندەرانی بکردنایەو لەگەڵ شەڕی عێراق ئێرانیشدا، سەربازانی هەڵهاتوو، ئەو خەڵکە سیاسییانەی ژیانیان دەکەوتە مەترسییەوە لەبری چەکهەڵگرتن، بچوونایەتە هەندەران، خەریکی خوێندن و کاسبی بوونایە، ئایا لۆبیی کورد لە هەموو دنیادا لە چاو ئێستادا چەند قورسایی زیاتری دەبوو ؟ کە زۆربەی لۆبیی کوردی هەنووکە خەڵکی تەوەزەل و

بێکارن. لەباشترین حاڵەتدا، بەهۆی وەزعی خراپی خێزان و کەسوکارییەوە لەکوردستان، ملی بە هەرزانترین و خراپترین کار داوە. ئەم شیمانەیە مەرج نییە دروست بێ ، بەڵام ئارگیومێنتەکە لەسەر ئەو خاڵەوە دەست پێدەکات، ئێمەی کورد ئەوەندەی خەریکی تفەنگ تەقاندن و نیشانەگرتن بووین، ئەوەندەی لەئەشکەوتدا دەخەوتین و تفەنگەکانمان بۆ سبەینێ چەوردەکردەوە، ئەوەندەی بیرمان لە کوشتنی جاشێک و ئەڵقەلەگوێیەکی بەعس و ناحەزێکی شەخسیی خۆمان دەکردەوە، بیرمان لەتێرۆری هاوسەنگەر و نەیارەکانمان دەکردەوە لەبری ئەوە کاسبیەکی ترمان بکردایە، خەباتی سیاسیی و کولتووریمان لەدەرەوەی سنوورەکانی ئەوسای کوردستانی عێراقدا درێژە پێبدایە، باشتر نەبوو!

راستە لۆبیی کوردیی بە پارەو دەخالەتکردنی سەرمایەدارەکان، پارەی زۆری ئەوسا و ئێستای حیزبەکان دروست دەبێ، زۆربەی ئەو خەڵکەی لەدوای راپەڕینی 1991 ەوە هاتوونەتە تاراوگە، بەشوێن ژیانێکی باشتردا(better life) وێڵ بوونە. بە دەربڕینە کوردەوارییەکە، کۆمیونیتییەکی برسییمان هەبووەو هەر فریای ژیانی خۆیان و کەسوکاریان کەوتوونە. بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی سیستماتیک لەدوای ئاشبەتاڵەوە، خەڵکانێکی بەتواناو ئەکادیمیی و رۆشنبیر لەبری ئەوەی پەڕیوەی کەژو کێوەکانی کوردستان بن و تاقم و تفەنگ لەئەشکەوتەکاندا لەخۆیان ببەستن، بچوونایەتە وڵاتانی ئەورووپاو ئەمێریکاو تاد ، خەریکی خوێندن و بزنیس بوونایە، خۆ هەر هیچ نەبووایە، هەنووکە دە لەسەدی ئەو خەڵکە زۆرەش کاریان بکردایە و بیانخوێندایە، هەنووکە هەزاران ئەکادیمیست و سکۆلارو رۆشنبیر و کەسانی دەوڵەمەندی خاوەن مۆراڵمان دەبوو، کە دەست بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەکانی چارەسەری کێشەی سیاسیی کورد ببەن.

ئەگەر بیهێنینە بەرچاوی خۆمان، ئەگەر تەماحی سیاسیی هەندێ سەرکردەی گەنجی ئەوسای کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی ( دواتر کۆمەڵەی رەنجدەران) و کۆمەڵێ کادیری سیاسیی و عەسکەریی بەلەسە لەبارزانیی لەچەشنی عەلی عەسکەریی و د.خالید..........تاد نەبووایە، ئەگەر تەماحی شەخسیی و تۆڵەی شەخسیی و فۆبیای تاڵەبانیی لە بارزانیی نەبووایە و دەستیان بەشەڕی چەکداریی نەکردایەتەوە، ماڵی مەلامستەفا و کوڕەکانی و نزیکەکانیان، بەیەکجاریی وازیان لەشۆڕش و لە تفەنگ هێنابوو( بەدڵنیاییەوە کارێکی زۆر عەقڵانییشیان دەکرد). بەڵام بەداخەوە هەردوو تێرمۆنۆلۆجی " شۆڕشی نوێ" و " شۆڕشی گوڵان" ئەوەندەی لەڕووی سایکۆلۆژییەوە بۆ خۆدەرخستن و خۆبەخاوەن زانینی شۆڕشی کورد بووە لەلایەن باڵی جەلالیزم و مەلاییزمی ئەو سەردەمەوە، ئەوەندە مەودای نیشتمانیی نەبووە و ئەگەری پێشهاتی کارەساتەکان نەخوێندراونەتەوە. بەواتایەکی تر ئەگەر بوغزو فۆبیای سەرکردەکانی ئەوسای کۆمەڵەو دۆکترینی جەلالیزم، لە دۆکترینی مەلاییزم نەبووایە، لەبەرامبەریشدا بنەماڵەی بارزانیی ئەگەر

ڕانەسپێردرانایە یان وەک پەرچەکردار، لۆژیک و بیرکردنەوەی سەرکردەکانی "بۆخۆم نەبێ ناهێڵم بۆ کەس ببێ" یان نەخستایەتە بەرنامەی سیاسییانەوە، بەیەکجاریی دەستبەرداری شۆڕشی چەکداریی دەبوون.

با مێشکمان بکەینەوەو بوێرین پرسیاری ئەوە لەخۆمان بکەین، ئایا ئەگەر شۆڕشی چەکداریی کورد نەبووایە، لادێکانی سەرسنوور دادەگیران؟ 4000 هەزار گوندی کوردنشین وێران دەکران، ئایا ئەنفال بەو قەبارە گەورەیەو بەو کەمپەیینە سەرتاپاگیرەو بەو شێوازە سیستماتیکییە شۆڤینییە دەکرا؟ ئایا ئەگەر یەکێتیی و سەرکردە دەستڕۆیشتووەکانی هەشتاکانی سەدەی رابردووی، پێش لەشکربیان بۆ ئێران نەکردایەو پاسداری ئێرانییان نەهێنایەتە ناو قووڵایی خاکی کوردستانی عێراقەوە، حکومەتی بەعس، هەر بۆ هەوەس، چەکی کیمیاویی لە هەڵەبجەو بالیسان و قەراغ و گۆپتەو عەسکەر و دەیان شوێنی تر دەدا؟ ئایا ئەگەر پارتیی، چاوساغیی و کۆمەکی لۆجیستیکیی لەقۆڵی حاجی ئۆمەرانەوە بۆ ئێران نەکردایە، حکومەتی بەعس ئەو هەشت هەزار بارزانییەی لە ختوخۆڕایی قەلاچۆ دەکرد؟ ئەمانەو دەیان و سەتان ئایای تر کە پێویستیان بە تۆلێرانسێکی زۆر و مێشکفراوانییەکی زۆر هەیە، بەشوێنێکمان دەگەیەنێ، پێویستە رەخنە لەخۆمان بگرین. پێویستە بوێرین رابردوو شرۆڤە بکەین و بەردەکان هەڵبدەینەوە. ئەو تاوێرانەی سەتان و هەزاران نهێنیی ترسناکی بزوتنەوەی چەکداریی کورد و کارە جێنتڵمانیی و میلیشیاییەکانی سەرکردە سیاسیی و سەربازییەکانی لەژێردا سنگەوبەرد نراون، پێویستە بۆ هەنووکە و نەوەکانی داهاتوو هەڵبدرێنەوە.

سەدام حوسێن، قسەی بۆ کۆمەڵێ کوردی سەر بەرژێم دەکردو لەتەلەفزیۆنەوە نیشان دەدرا، گاڵتەی بە پێشمەرگە دەکرد و دەیگوت" کاکات لە دەوڵەت تورە دەبن، لەمەکتەب دەرناچن، دەست دەدەنە برنەوێک و دەچن بۆ چەمی رەزان و دەڵێن حکومەت دەڕوخێنین" . پرسیارەکە لێرەدایە، سەدام پیاوێک بوو لەهەموو مەعریفەیەک داشۆرابوو، پیاوێکی لادێیی و خێڵەکیی و دیکتاتۆر، بکوژو ببڕی گەلانی عێراق و سیمبۆڵی وێرانکردنی عێراق، بەلام لەو دیدەیدا سەبارەت بە خەباتی میلیشیایی کورد، دیدی ( پیاوی دەوڵەوت- رجل الدولە) ی هەبوو. ئەم پرسیارە بەس بە لۆژیکی سیاسیی وشک و برینگ وەلام نادرێتەوە. بەجرتوفرتی ناسیۆنالیستیی و قاتی کەتافی پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکان! وەلام نادرێتەوە. ئەم پرسیارە پێویستە بە دیدی سۆسیۆکولتووریی و ئەنسرۆپۆلۆجیی وەلام وەربگرێتەوە. دیدێک لەباکگراوندە کولتوورییەکەی رەهەندی بزوتنەوەی چەکداریی و میلیشیایی کورد ورد بێتەوە.

خەباتی چەکداریی گەلی کورد لەکوردستانی عێراقدا ئەم بەرهەمانەی هەبوو.

1. سەرتاپای کوردستان میلیتاریزە کرابوو

2. برەوی بە کولتووریی خۆفرۆشیی، جاشیی، بەکرێگیراویی، ملشکاندنی یەکتریی دا.......تاد.
3. کوردستان بووە سوپایەک لە جاشی پرۆکسیی بۆ کۆنترۆڵکردن و بەلۆکاڵیزەکردنی کێشەی کورد
4. دەیان هەزار کێشەی عەشایەریی و خوێنڕشتن و ئەتکردنی لەنێوان میلیشیای پێشمەرگەو میلیشیای جاش و پیاوەکانی بەعسدا نایەوە.
5. بۆ سەرکوتی شۆڕشی چەکداریی کورد، لە سەروبەندی کۆتایی شەڕی ساردی دوو بلۆکییدا، سەدام بیانووی دەستکەوت و پەنای بۆ چەکی کیمیاویی و ئەنفال و سوتماککردنی خاکی کوردستان برد.
6. گوند لەکوردستاندا نەما، کەرتی کشتوکاڵ زیانێکی لێکەوت تا هەنووکەش بە سەرپێی خۆی نەکەوتووەتەوە.
7. لە پرۆسێسێکی نانۆرماڵدا، شارستانییەتی شارو لادێ تێکەڵکران و زیانی زۆر کولتووریی گەورەی بەجێهێشتووە.
8. بەبیانووی خەباتی چەکدارییەوە، بەپێچەوانەی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە، هیچ پرۆژەیەکی ئابووریی و پیشەسازیی گەورە کوردستانی نەگرتەوە، . تەنانەت سەرمایەدارە کوردەکانیش بۆ سەرمایەگوزاریی بۆ شوێنەکانی تری عێراق دەڕۆیشتن.
9. خەڵکی کوردستان لەڕووی ئابوورییەوە زۆر رەزیلکرابوو، بێکارییەکی زۆر و بێئومێدییەکی زۆر هەناوی هەموو تاکێکی کوردی داوەشاندبوو.

**میراتی سیاسیی و کولتووریی خەباتی چەکداریی لە دوای راپەڕینی 1991 ەوە :**

لەراپەڕینی 1991 بەدواوە، دەرکەوتە نێگەتیڤەکانی خەباتی چەکداریی باشتر دەردەکەون. پێش هەموو شتێ کۆمەڵگایەکی نیمچە جاشی وەک کوردستان کە بە نیو ملیۆن جاش و بەعسیی و موخابەرات ئەژمارد دەکران، بوونە مشەخۆرو سووتەمەنیی (cannon fodder ) میلیشیایی بۆ پارتیی و یەکێتیی. تەواوی ستراکتۆری کولتووریی و خۆخۆریی بەعسیزم و جاشیزم و خۆبەکەمزانیی تاکی کورد وەک هێلکەی پاککراو چوونە سەر خوانی دوو حیزبی میلیشیایی کە ماوەیەکی زۆر لەشاخ یەکتریان گلاندبوو، هاتنەوە ناو شارەکان و تەنیا دوو ساڵ و نیوی برد بە وێزەی یەکدی کەوتنەوە، بەڵام ئەمجارە سوپایەک میلیشیای جاش و پیاوخراپ ناویان لێنراوە پێشمەرگە و شەڕ بۆ دوو بنەماڵە و دوو حیزب و دوو ژەنەراڵی سیاسیی و سەربازیی دەکەن. بەرهەمی ئەو خەباتی چەکدارییە بوو کە جەنتاکانی Junta تورکیاو سوپای پاسدارانی ئێران و ژەنەراڵە مەدەنیی و عەسکەرییەکانی سوپای رووخاوی عێراق تا ئەم ساتەش جێپێیەکی قایمیان لەناو کولتوور و

ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی کوردستانی عێراقدا هەیە و زۆر بەئاسانیی دەتوانن نەبەردی قارەمانانەی وەک 31 ی ئاب ، لێدانی بنکەکانی حیزبی دێمۆکراتی "دوو لەتی" کوردستانی ئێران و هێنانی تانکەکانی تورکیا تا نزیک شەقڵاوە و دانانی بنکەی سەربازیی و موخابەراتیی بخوڵقێننەوە.

با پرسیارە سەخت و رەزا گرانەکە بکەینەوە، ئەگەر میلیشیای پێشمەرگەمان لەدوای ئاشبەتاڵەوە نەبووایە، ئایا چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک لەم چەند ساڵەی دوای رووخاندنی بەعسەوە ئەوەندە سەخت دەبوو؟ خۆ لای کەم ئەوەندە تەعریب ناکرا کە کورد لەهەر گەمەیەکی دێمۆکراسیی بترسێ. لای کەم دەستکاریی دێمۆگرافیای دانیشتوانەکەی و ناوچە جیۆگرافییەکانی بەوشێوەیەی بەعس کردی نەدەکرا. راستە هەر لەدامەزراندنی حکومەتی عێراقەوە بۆیەکەمینجار لە حەویجەوە تەعریبب لە سەردەمی پادشایەتییەوە دەستی پێکردووە و دواتریش لەسەردەمی حکومەتی سوپاسالارە کۆمارییەکاندا درێژەی هەبووە. بەڵام خەباتی چەکداریی کورد بووە هاندەرێکی سەرەکیی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بۆ خێراکردنی پرۆسێسی تەعریب بەو قەبارە ترسناکە.

ئەوەش پێویستە بزانین، حکومەتی هەرێم و ئەو هەموو دەستکەوتە جوانانەی گەندەڵیی، بەرهەمی خەباتی چەکداریی و میلیشیای پێشمەرگە نییە، بەڵکو باجی هەڵەیەکی سیاسیی و ئەحمەقانەی سەدام حوسێن بوو. دواتریش کە رژێم لەسەرکار لادرا، کوردیش ئەو دەستکەوتانەی بەزیادیشەوە دەست دەکەوت، ئەگەر چەند هێزێکی نیشتمانیی و نامیلیشیایی سەرکردایەتی هەلومەرجەکەیان بکردایە. پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە، حکومەتی هەرێم و پارلەمان، کە بە دەستکەوت بە خەڵک دەفرۆشرێنەوە لەلایەن یەکێتیی و پارتییەوە، بەرهەمی حەماقەتێکی سیاسیی و عەسکەریی سەدام حوسێن بوو، نەک لێوەشاوەیی و کارامەیی و شۆڕشگێریی ئەو دوو هێزە میلیشیاییە. ئەسڵەن ئەگەر خەڵکی کوردستان یەکدەست رانەپەڕیتنایە، ئەو دوو حیزبە دەبووایە چاوەڕێ بن تا رووخاندنی بەعس لە 2003 لایەن ئەمێریکاوە بهێنرانایەتەوە.

با لە کوردستانی تورکیا و بوونی پەکەکەدا ئەم پرسیارە خەستتر بکەینەوە. لەکاتێکدا هەموو دنیا باسی تێرۆر لە تورکیادا دەکات، یەکسەر پەنجەی تاوان بۆ پەکەکە رادەکێشرێ. سەتان و هەزاران توێژینەوەی سیاسیی و زانستیی و ئەکادیمیی لەسەر ناسیۆنالیزم و خەباتی چەکداریی نووسراوە، دەستبردن بۆ چەک و کوشتوکوشتار بە توندڕۆیی و تێرۆریزم دەچوێنرێ. تەنیا ئەو ئەکادیمست و رۆشنبیرە کوردانەی داکۆکیی لە رەوایی خەباتی چەکداریی پەکەکە دەکەن، کە لە کوردایەتیی

زیاتر شتێکی تر لە نێگەتیڤیزمی ناسیۆنالیزمی ئێسنیکیی ethno-nationalism و ئەنجامە ماڵوێرانەکانی خەباتی چەکداریی نابینن. ئایا وەک مەسەلەی حەماس ، هەموو دنیا دووڕوو و ساختەکار و فێڵبازە، تەنیا هەندێ ناسیۆنالیست و ئیسلامیی عەرەب راست دەکەن؟ بەهەمان شێوەش هەموو دنیا درۆ لەگەڵ کورددا دەکات، تەنیا هەندێ ئەکادیمستی چوار پارچە( ئەوانەی باسی چوارپارچەی کوردستان دەکەن ) وروۆشنبیرانی سەر بە پەکەکە راست دەکەن.

ئێستا پەکەکە و لایەنگرەکانیان دەڵێن، ئەوە پەکەکە بوو کوردی لە تواندنەوە پاراست و ئایدێنتیتیی کوردی لەفەوتان رزگارکرد. ئەوە پەکەکەیە بەرگریی لە ئەزموونی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات! کورد یانی پەکەکەو بە پێچەوانەشەوە هەر راستە. بەعسییەکانیش دەیانگوت " اذا قال صدام ، قال العراق" . هەروەها پارتییەکانیش دەڵێن بارزانیی کوردی بە دنیا ناساند. مەبەست لەم نموونەیە نوقلانە لێدانی خراپ نییە لە پەکەکە، بەڵکو لۆژیکی شموولیی ئەو حیزبە مەبەستە. مەبەست بەراوردی بەعس و پەکەکە نییە، وەک فیکرو ستراکتۆر، بەڵام مەبەست ئەجێندای ئەو دۆگماتیزمە ئایدیۆلۆژییەیە کە بەرەهایی لەپرسەکاندا بڕیار دەدەن.

با ئەو پرسیارە لە هەموو تاکێکی کورد و خاوەن ویژدان و مۆراڵی سیاسیی پەکەکەش بکەین. ئێوە دەڵێن کوردستان هەمووی یەکە و موڵکی هەموو کوردێکە، ئەمەشیان بۆ ئەوەیە پاکانە بۆ بوونی میلیتانتی خۆتان لەقەندیلدا بکەنەوە، بەڵام ئەم لۆژیکە بەپێی ستاندەردە نێودەوڵەتیی و سیاسیی و جیۆگرافییەکان جگە لەچامەیەکی شیعریی و ئەفسانەیەکی سیاسیی زیاتر شتێکی تر نییە. ئامەد بەشێکە لەتورکیاو سابلاغیش بەشێکە لەئێران، کوردی هەرێمی کوردستانی عێراق ناتوانێ هیچ دەخالەتێکی سیاسیی و عەسکەرییان تێدا بکات. بەهەمان شێوەش پەکەکەش بۆی نییە دەخالەت لە کوردستانی عێراقدا بەهیچ شێوەیەک بکات. ئەم چەمکانە چەمکی ریالیستیین. باشترە کورد واز لەورێنەی دەخالەتکردن بهێنێت لەپارچەکانی تری کوردستاندا، پێویستە واز لە ئایدیۆلۆژیای بۆلشەفیزمی و ئیسلامیی بهێنێ بەوەی پاساو بۆ ئەو دەخالەتکردنانە بهێنێتەوە وەک ئەوەی کە دەوڵەتانی بەهێز لەچەشنی ئەمێریکا و بریتانیا و روسیا ئەم چەمکانە پێشێل دەکەن و لەکوێ بیانەوێ دەخالەتی سەربازیی دەکەن. عێراق و ئەفگانستان و ئۆسیتیا و ئەبخازیا..................و چەندینی تر نموونەی زەقی ئەم ملهوڕییانەن.

پێویستە واز لەبیانوو هێنانەوە بهێنینەوەو هەر بەشوێن تاوان و رەفتارە نامرۆیی و داگیرکارییەکانی دەوڵەتانی داگیرکارەوە نەبین و بەدوای هەڵەکانی خۆیشماندا بگەڕێین. ئەمە ناکاتە ئەوەی چاو لە تیرۆری دەوڵەتیی و هێزی داگیرکاریی و زەبروزەنگ وڵاتە داگیرکارەکانی کوردستان بنوقێنین. هەروەک کلای Kly پێیوایە ئەگەر دەوڵەت ئامێری جەنگیی کرد بە بە

پەرەشووتێکی تێرۆر و گرووپێکی تایبەتی چەوساندنەوە، ئەوا دڵسۆزیی ئەو گرووپە یان کەمە نەتەوەیە بە پێوەری دادوەریی ئەو تێرۆریزمە دەپێورێ کە دەوڵەت پێرۆی دەکات ( Kly 2000 ).

ئایا پەکەکە بۆ تەنیا جارێک بیری لەوە کردووەتەوە، کە قەندیلیان داگیرکردووە؟ مافی دانیشتوانی ئەو ناوچە شاخاوییانەیان پێشێلکردووە. لەباشترین حاڵەتدا بەکەڵەگایی خۆیان خزاندووەتەوە ئەو ناوچە سەختانەوە. ئایا بوونی پەکەکە زیان یان قازانجی بۆ کورد زۆرترە؟ ئایا کەس لەخۆی دەپرسێ ، یەکێ لەفاکتەرە سەرەکییە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ سەختکردن و ئاڵۆزکردنی گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بوونی پەکەکەیە! ئەگەر پەکەکە نەبووایە، هەرگیزیش تورکیا ئەو سەختگیریی و تەنگەچیقڵدانە سیاسییەی بەشێوەی دەستتێوەردان لەکەرکوکدا ناکرد. لەوەگەڕێین بەهۆی غەمساردیی و نەزانیی و کورتبینیی و بێبەرنامەیی دەسەڵاتی سیاسیی کوردەوە، بەهۆی دروشمە ئاگراویی و بێناوەڕۆکەکانی سەرکردەکانی کوردەوە، پرسی کەرکوک بەوشێوەیە ئاڵۆز بووە. بەڵام لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، بوونی پەکەکەیە داری بەڕوحی گەڕانەوەی کەرکوکدا داوە. راستە لەدروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە، تورکیای مۆدێرن، ویلایەتی موسڵ بە موڵکی خۆی دەزانێ. بەڵام ئەو ترسەی لەگەڕانەوەی کەرکوکی هەیە، لەترسی پەیدابوونی قەوارەیەکی سیاسیی کوردییدایە و پەکەکەش بە هەڕەشە بۆ تورکیا دەزانێ.

پەکەکە باشترین بیانووی داوەتە دەست تورکیا تا تێر بەدڵی خۆی لە کەرکوکدا سیاسەتەکانی جێبەجێ بکات. ئەوە تورکیایە وای لەکەرکوک کرد کە رەهەندێکی نێودەوڵەتی وەربگرێ. ئەو گلۆپە سەوزەش بۆ کەڵەگایی تورکیا، پەکەکە بۆی داگیرساندووە. کەمنین ئەو ساڵانەی پەکەکە کەمپەینی سەربەخۆیی وەک ناسیۆنالیزمێکی نەتەوەیی دەکردو کوردستانی عێراق و ئێران و سوریای کردبووە تاتەبازێک بۆ ئەجێندا ئایدیۆلۆژیی و حیزبییەکانی خۆی، هەنووکە هاتوونە بەحوکمی زاتییەکی دیمۆکراسیی رازی دەبن و هەمیشەش ئازادکردنی ئۆجەلان بە چارەسەری پرسی کوردەوە دەبەستنەوە. ئایا بەڕاستیی ئەوە لۆژیکە گەلی کورد لە کوردستانی تورکیادا هەمووی چاوی لەدەست یەک پیاوی دیل بێت؟ ئایا ئەوە وەفایە یان ئەوپەڕی بێئاسۆیی و کەمتوانایی نەتەوەی کورد دەگەیەێنت.

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، پەکەکە واز لەگەمەی ئاگربەستی یەکلایەنە بێنێ و لەڕووی پرەنسیپی سیاسیی و مۆراڵییەوە، بۆهەتاهەتایی دەستبەرداری خەباتی چەکداریی ببێ و ئەو هەموو ئینێرژییە سیاسیی و عەسکەرییەی بخاتە ناو کوردستانی تورکیاو ئەورووپاو ئەمێریکاوە و کار لەسەر پرسی کورد بەسیاسیی و دیپلۆماسیی بکات؟ سەتان جار باشتر نییە! ئایا بەرهەمی خەباتی چەکدارییەکەی پەکەکەش ئەو کوردستانە وێرانەیە کە هەزاران گوند یان چۆڵکراون یان بەجاشکراون؟ ئەگەر داینەمۆی خەباتی چەکداریی چەند هەزار مرۆڤێکی ئیلیت بووبێتن هەمیشەش

بووبنە قوربانیی، ئەوا بەرهەمەکەی کۆمەڵگایەکی سەقەت و داغانکراو و ژێرخان فشۆڵە. بەهۆی خەباتی چەکداریی پەکەکەوە، کوردستانی تورکیا دواکەوتووترین شوێنی تورکیا و داهێزراوترین ناوچەی کوردستانیشە لەچاو کوردستانەکانی تردا. ئایا ئەو هەموو رەزیلکردنەی تاکی کورد لەکوردستانی تورکیا بەرهەمی خەباتی چەکداریی نییە؟ ئایا تورکیاش هەموو رێگاکانی خەبات و بەرەنگارییبوونەوەی لە کورد داخستبوو، بۆیە کورد یاخییبوون و دایان بەشاخەکاندا؟ راستە پەکەکە تاکە هۆکاری سەرەکیی وەزعی نالەباری کوردستانی تورکیا نییە. بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کاتێ یەکێتی ئەورووپا و دنیا بە تورکیا دەڵێ تۆ کوردستانت وێرانکردووە، چۆن بەو پاشەڵەوە دەتەوێ بچیتە ناو یەکێتی ئەورووپا، تورکیا یەکسەر بیانووی هەیە و دەڵێ ، تێرۆریزمی پەکەکە رۆژهەڵاتی تورکیای ( کوردستانی باکوور) وێرانکردووە. دەڵێ ئەوە پەکەکەیە ناهێڵێ ناوچە کوردنشینەکان ئاوەدان بکرێنەوەو پرۆژەیان تێدا بکرێتەوە.

تێرۆریزم بە شێوەیەکی گشتیی ، میلیتانتە و حەزی لە چەک بەکارهێنان و توندوتیژییە. لە سەردەمی نوێشدا خەباتی چەکدارییش بۆ هەر مەبەستێ بێت هەر لەم کاتەگۆرییەدا دەخوێنرێتەوە. راستە دروستبوونی زۆرینەی دەوڵەتانای دنیا بەپاڵپشتیی چەک و زەبروزەنگەوە جێکەوت بوونە. بەڵام قسە لەسەر دنیای مۆدێرن و هەنووکەیە. هاوکات راستە تا ئێستاش تەنانەت لە ئۆرگانێکی گەورەی وەک UN دا پێناسەیەکی شەفاف بەستاندەردی نێودەوڵەتیی بۆ تێرۆریزم نییە. ئەمەش جیاوازیی تێڕوانینی هێزە گەورەکانە بۆ خودی دۆکترینی تێرۆریزم، بەڵام تێرۆریزم لە زۆربەی پێناسەکردن و شیکردنەوەکاندا بەو کارە توندوتیژییانە دەگوترێ کە بۆئەجێندای ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی جێبەجێ دەکرێن. ئەمەش بەشێکی زۆر ناوەڕۆکی خەباتی چەکدارییە. کاتێ ئەمێریکا و یەکێتیی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان و ناتۆ ......تا بە کانەدا و ئوسترالیاش دەگات، پەکەکە بە رێکخراوێکی تێرۆریستیت بزانن، کاتێ بان کی مۆن و یوئێن پێت بڵێن خەباتی چەکداریی ئێوە توندوتیژیی و تێرۆرە، ئەگەر وازی لێ بێنن و چەکەکانتان بەیەکجاریی سەربەرەوخوار بکەنەوەو خەریکی خەباتی سیاسیی و دیپلۆماسیی و کەمپەینی جیهانیی بن باشترە، لەدیدی پانکوردیست و ناسیۆنالیستە فەناتیکەکانی کوردەوە هەموو ئەو وڵات و ئۆرگانانە پیاوی گورگە بۆرەکانن و هەموویان دژایەتی کورد دەکەن! ئایا بەکورتیی و بەکوردیی ئەگەر پەکەکە و ژەنەراڵە سەربازییەکانی قەندیل، واز لە چەک و خەباتی میلیشیایی بهێنن باشتر نییە؟

پەکەکە چەندین ناوی سیاسیی و رێکخراوەییان گۆڕی و بەدەردی نەخوارد، هەموو رێکخراوە جیاوازەکان و ناوە جیاوازەکان هەر بە تێرۆریزم دەڕۆیشت. ئایا بەڕاستیی لە ساڵانی رابردوودا، کوشتنی منداڵ و ژن و پیر، کوشتنی خەڵکی سیڤیل لە ناو پاس ( bus ) و شەمەندەفەرو تێرمیناڵەکاندا خزمەتی بە گەلی کورد کرد یان کوردی لەئاستی نێودەوڵەتییدا ریسوا کرد؟ بۆ دەبێ ئەم پرسیارە هیچ کوردێ نەبێ یان نەوێرێ بە ئازادیی بیکات و بەبێ ترس لەپەکەکە و لە تۆرە نهێنییەکانی بکات و پێیان بڵێ ، وەک کوردێک پێتان دەڵێم خەباتی چەکداریی نەک هەرسەردەمی بەسەرچووە، بەڵکو تێرۆریزمیشە؟

بەپێی هەندێ چارتەری یوئێن داکۆکیی لەخۆکردن بەچەک لەبەرامبەر داگیرکاریی و سەرکوت و چەوساندنەوەدا ڕەوایی هەیە. بەڵام ئەم داکۆکییە نابێت بچێتە خانەی تێرۆریزمەوە. ئەوە ریکۆردی چالاکییەکانی پەکەکەیە کە ئەو ڕێکخراوەی بە تێرۆریست ناساندووە لەئاستی جیهانییدا، نەک هێجەمۆنیی دەوڵەتی تورکیا. تاکی کوردی ئازاد دەبێ وەک مەسەلەیەکی ئەخلاقی سیاسیی سەیری ئەمە نەکات بۆ شکستهێنان بە تێرۆریزمی دەوڵەتی تورکیا، بڵێ ناکرێ بە کارە چەوتەکانی پەکەکە بگوترێ تێرۆریست، چونکە دەوڵەتی تورک، تێرۆریزمی بەرهەمهێناوە و تێرۆریزمی دەوڵەتیی دەکات.

بەپێچەوانەوە، پەکەکە پاڵپشتیی جەماوەریی کۆکردووەتەوە لەسەر سفرەی بێدەنگیی ڕۆشنبیر و سکۆلارەکانی کورد دەخوات. تەنانەت میدیای ئازادیی کوردیی، میدیای ئینتەرنێتیش ئەم مۆراڵە سیاسییەی ئەوەندە بە ئەخلاقیی و کوردەناموسیی وەرگرتووە، نەیوێراوە ڕەخنەیەکی جدیی لەپەکەکە بگرێ. هەر ئەم نەوێران و ئەم ترسە بۆ خۆی فۆبیایەکە لە تێرۆریزم کە بۆ ئەوەی ڕەخنە نەگرێت. جەستەت لەسڕینەوە دەرباز دەبێ . زۆرینەی هێزە میلیشیاکانی کوردستان، بەشدارییان کردووە لە تێرۆری هاوڕێکانی خۆیاندا ، تەنیا لەسەر بیروڕای جیاواز و دیدی ئایدیۆلۆژیی جیاواز. کاتی ئەوە هاتووە مێژوو وەک خۆی بنووسرێتەوە. کاتی ئەوە هاتووە رابردوومان هەڵبدەینەوەو تفەنگەکان و تاقمەکانمان بەیەکجاریی دابنێین و چیتر بیر لەکوشتنی مرۆڤ نەکەینەوە بەناوی ئازادیی و مافی گەلان و مافی چارەی خۆنووسینەوە. کاتی ئەوە هاتووە دنیا دابەش نەکەین لەنێوان پێشمەرگەو گەریلا قارەمان و دڵسۆزەکانی کورد لەلایەک، دوژمنانی ڕەنگاورەنگی کورد لەلاکەی تردا.

ئێستا خۆشبەختانە سەرۆکی زیندانییکراوی پەکەکەش وازی لە خەونی کوردستانی گەورە هێناوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە ئەم پرسە هەر بەخشکەیی تێپەڕ دەبێ. لەکاتێکدا پێویستە دەستخۆشیی لە ئۆجەلان بکرێ بۆ هەنگاوێکی عەقلانیی لەو چەشنە. راشنالیزمی سیاسیی و کولتووریی ئەوەیە کە کوردی کوردستانی تورکیا لەچواچێوەی دەوڵەتی تورکیادا کێشەکانی یەکلاییدەکرێتەوەو کوردستانی عێراقیش لەعێراقدا و هەروەها. ئەگەر ئەو ئومێدە خۆشەش بێتە دی ، ئەوە کوردستانی سەربەخۆ لە عێراقەوە دروست بێ یان لە تورکیاوە پێوەندیی بە ڕەهەندە سیاسیی و پێشهاتە سیاسییەکان و تەرازووی هێزەکانەوە هەیە. بە کورتیی پەکەکەو ئۆجەلان ئازایەتییەکی سیاسیی و فیکریی گەورەیان کرد وازیان لە دروشمی کوردستانی گەورە هێنا، لەوەش ئازایانەتر ئەوەبوو بەیەکجاریی دەستبەرداریی خەباتی چەکداریی بن. هەنگاوێکی لەوچەشنە بەقازانجی پرسی سیاسیی و کولتووریی هەموو کورد دەگەڕێتەوە.

دەرئەنجامی ئارگیومێنتەکانی ئەم نووسینە لەم خاڵانە کورت دەکەمەوە:

- سەردەمی خەباتی چەکداریی بەسەرچووە، دەستبردن بۆ چەک زیانی زۆرتری بۆ کورد هەیە تا بەقازانجەکەی دەگات. ئەم پرسە بۆ کوردستانی عێراق جیاوازیی هەیە. لە کوردستانی عێراقدا، قەوارەیەکی دیفاکتۆی سیاسیی هەیە، بۆ پارێزگارییکردن لەهەر هێرشێکی دەرەکیی، حکومەتی هەرێم پێویستە بە مۆدێرنترین چەکی سەردەم داکۆکیی لەقەوارەکەی بکات، بەڵام وەک میلیشیای پێشمەرگە نا، بەڵکو وەک سوپایەکی نیشتمانیی پێویستە ئەو ئەرکە راپەڕێندرێ.
- سەرکردەکانی بزوتنەوەی سیاسیی و ناسیۆنالیزمی کوردیی و ئایکۆنە سیاسیی و عەسکەرییەکانی ئەم هێزانە ، کاری تیرۆریستییان لەرابردوودا کردووەو ئینتیمای نیشتمانییبوونی خۆیان لەدەستداوەو سوپای وڵاتە ئیقلیمییەکانی وەک تورکیا و ئێرانیان هێناوەتە ناو خاکی کوردستانی عێراقەوە. ئەگەر حکومەتێکی مەدەنیی و نیشتمانیی هەبووایە، دەبووایە بەشێکی زۆری ئەو سەرکردانە لە زینداندا توند بکرێن.
- پەکەکە پێویستە ئازایانە رەخنە لەو کارە تێکدەرو تیرۆریستییانەی رابردووی خۆی، یان بەناوی ئەوەوە کراون، بگرێ و ئازایانە بڕیاری چەکدانان بدات و پرسی کورد بباتە ئاستێکی سیاسیی و فیکریی و کولتووریی باڵاوە.
- ئەو بەئەهریمەنکردنەی جاشەکانی کورد لەکوردستانەکاندا، دەبێ ئەو سەرکردەو حیزبانەش بگرێتەوە کە بەناوی کوردایەتییەوە چەندین ساڵ پێش لەشکرییان بۆ ئێران و تورکیا دەکرد، چ لەناو کوردستانەکانی ئێران و تورکیادا، چ لە هێنانی سوپای ئەو دوو وڵاتە بۆ لێدانی یەکتریی ، یان بۆ لێدانی بەعس و زەبر سرەواندن لە ژێرخانی ئابووریی. بەواتایەکی روونتر، بەشێکی زۆر لەسەرکردەکانی کورد جاشی دەوڵەتی عێراق و هێزە کۆڵۆنیالیستەکانی ناوچەکە بوونە و پێویستە لێیان بپێچرێتەوە.

## سەرچاوەکان:


- Anderson L and Stansfield G 2004, The Future of Iraq: Dictatorship, Democracy and Division, Palgrave Macmillan , NEW York.
- Imberesh M 2000,Historic Conference on the Right to Self-Determination & the United Nations Pushes for UN Self-Determination Mechanisms
- Kly 2000, exploring the concept of the Right to Self-determination in International Law and the Role of the UN, in “ The Right To Self- Determination’ editors Kly, Y.N and Kly D, Atalant Clarity Press.
- Veli A 2006 , cited in “Kurds and their others fragmented identity and fragmented politics. In The Kurds: nationalism and politics, Faleh A. Jabar and Hosham Dawod, 2006. SAQI”
- Shafer, B C 1974, Faces of nationalism: new realities and old myths, New York, Harcourt Brace Jovanvich
- Smith, Anthony D. (1986) *The Ethnic Origins of Nations.* Oxford: Blackwell

کۆتایی کتێبەکە